# مارتن لۆتەر کینگ

جامعة "أونور"، المكتب الإداري:
لبنان، بيروت، ص. ب ٥٧٧٢ ١٧ – الجميزة
هاتف/ فاكس: 00961 (0) 1 445333
الهاتف الخلوي: 00961 70 111382
الموقع ألكتروني: www.aunohr.org

إسم الكتاب: مارتن لوثر كينغ
تأليف: Non Violence Actualite
ترجمة: سميَّة عبود (من الفرنسية الى العربية)
مراجعة: وليد صليبي
إصدار الطبعة العربية: حركة حقوق الناس ١٩٩٩، بيروت
ترجمة: أحمد تاقانه (من العربية الى الكردية)
إصدار الطبعة الكردية: دار آراس للطباعة والنشر ٢٠١٣، أربيل، إقليم كردستان العراق

# مارتن لۆتەر کینگ

کۆمەڵێ نووسەر

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
ئەحمەد تاقانە

AUNOHR
پرۆژەی هاوبەش

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

مارتن لۆتەر کینگ
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٨٠
چاپی یەکەم ٢٠١٣
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٥١ – ٢٠١٣
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد. شاخەوان کەرکووکی

# زانکۆی "ئۆنور"

دامەزراوەیەکی ئەکادیمیایی نوێیە، یەکەمین زانکۆی لەو جۆرەیە لە ناوچەکەدا و لە دنیادا بێ هاوتایە، خاوەنی بیرۆکەکەی و دامەزرێنی زانکۆکە برێتی لە دوو بیرمەند و خەباتکاری پێشڕەوی ناتوندوتیژی لە ناوچەکەدا: دکتۆر وەلید صەلیبی و دکتۆر ئۆغاریت یۆنان.

لە ساڵی ۲۰۰۹دا، خەونی دوو دامەزرێنەکە هاتە دی و یەکەمین ئەزموونی نموونەیی پرۆژەی زانکۆیەکەی دەستی پێ کرد، بۆ ئەوەی ببێتە سەرتۆپی بەرهەمی شارەزاییەکی بیرمەندانە و کۆمەڵایەتیی پێشڕەو لە لبنان و ناوچەکەدا بەدرێژایی ۳۰ ساڵ.

پرۆگرامەکانی "ئۆنور" نۆ پسپۆڕێتی لەخۆ دەگرن، زۆربەیان داهێنەرانە و نوێن لە بواری فێرکردنی زانکۆیی لە ناوچەکە، کە قوتابی تیایدا بڕوانامەی دەرچوون لە گشت نۆ پسپۆڕییەکە وەردەگرێ کە برێتین لە: فەلسەفە و توانەکانی ناتوندوتیژی، فەلسەفە و توانەکانی پەروەردەی ناتوندوتیژ، شانۆی پەروەردەی ناتوندوتیژ، فێرکردنی ناتایەفەگەرانە و پەروەردەی مەدەنی، بەڕێوەبەردنی کێشە و ناوبژیوانیی ناتوندوتیژ، ناتوندوتیژی و ئاینەکان، کولتوور و فێرکردنی مافەکانی مرۆڤ، ڕێچکەکانی ڕاهێنان و فێربوونی چالاک، بەیەکگەیشتنی ناتوندوتیژ و توانەکانی ڕاگەیاندن.

لە دەوری "ئۆنور"دا بازنەیەکی ئەنجوومەنی ڕازگرانی بیرمەندانەی جیهانی دروست بووە، لە فەیلەسووفان و هەڵگرانی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی و بانگەوازکارانی ناتوندوتیژی، لەگەڵ ئەنجوومەنێکی دۆستانی ناوخۆیی کە ناوچەکە بەگشتی لەخۆ دەگرێ، لە کەسایەتیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری و لە دنیای کار، ئەوانەی کە باوەڕیان هەیە بەم کولتوورە و بەخەونی زانکۆیەکە و کاریگەریی بنەڕەتیی لە بنیاتنانی مرۆڤ و پەروەردە و چارەنووسێکی

باشتر بۆ کۆمەڵگەکانی ناوچەکە.

ئەم زانکۆیە خاوەنی ئەنجومەنێکی مامۆستایانی لە چەندان لای دنیاوە و بێگومان لە لبنان و ناوچەی عارەبانیشەوە، لەو مامۆستایانەی کە پێشەنگن لە کۆمەڵگەکانی خۆیان و لە دنیادا لە بواری بنیاتنانی ئەم ڕۆشنبیرییە و لە دانان و بڵاوکردنەوەدا و لە ڕاهێنانیش لەسەری و دارشتنی بابەتی ئەکادیمیایی لەبارەیەوە.

قوتابییانیشی خەڵکی وڵاتانی ناوچەکەن، لە لاوان و مامۆستایانی زانکۆ و بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە و ڕێکخراوگەلی مەدەنی و ڕاهێنەرانی کۆمەڵایەتی و لە پارێزەران و ڕاگەیاندنکاران و نوێکەرەوە و ڕۆشنبیرەکانی دامەزراوە ئاینییەکان و کارمەندانی کۆمپانیاکان و کادرانی وەزارەت و بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان... هتد.

وانەکان تێیدا دوو ساڵ دەخایەنن، بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠٠ سەعات خوێندن، وانەکانیش بریتین لە: وانەگەلی ڕێخۆشکەر، وانەگەلی تایبەتمەند لە بارەگەی زانکۆیەکەدا، وانەگەلی پشتگیریی لە ڕێی ئینتەرنێتەوە online، ئامادەکردنی وتار و دەقی توێژنەوەئامێز لە بواری بیری ناتوندوتیژدا، کارگەلی پیادەکارانە و، تێزێکی کۆتا.

بڕوانامەی ماستەر دەدا و، لەوێوە ئامادە دەبێ بۆ دانی بڕوانامەیەکی دکتۆرای پێشەنگ لە دنیادا.

هەروەها "ئۆنور" خاوەنی مەڵبەندێکی ڕاهێنانی بەردەوام و خوێندنی بەردەوامی پێدراوە Training Institute for Continuing Education، پشتیشی بە شارەزاییەکی پێشەنگانەی دامەزرێنەرانی زانکۆکە لە بواری ڕاهێناندا ئەستوورە، لەبەرئەوەی هەردووکان دامەزرێنەری ڕاهێنانی نوێن لە لبناندا لە نێزیکەی ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستاوە. لەڕێی ئەم مەڵبەندەیشەوە، ڕێگە بەو کەسانە دەدرێ کە گرینگی بە ڕاهێنانی پیشەوەرانە دەدەن، کە ژمارەیان زۆرە و لەزیادبوونیشە، کە بتوانن بێنە ناوەوە بۆ خوێندنی بابەتی دیاریکراو و لە ئاستێکی ئەکادیمیاییی جیهانیدا و، دیپلۆمای زانکۆیی بەدەست بهێنن.

"ئۆنور" پابەندە بە یاسای لبنان- وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی باڵا، لەگەڵ

ڕێککەوتننامـەگـەلی هـاوکـاری لەگـەڵ زانکۆگـەلی دەرەکی بەتایبـەتی زانـکۆکـانی ئەوروپایی بەمەبەستی هاوشانکردنی بڕوانامە ناوەخۆییەکانی.

"ئۆنور" کار دەکا بۆ دابینکردنی پێوەندیگەلی هاوکاری و ئاڵوگۆڕکارانە لەگەڵ زانکۆیەکـانی ناوچەکـەدا. هەروەها دەسـتی کـردووە بـە داخـڵکردنی بابەتگەلی ئەکـادیمیـاییی نوێ لـە زانکـۆکـانی تـردا و ئەوانـەی ئارەزووی ئـەمـە دەکـەن، بەمـەبەسـتی بڵاوکـردنەوەی ئەم کـولتـووره و بەدامـەزراوەکـردنی و پاڵنانـی بۆ ناو چەقی بوارگەلی زۆر و جیاجیای خوێندن.

ئامـانجی زانـکۆی ناتوندتیژی و مـافـەکانی مـرۆڤ بریتـیـیە لە پێشکێـشکردنی فـێرکـردنێکی ئەکـادیمـیاییی خـاوەن ئاسـتی ناودەوڵەتی و لەو تایبـەتمەندیگەلی پێشـەنگانەدا کـە بوونەتە کرۆکی پێویستییەکانی کۆمەڵگەکان و بواری پیشـەوەریی بەجـۆرایەتییـان هەیە، هەروەهـا ئامـادەکـردنی وزەی بەرزی پیـشـەوەر بۆ گـۆڕینی کۆمەڵایەتی لە هەر وڵاتێک لە وڵاتانی ناوچەکە.

"بەهیوای ئەوەی لە کۆتاییدا کولتووری ناتوندوتیژی بتوانێ بەرگی ئەستوورەی ئەو هەورە ڕەشانە ببڕێ کە لە گرتیگەی دڵەڕاوکە و توندوتیژی و بێهوودەییدا ئێمەیان گەمارۆ داوە، تاوەکو بتوانین پێوەندی ببەستینەوە لەگەڵ هەتاوێکدا کە لە بانگکردنمان گشت بەیانییانەک کۆڵ نادا."

د. وەلید سلێبی

## ناتوندوتیژی بە زوانی کوردی

کارێکی کولتووریی، پەروەردەیی و ئەکادیمیاییە، دیارییەکی واتەییە بۆ گەلێک کە چاوی لە ئاشتی و دادوەری و کولتووری ناتوندوتیژییە، لە پاش توندوتیژییەکی تاڵ کە بۆ چەند نەوەیەک بووبووە مۆرکی مێژووەکەی.

لە هەر جێیەک بین لەم دنیایەدا، وا دەردەکەوێ کە ئێمە مێژووی شەڕەکان و توندوتیژی دەزانین، بەڵام بەکەمی ئاگەداری ڕووەکەی تری مێژووین. ڕووە ناتوندوتیژەکەی. مێژووی هەموو گەلێک و هەموو کۆمەڵگەیەک، بەدرێژاییی کات و شوێنەکان، چەندان هێما و ئەزموون و کاری تێدایە کە ناتوندوتیژییان بەرجەستە کردووە و باوەڕیان بە بنەواکانی هێناوە و، زۆربەیان بەداخەوە پەراوێز خراون یان نەزانراون و چاوەنواڕی ئەوانەن کە بیاندەنە بەر ڕووناکی، بیانخەنە پێش پەنجەرەی زانین و بڵاوکردنەوەی وشیاری بەدەوریاندا.

ئا ئەمەی ئەرکی توێژەر و بیرمەند و بڵاوکەرەوەی ڕۆشنبیر. بێگومان ئەرکێکی پێشەنگانەیشە.

لە مێژووی کوردستانی عێراقیشدا، بۆ ئەوانەی خوێندنەوە بەچاوێک دەکەن کە شارەزای بناخەکانی ناتوندوتیژین و ئاگەداری وردەکارییەکانی ڕووداوەکانن،

وێستگەگەل و وشەگەل و هەڵوێستەیل هەن کە لە کرۆکی ئەم کولتوورەدان و لێیەوە نێزیکن، ئەگەریش کە لەلایەن هۆکارگەلێکەوە ئابڵوقە دراین کە بەسەر ژیانی گەلاندا تێپەڕ دەبن و پێشرەویی ناتوندوتیژی دوادەخەن یان ئەنجامدانەکانی خاو دەکەنەوە.

زنجیرەی وەرگێڕانە کوردییەکانی ناتوندوتیژی بۆ کوردی، بریتین لە کۆمەڵێکی بژاردە لە زنجیرەی وەرگێڕانە عارەبییەکانە لەبارەی ناتوندوتیژییەوە، ئەو زنجیرە عارەبییە پرۆژەیەک بوو کە دکتۆر وەلید سەڵیبی دەستپێشخەریی بۆ کرد و سەرپەرشتیی وەرگێڕەکانی کرد و هەندێ لە کتێبەکانیشی وەرگێڕا، ئەویش لە ساڵی ١٩٩٣وە، کە بۆ ئەم زنجیرەیە یەکەم ٢٠ کتێبی لەبارەی ناتوندوتیژییەوە لەناو دیارترین ٧٥ سەرچاوەی جیهانی کۆ کردەوە.

ئەو وەرگێڕانانە، ئەمڕۆ لە زوانی عارەبییەوە دەخرێنە سەر زوان کوردی. ئەمانە دیارییەکن لە زانکۆی ناتوندوتیژی و مافەکانی مرۆڤ لە دنیای عارەبدا– ئۆنور AUNOHR بۆ گەلی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا و بۆ هەموو کوردزوانێک لە ناوچەکە و لە گشت دنیادا. دیارییەکە بۆ نەوەی لاو و قوتابییان، بۆ قوتابخانە و زانکۆکان، بۆ کۆمەڵە و هێزە مەدەنی و سیاسییەکان، بۆ ڕاگەیاندن و ڕای گشت، بۆ توێژەر و ئەکادیمیایی و نووسەر و ڕۆشنبیران، بۆ پێشڕەوانی کۆمەڵگە، بۆ کتێبخانەی کوردی کە شایانی فرەوانبوون و گەشەیە و شایانە کتێبی ناتوندوتیژی بەزمانی خۆی دەوڵەمەندی بکەن...

بە دەستپێشخەرییەکی پێشەنگانە لەلایەن دەزگەی ئاراس بۆ بڵاوکردنەوە، کە لە بەڕوەبەری گشتییدا ڕێزدار بەدران ئەحمەد حەبیب بەرجەستە دەبێ، پرۆتۆکۆلەک لە ساڵی ٢٠١٢دا لەگەڵ ئەم زانکۆیە ئیمزا کرا بەمەبەستی وەرگێڕانی یەکەم کۆمەڵە کتێبی ناتوندوتیژانە بۆ کوردی، ئەوە بوو ١٠ کتێب هاتنە دەستنیشان کردن بۆ ئەوەی لە ساڵانی ٢٠١٢–٢٠١٣دا بگەنە ئەنجام. ئەم پرۆتۆکۆلە بووە تاجی سەری یەکەم سەردانی شاندی زانکۆی ئۆنور بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئایار/ مایۆی ٢٠١٢دا، کە بەدوایدا سەردانگەلی تر و پرۆژەی هاوکاری و پشتگیری لەلایەن ئۆنورەوە بۆ زانکۆ و وەزارەت و قوتابخانە و دەستەگەلی مەدەنی و ئاینی و کولتووری و ڕاگەیاندن، هاتن...

ئەم وەرگێڕانانە، دانراو و خستنەسەری بیرمەندانەی دامەزرێنەرانی زانکۆی ئۆنورەوە لەئامێز دەگرن، لەگەڵ وتار و هەڵوێست و بلاڤۆکی مامۆستایان و ئەندامانی ئەنجوومەنە بالاکانی ئەو زانکۆیە، لەم پێشەکییەدا هەندێکیان دەخەینە بەرە چاو بۆ ئەوەی خوێنەر ئامادە بکەن بۆ چوونە ناو کتێبە وەرگێڕدراوەکانی گاندی و مارتن لۆتەر کینگ و ئیریک فرۆم و جان-ماری مۆللەر و جەین شارپ و وەلید سەڵیبی.

**بیرمەندی عێراقی دکتۆر عەبدلحوسێن شەعبان** ئەندامی دەستەی بالای زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفەی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆیەکەدا، کە بەهۆی ڕۆڵی پێشەنگی نوێکەرەوەیەوە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا دەستپێشخەر بوو بۆ دەستپێکردنی ڕەوتی هاوکاری لەنێوان ئەم زانکۆیە و دەزگەکەلی بایەخدار لە عێراق بەگشتی و لە هەرێمی کوردستاندا کا شایانی ناتوندوتیژییە: "ناتوندوتیژی هەر بەخوازراوی دەمێنێتەوە، هەرچەندە ڕووبەڕووبوونەوەی زۆری لەبەرامبەردا هەبن، بەلام ئاگەداربوون لە گرینگیی و هەوڵ بۆ ئاشتکردنەوەی کۆمەڵگە ڕینیشاندەرە بەرەو ئەو... لەبەرئەوەی کۆمەڵگەکانمان بەدەستی توندوتیژییەوە دەناڵێ، بۆیە زۆر پێویستە نەک تەنیا کولتووری ناتوندوتیژی بەگشتی بکرێ وەک قەرەبوویەک بۆ بەردەوامیی کرداری توندوتیژ، بەتایبەتیش کە هەمووان بەدەستیەوە دەناڵن، بگرە بۆ ئەوەی ئەم بژارەیە بکرێتە دیفاکتۆیەکی پەسندکراو کە بشێ پەنای بۆ ببرێ و، بە ئامانجێکی ڕێ تێچوو و شیاوی بەدی هاتن و دەست پێ گەیشتن... کاتێکیش هەرێمی کوردستان لە عێراقدا ڕوو دەکاتە بژارەی ناتوندوتیژی، ئەمە شتێکی نامۆ نییە بۆی، پێویستە ئەو کەشە هەستیارانەی پێوەست بەتوندوتیژی بەبیری خۆماندا بهێنینەوە، بەهۆی نالاندنی کوردستان بەدەستی توندوتیژیی درێژخایان و درێژمەودای دەیان ساڵەوە، دیارترینیان بۆمبارانی شارۆکەی هەڵەبجە بوو بەچەکی کیمیایی و هەڵمەتی ئەنفال کە دەیان هەزار هاوولاتیی کردە قوربانی لە ساڵی ١٩٨٨دا و وێرانکردنی نێزیکەی چوار هەزار گوند و شارەدێی کورد و کۆچپێکردنی دانیشتووانی کورد، بەتایبەتی فەیلییەکانی لە ١٩٨٠کاندا، ئەو توندوتیژییەشمان لەبیر نەچێ کە لە نێوان کورد خۆیاندا ڕووی دا لە ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٨ و زیاتر لە سێ هەزار مرۆڤ بوونە قوربانی، ئەمە شتێکە دەبێ سنووری بۆ دابنرێ، ئەگەر بوێسترێ کوردستان

سەقامگیر ببێ و ئەزموونە کۆرپەکەی سەربکەوێ و لە کەموکورتی و کەلێنەکانی لە ماوەی بیست و ئەوەندە ساڵەی ڕابردوودا پێیەوە نووسان، ئەمەش خووی هەموو پێشکەوتنێک و ویستێکی نوێبوونەوەیە... کولتوورێکی ناتوندوتیژ هەیە، لە پاڵ توندوتیژەکەدا، ئەمە لای گشت گەلێک و لە مێژووی گشت نەتەوەیەکدا هەیە، ئەم کولتوورە ناتوندوتیژە دەکرێ بەئامرازی پەروەردەیی نوێ زیندوو بکرێتەوە و برەوی پێ بدرێ و بنیاتی لەسەر دابمەزرێ، بەتایبەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ناتوندوتیژ و، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەهێزی ناتوندوتیژ..."

"بەڵام ەگەر مەبەستمان بێ بەشێوەیەکی گشتی باسی توندوتیژی بکەین و لە کۆمەڵگەکانی تریشدا، ئەوە نەک هەر شۆڕش و خەباتەکانی لەوتاندووە، بگرە دەروون و ویژدانەکانیشی لەوتاندووە و شتە نامرۆڤانەکانی باڵادەست کردووە... توندوتیژی نە دەوڵەت و نە نیشتمان دروست دەکا، بگرە ڕێ خۆش دەکا بەرەو پاشاگەردانی و کۆمەڵگە لێک دەترازێنێ، جا ئامانجەکانی هەرچییەک بن. گۆڕین توندوتیژیش دەبێتە هۆی کاردانەوەی توندوتیژ و بەم جۆرە، چونکە ناکرێ توندوتیژی بەتوندوتیژی چارەسەر بکرێ، ئامانج بنیاتنانی کۆمەڵگە و دەوڵەت و بەدیهێنانی پرەنسیپە، ئەم بنیاتنانە پێویستی بە کەڵەکەبوون و پێشکەوتنی پلە بەپلە هەیە... گۆڕینی ڕاستەقینەی مەبەست، گۆڕینی کۆمەڵگەیە بەشێوازێکی ئاشتییانەی پێشکەوتنئامێزی بەپێوەندیی کارلێکییە، لەبەرئەوەی توندوتیژی تۆقێنەرە و سنوورەکانی نادیارن هەروەها ئاکامەکانی نەخوازراون و ناکرێ ڕووبەڕووبوونەوەی شێتێتی بەهیچ شتێک ببێ جگە لە ئاوەز و ئاوەزداری و بنیاتنان و چاوخشاندنەوە بە ڕابردوودا نەک دووبارەکردنەوەی لە ئێستایەکی نوێی جیاواز لە ئاراستەدا، لەبەرئەوەی هەندێ جار هەمان ئاکامی لێ دەکەوێتەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی شێتی بەشێتی نابێ، وەک چۆن ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی ناکرێ بە توندوتیژی بێ..."

**بیرمەندی ناتوندوتیژی لە جیهانی عارەبدا دکتۆر وەلید سڵێبی**، دامەزرێنەری زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفەی ڕامیاریی توندوتیژی و ناتوندوتیژی و ستراتیجی خەباتی مەدەنییانە لەو زانکۆیەدا، دەڵێ: "ناتوندوتیژی بریتییە لە دوو "نا": نا بۆ توندوتیژیی خۆ و نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر، واتە بۆ ستەم"، لە

کـاتێکدا کـە ڕەنگە نـاتوندوتیـژی و توندوتیـژی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زێدەڕۆییی ئەوانی تردا بەکـار بێن، مـرۆڤ تـەنیـا بە نـاتوندوتیـژی دەتوانێ ڕووبەڕووی زێدەڕۆییی خـۆی ببێتـەوە. کـاتێک دەڵێین نا بـۆ توندوتیژیی خۆ، ئەو کـاتە دەڵێین بەڵێ بۆ ژیان بەڵێ بۆ خۆشەویستی. نا–ی دووەم، واتە نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر نا–ی کـۆمـەڵگەییـیـە. مـەبەست لێی نا–یە بـۆ توندوتیـژیی ئەوانـی تر بـەواتە فـرەوانـەکـەی، واتە بـەگـشت شـێوەکـانی لە کـوشتن و سـتـەمی کـۆمـەڵایـەتی و هەژارکـردن و داگیـرکاری و سـەرکـوتین و سـەرکـۆنەکـردنی منداڵ و توندوتیـژیی خێزانەکی و گومڕاکردنی ئاوەزەکان و گەندەڵی و ڕەگەزپەرستی و تایەفەگەری و زۆرلێکردنی ئاینی... بەواتەیەکی تر، نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر، نا–یە بۆ ستەم، بەکردەنی بەڵێیە بۆ دادوەری و ئاشتی. بەوشـەگەلێکی کورت، نا بۆ توندوتیژیی خۆ پەیمـانێکی ئەخـلاقـیی وجـودییـە و، نا بـۆ توندوتیـژیی ئەوانی تر پەیمـانێکی کۆمەڵایەتیی–سیاسییە لە بەرامبەر گشت شێوەکانی ستەمی مایەکی و واتەیی و بنیـاتی بەهۆکارەکانی نـاتوندوتیژی. لێرەوە ناتوندوتیژی دەبێتـە چوار بەڵێ: بەڵێ بۆ خۆشەویستی، بەڵێ بۆ دادوەری، بەڵێ بۆ ئاکارداری، بەڵێ بۆ کاریگەرێتی.

بەدرێژیی مـێژوو، توندوتیـژی هاوشـانی کـۆمـەڵێ جـوانی بـووە وەک بوێری و شەرەف و جوامێری و ئازایەتی و ئازادی و پاڵەوانێتی... جەخت لەسـەر وشەی نا لە ناوجـەرگەی وشـەی ناتوندوتیژیدا، هەرچەندە دەبێتە مایەی قسـەکردن لەسـەر ئەوەی کە ناتوندوتیژی زاراوەیەکی نـەرێیە (!)، ئەوەیش بۆ ئەوەی کە دەری ببڕین بەبێ هیچ ناڕوونی و تێکەڵییەک کە پێویستە بەیەکجاری و بنبڕانە لە توندوتیژی دابڕێین..."

"توندوتیـژی بەردەوام کـاریگەرە... بەڵام لە خزمـەتی ستـەمدا. چەکێکی نایابی دەسـتی سـتـەمکارانە. کـاریگەرترینی چـەکـەکـانیـانە. بـەڵی توندوتیـژی بەکـارە. بەداخـەوە توندوتیـژی هـەمـوو پرسـێکی بەرز دەلـەوتێنێ. بەڵام خـزمـەتی دەکـا! بێگومـان نا. دەیشـێـوێنێ و لە ئامـانجی بەرزی خـۆی دووری دەخـاتەوە. مەترسیدارترین شتێک کە لە کاری سیاسیدا ڕوو بدا پاساوهێنانە بە ئامانجێکی بەرز بۆ ئامـرازگـەلێک کـە وەک خـۆی نەبن" پاسـاو هێنان بۆی تەنانەت ئەگـەر نائەخلاقیش بێ. تەنیا لەبەرئەوەی پرسەکەمان ڕەوایە ڕێ بەخۆمان دەدەین پاساو

بۆ گشت ئامرازەکان بهێنینەوە هەرچییەک بن! زۆر لە ئایدیۆلۆجیاکان لە پاساو هێنانەوە بۆ مەبەستەوە هەڵدێران بەرەو پاساو هێنانەوە بۆ ئامراز... توندوتیژیی ستەملێکراو بەهۆی تووڕەیی و نائومێدییەوە کاردانەوەیەکی عەفەویی تاکە لە بەرامبەر ستەم و سەر پێ شۆڕکردن، ئەمە شتێکی مرۆڤانەیە دەشێ لە هۆکارەکانی تێ بگەین، بەڵام نابێ پاساوی بۆ بهێنینەوە. بەڵام کە توندوتیژی بەئایدیۆلۆجیا بکرێ و ببێ بەتیۆری و ستراتیجی کار تا دەگاتە ئاستی بەپیرۆز زانینی! ئەمە پرسێکی پڕ مەترسییە..."

شیکەرەوەی دەروونی دەڵێن کە لەناخی هەر تاکێکدا دوو کەسێتی هەن لە زۆرانگرتنی بەردەوامدان: کەسێتییەکی ڕەسەنی سەرەتایی لەگەڵ درووستبوونی مرۆڤدا درووست دەبێ کە پێناسی ئەندامبوونی ئەرێنییە لە دنیا و یەکگرتنە لەگەڵ بوونەوەرانی تر و کرانەوە و خۆشەویستی و خۆشویستنی ژیان و ئارەزووکردنی دادوەری و ئازادی و ئاشتی و هاوکارییە، کەسێتییەکی تری هاوشانی ساختە بەهۆی ڕێگر و نائومێدی و پێشێلکارییە کۆمەڵایەتییەکان و بێتوانیی کەسێتیی ڕەسەن لە بواری خۆسەلماندندا دروست دەبێ. ئەمەیان کەسێتیی توندوتیژیی قەرەبووکەرەوە و ڕق و نێرگزێتی و خۆپەرستی و ڕەگەزپەرستی و لووتبەرزی و تاکڕایی و خۆشویستنی مەرگ و شەیدایی نەخۆشیئامێز بۆ دەسەڵات و پەرۆشی بۆ شەڕی نوێ و بۆ تۆڵەسەندنەوەیە. لەم زۆرانگرتنە بەردەوامەی نێوان "چاکە" و "خراپە" لە ناوەوەی هەر یەکێکماندا، هەڵبژاردنمان بۆ ناتوندوتیژی بەفریامان دەگا بۆ ئەوەی بەردەوام لە چاکە نێزیک بکەوینەوە و پاڵپشتیی کەسێتییە ڕەسەنەکەمان بکەین و ڕەگەکانی تێر بکەین... لە زۆرانگریی مێژوویی و بەردەوامی نێوان هێزگەلی ژیان و هێزگەلی مەرگدا، نابێ دوودڵ بین لە دەستنیشانکردنی پێگەی خۆماندا: ئێمە لە هێزەکانی ژیانین و لەگەڵیاندایین و، هیچ ڕۆژێک نابینە هێزی مەرگ و لەگەڵی نابین..."

فەیلەسووفی هاوسەردەمی ناتوندوتیژی فڕەنسایی جان-ماری موللەر ئەندامی ئەنجوومەنی ڕازگران لە زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفە و ستراتیجی ناتوندوتیژی تیایدا، لە میانی قسەکردنی لە وانەیەکدا کە دەزگەی ئاراس لە ٣٠ی ئەیلوول/ سێپتەمبەری ٢٠١٢دا بۆی ڕێکخست لە سەردانی دووەمی شاندی

زانکۆیەکە بۆ هەرێم کە موللەری لەگەڵدا بوو، ئەوەیش سێیەمین سەردانی خۆی بوو بۆ هەولێر و حەزی خەڵک و بەرپرسانی لە ناتوندوتیژی سەرسامی کرد، دەڵێ:

"لە ڕۆژهەڵاتەوە فێری ناتوندوتیژی بووم، لە بیرمەند و خەباتکەرێکی ئاسیاییەوە کە ناوی گاندییە و لەڕێی بەرگرییە ناتوندوتیژەکەیەوە توانیی بەسەر گەورەترین وڵاتی داگیرکەری ئەو سەردەمە "بەریتانیای مەزن"دا سەربکەوێ. گاندی لەڕێی فەلسەفەکەی و خەباتەکەیەوە توانیی ببێتە پردێک لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، بەهۆی ئەو بەرهەمە بیرمەندانە و کردەنییانەی بەئەنجامی گەیاندن، کاتێک کە باشترینی ناو هەردوو شارستانێتیی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کۆ کردەوە بۆ بەدیهێنانی ناتوندوتیژی... ناتوندوتیژی نا-یەکی قەدەخەکەری توندوتیژییە لە گشت هەڵوێستێک و گشت بیرۆکە و گشت ئامرازێک و گشت ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا... ئەو ئامانجیشە و ئامرازیشە بەیەکەوە، وەک ئەوەی گاندی کە هاوبەندیی ئامانج و ئامراز بە هاوبەندیی دار و تۆو دەچوێنێ، ئامانجەکە لە ئامرازەکەدا بوونی هەیە وەک چۆن دارەکە لە تۆوەکەدا بوونی هەیە... ئەگەر نەتوانین بەسەر ئامانجەکاندا زاڵ ببین، ئەوە دەتوانین بەسەر ئامرازەکاندا زاڵ ببین، ئەمەش بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی ئامانج لەڕێی ئامرازەوە، چونکە ئامانج شتێکی ئەبستراکتە بەڵام ئامراز بەرجەستەیە" و، لەو کاتەیشدا کە ئامانج داهاتووی مەبەستە، ئامراز پێوەندیی بەئێستاوە هەیە. بۆیە با ئامرازەکانمان بەردەوام ناتوندوتیژ بن، تاوەکو لە ئامانجە ئەرێنییەکانمان نێزیک ببینەوە و لەو بنەوایانەی باوەڕمان پێیان هێناوە کە بێگومان لە ماددەی ناتوندوتیژی نین..."

**بیرمەندی پەروەردەیی، دکتۆر ئۆگاریت یۆنان**، دامەزرێنەری زانکۆی ئۆنور و سەرۆکی زانکۆیەکە و سەرپەرشتیاری پرۆتۆکۆلی هاوکاریی زنجیرە بڵاوکراوە و وەرگێڕاوەکانی ناتوندوتیژی بەزوانی کوردی، لە کۆتای ئەم پێشەکییەدا دەڵێ: "مرۆڤ توانی توندوتیژی و توانی ناتوندوتیژیشی هەیە" زانیاران بەم ڕاستییە چەسپیوە گەیشتوون، بۆ ئەوە واز لەوە بهێنین کە بڵێین مرۆڤ لە سرووشتی خۆیدا توندوتیژە، یان تەنیا ناتوندوتیژ و نەرمە. کەواتە ئەوە پەروەردە و ژیگە و ئەزموونی ژیانن مرۆڤ بەم یا بەو ئاراستەیەدا دەبەن، بۆ ئەوەی توانەکانی ناتوندوتیژی یاخۆ توندوتیژیی تێدا زاڵ ببێ. بەدەستنیشانکراوی، ئەوانە شکستەکانی ژیان و

پەروەردە و دەمکوتی کۆمەڵگە و ستەمی ڕۆژگار و کەشی توندوتیژی دەوروبەری بەتاک و بەکۆمەڵی پەروەردەیی و کۆمەڵگەیی و سیاسین کە وردەوردە لەلای مرۆڤدا ئەم دەستەپاچەییە دروست دەکەن لەبەرامبەر زیندوو ڕاگرتنی ناتوندوتیژی ولێدانی دڵی بۆ چاکە، بۆ ئەوەی لەبەرامبەردا بوارەکانی توندوتیژی لە ناوەوەیدا فرەوانتر بن لە قسەکانی و هەڵسوکەوتی و هەڵوێست و بڕیار و پێوەندی و خەبات و حوکمدان و کولتوور و باوەڕیدا... بەجۆرێک کە ئەو و توندوتیژی وەک یەک دەبن، تەنانەت بەرامبەر بە نێزیکترینی نێزیکەکانیشی و، بەرامبەر دەوروبەرەکەی و گەلەکەیشی نەک تەنیا بەرامبەر بە نەیار و دوژمنانی... بەڵام ژیان چەقبەستوویی نییە بگرە بەردەوام ئەگەری گۆڕینی هەیە، وەک هیرۆکلیتس دەڵێ "تەنیا شتێکی جێگیر لە ژیاندا گۆڕانی بەردەوامیەتی". کەواتە هیوا هەیە. لەناو توندوتیژیدا دەخنکێین بەڵام هیوا هەیە بەوەی توانێکی قەتیسمان تێدایە بۆ پاشگەزبوونەوە لە توندوتیژی و دابڕان لێی و ڕوو وەرگێڕان بەلای ناتوندوتیژیدا کە خۆی بناخەییە تیاماندا...

مرۆڤ حەز دەکا و بەردەوام بەدوای ئەوەوەیە کە بەهێز بێ. هێز جیاکەرەوە و پێویستیشە. هێز، نەک توندوتیژی. هەرچەندە تێکەڵکردنی ئەم دووە بووەتە بنەوا، لەبەرئەوەی وەک دەردەکەوێ مرۆڤ هەست دەکا کە توندوتیژی مایەی شەرمەزارییە بۆی، بۆی کە بەکاری دێنێ تایبەتمەندییەکانی هێزی دەداتێ و بەوشەی هێز دەیگۆڕێ. دەیەوێ توندوتیژی بەکار بهێنێ و ویژدانیشی ئاسوودە بێ، بۆیە بەسیفەتەکانی هێز نەک ئەوانەی توندوتیژی وەسپی دەکا. مرۆڤ دەیەوێ و پێویستی بەوەیە کە بەهێز بێ نەک توندوتیژ بێ. جیاوازیی نێوان هێز و توندوتیژی قووڵ و بنەڕەتییە. بەهۆی لاوازی و داپڵۆسینمان لەلایەن ژیانەوە ڕوو لە توندوتیژی و ئامرازەکانی دەکەین، لەبەر بەهێزی و بەدەستهێنانەوەی ژیانیشە کە ڕوو لە ناتوندوتیژی و دنیایەکەی دەکەین. ئەوە ناتوندوتیژیی بەهێزەکانە، بەگوتەی عەبدولغەفار خانی هێمای دەگمەنی ناتوندوتیژی لە ئەفغانستان (و دواتر لە پاکستانیش) هاوڕێی گاندی و دامەزرێنەری "سوپای ناتوندوتیژی موسڵمان" کە دیاردەیەکی دەگمەنە لە مێژوودا تا بە ئەمڕۆ دەگا.

پیرۆزمان بێ، لە منداڵیمانەوە تا گشت ساڵانی تەمەنمان لە ڕێی پەروەردەوە

دۆستێکی بەئەمەکمانە، بۆ ئەوەی وامان پێ بگەیەنێ کە لە ناو دڵی ناتوندوتیژی بین و ئەو خۆی لەڕێی خوێندن و ڕۆشنبیربوون و وشیارکردنەوە و ڕاهێنانەوە هەرچەندە تەمەنیشمان زۆر بێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ناتوندوتیژییەی ناومان ڕزگار بکا. پێویستیش هەر ئەوەندەیە کە جەختی بۆ بکەین کە بژارەی ئێمە: نا بۆ توندوتیژییە..."

ناتوندوتیژی لە ناوەوەماندا لەدایک دەبێ و، لەگەڵ تەمەندا فێری دەبین و، ڕاهێنانی لەسەر دەکەین و کارامەیی تێدا پەیدا دەکەین و، دەوڵەمەند دەبین بە کولتوورەکەی و هێماکانی کە لە ناخی کۆمەڵگەمانن... هاوکاری بەردەوامیشمان لەمەدا کتێب و سەرچاوە و پێشرەوانی ئەم بوارەن لە هەموو دنیا، ئینجا دەستێکی خێرخواز دێ و ئەم کولتوورەمان بەزوانی خۆمان بۆ دەگوازێتەوە، بۆ ئەوەی ناتوندوتیژی ببیتە قسەمان و زوانمان، زوانی کوردی، بەوەش دەبێتە زوانێکی ناتوندوتیژ.

بەیرووت، شوبات/ فێبرایەر ٢٠١٣
گوتەیەک لە زانکۆی ناتوندوتیژی و مافەکانی
مرۆڤ لە جیهانی عارەب "ئۆنور"ەوە

تێبینی:
وەرگێڕانی لێرە بە پێشەوە لە عەرەبییەوە بۆ کوردی: شاخەوان کەرکووکی



" پێویستە فێر بین بەیەکەوە وەک برایان بژین
دەنا هەموومان پێکەوە گێلانە دەمرین" .

مارتن لۆتەر کینگ

## مارتن لۆتەر کینگ

## لە خەونەوە بۆ ڕاستی

لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا یادی مارتن لۆتەر کینگ بە دروستکردنی یادگاربەندی و بەناویەوە ناونانی باخچە گشتییەکان و شەقامەکان، تەنانەت بە جاڕدانی ڕۆژی لەدایکبوونی، کە پازدەی کانوونی دووەمە بە " ڕۆژی پشوو ". هەر لە ساڵی ١٩٨٦یشەوە ناوی کینگ لە لیستی ناوەکانی پیاوە گەورەکانی ئەمەریکا دانرا لە تەک کریستۆفەر کۆلۆمبس و جۆرج واشنتۆن و ئەبراهان لینکۆڵن. سەرەڕای دژایەتیی بەهێز، ڕۆناڵد ڕیگن توانی بڕیار لەسەر تۆمارکردنی مارتن لۆتەر کینگ بدا لە ڕۆژمێری بۆنەکاندا. ئەمەش لەوانەیە بەبایەخیی ئەم پێشەوا ڕەشپێستە ڕەنگ بداتەوە کە جگە لە ساڵانێکی سنوورداری ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا نەبێ نەژیا، بەڵام بەس نییە بۆ تێگەیشتنی تێکڕای پەیامەکەی و تەنانەت ئەو بەهایەی بۆ ناوبانگەکەی دابوو. مارتن لۆتەر کینگ گەلێک ڕێزلێنانی وەدەست هێناوە و ساڵی ١٩٦٤ پاداشتی نۆبڵی بۆ ئاشتی وەرگرتووە، بەڵام بیست و نۆ ساڵ بەند کراوە و لەلایەن دەزگا هەواڵگرییەکانەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا ڕاو نراوە. ئیدگار هۆڤەری سەرۆکی بەهێز لە (FBI)ی "نووسیگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی" جار لە دوای جار ویستوویەتی ناوی کینگ و خاوێنیی بزڕێنێ و کار گەیشتە ئەوەی بانگەوازی ئەوە بکەن کە "ناپاکی دژی نەتەوە و گەلە ". کینگ ڕووبەڕووی چەندین تاوانبارکردنی وەک خۆدزینەوە لە باج دان و لاڕێیی سێکسی و پارە دزین بووەوە و بووەتە ئامانجی هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی گەورە کە بەوە پەسنیان داوە کە هاتوچۆی قوتابخانەی

ئامادەکردنی کۆمۆنیستیی کردووە، کە لە ڕاستیدا قوتابخانەکە قوتابخانەی هایلاندەری میللی بووە، کە دەزگایەکی پێشەنگ بووە لە خەبات لە پێناوی لابردنی ڕەگەزپەرستی و ئاهەنگی جەژنی بیست و پێنجەمینی دامەزراندنی دەکرد. بەردەوام هەڕەشەی ئاراستە دەکرا کە کەسی خۆی و ئەندامانی خێزانەکەشیان دەگرتەوە. ماڵەکەی دووجار وێران کرا و جار لە دوای جاریش دەستدرێژیی کرایە سەر.

کە کینگ هەڵوێستێکی ئاشکرای دژایەتیکردنی جەنگ لە ڤێتنام–ی پەسند کرد، ئەوەش لە ٤ی نیسانی ١٩٦٧دا، یەک ساڵی ڕێک بەر لە تیرۆرکردنی، ڕای گشتیی ئەمەریکایی دابەش بووبوو، هەندێک لە پارێزگاران تاوانیان دایە پاڵ و هەروەها لیبراڵەکان بە ساویلکەیی و گێلی و تەنانەت بە ناپاکییان تاوانبار کرد. گەلێک لەوانەی لە خەباتیدا بۆ مافە مەدەنییەکان لایەنگیرییان دەکرد سەرزەنشتی دەست لە سیاسەت وەردان و هەوڵی تێکەڵکردنی کاروبارییان کرد. دەبێ لە بیر نەکەین کە مارتن لۆتەر کینگ دوژمنی زۆر و بەهێزی هەبوون. ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی بە هەشت ساڵ دوای مردنی ڕێزی لێ نابێت، کەمتر گەرم نەبوو لە بە توندی جەنگ لەگەڵدا کردندا لە ماوەی سێزدە ساڵی چالاکیدا. لە بەردەمی ئەم هەوڵی لە ئامێزگرتنە بایەخدارە گرینگ ئەوەیە بەردەوام بڵێین کە مارتن لۆتەر کینگ بێگومان پەیامبەری ناتوندوتیژی بوو، لە بنەوە کۆمەڵگەی ئەمەریکاییی ڕەت کردووەتەوە. هەروەک گاندی مارتن لۆتەر کینگ ئەو بایەخ و هێزەی سەلماند کە چالاکیی ناتوندوتیژی هەیەتی لە وەرگێڕانی کۆمەڵدا. " کە بەکردەوە خۆم لە تاقیکردنەوەی خەباتدا ناتوندوتیژی بۆ من لە تەنیا ڕێبازێکی بیرمەندیی دڵنیاکەرەوە پتری لێ هات، بووە شێوەیەکی ژیان، گەلێک لەو گرفتانەی لە چوارچێوەی تیووریدا تەماویم لێ دیار بوون لە چوارچێوەی کردەوەدا شیاوی لێکدانەوە بوون"[1]. بەپێی کینگ هەروەک لای گاندیش چالاکیی ناتوندوتیژی بووە دەربڕینێک لە باوەڕگەلێکی فەلسەفی و دینیی قووڵ.

پابەندبوون بەم باوەڕگەلە هەریەکەی لەو دوو کەسە پاڵ پێوە نا تا کۆتا خۆیان لە کار بدەن، بەرەو دوورتر لە نیگەرانی و خۆپاریزی و ترس. لە وەڵامی ڕەخنەگەلێکی زۆر کە ئاراستەی کرا و داوای لێ دەکرد هەوڵەکانی لە تێکۆشان لە پێناوی مافە مەدەنییەکان تەرخان بکا و هەر لە دۆزی جەنگ لە ڤێتنامدا گیر نەخوا، کینگ دەڵێ: "بەدرێژی و سەختی جەنگی ڕەگەزپەرستیم کرد تا جوداکردنەوە لە بڕیارە ڕەوشتچاکانەکاندا پەسند بکەم.. داد دابەشکردنی بۆ نییە. زۆرداری لە هەر کوێیەکدا بێ هەڕەشەیە لە دادوەری لە هەموو شوێنێکدا"[٢].

زۆرداری بەلای کینگەوە چەند ناونیشانێکی هەیە: ڕەگەزپەرستی و ڕەگەزایەتی و هەروەها جەنگی ڤێتنام و هەژاری و دواکەوتن. لە جەنگی شێوە جوداکانی چەوسانەوەدا خۆی خستە بەرامبەر ڕێژیمە چەوسێنەرەکان، کینگ لە نیسانی ساڵی ١٩٦٨دا ژیانی خۆی بەوە بەخشی. لەوانەیە ئەوەی تەقەکەی کردووە یەک کەس بێ بەڵام سوور دەزانین لەلایەن دەزگاوە پشتگیریی لێ کراوە. گوللەکەی تەنیا سەرکردەی بزووتنەوەی ناتوندوتیژیی نەکوشت، بگرە قۆناخێکی مێژووییشی لەناو برد. لەنێو هەموو کەسایەتییە دیارەکاندا کە لە پێناوی یەکسانیی ڕەگەزی تێ کۆشاون، مارتن لۆتەر کینگ بەڕوانگەی سیاسیی ڕوونییەوە تایبەتمەندە. هەموو شێوەیەکی پێکهاتن لەگەڵ داواکاران " دەسەڵاتی ڕەش " و داواکارییە دوورەپەرێز و دابەشکارییەکانیان ڕەت دەکاتەوە، مارتن لۆتەر کینگ مەبەستی نەبوو خۆی لە بواری توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە بدا ئەوەندەی بە جەختەوە بایەخی بە گەڕان بەدوای ڕێگەچارەی تر دەدا بۆ دابینکردنی دادوەری و ئاشتی و ئازادی.

گی بۆبۆلت

بەشی یەکەم

# خستنە بەرچاوێکی مێژوویی

## چەند وێستگەیەک لە ڕیزبەندیی کاتدا

- ١٥ی کانوونی دووەم ١٩٢٩: مارتن لۆتەر کینگ جونیوز لە ئەتلانتا (جۆرجیا) لەدایک بووە.
- ٢٥ی شوباتی ١٩٤٨: م. ل. کینگ کراوەتە قەشەیەکی " مەعمەدان".
- ١٨ی حوزەیرانی ١٩٥٣: کینگ کۆریتا سکۆت دەهێنێ.
- ١٧ی ئایاری ١٩٥٤: بڕیارێک لە دادگەی باڵاوە کە ڕەگەزپەرستی لە قوتابخانە گشتییەکاندا پێچەوانەی دەستوورە.
- یەکی کانوونی یەکەمی ١٩٥٥: ڕۆزا بارکس، بەرگدروویەکی ڕەشە، ئەوە ڕەت دەکاتەوە لە ئۆتۆبەسدا جێی بۆ پیاوێکی سپی چۆڵ بکا.
- ٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٥: یەکەم ڕۆژی مانگرتنی پاسەکان لە مۆنتیگەمری.
- ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٥٦: تەقینەوەی بۆمبایەک لە ماڵی کینگ و هیچیان زیانیان لێ ناکەوێ.
- ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٥٦: دادگەی بڵا جاڕی دا قانوونە ناوەخۆییەکان و قانوونەکانی ویلایەتی ئەلاباما کە پێوەندیی بەڕەگەزپەرستییەوە هەیە لەناو پاسەکاندا پێچەوانەی دەستوورە.
- ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٦: "یەکخستنی" پاسەکان لە مۆنتیگەمری دوای مان گرتنێک کە ٣٨٢ ڕۆژ بەردەوام بوو.
- ١٠ – ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٥٧: جاڕدانی دامەزراندنی: کۆنگرەی سەرکردە دیانەکان لە باشوور (S.C.L.C) و هەڵبژاردنی کینگ بە سەرۆک.

- ٩ی ئەیلوولی ١٩٥٧: دەنگدانی کۆنگریس بۆ یاسای یەکەمی مافەکانی مەدەنی لە " دووبارە ڕێکخستنەوە " و جاڕدانی پێکهێنانی " لێژنەی مافە مەدەنییەکان " و " بەشی مافە مەدەنییەکان " لە وەزارەتی عەدلدا.
- ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٥٨: کینگ لەلایەن دەمارگیرێکەوە لە چەند شوێنێکەوە بریندار دەکرێ و خەریک دەبێ بمرێ.
- ٢ی شوبات تا ١٠ی ئاداری ١٩٥٩: بنەماڵەی کینگ لەسەر بانگهێشتنی نەهرۆ ڕوویان لە هیندستان کرد بۆ خوێندنەوەی هۆیەکانی ئەو ناتوندوتیژییەی گاندی بەکاری هێناوە.
- ١٥ی نیسانی ١٩٦٠: پێکهێنانی S.C.C.C یان Snick لێژنەی ڕێکخستنی قوتابیان بۆ ناتوندوتیژی)، ئەویش بۆ ڕێکخستنی هەڵوێستەکانی نارەزایی لەلای قوتابیانی زانکۆی شۆ (رالیە، کارولاینای باکوری) لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٠دا لێژنەکە سیفەتێکی هەمیشەیی وەرگرت.
- ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠: لە کاتی بەشداریکردنی مانگرتنێکی ئەتلانتا، کینگ دەستگیر کرا و خرایە بەندیخانە.
- ٤ی ئاياری ١٩٦١: یەکەم کۆمەڵە لە " ڕاگوزارانی ئازادی " لە پێناوی " یەکخستنی " هۆیەکانی گواستنەوەی نێو ویلایەتەکان، لە واشنتۆنەوە دەرچوو. "کۆنگرەی یەکسانیی ڕەگەزی " یان C.O.R.E سەرپەرشتیی ڕێکخستنی ئەم کۆمەڵەیەی کرد، دوای ماوەیەکی کەم لە جاڕدانی ناقانوونیی ڕەگەزپەرستی لە وێستگەکانی گواستنەوەی نێوان ویلایەتەکان لەلایەن دادگەی باڵاوە.
- ئەیلوول - تشرینی یەکەمی ١٩٦٢: جایمەز مریدیت یەکەم ڕەشە لە زانکۆی میسیسیپپی تۆمار دەکرێ و دادگەی باڵا تۆمارەکەی پەسند کرد و ژمارەیەک لە نوێنەرە فیدراڵییەکان لەگەڵیدا چوونە زانکۆ.
- ئادار - نیسانی ١٩٦٣: چەندین مانگرتن لە پێرمەنگهام دژی

ڕەگەزپەرستی.

- ٢٠ی ئایاری ١٩٦٣: دادگەی باڵا جاڕی دا کە قانوونەکانی ڕەگەزپەرستی لە پێرمەنگهام پێچەوانەی دەستوورە.
- ٢٨ی ئابی ١٩٦٣: " کۆڕەوێک بۆ واشنتۆن "، یەکەم کۆڕەوێکی گەورەی یەکگرتوو، سەرکردەکان دیمانە لەگەڵ سەرۆک کەنەدی دەکەن. کینگ وتارە بەناوبانگەکەی " خەونم هەیە "ی پێشکێش کرد.
- ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣: تیرۆرکردنی سەرۆک کەنەدی لە دالاس، تەکساس.
- ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤: کینگ پاداشتی نۆبل ـی بۆ ئاشتی لە ئۆسلۆ، لە نەرویج وەرگرت.
- ٢١ – ٢٥ی ئاداری ١٩٦٥: کۆڕەوێک لە سیلماوە بۆ مۆنتیگەمری ٣٠٠٠ کەسی تێدا بەشدار بوو، بەپاراستنی سوپا دەستیان بە کۆڕەو کرد، کە گەیشتنە مۆنتیگەمری ژمارەیان گەییبووە ٣٠٠٠٠ کەس.
- ٦ی ئابی ١٩٦٥: سەرۆک جۆنسون بڕیاری سەرۆکایەتیی بۆ مافی هەڵبژاردنی ئیمزا کرد کە ساڵی ١٩٦٥ دەرکرابوو.
- شوباتی ١٩٦٦: خێزانی کینگ گواستییەوە بۆ گەڕەکێکی هەژاری پێستڕەشەکان (غیتتۆ) لە شیکاگۆ.
- ئاداری ١٩٦٦: کینگ بێکارەکانی کۆ کردەوە بۆ نۆژەنکردنەوەی بینا چۆڵکراوەکان. کە خاوەن موڵکەکان بەدووی کەوتن مانگرتنێکی ڕێکخست بۆ نەدانی کرێ.
- ١٦ی ئایاری ١٩٦٦: کینگ لە کاتی خۆپێشاندانێکی گەورەدا لە واشنتۆن هەڵوێستی ڕەتکردنەوەی جەنگی ڤێتنامی جاڕ دا. پەسند کرا ببێتە سەرۆکی بەشداریی کۆمەڵەی:" پیاوانی ئاینی و عەلمانی کە ڤێتنامیان لا مەبەستە ".

- حوزەیرانی ١٩٦٦: ستۆکلی کارمایکڵ و ویلی ڕیکس (S.N.C.C) بۆ یەکەم جار دروشمی "دەسەڵاتی ڕەش " لە بەردەمی خەڵکدا بەکار دەهێنن.
- ٤ ی نیسانی ١٩٦٧: کینگ لە وتارێکدا هێرش دەکاتە سەر حکوومەت لە ڤێتنام.
- هاوینی ١٩٦٧: ئاژاوەی ڕەگەزپەرستانە لە شارەکانی باکوردا.
- ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٧: کینگ لە ماوەی هەڵمەتێکیدا بەرنامەی کاری " کۆنگرەی سەرکردە مەسیحییەکانی باشوور " (S.C.L.C) ڕادەگەیەنێ ئەوەش لە پێناوی ڕاکێشانی ڕای گشتی بۆ گرفتەکانی هەژارانی ڕەش و سپی بە یەکسانی.
- ٣ی نیسانی ١٩٦٨: کینگ لە مەمفیس " تێنیسی " کوتاری " لەبەر لووتکەی چیایەکدا بووم "ی پێشکێش کرد.
- ٤ی نیسانی ١٩٦٨: مارتن لۆتەر کینگ چەند گوللەیەکی بەردەکەوێ کە لە باڵکۆنی ئوتێلی مەمفیس_دا بووە. ئەوەندەی پێ ناچێ لە نەخۆشخانە بە هۆی برینەکانییەوە ژیان بەجێ دەهێڵێ. دوای ماوەیەک جایمز ئێرڵ بە تاوانی تیرۆرکردنی کینگ دەگیرێ.
- ٥ی حوزەیرانی ١٩٦٨: تیرۆرکردنی سیناتۆر ڕۆبەرت کەنەدی _ی پاڵێوراو (کاندید)ی سەرۆکایەتیی کۆمار لە لۆس ئەنجیلۆس.

# خەباتی ناتوندوتیژیی مارتن لۆتەر کینگ

کریستیان دولۆرم

"مارتن لۆتەر کینگ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا مۆرکی خۆی لەسەر مێژووی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانەوە جێ هێشتووە. بەبایەخترینی ئەنجامەکانی خەباتی ناتوندوتیژیی گەیشتنیەتی بەڕاگەیاندنی ناشەرعیبوونی ڕەگەزپەرستی بوو لە وڵاتدا ".

مارتن لۆتەر کینگ لە ١٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٩دا لە ئەتلەنتا، لە جۆرجیا لەدایک بووە. ئەلبێرتا ویلیامزی دایکی، بەر لە شووکردن مامۆستایەکی فێرکار بوو، کچی ئادام دانیال ویلیامزە، کە لە ماوەی حەڤدە ساڵی بەردەوام قەشەی کەنیسەی ئێببەنەزەری مەعمەدانی بووە و لە بەرگریکردنی ڕەگەزپەرستیدا پێشەنگ بووە: وەک ئەندامێک لە " ڕابیتەی نیشتمانی بۆ پێشکەوتنی پێست ڕەنگینەکان"دا لە پێناوی دابینکردنی قوتابخانەیەکی ئامادەیی بۆ ڕەشەکان تێ کۆشاوە و لە بانگهێشتنیدا بۆ ئەوەی لە ڕۆژنامەیەکی ڕەگەزپەرست دابڕێن. باوکی، مارتن لۆتەری باب_یش قەشە بووە و ئەویش بەرپرسێتیی ئەبرەشییەی لە ساڵی ١٩٣١ەوە وەرگرتووە.

کەواتە مارتن لۆتەر کینگ لە ژینگەیەکی ئارام لەناو بنەماڵەیەکدا پەروەردە بووە، سەر بەچینی مامناوەندی بووە. لە پاڵ ئەوەدا زۆر ئاژاوەگێڕ و هەڵچوو بووە، کینگ منداڵییەکی ئارامی تێراو بە ڕەوشتی ئینجیلیی زانیوە. گیتۆ، یان نە دەستکورتیی زانیوە، نە مشک و موور، نە ئەو



مارتن لۆتەر کینگی باوک لەگەڵ کوڕەکەی
بەرامبەر کەنیسەی ئیبنزەر مەعمەدانیە

زەحمەتییانەی وا پێشتریش و ئێستاش بەشی چەند ملیۆنێکی ڕەشەکانی ئەمەریکایە و هەموو هەلەکانی بۆ تەواوکردنی خوێندن بۆ ڕەخساوە.

باوکی، کە کوڕی کرێکارێک بووە لە کێڵگەیەکدا، زانیویەتی چۆن ڕێی خۆی لە کۆمەڵگەیەکدا دەردەکات و پۆستی بەرپرسێکی ڕوحی وەردەگرێ و ژیانێکی مادیی پەسندی ببێ، مارتن لۆتەری کوڕیش هەستی بەوە کرد کە دەبێ ئەمیش سەرکەوتنێکی وەک ئەو بەدەست بهێنێ.

بە ڕاستیش لاوەکە لە سالانی خوێندندا درەوشاوە بوو، ساڵی ١٩٤٤ چووەتە کۆلێجی مورهاوس لە ئەتلانتا بەنیازی ئەوەی نۆشداری یان پارێزەری بخوێنێ. سەرەڕای ئارەزووی باوک و باپیری بیری لەوە نەکردەوە ئەمیش ببێتە قەشە و ئەو هەڵچوونە زیادەڕۆیەی دەیبینی باڵی بەسەر ئەو کڵێسانەدا کێشابوو کە بۆ ڕەشەکان تەرخان کرابوو بەدڵی نەبوون بەلام ئاستی فێرکاریی هەندێک لەو مامۆستایانەی لە ڕستی کەهەنووتیدا بوون بۆی سەلماند کە باڵ بەسەردا کێشانی پیشەی ئاینی دەشێ وەک بیر بەس بێ، کۆتاییی کاروبار ساڵی ١٩٤٧ خستییە سەر گرتنی ئەو ڕێیە، بانگ کرایە بۆ کڵێساکەی باوکی لە ئەتلانتا و بووە یاریدەری قەشە لەو ئەبرەشییەدا.

له ماوەی درێژەدانی بە خوێندن لە مورهاوس، مارتن لۆتەر کینگ چالاکانە بەشداریی لە "ڕابیتەی نیشتمانیی پێشکەوتنی پێست ڕەنگینەکان " (N.A.A.C.P)دا کرد، کە ڕێکخراوێکە ساڵی ١٩٠٩ دامەزرێنراوە. سەرەڕای ئارامیی ڕێژەیی لەسەر ئاستی مادی، بێگومان بایەخی بەو کەشە نائارامە دەدا کە (زنجییەکان)ی تێدا دەژیان و ویستوویەتی وەک باوکی بارودۆخی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی بگۆڕێ. ساڵی ١٩٤٨ موهاریس ـی جێ هێشت و بەڵگەنامەی لە ئەدەبیاتدا پێ بوو بۆ " پەیمانگەی کروزی لاهووتی لە تشستیر "، کە یەکێک بووە لە شەش قوتابیی ڕەش لەنێو کۆمەڵێکدا کە لە سەت قوتابی پێک هاتبوو. ساڵی ١٩٥١ بەڵگەی دەرچوونی لە لاهووت وەرگرت و بڕیاری دا درێژە بە لێکۆڵینەوەکانی بدا لە زانکۆی بۆستن، لە پاڵ بەردەوامی لە وانەکانی لە فەلسەفە لە زانکۆی هارڤارد. لە ١٩٥٣وە کاتی بۆ ئامادەکردنی نامەیەک تەرخان کرد بە ناونیشانی: " بەراوردێک لەنێو چەمکی خوا لەلای پۆڵ تیلیش و هێنری نیلسن ویمان ـدا ". لە حوزەیرانی ١٩٥٥دا پلەی لاهووتی بەبەرنامە وەرگرت.



مارتن لۆتەر کینگی و کووریتای خێزانی

کینگ ڕۆشنبیرییەکی قووڵی بووە و کاریگەریی والتەر ڕۆشنبوش –ی زانای لاهووتی " کۆمەڵایەتی "ی بەسەرەوە بووە، هەروەها کاریگەریی هێنری ـ دێڤید تۆرۆ و هیگڵ و تیلیش و گاندی –شی بەسەرەوە بووە. خۆی بە " شەخصانی " personalism دادەنا و هیچ گومانێکی لەوە نەبووە کە

کڵێسا دەبێ دەورێکی کاریگەر لە دابینکردنی دادوەریی کۆمەڵایەتیدا ببینێ. هەروەها مارکس ـیشی خوێندەوە، ئەمەش کارێک نەبوو لەو قۆناخەدا بەئاسانی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا پەسند بکرێ. ساڵی ١٩٥٢ مارتن کۆریتا سکۆت ـی گۆرانیبێژ و پسپۆری زانستی پەروەردەناسی و لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٥٣دا مارەیان بڕی و لە ئەیلوولی ١٩٥٤دا ڕوویان کردە شاری مۆنتیگەمری " ئەلاباما " بۆ نیشتەجێبوون، کە پەنجا هەزار لە ڕەشەکان و هەشتا هەزار لە سپییەکانی تێدا دەژین، کە کینگ جێی " قەشەیەکی بەرگریکار "ی گرتەوە بە چاودێریی یەک لە کڵێسا مەعمەدانییەکاندا کە زۆربەی لایەنگیرانی لە بنەماڵە دەوڵەمەند و ڕۆشنبیرەکان بوون.

## دابڕینی پێوەندی لە مۆنتیگەمری

لە ١٧ی ئایاری ١٩٥٤دا دادگەی باڵا لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بڕیارێکی دەرکرد دەقی ئەوەی تێدا بوو کە لە بواری پەروەردەدا کە مافێکی بنچینەییی مرۆڤە، ڕەگەزپەرستی " جوداوازیی ڕەگەزی " پێچەوانەی دەستوورە. بڕیارەکە وەک ڕووداوێکی بەبایەخ بەشداریی لە کردنەوەی کەلێنێک کرد لە دیواری کینەی ڕەگەزپەرستیی ڕەگ داکوتاودا، بەڵام ئاوێتەبوون " الاندماج " هێشتا دوورەدەست بوو بەتایبەتی لە ویلایەتەکانی باشووردا. کینگ بە پێویستی بینی سەرنجی ڕۆڵەکانی ئەبرەشییەکەی بۆ گرفتەکانی گەلی ڕەش ڕابکێشێ و هانیان بدا بزانن سوود لە مافە مەدەنییەکانیان وەربگرن، بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا لێژنەیەکی بۆ کاری کۆمەڵایەتی و سیاسی پێک هێنا و بانگی کردن بچنە پاڵ " ڕابیتەی نیشتمانی بۆ پێشکەوتنی پێست ڕەنگینەکان " کە تا ڕادەیەکی زۆر هاوبەشیی بگۆڕێ. دەرچوونی بڕیاری دادگەی باڵادا کرد، بەڵام لە یەکی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٥دا کارێک هاتە پێشەوە وای لێ کرد پیشەکەی بگۆڕێ.


له ساڵی ١٩٥٨ پیاوانی پۆلیس دەستیان گرت بەسەر مارتن لۆتەر گینگ بەتۆمەتی هەڵاتن له مۆنتیگەمری

لەو ڕۆژەدا ئافـــــــرەتـە بەرگدروویەکی ڕەش کە پەنجا ســـاڵی تەمـــەن بووە و ناوی خـــــاتوو ڕۆزا بارکس بووە ئەوەی ڕەت کـردووەتەوە جـێی خۆی له ئۆتۆبیسدا بۆ پیاوێکی ســــپی چۆڵ بکا، هەروەک قــانوون له ئەلاباما تۆمــاری کــردبوو. پۆلیس تێکەڵ بوو و یایەکـه دەســتگیـر کـرا کـه خـــەریک بووە بخـــرێتـــه بەندیخـــــانەوە بەڵام یەک له شـــاهێـتـەکــان یەکـســەر دەستپێشخەریی کرد و کەفالەتەکەی بۆ دا. کە مارتن لۆتەر کینگ بەوەی زانی و لەگەڵ ڕالف ئەبرناتیی برادەرە قەشەکەی هەر ئەو شەوە بڕیاریدا کۆبوونەوەیەک له کلێسادا ساز بدەن، هەموو ئەوانەی کاریان بەدەستەوەیە له ڕەشـەکـانی کـۆمـەڵگەی مـۆنتـیگەمـریدا: له قـەشـەکـان و پارێزەران و پزیشکان و ئەوانەی ســەر بە ســـەندیکاکـــان بگرێتـــه خـــۆ... ئەندامی سەندیکایەک پێشنیازی بەکارنەهێنانی ئۆتۆبیسی کرد و دوای گفتوگۆ ئامادەبووان پەسندیان کرد. دەبوو قەشەکان له پشووی یەکشەمەیەکدا بڕیارەکە ڕابگەیەنن و بڕیاریش درا بڵاوکراوەیەک بەسەر ڕەشەکاندا دابەش بکرێ و داوا بکا ڕۆژی دووشەمەی ٥ی کانوونی یەکەم سواری ئۆتۆبیس نەبن، ئەگەر بۆ چوونە سەر کار یان چوونە قوتابخانە یان بۆ ناوەندی شار بێ.

سەرلەبەیانیی دووشەمە نیگەرانییەک هەموو ناوەندێکی گرتەوە: ئاخۆ

ڕەشـەکان سـواری ئۆتۆبیس ببن یان نا؟ ڕەشـەکان سـواری ئۆتۆبیس نەبوون و پاسەکان تەنیا بە شوفێرەکانیانەوە بە گشت لایەکی شاردا دەسووڕانەوە، چونکە سـپـییـەکانیش لە گـیـروگـرفت ترسـان و سـوارنەبوونی پـاسـەکـانـیـان بەباشـتـر زانی! لـە بەرامـبـەریشـدا ئۆتۆمـۆبێلە تەکسـیـیـەکـان پڕ بوون و شـەقامـەکان بە پاسکیل و ڕێبـوار ئاپۆرە بوو. هـەمـوو ڕێیان دەکرد، تەنانەت ئەوانەشـیـان کـە دەبوو پازدە یان بیست کیلـۆمـەتریان بڕیبـایە بۆ گـەیشـتنە سـەر کـارەکـانیـان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا زەردەخـەنەیان دەکـرد و چەپڵـەیان دەکوتی و قسـەیان ئاڵوگۆڕ دەکرد. وەک لەشکرێکی پیادە بوون کـە بە یەک جـار ڕاپـەڕیون! پۆلیس ویسـتی جـمـوجـۆڵ ڕابـگـرێ... بـەڵام سەرکردەکان کێن؟



خێزانی کینگ لە ئەتلانتا، جورجیا، یووکی و بانی لەملاولای کووریتا، مارتن و دیکستەر و مارتی و وێنەی گاندی بەسەر دیوارەوە دیارە.

ئەو ڕۆژە فـەرمـانێک دەرچوو سـزای بڕی دە دۆلار بخرێتە سـەر یایە بـارکس لەبـەرئـەوەی بە پێـچـەوانەی قـانـوونی جـوداوازیی ناوەخـۆیی هـەڵسـوکـەوتی کـردووە. سـەرلـەئـێـوارە کـۆبوونـەوەیەکی ئـاپۆرە بەسـترا و مـارتن لۆتەر کـینگ دوای چـەند وتـارخـوێنێک وتـاری خـوێندەوە، گـوتـی:

ئەوەندەی بەس بێ زۆر و چەوسانەوەمان بەر کەوت، زۆر خۆڕاگر بووین. لە مەزنیی دیموکراتییەت ئەوەیە مافی ناڕەزایی دەداتە گەل. ئێمەش ئەم مافە بەکار دەهێنین، بەڵام بەبێ توندوتیژی و کینە. خۆشویستنی ئەوی تر دەبێتە دروشممان ". ئامادەبووان چەند جارێک بە چەپڵە و دروشملێدان قسەیان پێ بڕییەوە و هەموو درێژە بە جموجۆڵ دان و درێژکردنەوەی " دابڕان "ی تا لابردنی ئەو جێبەجێکارییانەی سووککەرەوانەی لە ئۆتۆبیسەکاندا بەسەر ڕەشەکاندا دەسەپێنرێ و دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی نوێ بەناوی " ڕابیتەی پێشکەوتنی مۆنتیگەمری "یەوە ڕاگەیەنرا و کینگیش بەسەرۆک دانرا.

بزووتنەوەکە سێسەد و هەشتا ڕۆژ درێژەی هەبوو! بەرپرسان چەندین جار ویستیان پاڵەپەستۆ بخەنە سەر کینگ بۆ ڕاگرتنی دابڕانەکە. لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٥٦دا بە بیانووی بەزاندنی تیژڕەویی ڕێپێدراو لە ئاژۆتنی ئۆتۆمۆبێلدا دەستگیر کرا. دوای چوار ڕۆژ دەستدرێژی کرایە سەر ماڵەکەی و هێندەی نەمابوو کاردانەوەیەکی توند لەلای ڕەشەکاندا بورووژێنێ و هاتنە کایەی کینگ نەبووایە کە داوای ناوبژیوانیی ئاوەزی کرد. لە ئاداردا تاوانی هەڵسوکەوتی پێچەوانەی ئەو قانوونانەی دابڕان قەدەغە دەکا درایە پاڵ قەشە و حوکمی سەت و چل ڕۆژ زیندانیکردن و غەرامەی بڕی پێنجسەد دۆلاری بەسەردا سەپێنرا. کینگ ئەم کایەی خەباتەی لە کتێبی (خەبات لە پێناوی ئازادیدا Combats pour La Liberteدا گێڕاوەتەوە.

لە ماوەی چەند مانگێکدا ڕەشەکان پتر لە هەموو کاتێکی ڕابردوو یەکیان گرتبوو و دەستیان بە هاوکاری کردبوو بۆ دابینکردنی هاتوچۆی بە خۆڕایی بە ئۆتۆمۆبێلی تەکسی کە ڕۆژانە چل و دوو هەزار کەسی دەگواستەوە، یانیش پشتگیریی یەکترییان دەکرد کە ڕێ بکەن و ئامادەی ڕێتێچوونی دەستگیرکردنی هەر دەم و ساتێکیان، کۆمپانیای ئۆتۆبیس کە نزیک بوو لە لاتبوون بڕیاری لابردنی جێبەجێکارییە ڕەگەزپەرستانەکانیان کرد. بەڵام

کایەکە تەنیا بەم سەرکەوتنە کۆتاییی نەهات: لە تشرینی دووەمی ١٩٥٦دا دادگەی باڵا ڕای گەیاند کە ئەو قانوونانەی بەبەرچاوەوە گرتنی ڕەگەزپەرستیی لە هۆیەکانی گواستنەوەدا دەسەپێنێ پێچەوانەی دەستوورە. لە ٢١ی کانوونی یەکەمەوە ڕەشەکان لە توانستیاندا بوو سواری ئۆتۆبیسەکان بن هەر بەو مەرجانەی بۆ سپییەکان هەبوو، ئەوەش بەپێی دەقی قانوونی ڕەتکەرەوەی ڕەگەزپەرستی، بەگوێرەی ڕەشەکان سەرکەوتنەکە لە ئاستی دەست بەسەر پاستیلدا گرتن بوو!.

## فراوانبوونی جموجۆڵەکە

لەوساکەوە مارتن لۆتەر کینگ بووە پێشەوای نیشتمانیی بزووتنەوەی بەرگری، لە کانوونی دووەمی ١٩٥٧دا پێشەوایانی ڕەشەکان لە دە ویلایەتی باشوورەوە کۆ بوونەوە بۆ پێکهێنانی ڕێکخستنێک ناوی لێ نرا: " کۆنگرەی سەرکردە کریستیانەکان لە باشوور " و کینگ -یان بە سەرۆک بۆ هەڵبژارد. کۆنگرە دەستی بەچالاکی کرد بە لێکۆڵینەوە لە پیادەکردنی جیاکاری لە هۆیەکانی گواستنەوە لە شارگەلی جودا جودا سەرەڕای قانوونی نوێ و چۆنیەتیی گەیشتنە بڕیاردانی مافی ڕەشەکان لە هەڵبژاردنەکاندا.

کینگی پێشەوای هەرە دیار لە بزووتنەوەی ڕەشدا، لە ١٩٥٧دا لە چەندین هەڵمەتدا بەشداریی کرد و دەیان هەزار کیلۆمەتری بڕیو دووسەد و هەشت وتاری پێشکێش کرد.

ناوی " مووسای نوێ " و " گاندیی نوێ "یان لێ نا. لە هەموو وتارەکانیدا بەردەوام ئاماژەی بە بەرگری لە مافە مەدەنییەکان دەدا و لە پێناوی بەدەستخستنی ئەم مافانە پێویستە ڕەشەکان دەست بە ڕێز لەخۆگرتن بکەن. لێرەدا وەک بەڵگەی جەماوەریی بەرەو زیاترچووی کینگ دەڵێین (کوام نیکرۆما) لە ئاداری ١٩٥٧دا بانگهێشتنێکی ئاراستە کرد بۆ بەشداربوون لە ئاهەنگەکانی سەربەخۆییی گانا.

له گەڕانەوەیدا لە ئەفریقیاوە، هەر دەە ڕێکخراوە تێکۆشەرەکە: "کۆنگرەی سەرکردە کریستیانەکانی باشوور " (S.C.L.C) و " ڕابیتەی نیشتمانی بۆ پێشکەوتنی ڕەنگدارەکان " (N.A.A.P) بڕیاریان دا لە واشنتۆن لە ١٧ی ئایاری ١٩٥٧دا خۆپێشاندانێک ڕێک بخرێ وەک ئاهەنگی سێیەمین ساڵوەگەڕی بڕیاری دادگەی باڵا بەلابردنی ڕەگەزپەرستی لە قوتابخانەکان. لە نێوانی بیست و پێنج هەزار و سی هەزار کەس لە ڕەشەکان و چەند کەسێکیش لە سپییەکان لە بەردەمی پەیکەرەکەی لینکۆڵن ـدا کۆ بوونەوە و گوێیان لە وتارخوێنان گرت جەختیان لەسەر کۆتاییهاتنی ڕەگەزپەرستی کرد و کینگ-یش تەوەری ڕێزلێگرتن و گەرموگوڕی بوو، دوای نزیکەی مانگێک نیکسن-ی جێگری سەرۆک پێشوازیی لێ کرد لەگەڵ ڕالف ئەبدناشی. لە ٢٣ی حوزەیراندا سەرۆک ئایزنهاوەر پێشوازیی لێ کرد و لە هەردوو بۆنەکەدا لە بەڵێنی ئاڵۆز بەولاوە بەدەرکردنی قانوونێک مافی هەڵبژاردن بدرێ بە ڕەشەکان هیچی تریان دەست نەکەوت، بەڵام بێ ئەوەی، بە هیچ شێوەیەک بشێ ڕاستەوخۆ جێبەجێ بکرێ. شێوەی قسەی کینگ توند و سوور بوو.

لە ئەیلوولی ١٩٥٨دا، لەو مانگەدا کە کتێبی " خەبات لە پێناوی ئازادی "یەکەی تێدا بڵاو کرایەوە هەندێک لە تاکەکانی پۆلیس سووکایەتییان بە کینگ کرد و هەڵسوکەوتی دڕندانەیان لەگەڵدا کرد و دەستگیریان کرد. بەڵام ناسراوێک کەفالەتەکەی لە جیاتیی دا و یەکسەر ئازاد کرایەوە. دوای ماوەیەک ئافرەتێکی ڕەش هەڵمەتی ناوزڕاندن گەرمی کردبووەوە کە قەشەی بە ئامانج گرتبوو و مەبەستی ئەوە بوو بڕوا بەخەڵک بهێنێ کۆمیۆنیستە و بە کەرتە کاغەزێکی تیژ لە سینگی دا و، سەرە کەرتەکە لای خوێنبەریدا وەستا و کینگ بە شێوەیەکی سەرسوڕمێن ڕزگاری بوو لە کاتی ساڕێژبوونەوەی برینەکانیدا بانگهێشتنێکی لە نەهرۆ وەرگرت، لەگەڵ هاوسەریدا ڕووی کردە هیندستان بۆ ئەوەی شوێنپێی گاندی هەڵبگرێ.

پێشڕەویی بەرەو یەکسانیی ڕەگەز زۆر لەسەرخۆ ڕۆیی، بە تایبەتی لە باشووری وڵاتە یەکگرتووەکان . نزیکە بگوترێ لە هەموو شوێنێکدا بە هەندێک جێبەجێکاریی هێمایی لێ دەگەڕان، وەک دانانی چەند قوتابییەک لە قوتابخانەیەکی گەورە و بە قوتابخانەیەکی یەکگرتوویان ڕاگەیاند. هەر لەم ڕاستییەوە هێندەی نەماوە توانستی بەرگەکردن لەدەست بدەن، لە ١٩٥٩ەوە موسڵمانە ڕەشەکان دەستیان بە جموجۆڵ کرد، کە شێوەی کینگیان ڕەت کردەوە لە ڕووکردنە ویژدانی ئەمەریکاییە سپییەکان و توندوتیژییان پەسند کرد و ئەمەش بەسەرکردایەتیی ئەلیجا محەمەد و بەتایبەتیش مالکۆلم ئێکس، ئەو کەسایەتییە دیارەی ڕەشەکانی ئەمەریکا و لە کۆکردنەوەی جەماوەرێکی گەورەی لایەنگیران و بەتایبەتی لە گەڕەکەکانی گیتۆ ڕەشەکان لە شارە گەورەکانی باکور.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٥٩دا خێزانی کینگ مۆنتیگەمرییان بەرەو ئەتلانتا جێ هێشت. چونکە مارتن لۆتەر دوای ئەوەی بەرپرسێتیی سەرکردایەتیی " کۆنگرەی سەرکردە کرستیانەکان لە باشوور " (S.C.L.C) وەرگرت ئیدی پێی نەدەکرا ئەرکە سەرپەرشتیارییەکەی بەجێ بهێنێ.

## " مان گرتن " و " ڕاگوزارییەکانی ئازادی "

مۆنتیگەمری قۆناخی یەکەمی شۆڕشی ڕەشەکان بوو، لە گرینزبۆرۆ قۆناخی دووەم دەستی پێ کرد. لەو شارەی ویلایەتی کارۆلاینای باکوردا، کە یەکێکە لە دەمارگرژترینی جوداخوازیی ڕەگەزیی ویلایەتەکانە لە ئەمەریکا، لە یەکی شوباتی ساڵی ١٩٦٠ چوار قوتابیی ڕەش چوونە چێشتخانەیەکی تایبەت بە سپییان و ڕەتیان کردەوە کە بچنە دەرەوە. یەک لە ئێستگەکانی ڕادیۆ هەواڵەکەی پەخش کرد و دوای ماوەیەک دەیان قوتابی دەستپێشخەریی پشتگیریکردنی هەڤاڵانیان کرد: مانگرتنەکان دەستی پێ کرد و وەک هۆیەک بێ بۆ ئامادەکردنی جەماوەر.

جموجۆڵ فراوان بووەوە و پتر لە سەد شار و حەفتا هەزار ڕەتکەرەوەی گرتەوە. بەشداران کە تووشی سووکایەتی دەبوون بێدەنگ دەبوون، کە لێ دەدران بەرامبەریان نەدەدایەوە، تەنانەت کیژە ڕەشەکانیش لە هێمنیی خۆیان دەرنەچوون کە هەندێک لە لاوە سپییەکان پرچیان ڕادەکێشان و جگەرە هەڵگیرساوەکانیان لە پشتی ملیاندا دەکوژاندەوە. هەموو هەر نوێژیان دەکرد و بە ئارامی خۆیان ڕادەگرت. پۆلیس سەدان کەسیان دەستگیر کرد. مارتن لۆتەر کینگ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دەستپێکردنی جموجۆڵ بەرپرس نەبوو، بەڵام لە شوێنێکەوە دەچووە شوێنێکی تر بۆ دەربڕینی پشتگیریی بەرگریکاران و ئارەزووی لە بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکانیان و لەگەڵیشیاندا بەرەنگاربوونەوەی ڕێتێچوونی گیران. کینگ هەڵوێستی خۆی بۆ ڕوون کردەوە و گوتی:" بۆ ئەوەی بەرگریی ناتوندوتیژی واتای هەبێ دەبێ بەرەو ئاشتبوونەوە ئاراستە بکرێ. ئامانجی کۆتاییمان خوڵقاندنی کۆمەڵگەیەکی خۆشەویستی و برایانەیە. ئەگەر ڕێچکەکانی ناتوندوتیژی بە گیانی ناتوندوتیژی دەورە نەدرابێ لەوانەیە بچێتە ناو شێوەیەکی توندوتیژەوە". ئەم شێوە تێکۆشانەی دژ بە جوایەزیی ڕەگەزپەرستییە تا دەهات پەلەتر بەشداریی لە ئاوێتەبوون دەکرد لە چێشتخانەکان و ڕۆخ دەریاکان و حەوزەکانی مەلەکردن و کتێبخانەکان و کتێساکاندا...

ساڵی ١٩٦٠ کۆمەڵە لاوێک لە " کۆنگرەی سەرکردەکانی کرستیانەکان لە باشوور " گردبوونەوەیەکی تایبەتیان پێکەوە نا ناویان لێ نا " لێژنەی قوتابیانی ناتوندوتیژی " (S.N.C.C یان Snick)، ئەم گردبوونەوەیە بەشێوەیەکی تایبەتی کاریگەریی ستۆکلی کارمایکڵ –یان بەسەرەوە بوو، دوای نزیکەی پێنج یان شەش ساڵ پەیڕەوی خۆی گۆڕی و لە ڕێی ناتوندوتیژی دوور کەوتەوە. هەر لەو ساڵەشدا تاوانی خۆدزینەوە لە باج دان ئاراستەی کینگ کرا، بێتاوانیی لەم بارەیەوە دەرکەوت و چەسپا، بەڵام

لەگــەڵ ئەوەشــدا دۆزەكــە كـارێكی گــەورەی لە دەروونیــدا جـێ هیــشت، سووربوونی پێشەوا لەسـەر بانگهێشتن بۆ ناتوندوتیژی و هاندانی كەسانی تری پتـر بوو و ئەو بانگهـێـشـتنە بووە تەوەری ســەرەكـیی ئەو وتـارانەی زۆربەیانی لە كـتـێـبی "هـێـزی خـۆشـویستن "(La force D`aimer)یدا بڵاو كردەوە.

بەر لە كاتی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی بە مانگێك واتە لە تشرینی یەكەمی ١٩٦٠دا كـینگ هـێـشــتـا لە بەندیخـانە بـوو، برادەرانی دۆزەكــەیان نایە بەرچاوی كاندیدەكان، نیكسن ـی كاندیدی كۆماری ڕەتی كردەوە یارمەتیی بدا، بەڵام جـۆن. ف. كـەنەدی ـی كـاندیدی دیموكـراتی بایەخی پـێ دا و بە تەلەفـۆن پـێـوەندیی بە كـۆرینا كـینگەوە كـرد و ڕۆبەرتی براشی هـەوڵی میانبینیی لەلای ئەو قـازی (حاكم)ە كرد كە فەرمانی دەستگیركردنی كینگی دابوو، بۆیە گەلێك لە ڕەشەكان پشتگیریی كەنەدیی كاندیدیان كرد، تەنانەت وەك دەڵێن دوو پێوەندیی تەلەفۆنی زۆرینە كزەكەی پێ دا كە سەركەوتنی پێ بەدەست هێنا.

لە ئـایاری ١٩٦١ دا، ســێــزدە ئەندام لـە ڕێكخــراو ێكی نوێدا كــە ناوی" كۆنگرەی یەكسانیی ڕەگەزی " (C.O.R.E).بوو شێوەیەكی جودایان لە كاردا دەست پێ كرد. شـەشیـان لە سپییەكان بوون و حەوت لە ڕەشـەكان و ڕایان گەیاند كە بە ئۆتۆبیس ڕاگوزارییەك دەكەن بۆ چەندین ناوچەی باشوور وەك نـاڕەزایییـەك دژی بەردەوامیی جیاوازیی ڕەگـەزپەرستانە، نـاوی " ڕێبوارانی ئازادی "یان لێ نرا. ڕاگوزارییەكە بیست و پێنج ڕۆژی خایاند. لەو ماوەیەدا زنجـیـرەیەك دەسـتـدرێژی و ڕووداوی ئاژاوەگـێڕی هـاتـە كایەوە لایـەنگرانی جیاوازیـی ڕەگەزی دروستیـان كرد و پۆلیس هـەوڵی وەستاندنیـانی نەكرد: لە ڕێبـواران درا و پـاسگەلێك سـووتێنران. حـاكـمی ئەلابـامـا لێـپـرسـراویی ڕووداوەكـانی خـسـتە ئەسـتۆی مـارتن لۆتەر كـینگ و گـوتی: "دەشـێ قـانوون پێی نەكـرێ كەسـێكی تر نـاچـار بكا منی خۆش بوێ، بـەڵام دەتوانێ ڕێی لێ

بگرێ ئازارم نەدا "، بەڵام جموجۆڵەکە لە هێنانەدیی ئامانیدا سەرکەوتوو بوو: لە ٢٢ی ئایاری ١٩٦١دا، لیژنەی بازرگانیی نێو ویلایەتەکان ڕای گەیاند کە هەموو شێوەکانی جیاکردنەوەی ڕەگەزی لەناو هۆیەکانی گواستنەوەی سەر ڕێگەکانی نێوان ویلایەتەکان قەدەغەیە.

تێکۆشان بەردەوام بوو، قوتابییە ڕەشەکان لە شاری ئەڵبانی و لە جۆرجیا لە بەهاری ١٩٦١ەوە لە هەڵچووندا بوون. شەقامەکانی شار خۆپێشاندانی گەورە گەورەی دژی جیاوازیی ڕەگەزیی بەخۆوە بینی، کۆتاییان بە دەستگیرکردنی سەتان دەهات. یەک لەو کۆمپانیانەی ئۆتۆبیس کە ڕەشەکان خۆیانیان لێ دابڕی لاتبوونی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام ئەنجوومەنی شارەوانیی شار ڕەتی کردەوە لە هەڵوێستی خۆی بێتە خوارێ، کینگ بڕیاری بەشداریکردنی شەڕەکەی دا. لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٦١دا دەستگیر کرا، بە تاوانی " ڕێ لە هاتوچۆ گرتن و بەشداریکردن لە خۆپێشاندانێکی ڕێ پێ نەدراودا". دوای دوو ڕۆژ ئازاد کرا، ئینجا دیسان لە ١٠ی تەمووزی ١٩٦٢دا گیرایەوە و لە ١٢ی تەمووز بەردرایەوە چونکە نەناسراوێک پارەی سزای بۆ دا کە سەپێنرابوو. لە ٢٧ی تەمووز بۆ سێیەم جار گیرایەوە " لەبەر دواخستنی هاتوچۆ و تێکدانی ئارامیی گشتی " ئەوەش لە کاتی شەونوێژێک کە لە خانەی شارستانیدا ئەنجام درابوو. لە بەندیخانەدا کە ئەمجارەیان بەرلە ١٠ی ئاب لێی دەرنەچوو. کینگ نووسیویەتی دەڵێ: "کرێکارە ڕەشەکان کەمترین ڕادەی کرێ وەردەگرن کە حکوومەتی فیدراڵی سەپاندوویەتی، جگە لەوانەی لە دەزگا سەربازییەکاندا کار دەکەن، دیلکردنی ئابوورییانە ئامانجی ئەم جۆرە جوداییە ڕەگەزییەیە"

لەگەڵ بەردەوامیی نەگەڕانەوەی دەسەڵاتەکان، لاوە ڕەشەکان دەستیان بە بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژییەکانی پۆلیس بە بەرد و شووشەی بەتاڵ تێگرتنیان. ئاخۆ ئاگری ئاژاوە لە ئالبانیدا هەڵگیرسا؟ کینگ ترسا و.. بڕیاری ڕاگرتنی خۆپێشاندانەکانی دا و شاری جێ هێشت. ئەمە یەکەم

جاره که تێیدا دەبەزێ. ئەمەریکاییە ڕەشەکان تووشی سەرسامی هاتن و بۆ ساتێک وا زانرا کۆتایی ناتوندوتیژییە.

## مندالأنی پێرمەنگهام

قەشە درکی بەو سنوورە مرۆییانە کرد کە چڕیی خەڵک بەسەر خەونەکانیدا دەسەپێنن، بەڵام بەزینەوەکەی ڕانەگەیاند. ماوەیەک ڕاما و هێزەکانی گەڕاندەوە و لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٢دا کەنەدیی سەرۆکی کۆمار لە کۆشکی سپیدا پێشوازیی لێ کرد کە وتارێکی پێشکێش کرد کاری هەورەتریشقەیەکی هەبوو تێیدا گوتی: "میلەکانی کاتژمێری مێژوو خەریکە نیوەشەو ڕادەگەیەنێ، لەسەر سەرۆک پێویستە دان بەوەدا بنێ کە جیاوازیی ڕەگەزی لە بوارە گشتییەکاندا قانوونی نییە، پێویستە بانگەوازێکی دووەم بۆ ئازادی ڕابگەیەنێ". نزیکی دەمی ئاهەنگەکانی یادی سەد ساڵەی ئەو ڕاگەیاندنەی لینکۆڵن لە سەردەمی جەنگی جودابوونەوەدا جاڕی دابوو، کە



ڕێپێوان لە سیلماوە بۆ مۆنتگمەری ساڵی ١٩٦٥، مارتن لۆتەر گینگ و کووریتای خێزانی پێشرەوییان دەکرد

تێیدا بڕیاری ئازادکردنی دیلەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی دابوو کە ژمارەیان گەیشتبووە سێ ملیۆن و سەد و بیست هەزار ، ئەوەش لە یەکی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٦٣ەوە . کەنەدی بە نەرمی و هۆشیارییەوە خۆی لە باسی گرفتەکە لادا. کە مارتن لۆتەر کینگ لە نووسینگەی سەرۆک هاتە دەرەوە درکی بەوە کرد کە دەبێ دیسانەوە برژێنەوە سەر شەقام.

کینگ و لایەنگرانی بنەمای جموجۆڵی ڕاستەوخۆیان بڕیار دا و پێرمەنگهامیان بە شانۆی پرۆسەکان هەڵبژارد. ئەو بیرۆکەیەی سەپابوو ئەوە بوو کە دەبێ تەنگژەیەک بخوڵقێنرێ و گرفت لە سیستمی گشتیی خۆپێشاندانەکاندا بکرێ کە تا دەهات پتر دەبوو، تا بتوانن کاغەز بەدەست بخەن دەتوانن خۆیان لە گفتوگۆ بدەن. خۆئامادەکردن بۆ جموجۆڵ چەند مانگێک بەردەوام بوو. کینگ بە شارە دراوسێکاندا گەڕا و ڕێی دا هەندێک لە هەواڵەکان دەربچێ تا خەڵکەکە لەوپەڕی ئامادەییدا بن و دواتریش لە ٣ی نیسانی ١٩٦٣دا لە یەک لە خۆپێشاندانەکاندا داوای لە نیشتمانییان کرد لە پێرمەنگهام " گردبوونێکی خۆشەویستی " پێک بهێنن و هەموو ڕەشەکان و سپییەکان بچنە پاڵ هەڵسووڕاوانی ناتوندوتیژی کە بە شاردا دەسووڕێنەوە. بەداخەوە سپییەکان هەڵوێستێکی سڵکەرەوەی هەبوو و ڕەشەکانیش ڕاڕا بوون لەخۆ لە کایە نوێیەکە بدەن دوای نشوستیی ئالبانی. ڕۆژانی یەکەمی نیسان هەندێک سووکە پێکدادانی بەخۆوە بینی، لە ٧ی نیسان ڕووبەڕوو بوونەوە لەنێو پۆلیس و خۆپێشاندەراندا بوو.

بەرپرسی ئاسایشی ناوچەیی، ئۆجین " پۆڵ " کۆنوور لە بەکارهێنانی توندترینی جۆرەکانی هێز خۆی ناپارێزێ. ڕۆژی هەینیی ئازارەکان* مارتن لۆتەر کینگ لەگەڵ ڕالف ئەبرنائی و نزیکەی چل پیاوی ڕەش لە ناوەندی شاردا بەشدارییان لە کەژاوەیەکی تەرمهەڵگرتندا کرد. کە کەژاوەکە ڕەت بوو هەندێکیان دەچەمانەوە و هی تر هاواریان دەکرد " ئازادی گەییە پێرمەنگهام!". پیاوانی کۆنوور کەچاوە گچکەکەیان گەمارۆ دا. دوای گرتنی

کینگ بەشێوەیەکی نهێنی بۆ ماوەی چوار ڕۆژ خرایە ناو زیندانێکی تاریک هەشت کەس لە زێوانە سپییەکان بۆیان نووسی و ناڕەزاییان بەرامبەر هەڵسوکەوتەکەی دەربڕی، کینگیش بە نامە بەناوبانگەکەی " نامەیەک لە بەندیخانەی پێرمەنگهامەوە " بەرپەرچیانی دایەوە. تێیدا هاتبوو: " ئێوە سەرزەنشتمان دەکەن چونکە بێ قانوونیمان کردووە، من وەک ئۆغستینی چاک وەهام قانوونی زۆردار بە قانوون نازانم. لە بیرتان بێ هەوالانی دانیال ڕەتیان کردەوە کە گوێرایەڵی قانوونەکانی نەبووخودنوسەر بن و یارمەتیی جووەکان لە ئەڵمانیای ژێر حوکمی هیتلەر بەزاندنی قانوون بوو ".

بە کەفالەت کینگ ئازاد کرا تا دەست بکاتەوە بەسەرکردایەتیی ئەو جموجۆڵەی ڕووی لە فراوانبوون کردبوو. بەرپرسێتیی کینگ گەورە بوو. چەند هەزار قوتابییەکی ڕەش ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ کاراکردنی چالاکییەکانیان. خوێنگەرمبوون و ئامۆژەیەک نەبێ چاوەڕوانی هیچی تریان نەدەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی پۆلیس بەڕێ بکەون. بەڵام ئەمە واتە بریندار و لەوانەیە کوژراویش ببێ. سەگە پۆلیسییەکان و دۆنکی و ئاگرپژێن لە هۆیە زانراوەکانی سەرکوتکردن بوون کە چ ئازارێک دەگەیەنن: داخۆ مارتن لۆتەر کینگ دەوێرێ خۆبەختکاریی گەورە ڕابگەیەنێ؟ ڕۆژی پێنجشەمە لە ٢ی ئایاردا کورەکان بە سەتان ڕژانە سەر شەقامەکان و بەگۆرانی و بەهەنگاوی بەترپە بەرەو ناوەندی شار ڕۆیشتن. پیاوانی پۆلیس نزیکەی هەزاری لێ دەستگیر کردن، ئینجا بە ئاگرپژێن و سەگگەل هێرشیان بردە سەر خۆپێشاندەران. پێشتر کەس سەگی وەک ئەوانە زلی نەدیبوو بە تامەزرۆییەوە لەشی ئەو منداڵە گچکانە لەت و پەت بکەن. وێنەگران بڕوایان بەوانە نەکرد کە بینییان. ڕۆژنامەکان و تەونە تەلەفزیۆنییەکان وێنەی ئەوەی ڕووی دا بۆ هەموو ئەمەریکا گواستەوە. لە گشت لایەکەوە دەنگی ناڕەزایی بەرز بووەوە داوای فشارخستنە سەر دەسەڵاتەکانی پێرمەنگهام دەکرد. لە ١٠ی ئایاردا ڕێککەوتنێک ئیمزا کرا دەقەکەی سنوور دانان بۆ جیاوازیی

ڕەگەزی لە شوێنە گشتییەکانی تێدا بوو و هەروەها ڕێی دابوو ڕەشەکان لە دەزگاکاندا دابمەزرێنرێن و خۆشبوونەوە لە بەندییان و پێکهێنانی لێژنەیەکی نوێنەرهاوسەنگ بۆ پێوەندییە مرۆییەکانی تێدا بوو. ئۆجێن کۆنوور لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی شارەوانیدا سەرنەکەوت: ئەوەش کۆتایی دەسەڵاتەکەی بوو. کینگ ئەم ئەزموونە تێکۆشانەی لە کتێبی " شۆڕشێکی ناتوندوتیژ "دا گێڕاوەتەوە.

## من خەونم هەیە

ڕۆژی دواتر، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم سەرکەوتنە نوێیە، هەندێک لە زیادەڕەوە سپییەکان بەشەو چەند بۆمبایەکیان هاویشتە چەند شوێنێکی جوداجودای شارەکە و (ئاگر لە ئۆتۆمۆبێل و کۆگاکان بەربوو). بەرەبەیان بارودۆخەکە هێور بووەوە، بەڵام ئەمە ئاماژەیەک بووە بۆ بوونی بارودۆخی ئاژاوەی کە پێویستی بە شتێکی زۆر نییە بۆ ئەوەی هەڵگیرسێتەوە. مەترسیی ئەوە هەبوو خەڵکەکە بنەماکانی کینگ ببەزێنن هەرچەندە دوای سەرکەوتنی پێمەنگهام کۆ دەبوونەوە و هاواریان بە دروشم دەکرد و لە لۆس ئەنجیلۆس گوێیان لە وتارەکانی دەگرت هەروەک شیکاگۆ و کۆڕەوی ئازادیدا کە سەرکردایەتیی هەردووکیانی کرد، لە دیترۆیت و واشنتۆن، ژمارەی خۆپێشاندەران لە یەکەمیاندا گەیشتووەتە سەد و بیست و پێنج هەزار و لە دووەمیشیاندا گەییوەتە دووسەد و پەنجا هەزار.

لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا لە کۆتاییدا کەنەدی بۆ یارمەتیی کینگ ڕاپەڕی: " سەد ساڵ بەسەر ئەوەی لینکۆڵن بەندەکانی ئازاد کرد ڕەت بوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەوەکانیان هێشتا لە زنجیرەکانی زۆرداری ڕزگاریان نەبووە. ئێمە مۆژدەی ئازادی بەجیهان دەدەین و لەوەدا دڵسۆزین... داخۆ دەمانەوێ وڵاتمان ببێتە نیشتمانی پیاوە ئازادەکان جگە لە ڕیشیکان و هاونیشتمانی پلە دووشمان نییە تەنیا ڕەشەکان نەبێ؟". مارتن لۆتەر کینگ

گەیشتە ترۆپکی مەزنی. زۆربەی هەرە زۆری ڕەشەکان ڕایان گەیاند کە باوەڕیان پێیەتی و سپییەکانیش لەوەدا بەشدارییان کرد، تەمەنی تەنیا سی و چوار ساڵان بوو و بای مێژوو لە دەوروبەریدا هەڵی کردبوو.

"کۆنگرەی سەرکردە کرستیانەکان لە باشوور" (S.C.L.C) بڕیاری زیندووکردنەوەی یادی یەکەمین سەد ساڵەی لابردنی دیلێتییان دا، ئەوەش بەڕێکخستنی کۆڕەوێک لە ٢٨ی ئابی ١٩٦٣ لە بەردەمی پەیکەرە یادگاریی لینکۆڵن ـی ناوەڕاستی واشنتۆندا بوەستێ. دووسەد و پەنجا هەزار کەس بەشدارییان لە کۆڕەوەکەدا کرد، شەست هەزاریان سپی بوون. لەو بۆنەیەدا کینگ وتارە بە ناوبانگەکەی "من خەونێکم هەیە ".

کۆریتای هاوسەری ئەو ساتەی باس کردووە کە پێشەوای مافە مەدەنییەکانی تێدا دەستی بەسەر شێواز و ورشەی بانگهێشتنی مەعمەدانیدا گرت و دەڵێ: " کە گەیشتە ئەو برگەیەی تێیدا جەخت لەسەر داواکردنی ئازادی " ئێستا " و " کارکردن " ئێستا " ترپەی ئاخاوتن کەوتە ناو جەماوەری ئاپۆڕە، بەترپەیەکی ڕێکوپێک دەستی بە هاوار کرد " ئێستا "، بەدەنگەوە هاتنی خەڵکەکە لە دەروونی مارتندا شەپۆلە هەڵچوونێکی وروژاند، بۆ ترۆپکی نوێی سروشی هەڵگرت. وازی لە وتاری نووسراو هێنا و سنووری کاتی لە بیر چووەوە و بە گەرمی و دەنگێکی ئازاییبەخشی زۆر جوان درێژەی بەوتارەکەی دا کە سنووری ئاپۆڕە زۆر گەورەکەی بەرەو هەموو جیهان تێپەڕاند. ئەو ڕۆژە هەموومان هەستی ئەوەمان لەلا بوو کە وشەگەلی مارتن لە سەرەوە بەسروش هەڵێنجراوە تا هەموو ئەو خەڵکەی لە بەردەمیدا کۆ بووبوونەوە بگرێتەوە. بەڵێ، ئاسمان بەخۆی دەرگەکانی کردەوە و هەمووومان هەستمان کرد کە گۆڕاین".

دوای چەند ڕۆژێک بۆمبایەک هاوێژرایە سەر کەنیسەی مەعمەدانی لە پێرمەنگهام بووە هۆی کوژرانی چوار کیژۆڵەی بچووک و برینداربوونی

بیست و یەک کەس لە ئامادەبووان. دوای چەند مانگێک لە ٢٢ی تشرینی دووەمدا جۆن کەنەدی کوژرا. خەونەکەی مارتن لۆتەر کینگ چیی لێ هات؟ کۆواری " تایم " ڕای گەیاند کە " پیاوی ساڵی ١٩٦٣ه ". ئەو ساڵەی بەلای کەمەوە نۆسەد و سی خۆپیشاندانی لە سەد و پەنجا شاری باشووردا بەخۆوە بینی و سی و پێنج تەقینەوەی تێدا تۆمار کرا و هەر لە ماوەی ئەو ساڵەشدا کینگ لەنێو نزیکەی بیست و یەک هەزار کەسدا بوو لە ویلایەتەکانی باشووردا دەستگیر کرابوون و هەر لەو کاتەشدا لە ئاستی ئاوێتەبوون و مافەکانی دەنگدەراندا هەندێک بەرەوپێشەوە چوون بەدەست هێنرا و لێژنە نوێنەر یەکسانەکانیش لە سەد شوێن پتردا بەدوای گفتوگۆکاندا چوون.

## پاداشتی ئاشتیی نۆبڵ-ی ساڵی ١٩٦٤

داخۆ ئومێدەکانی ئەمەریکاییە ڕەشەکان لەگەڵ مردنی کەنەدی بزر بوو؟ خۆشبەختانە لیندن ب. جۆنسن کۆششەکانی سەرۆکی پێشووی درێژە پێ دا و لە ٢ی تەمووزی ١٩٦٤دا بڕیاری لەسەر قانوونێکی نوێی مافە مەدەنییەکانی دا، دەقی قانوونەکە ڕەخنەی لە بەشدارینەکردنی ڕەشەکان لە ژیانی سیاسیدا گرت و لە شوێنە گشتییەکانداجیاوازیی ڕەگەزیی قەدەغە کرد و لە دەرچوونییەوە زێدەڕۆییەکانی وەزارەتی فیدراڵی و ئەنجوومەنەکانی یاسادانانە خۆجێییەکانی لابرد و پێکهێنانی لێژنەیەکی بۆ حاڵەتەکانی جیاییی ڕەگەزی لە بوارە جیاکانی کاردا ڕاگەیاند. هیچ قانوونێک بەر لەمەیان تا ئەم ڕادەیە خۆیان لە یەکسانیی ڕەگەزی نەدابوو. بەڵام ڕەشەکان لەو دەمانەدا نزیکە لە هەموو شوێنێکدا ئاژاوەیان دەوروژاند: لە نیویۆرک و جێرسی و دیکسمۆر و فیلادلفیا... لامانی گەڕەکەکانی گیتۆلە شارە هەرە گەورەکاندا لە ویلایەتەکانی باکوردا وایان دەنواند سنووری نائومێدییان بەزاندووە. ڕابردوویان نەبوو پشتی پێ

ببەستن و داهاتوویەکیش نەبوو چاویان تێ بڕیبێ. وازیان لە خۆیان هێنا بەرەو توندوتیژیی کوێرانە ببرێن.

لە ئەیلوولی ١٩٦٤دا کینگ لەسەر بانگهێشتنی ویلی برانت سەری لە بەرلین دا و هەروەها پاپا پۆڵس-ی شەشەمیشی بینی.

لە گەڕانەوەیدا پشتگیریی خۆی بۆ جۆنسن ـی کاندید لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا ڕاگەیاند و.. بەوەی زانی کە پاداشتی نۆبڵ ـی بۆ ئاشتی بردووەتەوە و لە لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤دا لە ئۆسلۆ پاداشتەکە وەردەگرێ.

مارتن لۆتەر کینگ کە هێمای شۆڕشی ڕەشەکان بوو لە باشووری ولاتە یەکگرتووەکاندا، بە پاداشتی نۆبڵ بووە هێمایەکی جیهانیی ئەو شۆڕشە و هێمای تێکۆشان لە پێناوی دادوەریدا بە هۆگەلی ناتوندوتیژی. بەلام ئەو ناوبانگەی کە گەیشتە هەموو لایەکی جیهان .. لەسەر ڕێسمەی مالانی گەڕەکە نەدارەکانی شارەکانی باکوردا دەمرد، کە دانیشتوانی گیرۆدەی خەونێکی تر بوون: خەونی "دەسەلاتی ڕەش "، خەونی ژیان لە ئەمەریکایەکی لە سپیی چۆڵدا.

کرێکارە ڕەشەکان ڕوویان لە شارە پیشەسازییەکان دەکرد لە باکور و خۆرهەلات کە لە باشوورەوە هەڵدەهاتن و ئارەزووی کارکردنیان دەکرد لە بارودۆخێکی ژیانانەی مرۆیانەتردا، لە گەڕەکی ئەوتۆدا کۆمەڵ دەبوون ژیانیان تێدا بەپەلە دەبووە دۆزەخ. ئاستی فێربوون و مەشقی پیشەیی هێندە نەبوو و ڕێژەی بێکاریی تێدا بەرز بوو و داهاتیش نزم بوو و شێوەی هاوکاری لە خراپترین دۆخیدا بوو و باری تەندروستیی زۆر کز بوو و چڕیی دانیشتوان بەرز بوو، هەموو ئەمانە وایان کرد گیانی خێزانی لێک هەڵوەشێتەوە و بەرەو ڕووخان بچێ و... لە کۆتاییشدا شۆڕش نەبێ خەڵکەکە چییان بۆ دەمێنێتەوە؟ و چییان لە بەردەمدایە جگە لە کینەی

بەرامبەر بە سپییەکان، لە کاتێکدا باکور بە پێچەوانەی باشوور قانوونی جیاییی ڕەگەزی نەزانیبوو؟

لە ئاداری ١٩٦٥دا مارتن لۆتەر کینگ دوا سەرکەوتنی لە کۆڕەوی لە سیلماوە بۆ مۆنتیگەمری بۆ گفتوگۆ لەگەڵ والاس ـی حاکمی ئەلاباما بەدەست هێنا، کە سەرەڕای ڕێنوێنیی حکومەتی، ڕەتی کردەوە دەست لە سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەکەی بهێنێ، هەر دەبوو جموجۆڵێکی نارەزایی دەست پێ بکرێ کە لە یەکەم ڕەوتیدا پۆلیسی ناوخۆیی بە توندی بەرەنگاری بووەوە و ئەوەش بووە هۆی شەست کەس لە خۆپێشاندەران بەشێوەی جۆرەوجۆر بریندار ببن. دوا بەدوای ئەوە مارتن لۆتەر کینگ بانگەوازێکی ئاراستەی هەموو لایەنگرانی مافە مەدەنییەکان ئەمجارەیان بۆ بەشداریکردن لە خۆپێشاندانێکی جەماوەری. لە ٢١ی ئاداردا سی و پێنج هەزار کەس لە حاجییان ڕوویان کردە مۆنتیگەمری! کینگ پێشنیازی ئەوەی کردبوو لەسەر ئاستی نیشتمانی خۆیان لە بەروبوومی ئەلاباما بەدوور بگرن، بەڵام پێشنیازەکەی سەری نەگرت.

لەوەش خراپتر هەیە! ئەوە ڕوون بووەوە کە لاوە ڕەشەکان بەرامبەر توانستی چالاکیی ناتوندوتیژی گومانیان لەلا پەیدا بووبوو، ژمارەی ئەوانەی بەرپەرچدانەوەی توندی بەرامبەر زۆرداری هەمیشە لە زیادبووندا بوو و بانگیان بۆ تەرخانکردنی " دەسەڵاتی ڕەش " دەکرد. هەر لەو کاتەشدا کە ناتوندوتیژی تێدا ڕێی بە هەندێک چاکسازی دەکرد، بارودۆخەکە لە باکوردا بەرەو خراپتر دەچوو، نەداریی ئابووری زیاتر ڕەشەکانی ناحەز دەکرد لەوەی قانوونە ڕەگەزپەرستانەکان دەیانکرد.

کینگ ڕاستیی بارودۆخی گیتۆی لە باکور نەدەزانی و لە پڕ خۆی لە بەرامبەر ئەمەریکای ڕەشدا بینی کە لە دەستی دەرچووە و هێندەی نەماوە لە جیهانێکی تاواندا بخنکێ و کینگ وای لێ هات کە "ڕەوشتخوازێکی

بۆرژوا " بنوێنێ یان ئەو " مام تۆم "ەی دەسەڵاتی سپی بەڕێوەی دەبا و بەکاری دەهێنێ، لە ساڵە کەمەکانی دوای ئەوە ئاگری ئاژاوە هەموو لایەکی ئەمەریکای گرتەوە...

## ڕادیکاڵییەت و... مردن

مارتن لۆتەر کینگ دەیزانی ئومێدگەلێکی گەورە خراوەتە سەر ئەستۆی و نەیدەویست بێئومێدی بکا، دەستی بە گەڕان کرد بە گەڕەکەکانی گیتۆدا، سەرەڕای ئەوەی سەرنجی ڕاکێشا کە تا دێ کەمتر بایەخ بە قسەکانی دەدرێ و وردە وردە ئەوەشی بۆ دەرکەوت گرفتەکە تەنیا لە دڵەکان و دەزگاکاندا نییە، بگرە لە هەڵبژاردە سیاسییەکاندایە. تا ئەوسا بڕوای بە "ڕێژیم "ی ئەمەریکا هەبوو، بەڵام بڕیاری دا دەست بە ڕەخنە لێ گرتن بکا. ڕێژیمەکە هەمووی مۆرکی ڕەگەزپەرستیی پێوەیە، ڕەگەزپەرستییەکی زیرەک و ڕۆژانە.

ساڵی ١٩٦٦ مارتن و کۆریتا کینگ بڕیاریان دا بگوازنەوە و لە گەڕەکێکی ڕەشەکاندا لە شیکاگۆ نیشتەجێ بن. کینگ وەک دانیلۆ دۆلسیی کرد لە سقللیە، بێکارانی کۆ کردەوە لە پێناوی نۆژەنکردنەوەی ئەو بینایانەی چۆڵن و کەسیان تێدا نییە. خاوەنەکەی بە دادگا کەوتە دووی. کینگ لەگەڵ ئەو کرێچییانەدا کە سوودیان لە بیناکان وەردەگرت بۆ ئەوەی کرێکان نەدەن. چینە باڵاکان تووڕە بوون چونکە کینگ دەستی بۆ پیرۆزیی موڵکەکانیان درێژ کرد! و کە پێشنیازی بۆ حاکمی شارەکە کرد، هەندێک هەنگاو بنێ کە بە سۆشیالیستانە دانران، ئەم بێزارییەی لێ دووهێندە کرد، ئەویش بەدروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون لە شوێنی جودا جودا و چاککردنی ئاستی گواستنەوەی گشتی و دووئەوەندەکردنی بودجەی ئەو قوتابخانانەی تێکەڵبوونیان بەکردەوە تێدا جێبەجێ کراوە و... ڕووی کردە دادگەی فیدراڵ و داوای دابینکردنی ئاستی هەرە نزمی داهاتی تاک بکرێ،

قـانوونگەلێک بـۆ لابردنی جیـاکـردنەوەی ڕەگـەزی لـە فـرۆشـتنی خـانوو و بەکـرێدانیـاندا، زیاترکـردنی یارمـەتیـیـە داراییـیـەکـان لە بواری فـێرکـردن "پەروەردە"دا و دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکان.. داوای لە (ڕێژیمی) کـۆمـاری کـرد ئەوەی بە شـەڕوانـە کۆنەکـانی دەدا بداتە کۆیلە کۆنەکـانیشی. بـەڵام ئەم هـەمـوو دەسـتـپـێشـخـەرییـانە ئەنجـامـێکی ئەوتۆیان نەبوو.

هەڵسوڕاوانی " دەسـەڵاتی ڕەش " لە سەرەتادا ڕەتیان دەکردەوە هاوکاری لەگەڵ کینگدا بکەن. بـەڵام کینگ کۆششـی بەردەوامی دەکرد بۆ هـاندانیـان سـەرەڕای ئەو جیـاوازییانەی نێوانیـان و دواتر هـەوڵەکانی سـەریان گرت و کـینگ لەگـەڵیـاندا شـانازیی بەوزەی داهێنەرانەی " ڕەشـەکـان " کـرد و هەزاران دروشـمی سـەردیوار دابەش کرا کە دروشـمی " ڕەشی جوان "یان دەنواند لە ٤ی نیسـانی ١٩٦٧دا کـینگ هەڵمـەتێکی بۆ ڕاگەیاندنی" بەیانی سـەربەخۆیی " ئەنجام دا کە پێوەندیی بەجـەنگی ڤێتنامـەوە هـەبوو، جەختی لەسـەر ئەوە دەکـرد کـە ئەو جـەنگە ڕێ لە پیـادەبوونی هـەوڵی ڕاسـتـەقـینە دەگـرێ بۆ بەرپاکـردنی جــەنگی دژ بە هـەژاری لـە وڵاتە یەکگرتووەکــان و هەموو جیهاندا و هەروەها بەپلەی یەکەم کارێکی تاوانکارانەیە.

لە مـاوەی هـاوینی ١٩٦٧دا مـارتن لۆتەر کینگ دووبارە ڕووی لە کلـێـفلاند کـرد بۆ ئەوەی یارمــەتیی کـارڵ سـتـۆکس بدا، کـە ڕەشـێک بوو خـۆی بۆ هەڵبـژاردنـەکـانی ئەنجـوومـەنی شـارەوانـیی کـاندید کـردبـوو. بەڵام ئەمـەی دواییـیـان لە دۆڕاندنی هـەندێک لە دەنگەکانی دەنگدەرە سـپییـەکان ترسـا.. بۆیە بینینی کینگی ڕەت کردەوە و سـتۆکس لە هەڵبژاردنەکـاندا بردییـەوە. لەو دەمـانەدا ئاگری ئاژاوە هێـشـتـا لە سـووتاندا بوو، قـەشـە پێـشـنیـازی ڕێچکەکـانی نـاتوندوتیـژیی کـرد لە نـاڕەزاییـیـەکـاندا. " ڕاگـرتنی کـار لە شـارەکاندا بـێ ئەوەی پینا ببـرێتـە بەر تێکدان کاریگـەریی پتـرە لە ئاژاوە. ئەمـە کـارگـێـڕی و پەرلەمـان ناچار دەکـا لە چارەسـەری ڕەگ داکوتـاوتر لە

ئامادەکاریی پۆلیس بگەڕێن". بۆچوونەکەی وەرنەگیرا، مارتن لۆتەر کینگ نائومێد نەبوو، لەودەمانەشدا لەگەڵ هەندێک لە سەرکردەکان لە بەندیخانە بوو، لەگەڵیاندا دەستی بەئامادەکاری کرد بۆ " کۆڕەوی هەژاران " کە لە هەموو لایەکی وڵاتەوە بەرەو واشنتۆن بەڕێ بکەوێ، ئەمەش لە بەهاری ١٩٦٨دا. باوەڕی بە ناتوندوتیژیی بێ سنوور بوو:" لە جیهانێکدا کە تا ئەم ڕادەیە لەلایەن بیر و ڕۆشنبیرییەوە لە توانستی تەکنۆلۆجیاکەی دواکەوتووە، تا ئەو ڕادەیەی وا ئێمە، هەموو ڕۆژێک لەسەر ڕۆخی وێرانکاریی ئەتۆمیدا دەژین، لەسەر ئاستی شیکردنەوەی زەینی ناتوندوتیژی تەنیا وەک هەڵبژاردەیەکی ڕووت نەماوەتەوە: پێویستییەکە لە پێناوی کاردا "، هەروەها دەربڕینێکە لە ڕووکاری ڕادیکالی، کینگ لە نیویۆرک لە یادی (و. س. ب. دوبوا)دا کە ئەمەریکاییەکی ڕەشی دیار بوو، بووە کۆمۆنیست و لە گانا مرد کە بە تاراوگەی خۆی هەڵبژاردبوو. لە ٣١ی ئاداری ١٩٦٨دا لە وارێکدا کە لە کاتدرائیەی ئەنگلیکانی لە واشنتۆن–دا خوێندیەوە دەڵێ: "ڕەشەکانیان ئازاد کرد، بەڵام ئەوەیان نەدایێ کە بتوانن کرێی پاسی پێ بدەن کە دەیانگوازێتەوە ماڵەکانیان ".

لە دەمەدەمی ئامادەکاریدا بۆ کۆڕەوی هەژاران، کینگ بەشداریی لە خۆپێشاندانەکانی کرێکارانی پاککردنەوەدا کرد کە لە مەمفیس " تێنیسسی " مانیان گرتبوو. ئەوانە، زۆربەشیان لە ڕەشەکانن، لە هەشت حەفتەوە مانگرتنیان ڕاگەیاندبوو و ڕووداوی توندی تێ کەوتبوو: مردنی لاوێک پاش بریندداربوونی لە ئەنجامی دەستدرێژیی پیاوانی پۆلیس و گرتنی دەیان کەس. سەرکردەکانی جموجۆڵەکە نەیاندەزانی باشتر ئەوەیە کۆتاییی مانگرتن ڕابگەیەنن یان بەردەوام بن. کینگ گەیشت، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کرێکارانەدا بوەستێ لە بارودۆخێکی نیگەراندا بوون. لە ئێوارەی سێی نیساندا لە پەرستگەی ماسۆنی لەناو شاردا قسەی کرد و گوتی: " من وەک هەموو خەڵکی، حەز دەکەم بۆ ماوەیەکی درێژ بژیم، تەمەنی درێژ حەز لێ

کـراوە، بەڵام من ئێسـتـاکـە بیر لەوە نـاکـەمـەوە. چونکە من تـەنیـا دەمـەوێ فـەرمـانی خـوا بەجـێ بهـێنم. ئەو سـەرکـەوتنی بەرەو لووتکەی چیـای بۆ ڕەخـسـانـدم، لـەوێوە " خـاکـی بەڵێن دراو"م بینیـوە (...) چاوەکـانم بـەرزیی هـاتنەوەی خودانی بینی ".

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی کینگ لە باڵکۆنی ژووری ئوتێلیدا وەستـابوو. قـسـەی لـەگـەڵ برادەرێکدا کرد بـەسـەر شـۆسـتـەدا ڕەت دەبـوو: (لە دیداری ئەمــشــەودا " خـوایە دەسـتـم بگرە " هـەر دەژەنـی. لەبـەر مـن بیـژەنـە). لەو سـاتەدا گـوێی لە تەقـە بوو. کینگ لـە ملیـەوە بریندار بوو و دوای سـەعـاتێک ژیانـی بەجـێ هێـشت. ئـەمــڕۆ چۆن دەتـوانین کــاری مــارتن لـۆتـەر کــینگ هەڵسـەنگێنین؟ ئەنجامی سـەرەکیی خـەباتی لە ئاسـتی یاسـادانـاندا ڕوونە: ڕەشـەکان وایان لێ هـات توانای گەڕانەوەیان ببێ بۆ قانوونـە فیدراڵییەکان و جیاوازیی ڕەگەزی چی کە لە هیچ کوێیەکی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بەیاسـایی نەمـاوەتەوە. لە ماوەی پتر لە دە سـاڵ کۆمـەڵگەی ڕەشی ئەمـەریکایی لە یەک سـتـراجیـتیـیـەوە دەجـووڵانەوە و ئەمـەش وای لێ کرد ببێتـە بـارسـتـاییـیـەک بتوانێ جڵەوی کـاروباری خۆی بەدەستەوە بگرێ کە پێشتـر شتی وا نەبووە. ڕاسـتە کینگ لە سـاڵانی دواییی ژیانیدا بەهـۆی لێ دوورکـەوتنەوەی بەشـێک لە گەلەکـەیەوە ناخـۆشیی دی، بەڵام ئەوە دەگەڕێتـەوە بۆ دواکـەوتنی لە دانـانی شیکردنەوەیەکی سیاسی بۆ کۆمـەڵگەی ئەمـەریکایی و چەنکە زووتر ڕاستیی بارودۆخی گـیـتـۆی باکـوری درک پـێ نـەکـردووە. لە ڕاسـتـیـشـدا بـەداهـاتنی سـاڵی ١٩٦٧ و لەگەڵ جـەنگی ڤێتنامدا دەسـتی بە درک پێکردنی ئەوەی کە " خــەونـەکــەی " لـەگــەڵ کــۆمــەڵگەی جــۆن کــەنەدی یـان لیندن جـۆنسن =دا ناگـونجێ. ئەو دەقـانـەی لە " بۆ کـوێ دەچین؟" و " تاکـە شـۆڕش "دا بڵاوی کــردوونەتـەوە، شــایەتی بـۆ گــۆڕانی دەدەن. بـەڵام، لەلایەکی شــیــاوترەوە تواوێکدیلر نییـە مارتن لۆتەر کینگـی " بە سیاسـیکراو " درکی بەوە کردبێ مــارتن لۆتـەر کـینگ لە نێـوانی ســاڵانی ١٩٥٥ و ١٩٦٤دا بەو توانســتـی

ڕاکێشانی جەماوەرەی بە ئەفسوون و وتارە ئاینییەکانی دەیتوانی چی بکا لەلایەکی ترەوە کێ توانیی لەو باشتر بێ؟ ڕێکخراوی " دەسەڵاتی ڕەش " دوای دەستپێکێکی بەدەنگ وردە وردە بەرەو بێدەنگی چوو، هەروەها ڕێکخراوی " پڵنگە ڕەشەکان "یش چالاکیی کۆمەڵایەتیی هەڵبژارد نەک خۆ لە کێشەیەکی چەکداریی ناکردە بدا...

کینگ بەشداریی لە ڕاپەڕینی نەتەوەی ڕەشدا کرد و پاڵی پێوە نا بچێتە سەر شەقام بۆ ئەوەی جەنگە ڕەواکەی خۆی بکا. هەمیشەش هەر دەری خستووە کە ناتوندوتیژیی کاریگەر دەتوانێ سەربکەوی.



ساڵی ١٩٦٤ مارتن لۆتەر کینگ پاداشتی نۆبڵ بۆ ئاشتی لە ئۆسلۆ وەردەگرێ

بەشی دووەم

# سالانی کینگ ١٩٥٥ - ١٩٦٨

## مۆنتیگەمری ١٩٥٥

گی بۆبۆلت

ڕۆژی پێنجشەممە، یەکەم ڕۆژی کانوونی یەکەمی ١٩٥٥، ڕۆزا بارکس-ی خاتوونە بەرگدرووی ڕەشی ٤٢ ساڵە، لە کارەکەی بووبووەوە لە " مۆنتیگەمری فێر "ی یەک لە گەورەترینی کۆگاکانی شار. وەک دابی هەموو ئێوارانێکی لە کلیفلاند ئەڤینۆوە سواری ئۆتۆبیس بوو بۆ ماڵەوە. لەسەر یەکەم کورسیی بەتاڵی یەکسەر پشت ئەو بەشەی "بۆ سپییەکان" تەرخان کرابوو...

لە ١٧ ی ئایاری ١٩٥٤دا، دادگەی باڵا لە وڵاتە یەکگرتووەکان قانوونێکی دەرکرد، تێیدا هاتبوو کە جیاوازیی ڕەگەزی لە بواری فێرکردن (پەروەردە)دا دژی دەستوورە. بە تەئکید ئەوە ڕووداوێکی بایەخدار بووە کەلێنێکی لە ڕێژیمی جیاوازیی چەسپاو کردەوە. بەڵام تێکەڵیی بەکردەوەی گەلی ڕەش هێشتا دوور بوو، بە تایبەتی لە ویلایەتەکانی باشووردا. " ڕابیتەی نیشتمانی بۆ پێشکەوتنی پێست بە ڕەنگەکان " (N.A.A.C.P) کە ساڵی ١٩٠٩ دامەزراوە دەورێکی کاریگەری لە جێبەجێکردنی ئەو سەرکەوتنەدا بینی و پێویست بوو پاڵەپەستۆکەی درێژە پێ بدا بۆ ئەوەی بریاری دادگەی باڵا ببێتە کارێکی براوە. لقە ناوچەییەکانی ڕابیتە، یەکسەر لەسەر ئەم بنەمایە دەستیان بە کار کرد.

لە مۆنتیگەمری ئەلاباما، دەسەڵاتەکانی شار وایان نواند کە ئامادەکارییەکانیان هەر مەبەست نییە. جیاوازی لە قوتابخانەکان و



مارتن لۆتەر کینگ لە بەردەمی ماڵی باب و دایکی لە شەقامی
ئۆبێرن، ئەتلانتا، جۆرجیا.

هۆیەکانی گواستنەوە و کۆگا و گەڕەکە نیشتەجێییەکان و ڕێکخراوە پیشەییەکاندا درێژەی ... هەموو شتێک وا ڕێک خرابوو ٥٠،٠٠٠ کەس لە ڕەشەکان، کەمترین ماوە نەبێ ٨٠،٠٠٠ ی سپییەکانیان نەدەبینی.

## قەشەیەکی لاوی بیست و چوار ساڵە

مارتن لۆتەر کینگی ٢٤ ساڵە گەیشت، قەشەی تازەی کەنیسەی مەعمەدانیی ڕەش لە دیکستەر ئەڤینۆ، بۆ نیشتەجێبوون لەم ناوەندە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەدا. هەر لە هەرزەکارییەوە نەیتوانیوە بەرگەی جیاوازی بگرێ. " هەرگیز نەمتوانیوە لەسەر پابەندبوون بە دانیشتنی سەر کورسییەکانی دواوەی ئۆتۆبیسدا ڕابێم، یان لەو پاسانەدا کە بۆ ڕەشەکان تەرخان کراون. بۆ یەکەم جار کە لە چێشتخانەی قیتاردا دانیشتم و خۆم لە پشت پەردەدا بینی، هەست بە پەردەی سەرشۆڕی دایگرتم ئەوە شاردنەوەی تەنانەت سیماکانی کەسایەتیشمی بە ئامانج گرتبوو. وەک هەموو لاوەکان حەزم دەکرد بچمە سینەما، بەڵام من یەک جار نەبێ نەچووم، زۆرم دڵ گوشرا کە خۆم بەناچار بینی لە دەرگەیەکی لاوەکییەوە بچمە ژوورێ و لە شوێنێکدا دانیشتم پڕی بوو لە توێکڵە فستق، چونکە کەس نەبوو خاوێنی بکاتەوە و هیچ خۆشییەکم لە فیلمەکە نەبینی"[١]. کینگ ویستی سەرنجی کەسانی ئەبرەشیە بۆ گرفتەکانی گەلی ڕەش بکێشێ و ڕێنوێنییان بکا بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ زانینی سوود وەرگرتن لە مافە مەدەنییەکان، بۆیە بەپەلە دەستی بە پێکهێنانی: " لێژنەی کاری کۆمەڵایەتی و سیاسی " کرد، توانی لەگەڵ " ڕابیتەی نیشتمانی بۆ پێشکەوتنی پێست ڕەنگدارەکان" (N.A.A.C.P) و " ئەنجوومەنی پێوەندییە مرۆییەکان "دا بوار بۆ بوونە ئەندامی ژمارەیەکی زۆر لە ڕەشە دەنگدەرەکان والا بکا، ئەبرەشییاتی تر لە مۆنتیگەمری هەوڵیان دا هەنگاوی وەک ئەو بهاون، بە تایبەتی ئەبرەشییەی بەڕێزی ڕالف ئەبرنائی، کە دوای ماوەیەکی کەم بووە یەک لە دۆستە دڵسۆزەکانی کینگ و

یەک لە سەرکردەکانی جموجۆڵ.

ئەرکەکە ئاسان نەبوو چونکە بەرایی دەبوو دەست بەلابردنی ئەو دوورپەرێزییە بکا کە باڵی بەسەر هەموو کۆمەڵگەی ڕەشدا کێشابوو، هەروەها ئەو بایەخنەدانەی لای هەڵبژاردە ڕۆشنبیرییەکەدا هەبوو. "لەوانەشە ئەو دوورپەرێزییە لەلایەکی تایبەتییەوە ـ وەک دوورەپەرێزیی بۆرژوا ـ لە ترس و کاردانەوەی ئابوورییەوە بووبێ. ئەوان پشت بەسپییەکان دەبەستن و ناوێرن نارەزاییەکانیان لەبارەی هەڵوێستێکی ڕەگەزپەستانەی زۆردارەوە دەربڕن، لە ترسی لە دەستدانەوەی کارەکانیان. بەڵام لەوانەشە هاندەری ئەو هەڵوێستانەیان لە گرفتێکی قووڵترەوە هاتبێ، لە گرێی ئەو خۆ بەنزمتر دانانەی بەسەریاندا زاڵە و گەلێک جار لە، لەدەستدانی مرۆ بۆ ڕێزگرتنی خۆیدا ڕەنگ دەداتەوە، بێ ئەوەی هەست بەوە بکەن، گەلێکیان بە کردەوە گومانیان لەوە دەکرد شایستەی بارودۆخێکی بەویژدانترن. بیرۆکەکانیان و دەروونیان تا ئەو ڕادەیە گوێڕایەڵی سنووردارێتیی ڕێژیمی ڕەگەزپەرستانەیە کە ئەو بارودۆخەی بەسەریاندا سەپێنراوە پەسند بکەن. کارەساتی جیایی بەکردەوە لێرەدا مت بووە کە نەک هەر لەشەکان تێک دەدا بگرە لە ئاستی بیرکردنەوە و دەروونییش دادەگرێ و کەسایەتی وێران دەکا"[٢]

## زانینی چۆنێتیی داواکردنی مافەکان

کەواتە دەبێ کۆمەڵگەی ڕەش لە چنگ ئەو ترسە هەر دەربهێنرێ کە تێیدا نوقم بووە و، شێوازی مۆژدەدەری گەرموگوڕ لەوەدا سەرنەکەوت کە ژمارەیەک لە قەشە ڕەشەکان پەنایان بۆ برد، لەوانەی وەک ڤیرنون جۆنز کە لەپێش مارتن لۆتەر کینگەوە سەرپەرشتیی کەنیسەی دیکستەر ئەڤینۆی مەعمەدانیی کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا پاڵنەر بۆ یاخیبوون کەم نەبوون. ڕووداوەکان لە ئۆتۆبیسەکانی شاراندا دووبارە دەبوونەوە، کە جیایی لە تەک

سووکایەتیی ڕۆژانەوە دەڕۆی. شوفێرەکان _ کە هەمیشە لە سپییەکان بوون _ جنێویان بە نەفەرە ڕەشەکان دەدا کە بەزۆری دوای ئەوەی پارەی بلیتیان پێشەکی دەدا ناچار دەکران لە دەرگەی دواوە دابەزن و سەرکەون.. ئەمە ئەگەر ئۆتۆبیس نەکەوتە جووڵە و بەجێی هێشتن. ڕەشەکان ناچار دەکران لە تەک ئەو کورسییە بەتاڵانەوە ڕاوەستن کە بۆ سپییەکان دانراون و کە بەشی تەنیا بۆ سپییەکانە " For Whites Only " پڕ دەبوو دەبوو ڕەشەکان جێیان بۆ سپییەکان چۆڵ بکەن.. خۆ ئەگەر ڕەتیان کردەوە هەڵسن و بچنە دواوە تووشی دەستگیرکردن دەبن. کە بە زۆری بێ ئەوەی هیچ بڵێن گوێڕایەڵ دەبوون. بەڵام هەندێک ڕەتکردنی ئەم جۆرە کارەیان ڕاگەیاند، کە قەشە ڤێرنون جۆنز یەکێک بوو لەمانە.

سەرەتای ساڵی ١٩٥٥ کلۆدیت کۆلڤن ـی قوتابی (١٥ ساڵ) لە ئۆتۆبیس دەرکرا و گیرا چونکە ڕەتی کردەوە کورسییەکەی بۆ پیاوێکی سپی جێ بهێڵێ. نارەزایی لەناو ڕەشەکاندا بڵاو بووەوە کە وا دەبینران لە کۆتاییدا بەئاگا هاتبن.

دەنگ بەرزبوونەوە داوای بایکۆتکردنی ئۆتۆبیس دەکرد وەک دەربڕینی نارەزایی. بەڵام وشە هێورکەرەکانی بەرپرسی کۆمپانیای هاتوچۆ لە خۆشکردنی کەشەکە سەرکەوت.. بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر ئەو ڕێژیمە پەیڕەوکراوەی ناو ئۆتۆبیسەکاندا بێت. بەڵام ئەم تاقیکردنەوەیە لە مۆنتیگەمری ترپەیەکی جودای هەبوو: ئەو تووڕەبوونەی ڕەشەکان کە دەمێکی درێژ مت کرابوو دەستی کرد بە خۆدەربڕین..

## ڕووداوەیلی جودا جودا لە مۆنتیگەمری

ڕۆژی یەکەمی کانوونی یەکەمی ١٩٥٥یایە (ڕۆزا بارکس) سواری ئۆتۆبیس بوو و لەسەر کورسییەکی ڕێک پشت ئەو بەشەدا کە بۆ سپییەکان دانراون ئەوەی بە دانیشت. دوای کەمێک شوفێرەکە فەرمانی دایە کورسییەکەی بۆ

پیاوێکی سپی جێ بهێڵێ. یایە (بارکس) ئەوەی بە هێمنی و سووربوونەوە ڕەت کردەوە.

شوفێرەکە بەگرتی دا و دواتر بە کەفالەت بەردرا، بەڵام دەبوو ڕۆژی دووشەمە لە ٥ی کانوونی یەکەمدا بچێتە بەر دادگە. زۆربەی دانیشتوانە ڕەشەکان یایە بارکسیان دەناسی کە ئەمینداریێتیی ڕازی لقی ناوچەییی ڕێکخراوی: " ڕابیتەی نیشتمانی بۆ پێشکەوتنی پێست ڕەنگدارەکان " (N.A.A.C.P) ی بەدەستەوە بووە. کینگ کە بەمەی زانی تووڕە بوو و لەگەڵ ڕالف ئەبرنائی ـی هاوڕێیدا هەر ئەو شەوە بڕیاری بانگهێشتنی بۆ کۆبوونەوەیەک دا. خەڵکەکە هەواڵەکەیان بڵاو کردەوە و جەماوەرێکی ئاپۆرە گەیشتە شوێنی دیاریکراو. قەشە و پزیشک و مامۆستا و پارێزەر و پیاوانی کار و مووچەخۆر و ئەوانەی سەر بە سەندیکاکان... یەک ڕێکخراوی ڕەش نەبوو نوێنەری نەناردبێ. دوای خستنە ڕووی ڕاستییەکان یەک لەوانەی سەر بە سەندیکاکان بوو پێشنیازی دابڕانی لەگەڵ ئۆتۆبیسەکاندا کرد. دوای گفتوگۆ هەموو پێشنیازەکەیان پەسند کرد و بڕیار درا ڕۆژی دووشەمە لە ٥ی کانوونی یەکەمدا هیچ ڕەشێک سواری ئۆتۆبیس نەبێ.

قەشەکان ئەرکی بەخەڵک ڕاگەیاندنیان لە لێدوانی یەکشەمەدا گرتە ئەستۆ.

کۆمپانیاکانی ئەو تەکسییانەی بۆ ڕەشەکان تەرخان کرابوون ڕازی بوون ئەو ڕۆژە بە نرخی بلیتی ئۆتۆبیس نەفەرەکان بگوازنەوە. بڵاوکراوەیەک چاپ کرا بانگەشەی بۆ خۆپێشاندان تێدابوو و هەزارانی لێ بڵاو کرایەوە. سەرلەبەیانیی دووشەمە ئۆتۆبیسەکان بەبەتاڵی بە شەقامەکانی شاردا دەگەڕان: ئەمە سەرکەوتنی تەواوە! خەڵکەکە ئۆتۆمۆبێلەکانی تاکسی و پاسکیل و تەنانەت گالیسکەکانی ئەسپیان بەکار هێنا.

پیادەکانیش گەلێک زۆر بوون و هەندێکیان ناچار بوون بۆ گەیشتنە سەر



ڕۆزا بارکس هۆی ٣٨٢ ڕۆژ لە ئۆتۆبیس دابڕان بوو لە مۆنتیگەمریدا

کارەکانیان پازدە یان بیست کیلۆمەتر ببڕن. دوای چەند ساڵێک کینگ لەبارەی ئەمانەی نووسی دەڵێ:

" دەیانزانی بۆچی ڕێ دەکەن، سیمایان ئەوەی دەردەبڕی. کە سەیریانم کرد درکم بەوە کرد کە هیچ شتێک لە ئازایەتیی هێمنانە بەسامتر نییە کە ئەوانەی ئازار دەچێژن و قوربانی دەدەن لە پێناوی بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەرزیدا ئەوەیان پێوە دیارە"[٣]

لەو ڕۆژەدا پایە بارکس حوکمی دە دۆلار سزای لەسەر درا چونکە قانوونە ناوچەییەکانی جیایی ڕەگەزیی پێشێل کردووە. لە سەعات سێی پاش نیوەڕۆدا لیژنەی مانگرتن کۆ بووەوە و بڕیاری پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی نوێیان دا بۆ بەدواداچوونی جموجۆڵەکە ناوی" ڕابیتەی پێشکەوتنی مۆنتیگەمری" (MIA)یان لێ نا و بە کۆی دەنگ مارتن لۆتەر کینگ بەسەرۆک هەڵبژێررا.

نوکتەیەکی... ڕەش

خاتوونێکی دەوڵەمەند لە کارەکەرە پیرەکەی پرسی، کە خێزانێکی گەورەی

لە مۆنتیگەمری هەبوو، پێی گوت: " لە ئۆتۆبیس دابڕان شتێکی زۆر خراپە، وا نییە؟".

کارەکەرە پیرەکە وەڵامی دایەوە: " بێگومان خاتوونەکەم، بە منداڵەکانی

خـۆم گوت دۆزەکـە هەمـووی هـی سـپـییـەکانـە و ئێمـە.... تەواو نەبووە ل/ ٣١

بۆ ئێـوارە کـۆبوونـەوەیەکی ئاپـۆڕە کـرا بۆ هەڵسـەنگاندنی چالاکـیی ئەو ڕۆژە. دوای ژمارەیەک وتارخوێن کینگ وتارێکی خوێندەوە تێیدا گوتی:" ئەم ئێـــوارەیە کـــۆ بووینـەوە بۆ ئـەوەی بەوانـە بڵـــێین کـــە دەمـــێکی درێژە چەوساندنـەوەمـان بەسـەردا دەسـەپێنن، ئێمـە مـاندوو بووین، مـاندوو بووین لەوەی بـەلاوەمـان دەنێن و سـووکـایەتیـمـان پێ دەکرێ، مـاندوو بووین لە هەڵسوکەوتـی دڵڕەقانە و سەرکوت کران. لە مـاوەی ساڵانێکی دوور و درێژدا سـەلماندوومـانـە کـە ئێـمـە خـاوەن وزەیەکی زۆر گـەورەی خـۆ ڕاگـرتـنین. لە تایبـەتمەندییـەکـانی دیموکراتیـیـەتە کـە هاوولاتی مـافی نارەزایی دەربڕینی هەیە لە بەرژەوەندیی ڕاسـتیـدا و ئێـمـە ئەوە ئەنجـام دەدەین بەلام بەبێ توندوتیـژی و کـینە. هاندانی لایەکـەی تر دەبێ حـوکـمی ژیانمان بکا ". ئامادەبووان بە چەپڵە و دروشم هەڵدان قسەیان پێ دەبڕییەوە و بڕیار درا لە مـانگرتندا بەردەوام بن تا لابردنی سـەپاندنی ئامـادەکاریی سـووکـایەتی بەڕەشـەکـان کـردن. ڕۆژی پێنجی مـانگی کـانوونی یەکـەمی سـاڵی ١٩٥٥ ڕۆژێکی تـایبـەت بوو لـە کـۆمـەڵگەی ڕەشـەکـاندا... لە کـۆتاییی ئەو ڕۆژەدا مانگرتنەکە لە سەرەتایدا بوو..

## زانینی چۆنیەتیی داوانەکردنی مافەکان لەو دەمانەدا کە پێویست بەوە ناکا

١٧٥٠٠ هاونیشتمانی لە ڕەشەکان ڕاهاتبوون بەیانیان و ئێواران ئۆتۆبیس بەکار بهێنن، دوودڵ نەبوون لەوەی بۆ مـاوەی ٣٨٢ ڕۆژ پابەندی مانگرتن بن! هەمـوو جیـهـان بەبایەخێکی زۆرەوە بەدوای هەواڵی جمـوجـۆڵەکەدا چوون. ڕێکخـسـتنی هـۆگـەلێکی هـاوتـەریبی هـاتوچۆ بێ لـە وردی و ڕێکخـسـتندا نموونەیی بووە. کـۆمـەڵگەی ڕەشـەکـان لەو مـاوەیەدا ئاشنایەتیـیـان لەگـەڵ

قۆناخـێکی زۆر جـوانی هاوکاری پەیدا کـردبوو دوور لە هەمـوو شـێوەیەکی دەمارگیری. جمـوجۆڵی مۆنتیگەمری توانای کۆکردنەوەی مەعمەدانییەکان و میـتۆدییەکان و لۆتەرییەکـان و کالفانییـەکان و ئەنگلیکانییـەکان و هی تر هەبوو لەوانەی سـەر بەچینگەلێکی کـۆمـەڵایەتیی جـودا جـودا بوون. بەڵام ئەوانەی دژی جـمـوجـۆڵەکە دەجـەنگین، بەتایبـەتی کۆکلۆکس کـلان –ەکان، هەڕەشە و هێرشەکانیان بۆ سەر ماڵان و کەنیسەکان دووبەرابەر کرد و لەو ماوەیەدا ماڵی کینگ تێک درا.

لە تشـرینـی دووەمی سـاڵی ١٩٥٦دا دادگەی باڵا لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا ڕای گـەیاند کـە ئەو قـانوونـانەی جـیـاوازی لەناو هـۆیەکـانی هاتوچۆدا دەسـەپێنن دەسـتـووری نین. هەر لە ٢١ی کـانوونی یەکـەمی ١٩٥٦ەوە ڕەشەکان لە توانستیاندا بوو تەواوێک وەک سپییەکان سواری ئۆتۆبیسەکان بن، لەژێر پارێزگاریی قـانوونی لابردنی جیـاییـدا. مـارتن لۆتـەر کینگ کـە لەگەڵ ڕێنوێنییەکانی گاندی ئاشنا بوو، زانی چۆن هـۆیەکانی ناتوندوتیـژی بەکار بهێنێ، نەک تەنیا بۆ بە ئاگاهێنانەوەی ویژدانی نەتەوەی ڕەش، بگرە لە پێناوی ئامـادەکـردنی گـەل بۆ " ئاشـتـەوایـی "ش، دوای دڵنیـابوون لە دابینکردنی مافەکانیان لە دەقە قانوونییەکاندا. پێویستە لەسەر ڕەشەکان یەکـەم واز لـەو هەسـتـە بـهێنن کـە قـوربانین و گـەلێکی کـۆیلـەن و دەبێ لە یەکبوونیانەوە لە هێزی خۆیان بگەن، تا لابردنی چەوساندنەوە و دواتریش دوای ئەوەی لە تەواوی ڕاستیی مرۆڤایەتیی خۆیان تێ دەگەن ، لە یەکسانی لەگەڵ سپییەکان و فێر دەبن چۆن بەهاندەری تۆڵەستاندنەوە خۆشیان نەبنە چەوسێنەر.

لە پێناوی ئـەم ئامـانجـەدا مـارتن لۆتەر کـینگ و کـۆی بەشـداران لە جمـوجۆڵەکەی مۆنتیگەمریدا بەردەوام ڕێنوێنییەکانی ناتوندوتیژییان پیادە دەکـرد و مـەشـق لەسـەر بەکـارهێنان و هۆیەکـانی دەکـرد. بەم ڕێگەیەش توانسـتی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیـژیی ورووژاندنیـان بەدەست هێنا و

ئامادەیی بەجەختەوە بەچڕی بەکارهێنانی ئۆتۆبیسی یەکگرتوو بن. کینگ درکی بەوە کردبوو کە بەپێچەوانەی ئالییەتی ئاسایی توندوتیژی (زۆرداری و ڕاپەڕین و زۆرداریيەکی نوێ) ، ناتوندوتیژی وا دادەنێ مەشقکردن لەسەر شێوەگەلی جودا جودا بەتەواوی ڕێ ناباتە سەر تەنیا هێنانە کایەی وەرگێڕانێکی سادە لە تەرازووی هێزەکان و ڕۆڵەکان، بگرە بۆ بەهێزکردنی دادوەری و دیموکراتییەت. ئەو بڵاوکراوەیەی ئامادەکردنی کۆمەڵگەی ڕەشی بە ئامانج گرتبوو بۆ تێکەڵبوونی ڕەگەزی لە ئۆتۆبیسەکاندا، لەم بارەیەوە واتادارە. (دەقی بڵاوکراوەکە بخوێنەوە). هەموو ئەم ئامادەکارییە وردانە کۆششیان بۆ ئەوە دەکرد بزووتنەوەی لابردنی جیاوازیی ڕەگەزی بەبێ پێکدادان بەکۆتا بێ.

دوای ئەم یەکەم گەشتە گەورەیە لە ڕێی خەبات لە پێناوی یەکسانیی ڕەگەزی، مارتن لۆتەر کینگ، کە لە بیست و هەشتساڵەی تەمەنیدا بوو، وەک پێشەوای بزووتنەوەی بەرگری لەلای ڕەشەکان دەرکەوت.

*

## پێشنیازلێک لەبارەی ئاوێتەبوونی ڕەگەزیەوە لە ئۆتۆبیسەکاندا

ئەمە حوتوویەکی مێژوویییە، چونکە جیاوازی لە ئۆتۆبیسەکاندا بە حوکمی قانوون بووە شتێکی پێچەوانەی دەستوور. لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا بڕیاری دادگەی باڵا لە مۆنتیگەمری جێبەجێ دەکرێ و سەرلەنوێ لە تواناتاندا دەبێ ئۆتۆبیس بەکار بهێنن کە ئەمجارە ئاوێتەبوونی تێدا پیادە دەکرێ.

ئەم کارەمان بەسەردا دەسەپێنرێ، لە هەڵوێستگەلێکدا لەوانەیە هەستیار بن، بەرپرسیاریی پاراستنی لێبووردەیی هێمن و بەرێز بەخۆیەوە دەگرێ شایانی نیشتمانیی باش و ئەوەی سەر بەنەتەوەکەمانن. لە کاتی ڕوودانی هەر توندوتیژییەکدا، بەقسە یان بەکردەوە، ئەوە دەبێ لە دەستکردی

ڕەشەکان بێ.

ئەمانە هەندێک پێشنیازن لەوانەیە لە ئەرکە زەحمەتەکەتاندا یارمەتیتان بدا، بیانخوێننەوە و فێریان بن و لە ناختاندا بیانچێنن بۆ ئەوەی بڕیاری ناتوندوتیژیمان بەچەسپاوی بمێنێتەوە.

ئەمانە سەرەتا هەندێک پێشنیازی مۆرک گشتین

١. هەموو سپییەکان دژی ئاوێتەبوون نین لە ئۆتۆبیسەکاندا. ئەو نیازپاکییانە بەبیر بهێننەوە کە هەندێکیان دەریان بڕی.
٢. لە ئیستا بەولاوە " هەموو " خەڵک بۆیان هەیە " هەموو " کورسییە بەتاڵەکانی ئۆتۆبیس بەکار بهێنن.
٣. یارمەتی لە " ڕووحولقودس " بخوازن و بەڵێن بەخۆتان بدەن ناتوندوتیژی بگرنە بەر، لە قسە و کردەوەدا کە بتانەوێ سواری ئۆتۆبیس بن.
٤. با هەڵسوکەوتتان هێمنی و ڕێزی ڕەشەکانی مۆنتیگەمری بنوێنێ.
٥. لە هەموو بارودۆخێکدا پابەندی قانوونە گشتییەکانی ڕەوشت و ڕەوتی چاک بن.
٦. لە بیرتان بێ ئەمڕۆ تەنیا سەرکەوتنی ڕەشەکان نییە، بگرە هی گشت مۆنتیگەمری و باشووریشە. خۆتان لەهەموو شێوەیەکی بەخۆوەنازین بەدوور بگرن.
٧. هێمن بن و هەر لەو کاتەشدا خەڵکتان خۆش بوێ و شانازی بکەن هەڵەوەڕ مەبن و کامەران بن بێ زیادەڕەوی.
٨. خەڵکتان خۆش بوێ بۆ ئەوەی بەرگەی بەدکاری بگرن و لە کار بگەن بۆ ئەوەی دوژمن بکەنە دۆست.

ئەمانەش هەندێک پێشنیازی مۆرک تایبەتین

١. شوفێر بەرپرسی ئۆتۆبیس و جێبەجێکردنی یاسایە. دەبێ پێشەکی بەمە

قایل بن کە یارمەتی دەنوێنێ و ڕێتان دەدا لەسەر یەکەم کورسیی بەتاڵدا ڕۆنیشن.

٢. بە ئەنقەست لە تەک سپییەکەوە دامەنیشن، تەنیا ئەگەر کورسیی تر نەبێ.

٣. لە کاتی دانیشتن لە تەک کەسێکدا ئەگەر ڕەش بێ یان سپی، لە بیر مەکەن بڵێن: " ببوورە " یان " داوای لێبووردن دەکەم " بە هەستی ڕەوشتبەرزی.

٤. ئەگەر سووکایەتییەکتان ئاراستە کرا بەرامبەری مەدەنەوە و ئەگەر کەسێک بە ئەنقەست پاڵی پێتانەوە نا ئێوەش پاڵ بەکەسەوە نەنێن و ئەگەر لێتان درا لە کەس مەدەن، لە هەموو باروودۆخێکدا بە خۆشەویستی و نیازپاکی بجووڵێنەوە.

٥. لە کاتی ڕوودانی گرفتدا قسە زۆر مەکەن و ئارامیی خۆتان ڕابگرن و هەر دانیشن! ئەگەر پێویستی کرد شوفێر ئاگەدار بکەرەوە.

٦. ئەگەر کەسێکی تر تووشی تەنگەتاوکردن هات لە جیاتیی ئەو بەرگری مەکە، تەنیا نوێژ بۆ چەوسێنەر بکە و بەچەکی ڕەوشت و گیان نەبێ بەرگری لە دادوەری مەکەن.

٧. لە پێناوی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا، لە تاقیکردنەوەی ئەم شێوە نوێ و داهێنەرانەی لەگەڵ تواناکانتان دەگونجێن مەترسن.

٨. ئەگەر کەسێکتان لەو بڕوایەدا بوو کە ئەوەی داوای لێ دەکرێ زۆر زەحمەتە، باشتر وایە حەفتەیەک یان پتر هەر ڕێ بکا. ئێمە بڕوامان بە گەلەکەماندا هەیە.

*

# پێرمەنگهام ۱۹٦۳

ڤنسنت ڕۆشل

بزووتنەوەی نیسان – ئایاری ۱۹٦۳ کە بەلابردنی جیاوازیی ڕەگەزی لە پێرمەنگهام کۆتاییی هات، بەنموونەیەکی جموجۆڵی ناتوندوتیژی دادەنرێ. شیکردنەوەی بارودۆخی گشتی و هەڵبژاردنی شوێن و کاتی بزووتنەوە و ئامادەکاری و جێبەجێکردن، هەموو مەرجەکان هاوکارییان لە سەرخستنەوەی ئەو ستراتیجییەی دەستی پێ بەکار کرا...

لە هەڵبژاردنی پێرمەنگهامدا مارتن لۆتەر کینگ و بەرپرسانی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان چاکیان دەزانی کایەکە زۆر زەحمەت دەبێ. پێرمەنگهام گەورەترین شارێکی پیشەسازیی باشوور بوو. هەروەها ڕەگەزپەرستیی ئەوتۆی تێدایە دەمارگیرترین و ڕادیکاڵترینی هەموو لایەکی وڵاتە یەکگرتووەکانن. بنیاتی سیاسی بەوردی پابەندی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانن. " کاتێکی درێژی بەسەردا ڕەت بووە و مافی مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیەدا پێشێل کراوە، خەڵکەکە وایان لێ هاتبوو هەناسەی ترس و چەوسانەوەیان لەگەڵ دووکەڵی کارگەکان هەڵدەکێشا"[1].

چەوساندنەوە و جیاوازی لە پێرمەنگهام هەردووک لە کەسێکدا خۆیان دەنواند کە ئۆجین کۆنور، کە بە " بوڵ Bull" دەناسرا (ئەم وشەیە بە ئینگلیزی واتە: گا) و ئەوساکە لە ئەنجوومەنی شارەوانیدا بەرپرسی ئاسایشی گشتی بووە. ئەم ڕۆژنامەوانە کە پێشتر بەرنامەی وەرزشی لە تەلەڤزیۆندا پێشکێش کردووە، بەبێ سڵکردنەوە ڕەتکردنەوەی بێ سنووری

مافەکانی ڕەشەکانی ڕادەگەیاند هەروەها دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵیشی ڕەت دەکردەوە. یەک لەو کەسانە بوو کە ڕایان دەگەیاند کە بەر لەوەی بڕیاری ئاوێتەبوون لە پێرمەنگهامدا دەدرێ خوێنی لێ دەڕژێ. داخۆ دروشمی جۆرج والاس –ی حاکمی ویلایەتی ئەلاباما ئەوە نەبوو دەیگوت: " ئەمڕۆ جیاوازی، سبەی جیاوازی، هەمیشە جیاوازی! "؟. شاری پێرمەنگهام لە دەست بە سیاسەتی بێ سنووری جیاوازیی گرتندا هەموو شارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی تێپەڕاندبوو. ئەوانەی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانیان بەدەستەوە بوو باوەڕیان بەوە هێنا بوو ئەگەر توانییان جیاوازی لە پێرمەنگهام لاببەن، یەک بەدوای یەک شوێنەکانی تری لە هەموو لایەکی وڵاتدا دەڕووخێ. بەڕاستیش کاتێک مارتن لۆتەر کینگ لە ١٠ی ئایاری ١٩٦٣دا ڕێککەوتنێکی لەگەڵ دەسەڵاتی شارەوانیدا ئیمزا کرد جەخت لەسەر سەرکەوتنی ڕەشەکان کرد، هەزارانێک لە شارانی باشووریش جیاوازییان لابرد.

## ئامادەکاری بۆ جموجۆڵ

کە دەست بە جموجۆڵ کرا پێرمەنگهام بزووتنەوەیەکی بەرگریی لێ بوو قەشە فرێد شاتلزوۆرت سەرپەرشتیی دەکرد. ئەم قەشەیە " بزووتنەوەی ئەلابامای کرستیان بۆ مافەکانی مرۆڤ "(A.C.H.R) دامەزراندبوو کە بەشێک بوو لە ٨٥ بەشی ڕێکخراوی " S.C.L.C" (کۆنگرەی سەرکردە کرستیانەکان لە باشوور)، مارتن لۆتەر کینگ سەرکردایەتیی کرد. لە ئەیلوولی ١٩٦٢دا کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوەکە لە پێرمەنگهام بەسترا. بزووتنەوەی فرێد شاتلزوۆرت چەند هەوڵێکی دابوو بۆ لابردنی ئامادەکارییەکانی جیاوازی لە شوێنە گشتییەکاندا، لە سەرەتای ١٩٦٢دا دابڕانێکی لەگەڵ ڕێکخراوی هێلکەی ڕەگەزپەرستاندا ئەنجام دا، بووە هۆی دابەزینی بەڕێژەی نزیکەی لە سەتدا ٤٠ی ناوەندی فرۆشتن.



هاری بلافۆنتی گۆرانیبێژ بەشدار بوو لە کۆکردنەوەی پارە بۆ ئازادکردنی هەزاران خۆپێشاندەر کە لە هەڵمەتی برمنگهام گیرابوون

لە ڕاستیدا هەوڵی لابردنی جیاوازی لە شاری ئەڵبانی ئێجگار پەرت و بڵاو بوو بەجۆرێک کاریگەریی لە دەست دا. لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی جموجۆڵی ١٩٦٢دا، بزووتنەوەی ئەلاباما وای پێ باش بوو شەڕەکە ئاراستەی یەک ئامانج بکەن، جموجۆڵەکە پشتی بە بەکارهێنانی هێزی کڕین لەلای ڕەشەکان وەک فشارێک بۆ لابردنی جیاوازی لە کۆگاکاندا. سەرەتا جموجۆڵ کۆگا گەورەکانی کردە ئامانج کە چێشتخانەی جەمە سووکەکانیشیان تێدا هەیە، سەرەڕای ڕێکخستنی لیستێکی زانیاریی تایبەت بە ئەو شوێنانەی مەبەستن، دەبووایە خۆبەختکار بۆ خۆپێشاندانەکان پەیدا بکرێن و مەشقیان پێ بکرێ، بزووتنەوەکە توانی نزیکەی ٢٥٠ کەس کۆ بکاتەوە ئامادەیییان پێشان دا تەنانەت تا پێنج ڕۆژیش لە بەندیخانāندا بن. قۆناخی ئامادەیی هۆیەکانی ناتوندوتیژیشی گرتەوە و هەروەها ئەنجامدانی " مەشق " بۆ ئامادەکردنی خۆپێشاندەران بۆ هەڵوێستەکانی ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەی دەشێ تووشیان بێن. دەبوو دەست بە هاتوچۆی ئەو چێشتخانە جەمە سووکانە بکرێ کە بۆ سپییەکان تەرخان کراون لە کۆگا گەورەکانی ناوەندی شاردا و ڕەوشت بەرزانە ڕەتکردنەوەی بەجێهێشتنی شوێنەکان و تووشی گیران بوون بە تاوانی:" سووربوونەوە لەسەر ئەنجامدانی تاوان دوای ئاگەدارکردنەوەشیان ".

قۆناخی دواتر لە جموجۆڵ پێویستی بە بەدەستهێنانی پشتگیریی کەسایەتییە جیاجیاکان لە ماوەی بەشداریکردندا لە کۆبوونەوە

گشتییەکاندا، بەتایبەتی لە پێناوی کۆکردنەوەی پارەی پێویست بۆ سزادان بۆ ئەوەی گیراوەکان ماوەی دوور و درێژ لە بەندیخانەدا نەمێننەوە. لەم چوارچێوەیەدا هاری بلافۆنت ـی گۆرانیبێژ چالاکییەکی سەرنج ڕاکێشی ئەنجام دا، لەبەرئەوەی تەوەری جموجوڵ دەبێ ئەو کۆگا گەورانە بن کە جیاوازی پیادە دەکا، ماوەی وەرزی ڕۆژووگرتن هەڵبژێررا چونکە ڕێژەی فرۆشتنیان تێدا زۆر بەرز دەبێتەوە. هەر لەم ماوەیەشدا قۆناخێکی سەرەتایی هەڵبژاردنی شارەوانی ئەنجام درا و بول کۆنور یەک لە سێ کاندیدە سەرەکییەکان بوو. ناوی کۆنور لە کایەی دووەمیشدا هەر لە گۆڕێدا بوو. مارتن لۆتەر کینگ نەیویست بزووتنەوەکە بەکار بهێنرێ بۆ ڕێکلامی هەڵبژاردن کە بشێ پشتگیریی کۆنور بکا. بۆیە بەر لە کاتی کایەی دووەم بڕیاری ڕاگرتنی جموجوڵەکەی دا. بەرپرسانی جموجوڵ بڕیاریان دا لەم ماوەیەدا لە شار دوور بکەونەوە و سەرلەئێوارەی ڕۆژی دووەمی نیسان گەیشتنە پێرمەنگهام و ڕۆژی سێیەم دەستیان بە هەڵمەتێکی ڕاستەوخۆ کرد لەگەڵ ٦٥ی ٢٥٠ کەسی خۆبەخش. دەبوایە هەڵمەتەکە شەش مانگ درێژەی هەبێ.

## شەپۆلێک هەموو شتێکی خنکاند

لە ماوەی سێ ڕۆژدا ژمارەی گیراوان گەیشتە ٣٥ کەس. بەمەش قۆناخی دووەمی هەڵمەتەکە دەستی پێ کرد کە پێویست بوو کۆڕەوگەلێکی ڕۆژانە ڕێک بخرێ بۆ خانەی شارەوانی. لە ٦ی نیساندا پۆلیس ٤٢ خۆپێشاندەری بە تاوانی " بەشداریکردن لە خۆپێشاندانی ڕێ پێ نەدراودا " دەستگیر کرد. دابڕان لە کۆگاکان لە ناوەڕاستی شاردا ئێجگار کاریگەرە. لە دەی نیساندا دادگە فەرمانێکی دەرکرد کە دەبێ "جموجۆڵەکان ڕابگیرێن ". مارتن لۆتەر کینگ بڕیاری دا لە یاخیبوونی مەدەنیدا پتر بچێتە پێش. دوای دە ڕۆژ لە هەڵمەتەکە لە نێوانی ٤٠٠ تا ٥٠٠ گیراو هەبوو. هەندێکیان دوای

ئەوەی کەفالەتیان بۆ درا ئازاد کران ، بەڵام ٣٠٠ گیراو هەر لە بەندیخانەدا مـانـەوە. لە دوازدەی نیـسـانـدا مـارتن لۆتەر کـینگ و ڕالف ئەبرنائی ـ ی برادەری گـیران. گرتنی کینگ بـۆ مـاوەی بیـست و چوار سـەعـات تەواوێک بەنهێنی بوو. دوای هەشت ڕۆژ دوای کەفالەت دان ئازاد کرا. کینگ ویستی فـشـار دووهێنده بکا ئەوەش بە بەشـداری پێکردنی لاوان لە چالاکـیـدا. ڕۆژنامـەکـان لەبەر بەکـارهێنانی منداڵان هەڵمـەتە هێـرشـێکیـان بردە سـەر بـزووتنـەوەکــە. لـە دووی ئایاردا پتـر لـە هەزار کــەس لەو لاوانـە خــرانـە بەنـدیـخــانە. بەدرێژاییی مـاوەی هەڵمــەتەکــە لە کــەنیــســەکــانی گــەڕەکــە ڕەشەکاندا کۆبوونەوەی گشتی دەگیران لە پێناوی قـووڵترکردنی پابەندبوون بە ناتوندوتیـژی. ٦٥ کۆبوونەوە لە مـاوەی ٦ حـەفـتـەدا کرا! گـۆرانیـیـەکانی ئازادی دەورێکی گـەورەیان لـەو کـۆڕەوانەدا دەبینی کـە بە شــەقـامــەکــانی پێرمەنگهامدا ڕەت دەبوون.

دوای نوشـوسـتی لە ئەلبانی کـینگ بڕوایەکی لەلا پەیدا بوو کە: " ئـەگـەر گەل توانی لەناو ڕیزەکانیدا لە سەتا پێنجی لەو کەسانەی پێ کۆ کرایەوە کە ئامـادەن بخـرێنە بەندیخـانە لە پێناوی دۆزێک کـە باوەڕیان پێـیـەتی، هیچ تەگــەرەیەک نـاتوانێ کــۆڕەوەکــەی ڕابگرێ"[٢]. ئێــوارەی ئەو ڕۆژەی لاوان بەکۆمـەڵ بەشدارییـان لە خۆپێشـاندانەکاندا کرد. بۆ یەکەم جاریش بوو لە مێـژووی بزووتنەوەی لە پێناوی مـافـەکـانی مـەدەنیدا، بنەمـاکـانی گـاندی " بەندیخـانەکان پڕ کەن " خرایە بەر تاقیکردنەوە. لە مـاوەی هەڵمەتەکەدا ئەو خـۆپێـشـانـدەرانەی گـیـرابوون گـەیشـتـنە ٢٥٠٠ کـەس. پۆلـیس پاسـی نەمـا گیـراوانی پێدا بگوازێتەوە، ئۆتۆبیسە قوتابخـانەیییەکانیان بەقـەرز وەرگرت. لاوە ڕەشەکان لە هەموو شوێنێکدا بەدوای پۆلیسـە سپییەکاندا ڕایان دەکرد و تکایان لێ دەکردن دەستگیریان بکەن. هـەموو ئامادە بوون زیندانی بکرێن و دەیانزانی بەندیخانەکان پڕ بوون و پۆلیس نازانن لە کوێیان دابنێن.

سـەرەتا پۆلیس هـەڵوێسـتی ناتوندوتیـژییـان هەبوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی

خـۆپێـشـانـدەراندا. کـردارەکـانی گـرتـنیش لە چوارچێـوەیەکی پەسـنددا بە هێـمنـی ئەنجـام دەدرا. بەڵام زۆری پێ نەچـوو هێـزەکـانی سـەرکـوت کـردن نەرمـونیانیی خـۆیان لەدەست دا و ڕووە ڕاسـتەقینەکەی خۆیان دەرخـست و هۆیەکـانی ڕاگـەیـاندن هـەواڵەیلـی دڕندانەی پۆلیـسـیـان بۆ گـشت جـیـهـان گـواسـتـەوە. بەڵام ئەمـە ڕێی لە کـەنیسـەی سپی نـەگرت دژی جـمـوجـۆڵەکەی مـارتن لۆتەر کینگ بوەسـتێ. لە بەندیخانەی پێرمەنگهامـەوە کینگ نامەیەکی نووسـی هـەڵوێستی ترسنۆکانەی بەرامبەر زۆرداری شـەرمەزار کرد.

ئەوە دەزانـرا کـە بـزووتنەوەی مـافـە مـەدەنیـیـەکـان لەلایەن سـەرۆک کـەنەدییـەوە پشـتگیـریی لێ دەکرێ کـە لە هـەڵبـژاردنەکـانی ١٩٦٠دا بەهـۆی دەنگەکانـی ڕەشـەکانەوە بردییـەوە. بەڵام بەڵێنەکانی دەمەکانی هـەڵبژاردن لە چوارچێـوەی بـارودۆخـدا زۆر بە شـەرمنی مـایەوە. دوا بەدوای جـمـوجـۆڵی پێرمەنگهام و دوای ئەوەی کارگێڕیی ئەمـەریکایی لێکۆڵینەوەی دۆزی مافـە مـەدەنیـیـەکـانی دواخـست، چاوی بە بەرنامـەکـەیدا گـێـڕا و پڕۆژەیـەکی توندوتیژی لەم بارەیەوە خستە سەرەوەی خشتەی کارەکانی کۆنگرس.

### هێزی ناتوندوتیژی

ئەمـە یەکەم جارە سـەتان ڕەش دەوێرن ڕووبەڕوو لە بەردەمی پیـاوی سـپیدا بوەسـتن، ئەمـەش دەسـتی بە لەقکردنی بۆچوونی هەندێکیان بە بەرزتربوونی سـپی بەسـەر " کـۆیلە "کەدا. بەهـۆی ئەمـەشـەوە بنچینە ئایدیۆلـۆجییـەکەی جـیـاوازیش لە قـووڵاییـیـەوە دادەخـورێ. مـارتـن لۆتـەر کـینگ ئەم ڕووبەڕووبوونەوە قارەمانانەیەی نێوانی ڕەشەکان و پۆلیسی پەسن کردووە و دەڵێ:" پاش نیوەڕۆی یەکشەمە چەند سـەد کەسێک لە ڕەشەکان بڕیاریان دا کـۆبوونەوەیـەک بۆ نوێژکـردن بکەن لـە کـەنیسـەی مـەعـمـەدانی کـە لە تەک بەندیخانەوەیە. کۆڕەوەکە بە هێمنی و ڕێکوپێکی بەرەو کەنیسە بەڕێ کەوت. " بوڵ " کـۆنور سـەگی پۆلیسـیی داگرت و ئاگرپژێنی دایە دەست پیـاوانی.

کۆنور فەرمانی بە خۆپێشاندەران دا پاشەوپاش بگەڕێنەوە دواوە. شارلز بیلوتزی بەڕێز ڕەوشت بەرزانە فەرمانەکەی ڕەت کردەوە. کۆنور ڕووی لە پیاوانی کرد و هاواری کرد: " بۆ دۆزەخ! ئاگرپژێنەکان بخەنە کار! " و ئەوەی لە ماوەی سی چرکەی دوای ئەوە ڕووی دا جوانترین شتێک بوو کە پێرمەنگهام لە هەموو مێژوویدا زانیبێتی. پیاوەکانی بوڵ کۆنور وەستان و ئاگرپژێنی بکوژی ئامادەیان بەدەستەوە بۆ بەکارهێنان ڕووبەڕووی خۆپێشاندەران بوونەوە. زۆربەی ئەمانە چۆکیان دادابوو بە هێمنی و جێگیری سەیریان دەکردن. ئینجا لەسەرخۆ وەستان و دەستیان بە پێشڕەوی کرد. پۆلیسەکان کە وەک نوێنراو دەبینران بە ئاگرپژێنە بێ کەڵکەکانیانەوە پاشەکشێیان کرد، لە کاتێکدا سەدان کەس لە ڕەشەکان بەلایاندا ڕەت بوون بێ ئەوەی بایەخیان پێ بدەن و لەسەر کۆڕەوەکەیاندا بەردەوام بوون تا شوێنی دەستنیشانکراو کە وەک بڕیار درابوو کۆبوونەوەی نوێژ بەسترا"[٣].

هێزی ناتوندوتیژی بەشێوەیەکی سەرەکی لە فشارە ئابوورییە بەبایەخەکاندا مت بوو کە هەڵمەتی لێ دابڕان بەسەر کۆگاکانی سەپاندبوو. داهاتی کار لە کارگەکانی پۆڵا بەهۆی دابەشبوونەکانی نێو کرێکارەکان پاشەکشەیەکی ڕاستەقینەی کردبوو.

دواتریش بەشێوەیەکی تایبەتی هەڵمەتی یاخیبوونی مەدەنی بەشێوەیەک جێبەجێ دەکرا کارێکی کرد خەریک بوو کاروبار لەدەست دەسەڵاتەوە دەرچێ. لە حەوتی ئایاردا دەسەڵاتی شارەوانی دەستی بە خوێندنەوەی داواکارییەکانی بزووتنەوەی ڕەش کرد.

" ئەو ڕۆژە هەزاران ڕەش لە شارە سپییەکەدا بڵاو بوونەوە، بەندیخانەکان پڕ بوون، پۆلیس دەستگیرکردنێکی سنووورداری خەڵک نەبێ چیی تری نەکرد، ڕەشەکان لەسەر شۆستە و ڕێگەکاندا، لە بەردەمی کۆگا و دوکانەکاندا

وەستا بوون یان دانیشتبوون، جەماوەرێکی زۆر بوون، برێکی ئێجگار گەورە لە دەموچاوی پێسترەش، هیچ کارێکی توندوتیژییان ئەنجام نەدا، تەنیا هاتبوونە ئەوێ و دەنگیان بەرز کردبووەوە گۆرانییان دەگوت، ئاوازگەلی ئازادی لەناو شاردا دەنگیان دەداوە. پیاوانی کار ئەوانەی پایەیەکیان هەیە لەم شارە گەورەیەدا حەپەسابوون، لە پڕ درکیان بەوە کرد کە ئی تر ڕاگرتنی بزووتنەوەکە لە تواناداا نییە"[٤].

ڕێککەوتن لە ١٠ی ئایاردا ئیمزا کرا و پەسندکردنی داواکارییەکانی ڕەشەکانی تێدا بوو.

بەڵام لە ڕاستیدا پێویست بوو ڕەشەکان بەسەر تەگەرەگەلێکی لە کۆنەوە ڕەگداکوتاو و چەسپاودا سەرکەون و دواتریش دەبوو چالاکی و ڕیزە هەڵمەتێکی تر ڕێک بخەن. لەو دەمانەدا کینە و ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە پەقییەوە و بۆمبا فڕێ درایە سەر مالآن و سەر کەنیسەکانی قەشە ڕەشەکان. بۆمبایەکیان بووە هۆی کوژرانی چوار کیژۆڵەی بچووک، ئەمە یەکەم جارە ڕەشەکان هەڵمەتێکی لەسەر بەرەیەکی لەم فراوانییەدا دەکەن، بەلای ڕەشەکانەوە شەڕی مافە مەدەنییەکان بە کردەوە دەستی پێ کردبوو و هیچ شتێک نییە بتوانێ ڕێیان لێ بگرێ و سەرکەوتن نزیک بووەوە.

## مارتن لۆتەر کینگ لە ڕووبەڕووبوونەوەی لیبرالییە سپییەکان و کەنیسەی سپیدا

کە مارتن لۆتەر کینگ لە بەندیخانە بوو، دوا بەدوای گەشتی جموجۆڵیدا لە پێرمەنگهام لە نیسانی ١٩٦٣دا، چوار ئوسقوف و حاخام و چوار قەشە لە سپییەکان بەیانێکی گشتییان بڵاو کردەوە چالاکییەکانی بزووتنەوەی تێدا بەیاد دەهێننەوە لە پێناوی مافە مەدەنییەکان. کاری ئەم کۆبوونەوە ماسکۆنییەی لەو بۆنەیەدا دەرکەوت تا نارەزایی دەربڕێ بەرامبەر ئەو گرفتانەی لە تێکۆشانی رەشەکانەوە دژی زۆرداری پەیدا بوون، شتێکی نامۆ بوو. ئەمە چەند برگەیەکە لەو نامە درێژەی مارتن لۆتەر کینگ لە بەندیخانەکەیەوە لە پێرمەنگهام وەک بەرپەرچدانەوەیەکی دژی بەرانەکە.

"... ئەی برایانم لە خرستیان و جوو، من قەرزارتانم دان بە دوو شتتان بۆ بنێم، لە سەرەتادا دەبێ دان بەوەدا بنێم من لە ماوەی لەم ساڵانەی دواییدا تووشی نائومێدییەکی گەورە هاتم بەهۆی هەڵوێستەکانی ئەو سپییانەی بۆچوونی لیبراڵییان هەیە. ئەمرۆش خەریکم دەگەمە ئەو هەڵێنجانە مخابنە کە بەبایەخترین تەگەرە لە بەردەمی رەشەکاندا لەسەر رێگەی ئازادیدا ئەوانە پێکی ناهێنن کە سەر بە white Citizen Councilers یان سەر بە کۆکلۆس کلان –ن، بگرە ئەو لیبراڵییەی رێژیمی پێ پەسندترە لە دادوەری و ئاشتیی نەرێنی (کە گرژی لە گۆرێدا نییە)ی پێ لە ئاشتیی ئەرێنی پێ باشترە کە دادوەری سەروەر دەبێ، ئەم لیبرالییەی هەمیشە: " من لە مەبەستتان تێ دەگەم، بەڵام ناتوانم شێوازەکانتان لە چالاکیی راستەوخۆ پەسند بکەم " دووبارە دەکاتەوە و لەو بڕوایەدایە هەر لەم هاوسۆزییە باوکانەیەوە بۆی هەیە خشتەی کۆرەوی رزگاری بۆ ئەوانی تر دەستنیشان بکا و بڕوا بە هەڵەی کات دەکات و واز لە پەن دادانی رەشەکان ناهێنێ کە پێویستە چاوەڕێی " کاتێکی گونجاوتر بکەن". ئەو تێگەیشتنە رووکەشییەی

" نیازچاکان " دەری دەبڕن لە تێنەگەیشتنی ناحەزان گەلێک ئومێدبڕترە. پەسندکردنی شلەتێن لە ڕەتکردنەوەی ڕەها سەرسوڕمێنترە...

" کەنیسە ئومێدبڕی کردم کە چەند ساڵێک لەمەوبەر بۆ سەرکردایەتیی هەڵمەتی ئۆتۆبیسیان دانام لە مۆنتیگەمری، لەو بڕوایەدا بووم پشتگیری لە کەنیسەی سپییەوە بە دەست دەهێنین و قەشەکان و ئوسقوفەکان و حاخامە سپییەکان لە باشوور دەبنە هاوپەیمانە بەهێزەکانمان، هیچی وای لەم شێوەیەیان نەکرد، تەنانەت هەندێکیان چوونە ڕیزی ناحەزانمان و ڕەتیان کردەوە کە ئاراستەی بەکردەوەی بزووتنەوەکە تێ بگەن لە پێناوی ڕزگاریدا و هەوڵی ناو زڕاندنی سەرکردایەتییەکەیان دا. ئەوانی تریش کە زۆرن، لەوان پتر سڵیان دەکردەوە پتر لەوەی ئازا بن و بەبێدەنگی کشانەوە ناو پەرستگاکانیان و دڵنیاییان، لە پشت خامۆشیی جامە ئاوییەکانی پەنجەرەکانیان.

سەرەڕای ئەوەش کە گەیشتمە پێرمەنگهام هێشتا ئومێدەوار بووم کە دۆزە ڕەواکەمان سەرکردەکانی کەنیسەی سپیی هان دەدا بۆ بەجێهێنانی ئەرکی پشتگیریی داواکارییەکانمان و بەرزکردنەوەیان بۆ دەسەڵاتدارە سیاسییەکان. بە ئومێد بووم هەریەکەتان لە هەڵوێستەکەی من گەیشتبێ، بەڵام بۆچوونەکەم ئەمجارەشیان نوشوستیی هێنا.

"زۆر جاری وا هەبوو دەمبیست پێشەوا ڕووحییەکان لە باشوور بڕواداران هان دەدەن قانوونی ئاوێتەبوون جێبەجێ بکەن بەهۆی مۆرکی قانوونییەوە، لە جیاتیی ئەوەی بەپەرۆشەوە چاوەڕێم دەکرد پێیان بڵێن: ئەم قانوونە جێبەجێ بکەن چونکە لەلایەن ڕەوشتەوە ڕاستگۆیە و چونکە ڕەش براتانە ". لە دەمەدەمی بەرگریی ڕەشەکان بەرامبەر زۆرداریی ئاشکرا دەمبینی پێشەوا ڕووحییە سپییەکان بە هەڵەبێژیدا دەچن و تەنیا بەو ڕێنوێنییانەوە خەریک دەبوون کە پەندی ترس لە خوا دادەدەن. لە جەنگەی ئەو شەڕە زۆر

گەورەیەدا کە بۆ ڕزگارکردنی وڵات لە زۆرداریی ڕەگەزپەرستی و ئابووری خۆمان لێ دا، دەمبیست هاوار دەکەن کە : "ئەمانە کێشەگەلێکی کۆمەڵایەتین و ئینجیل پێوەندیی پێوە نییە ". درکم بەوە کرد کەنیسە لە دینێکدا نوقم بووە دوورە لە ڕووداو بەشێوەیەکی سەیر شتەکان لێک جودا دەکاتەوە، لە لایەنی نووسین و کردەوەوە، لە نێوان لەش و گیان، پیرۆز و دنیایی (....) دەنگی کەنیسەی هاوچاخ بەگشتی لاواز و بێدەسەڵات بووەتەوە و بە ئاستەم دەبیسترێ یان کەس لێی تێ دەگا! هەروەها زۆرجار کەنیسە ئەرکی پاراستنی بارودۆخی سەروەر دەپارێزێ! ئەو دەسەڵاتانەی هەرگیز لە بوونی کەنیسە دڵگرانن، لە بارودۆخ ڕازیبوونی بێدەنگ یان ڕاگەیەنراوی کەنیسەوە هەست دەکەن لەلایەن ئەوانەوە پشتگیرییان لێ دەکرێ.

" بەڵام کەنیسە ئەمڕۆ لە هەموو دەمێکی ڕابردوو پتر لە بەردەمی لێپرسینەوەی خوادایە. ئەگەر ئەمڕۆ کەنیسە ئەو گیانی خۆبەختکردنە ناهێنێتەوە بەرچاو، کە مۆرکی خۆی بە کەنیسەی بەراییەوە ناوە. ڕەسەنایەتیی خۆی و لە هەمان کاتیشدا متمانەی ملیۆنان لەدەست دەدات و دەبێتە تەنیا یانەیەکی ونجڕ کە هیچ پێوەندییەکی بەسەدەی بیستەمەوە نابێ. من بەردەوام لاوێلێک دەبینم ئومێدبڕبوونیان بە کەنیسە دەبێتە هۆی لێ دوورکەوتنەوەی تەواو... ".

*

## واشنتۆن ٢٨ی ئابی ١٩٦٣

مارتن لۆتەر کینگ

لە یادی یەکەم سەدساڵەی لابردنی کۆیلێتیدا، پتر لە ٢٥٠,٠٠٠ کەس، کە پێنج یەکیان سپین، لە بەردەمی پەیکەری سەرۆک لینکۆڵن کۆ دەبنەوە و مارتن لۆتەر کینگ لەوێ وتارە بەناوبانگەکەی " خەونم هەیە " دەخوێنێتەوە، ئەمە دەقەکەیەتی:

من ئەمڕۆ بەوە شادمانم کە هاتوومەتە تەک ئێوە بۆ بەشداریکردن لە گەورەترین خۆپێشاندان لە پێناوی ئازادیدا کە تۆماری مێژووی گەلەکەمان زانیبێتی.

سەدەیەک لەمەوبەر ئەمەریکاییەکی مەزن " بەیانی ئازادکردن "ی ئیمزا کرد و ئەوا ئێمە ئەمڕۆ لە دەوروبەریدا ئەو یادە دەکەینەوە. ئەو بەیانە مێژووییە منارە "رووناکی"یەکی زۆر گەورە بوو ئومێدی ئەو ملیۆنان کۆیلە




کۆڕەو بەرەو واشنتۆن، ٢٨ ئاب ١٩٦٣

ڕەشـانەی ئاگـری چەوسـاندنەوەی زۆرداریـیـان چەشـتـووە ڕووناک کـردەوە! ترپەی بەرەبەیانی ڕۆژێکی کامەرانی پاش شەوێکی درێژی ئازاراویی هەبوو. بەڵام دوای تێـپـەڕبـوونی سـەد سـاڵ بەسـەر دەرچوونی بەیانەکـە ڕزگـاریی ڕەشەکان نابینین. دوای سەد ساڵ ژیانی هێشتا بە پێوەندیی جیاکردنەوە و زنجیرەکانی جیاوازیی ڕەگەزپەرستانەوە بەندە. دوای سەد ساڵ دەبینین ڕەشەکان لە ناوەڕاستی بوارێکی فراوانی گوزەرانێکی خۆشی مادیدا لە ژینگەیەکی دوورەپەرێزی هەژاردا دەژین، دوای سەد ساڵ هێشتا ڕەش لە پەراوێزی کۆمەڵگەی ئەمەریکاییدا ناخۆشی دەچێژێ و دوورخراوەی وڵاتی خـۆیەتی. ئەمـڕۆ لەبەر ئەوە کـۆ بووینەتەوە، بۆ ئەوەی بەشـێـوەیەکی کارەساتاوی پەردە لە ڕووی بارودۆخێکی کارەساتاویی سووکایەتیبەخشەوە هەڵماڵین.

ئێمە بەواتایەک نەهاتووینەتە پایەتەخت بۆ ئەوەی چەکی پارە وەربگرین، کاتێک دامەزرێنەرانی ئەم کۆمارە بە دەستەواژەگەلێکی زۆر جوان دەستوور و بەیانی سەربەخۆییـان دانا، ئیـمـزایان لەسـەر چەکێک کرد ببێتە کەلەپوورێک بۆ هەموو ئەمەریکا. ئەم چەکە بەڵێنێک بوو بۆ هەموو خەڵکەکە، بۆ ڕەشـەکانیش و بۆ سـپـیـیـەکانیش بەیەکسـانی، بۆ دابینکردنی ئەو مافانەیان کە کەس بۆی نییە بەکاری بهێنێ کە پێوەندیی بە ژیان و ئازادی و کامەرانییانەوە هەیە. ڕوونیشە کە ئەمەریکای ئیمڕۆ لە جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنانەدا بۆ نیشتمانییە پێستڕەنگینەکانیدا نوشوستیی هێناوە، لە جیاتیی ئەوەی، هەرچی لەسەرە بیدا، دیارە ئەمەریکا چەکێکی بێ بەهای بە ڕەشەکان داوە، بە دەستـەواژەی " چەکێکی بێ بەرامبەر " گەڕاوەتەوە بۆ خۆیان.

بەڵام ئێمە ئەوە ڕەت دەکەینەوە کە بەنکی دادوەری لات بووە. ئەوە ڕەت دەکەینەوە کە ئەو بارمتەیەی بەش بکا لە گەنجینەکانی توانست زۆر گەورەیەی نەتەوەکەماندا نەمابێ. ئێمە هاتووین ئەو چەکە وەربگرین وا

دەرگەی ئازادی و متمانە و دادوەریمان بۆ دەکاتەوە.

هەروەها بۆ ئەوە هاتووینە ئەم شوێنە پایە بەرزە کە ئەم ساتە پێویستەی ئێسا بەبیر ئەمەریکا بهێنینەوە. ئەمە کاتی حەسانەوە نییە تا لە گەرموگوڕیمان بگەڕێین سارد ببێتەوە، کاتی پێدانی جێبەجێکاریی هەنووکەیی هێورکەرەوەش نییە. ئەمە کاتی جێبەجێکردنی بەڵێنە دیموکراتییەکانە. ئەمە کاتی ڕاپەڕینە لە ونگەکانی جیاکارییە تاریک و دڵگوشەکانە بەرەو خۆرهەڵاتی دادوەریی ڕەگەزی. ئەمە کاتی دەرکردنەوەی نەتەوەکەمانە لە لمەکانی زۆرداریی ڕەگەزپەرستیی جووڵاوە و چەسپاندنەوەی کۆڵەگەکانی برایەتییە. کاتی هاتووە دادوەری بکرێتە ڕاستییەک بەلای هەموو خەڵکەوە. نەتەوەکەمان ئەگەر پێویستیی ئەم ساتە پشتگوێ بخا ناتوانێ لە مەترسیی ئەرکەکان خۆی دەرباز بکا. ئەم هاوینەی بە نارەزایی ڕەوای ڕەشەکان بارگران بوو، بەهاتنەوەی پایزی بە ئازادی و یەکسانیی گەشکەرەوە نەبێ کۆتاییی نایێ. ساڵی ١٩٦٣ کۆتایی نییە، بگرە سەرەتایە. ئەوانەی وایان دەزانی ڕەشەکان تەنیا پێویستییان بە خستنە بەربای هەستە کپکراوەکانیان هەیە و قایل دەبێ، کاروبار کە هاتەوە دۆخی جارانی ئەو بەهەڵەداچوونانەیان دەرەوێتەوە.

تا ڕەشەکان وەک هاونیشتمانی لە مافەکانیان بێبەش بن، ئەمەریکا حەسانەوە، یان ئارامی نابینێ، گەردەلوولەکانی شۆڕش تا ڕۆژی هەڵهاتنی دەرکەوتنی دادوەری، واز لە هەڵتەکاندنەوەی بنەماکانی نەتەوەکەمان ناهێنێ.

بەڵام من قسەم هەیە بە خەڵکەکەمی بێژم و من لەبەر ئەو دەرکە سواوەدا وەستاوم کە بۆ تەلاری داد دەچێ: کە هەوڵ دەدەین پایە ڕەواکەمان بەدەست بخەین، نابێ کاری زۆردارانە بکەین و پێویستە، بەخواردنەوەی کاسەی تفت و کینە تێنوێتیمان بۆ ئازادی نەشکێنین.

پێویسته هەمیشه خەباتمان له ئاستێکی بەرزدا، له سەربەرزی و پابەندبوون درێژه پێ بدەین. نابێ نارەزاییه بنیاتکەرەکانمان بەرەو توندوتیژی هەرەس بهێنێ. دەبێ بەردەوام هەوڵی بەرەو بەرزی بدەین، تا ترۆپکی مەزنی که هێزی گیان و هێزی مادیی تێدا دەبن به یەک. ئەم گیانه تێکۆشەرانەیه جوانەی کۆمەڵگەی رەشی پێ تایبەتمەنده نابێ وامان لێ بکا بەگومانەوه سەیری هەموو سپییەکان بکەین. چونکه ژمارەیەکی زۆر له برا سپییەکانمان و ئامادەییی ئەمرۆیان بەڵگەی قسەکانمه. درکیان بەوه کرد که داهاتوویان بەچارەنووسی ئێمەوه بەنده.

درکیان بەوه کردووه که ئازادییان بەشێوەیەکی توند به ئازادیمانەوه بەنده، له ماوەی کۆرەوماندا دەبێ پەیمان بەیەکتری بدەین که ئەم کۆرەوه بەرەو پێشەوه دەبەین. ناکرێ پاشەکشێ بکەین. کەسی وا هەیه له هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی مافه مەدەنییەکان دەپرسێ: " کەی باوەڕ بەوه دەهێنن؟" هەرگیز باوەڕ ناهێنین تا رەشەکان قوربانیی بێڕوویی سەرکوتی درندانەی کرێتکەرەوه بێ.

توانستی بێدەنگبوونمان نەماوه، کەچی له کاتی راگوزاریدا بۆمان نییه لەبەر چارپایه لەو موتێلەی لەسەر رێگه گشتییەکاندا بڵاو بوونەتەوه یان له ئوتێلەکانی شاردا بحەسێینەوه.

توانستی بێدەنگبوونمان نەماوه، کەچی ئەو رەشەی بیەوێ شوێنی نیشتەجێبوونی بگۆڕێ له گواستنەوه له گیتۆیەکی بچووکەوه بۆ گیتۆیەکی گەورەتر نەبێ هیچی تری پێ ناکرێ. توانای بێدەنگبوونیشمان نەماوه کەچی منداڵانمان دوای ئەوەی به ساڵدا دەچن وەک پێگەییو هەڵسەکەوتیان لەگەڵدا ناکرێ و هەست به سووکایەتی پێکردن دەکەن که دروشمەکانی " تایبەت به سپییەکان " دەخوێننەوه.

توانستی بێدەنگبوونمان نەماوه، کەچی رەشەکان له مسیسیپپی مافی

هەڵبـژاردنیـان نییـە و ڕەشـەکان لە نـیـویۆرک لـەو باوەڕەدایە دەنگدانەکـەی کارێکی بێ سوودە.

بەڵـێ، بەڵێ، چیی تر بەوە ڕازی نـین و هـەرگـیـزیش ڕازی نابـین، تا مــاف تەرخان بکرێ و دادوەری وەک پێل وشک ناکاتەوە.

لە بیـرم نـاچێتـەوە کە هـەندێک لە ئێـوە لە کـارەسـات و زەحـمـەتییـەکاندا ژیاون. لەنێویشتـاندا هـەیە مـاوەیەکی زۆر بەسـەر لە بەندیخـانە دەرچوونیـدا ڕەت نەبـووە. کـەسـانـی دیکـەش لە نـاوچـەیـیـێلێکیـەوە هـاتوون تێـیـدا بەر چەوسـانـدنـەوە و ئازاردان و هێـرشـی دڕندەی پۆلیس کـەوتوون، لە پێنـاوی ئازادیدا، ئێوە قارەمانی ئازارچەشتنی بنیاتنەرن.

لە کاردا بەردەوام بن و دڵنیا بن کە ئازاری ناڕەوا ڕزگارکەرەوەیە.

بگەڕێنـەوە مـسـیـسـیـپـی و ئـالابـامـا و کـارۆلاینی بـاشـوور و جـۆرجیـا و لویزیانا، بگەڕێنەوە زنجەکان و گەڕەکەکانی گیتۆ لە شارەکانی باکوورماندا و دڵنیـا بن ئەم بارودۆخـە شـیـاوی گـۆڕانە و دەشگـۆڕێ. لە وۆڵی نائومـێدیدا بەلارەلار ڕێ ناکەین.

من پێتـان دەڵێم برادەرینە، لەگەڵ ئەوەشـدا کە ئەمڕۆ تـووشی زەحمەتییان دەبین و سـبـەینێ ڕووبەڕوویـان دەبینەوە، مـن هـەمـیـشــە خـەون دەبینـم کـە کوڕانی کۆیلە کۆنەکان و گەورەکانی کۆیلە کۆنەکان ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسـەر مێزی برایەتیـدا لەسـەر گردەکانی جورجیای پەمـبـەیی دادەنیشن. خـەون دەبینم ویلایەتی مسیسیپی کە زۆرداری و چەوساندنەوە دەستیان بەسەردا گـرتووە، بە کەشـە مـرۆ خـنکێنەکـانیـانەوە ڕۆژێک دێ دەبێـتـە مـێرگـێک لە ئازادی و دادوەری.

خەون دەبینم چوار منداڵەکەم ڕۆژێک دێ لە ناو نەتەوەیەکدا دەچین لەسەر ڕەنگی پێستەکانیان لێیان ناپێچرێتەوە، بەڵکو لەسەر بەهای ڕەوشتیان. من خـەون دەبینـم... خـەون دەبینـم ڕۆژێک دێ لە ئالابـامـا، بەو ڕەگـەزپـەرسـتـە

درێوانەی تێیدان و بەو حاکمەی بە وشەگەلێکی ڕێ لە قانوونەیلی فیدرالی و لابردنی ئەم قـانوونـانە گـرەوە نەبێ، هیچ لێـدووانێک نادا، تەنانەت لە ئەلاباماش منداڵە ڕەشە گچکەکان و کیژۆڵە سپییە بچووکەکان چوون خوشک و برا بەتەبایی دەژین.

من ئەمڕۆ خەون دەبینم... خەون دەبینم ڕۆژێک دۆڵ بەرز دەبێتەوە و گرد و کێو نزم دەبن و شوێنە سەختەکان تەخت دەبن و ڕێگە پێچاوپێچەکان ڕاست دەکرێنەوە و بەرزیی خوا دەردەکەوێ و هەموو مرۆڤێک دەیبینێ. ئومێدمان وایە.

بەم دڵنیاییە دەگەڕێمەوە باشوور، بەم دڵنیاییە دەتوانین لە کێوی نائومێدیدا بەردی هیوا بچێنین. بەم دڵنیاییە دەکارین لێک دوورکەوتنەوەی تیژ لە نەتەوەکەماندا بە سیمفۆنیایەکی برایەتیی زۆر جوان وەربگێڕین. بەم دڵنیاییە دەتوانین پێکەوە کار بکەین و پێکەوە نوێژ بکەین و پێکەوە خەبات بکەین و پێکەوە بچینە بەندیخانە و پێکەوە بەرگری لە دۆزی ئازادی بکەین و ئێمە دەزانین ڕۆژێک دەبێ ئازاد دەبین.

لەو ڕۆژەدا هەموو خەڵک ئەم وشانە بە گۆرانی دەڵێن کە واتایەکی نوێ بەخۆوە دەبینێ:

" ئەی وڵاتم تۆ، خاکی ئازادیی سازگاری، بۆ تۆ گۆرانی دەڵێم.

ئەو زەوییەی باپیرانم لەسەریدا مردن، ئەو خاکەی کۆچبەران شانازییان پێوە کرد،

لە هەموو نشێوێکی چیاکانتەوە با زەنگی ئازادی لێ بدرێ! ".

ئەگەر گریمانەی ئەوە دەکرا ئەمەریکا ببێتە نەتەوەیەکی مەزن، با ئەوە ببێتە ڕاستی.

با زەنگی ئازادی لەسەر گردەکانی نیوهامشایەری ئێجگار جوانەوە لێ بدرێ!

له دوندەکانی کێوەکانی ویلایەتی نیویۆرکی مەزنەوە لێ بدرێ!

با له لووتکه بەرزەکانی ئالیگانیز له پێنسلڤانیا لێ بدرێ!

با له بەرزایییەکانی کۆلۆرادۆی بەردینی به بەفر داپۆشراودا لێ بدرێ!

با لەسەر لێژاییيه ڕێکوپێکەکاندا له کالیفۆرنیا لێ بدرێ!

بەڵام ئەمه هەموو شتێک نییه. با زەنگی ئازادی لەسەر هەموو گردێک و هەموو بانێکی مسیسیپپیدا لێ بدرێ! و له هەموو لێژایییەکی چیاکانیدا زەنگی ئازادی لێ بدرێ!

که ڕێ به زەنگی ئازادی دەدەین له هەموو دێیەک و هەموو گوندێک و هەموو شارێک و هەموو ویلایەتێکدا لێ بدرێ، ئەوا پەلەمان له هاتنی ئەو ڕۆژه کرد که هەموو خەڵکی ، له ڕەش و سپی و جوولەکه و بتپەرست و پرۆتستانت و کاتۆلیک لەسەری کۆکن و پێکەوە وشەگەلی سروودە ئاینییه زنجییه کۆنەکه دەڵێنەوە:

" له کۆتاییدا ئازاد بووین، ئازاد بووین له کۆتاییدا، بەرزی بۆ خوای مەزن که توانای بەسەر هەموو شتێکەوەیه، ئازاد بووین! ".

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:

١. له وتارێکەوە ساڵی ١٩٦٠ له " The Christian Century "دا به ناونیشانی " ڕێگەی بەرەو ناتوندوتیژیم "و، له کتێبی " La force d`aimer "دا، مارتن لۆتەر کینگ، بڵاوکراوەکانی Casterman، ١٩٦٤.

٢. هەڵوێستی کینگ له جەنگی ڤێتنام له کتێبی " La Seule Revolution "دا بڵاو کراوەتەوە، بـــڵاوکراوەکانی Casterman، ١٩٦٨.

* ئەم وتاره له ژماره ٢٦ی گۆواری Alternatives non violentes وەرگیراوە، که له تشرینی دووەمی ١٩٧٧.

rue Paul Appell, 42000 Saint-Etienne.A.N.V.16

پەراوێزەکانی بەشی دووەم:

١. `Combats pour la liberte (شەڕگەلێک لە پێناوی ئازادیدا) مارتن لۆتەر کینگ، Petite Bibliotheque Payot ١٩٥٨ ، ل / ١٥.

٢. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل/ ٣٥.

٣. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل/ ٥٧.

پەراوێزەکانی بەشی سێیەم:

١. شۆڕشێکی ناتوندوتیژی Revolution non-violente، مارتن لۆتەر کینگ، منشورات Payot.

٢. هەر ئەو سەرچاوەیە.

٣. هەر ئەو سەرچاوەیە.

٤. هەر ئەو سەرچاوەیە.

## سێلما ١٩٦٥

فینسنت ڕۆشل

(لە مۆنتیگەمری و پێرمەنگهام) هێزیان لە سەرکەوتنەکانیانەوە هەڵێنجا، شارەزاییشیان لە ئەزموونە سەرنەکەوتنەکانەوە (وەک ئەزموونی ئاڵبانی ١٩٦٣)، هیچ شتێکیش لە ستراتیجییەتی کاری ناتوندوتیژی لە مارتن لۆتەر کینگ و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان بە شاراوەیی نەماوە. لە نێوان ساڵانی ١٩٥٥ و ١٩٦٤ دا دەستکەوتی بەبایەخ بەدەست هێنرا. بەڵام لەو ماوەیەدا داننان بە مافی ڕەشەکان لە هەڵبژاردندا تەرخان نەکرابوو و گشتگیر نەبوو.

شێوەی دەستووری ئەمەریکی کە بۆ پانزەهەمین جار هەموار کرا، ساڵی ١٨٧٠ بڕیاری لەسەر درا، وەک بنەما جەختی لەسەر مافی ڕەشەکان لە هەڵبژاردندا کرد. کەچی ویلایەتە باشوورییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەستیان بە جێبەجێکاریی یاسادانان کرد، ڕەشەکانی لەو مافانە بێبەش کرد کە دەستوور پێیانی دابوو. ئەمە ئەوەیە کە پێیان گوتبوو قانوونەکانی " جیم کراو "، ئەم جیم کراوەش کەسایەتییەکی ئەفسانەیییە، بە هێمای ئەو جۆرە سیاسەتانە دادەنرێ. بەپێی ئەمە هەندێک ویلایەتی باشوور باجی هەڵبژاردنیان سەپاند (Poll Tax) بۆ ئەوەی دەنگدەر بتوانێ ناوی خۆی لە لیستەکانی هەڵبژاردندا تۆمار بکا، ئەم باجەش تا ساڵی ١٩٦٥ لە تەکساس و ئەرکەنساس و میسیسیپی و ئەلاباما و ڤیرجینیا

وەردەگـیـرا، لە هـەندێک ویلایـەتی باشووردا داوا لە ڕەشـەکان دەکرا دەقی تـەواوی دەسـتـووریان پـێ ببیـسـتن. ئا بەم جـۆرە هـەندێک لە قـوتابیـیـانی زانکۆ بە بیـانووی تـاقـیـکردنـەوەکـانی نەخوێندەوارییەوە بە ناشایستە دادەنران.



ویلایەتەکانی باشوور (دیکسی) نارەزایی دژی ڕێگەنەدانی ڕەشپێستەکان لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن کە لە دەستووری ئەمریکی هاتبوو لە ساڵی ١٨٧٠

"ڕابیـتـەی نیـشـتـیـمانی بۆ پێـشکەوتنی پێـسـتـڕەنگینان" (N.A.A.C.P)لە جەنگی دووەمی جیـهانیـیـەوە ئەم گـرفـتـەی گـرتە ئـەسـتـۆ و ژمـارەی دەنگدەرە ڕەشـەکـان لە "دیکسی" (کـۆی ئەو ویلایـەتانەی بـاشـوور کـە ڕێژیمی کۆیلەیەتیی جێبەجێ کردووە)، ئەویش بە هۆی چالاکیی قانوونیی لەبەردەمی دادگا فیدراڵییەکان و پەرۆشیی بۆ دوورخستنەوەی یەک لە دوای یەکی ئەو تەگـەرانەی ڕێی لە ڕەشـەکـان دەگـرت بـۆ چوونی بەرەو سندووقـەکـانی دەنگدان.

مـافی ڕەشـەکـان لە هەڵبـژاردندا بەلای مـارتن لۆتەر کـینگەوە دۆزێکی سـەرەکی بـوو. لە ئـایاری ١٩٥٧دا لـە گـوتـاری یادی لینکۆڵن-دا کـە لە سـەرەتای کۆڕەوی بەرەو واشنتندا خـوێندییـەوە، گوتی: " تاکو من بەهێز و بەشێوەیەکی یەکجارەکی مافی هەڵبژاردنم نەبێ، من خۆمم لەدەستدا نییە.. ئەو سکالایەی زۆرتر پێـویسـتـە بیـخـەینە بەردەسـتی سـەرۆکی ویلایـەتە یەکگرتووەکان و هـەر ئەندامێک لە کۆنگریس، ئەوەیە کە مـافی هـەڵبژاردنمان

بدرێتێ. ئەم مـافـەمـان پێ ببـەخشـن و ئێمـە پەیمان دەدەین کە ئـەنجـومـەنی شـاندەکان بە نـیـازچاکـان پڕدەکـەینەوە و پیـاوێلێک دەگـەیـەنینە کـۆنگریس بەیانێکی "باشـوور" واژۆ ناکەن چونکە هەر هەموویان دڵسـۆزدەبن بۆ بەیانی دادوەری. مــــافـی دەنگدانمـان بـدەنـێ و دادوەرێلـێک دەخـــــەینـە ســــەر کورسـییەکانـی دادگاکانی باشوورەوە دادوەرانە حوکم بکەن و بەزەیی بزانن و حوکمی ویلایەتە باشوورییەکان دەدەینە دەست دادوەرانێک نەک هەر تەنیا هەستی مرۆیانەیان هەبێ، بگرە ڕووناکیی خوداییشیان هەبێ ".

## ڕەگەزپەرستی لە ویلایەتەکانی باشووردا

کینگ هەرگیز لە بیری ناچێتـەوە کە، کەنەدی لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٠ دا بەرامبـەر بە نیکسن بە جیـاوازیی ١١٢ , ٨٨١ دەنگ بردییەوە. بـە چاکەی ئەو دەنگانەی ڕەشەکانەوە بوو کە سێ چارەکی دەنگەکانیان لە پشتگیریی ئەودا بوو. کـەنەدی پشـتگیـریی چالاکـیـیـەکانی کـینگی کرد لە کـاتێکدا نیکسن تەواوێک کـۆمـەڵی دەنگدەرە ڕەشـەکـانی خسـتـە پشـتگوێ. یەکەم چالاکـیی "کۆنگرەی سـەرکردە مـەسـیـحـیـیـەکان لە باشـوور" (S.C.L.C.) ڕێکخسـتنی هەڵمـەتێک بوو بۆ تەرخـانکردنی مـافـە مـەدەنیـیـەکان و تۆمـارکردنی ڕەشـە باشـوورییـەکان لە لیسـتـەکانی هەڵبژاردندا. چالاکوانان دەچوونە مـاڵان بۆ ئەوەی باوەڕ بە ڕەشـەکان بهێنن بـە پێویسـتیی تۆمار کردنی ناوەکانیـان لە لیستەکاندا. لەمەشدا تووشی چەندین تەگەرەی قانوونی بوون. ئەم خشتەیە بیـرۆکـەیەکمـان دەداتێ لەبارەی ئەو پێشکەوتنەی لەماوەی ئەو قـۆناخـەدا هاتووەتە دی.

بەڵام کینگ یەکسـەر هەسـتی بەوە کـرد کـە ئەو ئامادەکارییانە بەس نین. ڕێژەی ٧٢٪ ی ڕەشـــەکـــان لـە تەمـــەنی هـەڵبـــژاردندان لە پێنج ویلایـەتی باشووردا، بەکارهێنانی ئەم مافەیان لێ قەدەغە کراوە: کارۆلاینای باشوور و جۆرجـیـا و لویزیانا و ئەلاباما و مـسـیسـیـپی. دەبووایە پەنا ببرێتـە بەر

| سالی ١٩٦٤ | سالی ١٩٦٠ | ناوی ویلایەت |
|---|---|---|
| ٪٤٦ | ٪٢٣ | تەکساس |
| ٪٤١ | ٪٣٠ | ئەرکەنساس |
| ٪٣١ | ٪٢٢ | لویزیانا |
| ٪٦ | ٪٤ | مسیسیپی |
| ٪١٩ | ٪١٤ | ئەلاباما |
| ٪٤٥ | ٪٢٦ | فلۆریدا |
| ٪٣٦ | ٪٢٢ | جۆرجیا |
| ٪٣٠ | ٪١١ | کارۆلاینای باشوور |
| ٪٤٢ | ٪٢٥ | کارۆلاینای باکور |
| ٪٦٤ | ٪٥٩ | تێنیسی |
| ٪٢٥ | ٪١٩ | ڤیرجینیا |

ڕێژەی ڕەشە تۆمارکراوەکان بەگوێرەی ژمارەی ئەو ڕەشانەی لە تەمەنی هەڵبژاردندان لە باشوور (بەلای ئێلیز مارینستداس)

جموجووڵی ڕاستەوخۆ لە پێناوی سەندنەوەی قانوونێک لە حکوومەتی فیدراڵی، کە بەکارهێنانی ئازادانەی مافی هەڵبژاردن بۆ ڕەشەکان دابین بکا.

ناوەندی بزووتنەوە شاری سێلما بوو کە ڕەشەکان نیوەی دانیشتووانی پێکدەهێنن و لە دووریی هەشتا کیلۆمەترەوەیە لە مۆنتیگەمری، لەسەر سنووری ئەلاباما. بزووتنەوەی ناتوندوتیژیی قوتابییانی ڕەشپێست (S.N.C.C.) لە ١٩٦٣ وە بۆ بڕیاردانی مافی هەڵبژاردن تێدەکۆشا. لەکاتێکیشدا کە بزووتنەوە هەر لە شوێنی خۆیدا بوو، ساڵی ١٩٦٤ سەرکردەکان بانگەوازێکیان ئاڕاستەی مارتن لۆتەر کینگ کرد.

جێم کلارک-ی وتەبێژی لایەنگرانی جوداوازی، سەرۆک شارەوانی بوو لە سێلما، لە لێدووانێکدا گوتبووی: "ئەگەر بڕیاری خۆپیشاندانتان دابێ، پێویستە بەر لە هەموو شتێک بەسەر لاشەمدا ڕێ بکەن". جۆرج والاس- ی ڕەگەزپەرستی ناسراوی حاکمی ئەلاباماش قسەی کردە سەربار و گوتی: "بەڕێوە نارۆن، من ڕێیان لێ دەگرم". ئەم دوو لێدوانانە کەشێکی کارەساتاوییان بەسەر بارودۆخەکەدا هێنا. بەڵام کینگ بەبیریدا هاتەوە چۆن ڕەوشتی "بوڵ" کۆنوری کێوی لە پێرمەنگهام بەشداریی لە سەرخستنی جموجووڵدا کرد و هەروەها بەبیریدا هاتەوە چۆن ڕەوشتی نەرمی سەرکردەی پۆلیس لە ئەڵبانیدا بەشداریی لە خنکاندنی جموجووڵەکە کرد، کە بە وریاییەوە خۆی لە هەڵسوکەوتی توندوتیژ لادا لەگەڵ خۆپیشاندەراندا.

لە شوباتی ١٩٦٥دا کە یاریدەرانی کینگ ڕایانگەیاند سەرۆکایەتیی ڕێپێوانێک دەکا لە سێلماوە بۆ مۆنتیگەمری ٧ی ئادار بەڕێ دەکەوێ، کاروبار گەیشتبووە ڕادەیەکی زۆر تەنگژاوی. سێلما لە شوباتەوە ڕێپێوانی بەرەو تەلاری داد دەبینی داوای تۆمارکردنی ناوی ڕەشەکانی لە لیستەکانی هەڵبژاردندا دەکرد. گەلێک کەس گیران، یان لێیان درا و کینگ-یش لەگەڵ ڕالف ئەبرنائیی هاوڕێیدا گیرا چونکە باجدانیان ڕەت کردەوە، بەرزبوونەوەی ڕادەی گرژی، سەرۆک جۆنسنی هان دا بە ئاراستەی دەرکردنی بڕیارێکی کۆماری لەبارەی مافی هەڵبژاردنەوە بێتە ناوەوە، لەبەشێکی نووسینی ئەو سەردەمەدا کۆواری " تایم " گوتوویەتی: " جیم کلارک هێزی دینامیکیی بزووتنەوەی پێکهێنا "، کە بزووتنەوە لاوازدەبوو لەگەڵ لایەنگرانیدا بە ئەنجامدانی کاری دڕندانەی نوێوە دووبارە دەیژیاندەوە،. لە دەمی خۆپیشاندانێکدا "جیمی لی جاکسن"ی لاوی ڕەشپێست لە هێرشێکی پۆلیسدا گیانی لەدەست دا، کە هەوڵی پاراستنی دایکی و باپیری دەدا.

دوابەدوای ئەم کارە تاوانبارانەیەوە پێشەوا ڕەشەکان پێشنیازی بیرۆکەی ڕێپێوانێکیان کرد بۆ مۆنتیگەمریی پایتەختی ئەلاباما، بۆئەوەی داوا لە جۆرج والاسی حاکمی بکەن سنوورێک بۆ دڕندایەتیی پۆلیس دابنێ و مافی هەڵبژاردن دابین بکا. حاکم دەمودەست فەرمانێکی بە قەدەغەکردنی ڕێپێوان دەرکرد.

## سێلما لە بەرەورووبوونەوەی واشنتندا

ڕۆژی دەستنیشانکراوی ڕێپێوانەکە بۆ مۆنتیگەمری سێ سەت و پەنجا کەس لە ڕەشەکان کۆبوونەوە. ئەو ڕۆژە کینگ لەوێ نەبوو. خۆپیشاندەران لەگەڵ پۆلیس لەیەکیان دا، ڕووبەڕووبوونەوەکان توند بوون. بەلای کەمەوە ٦٧ کەس بریندار بوو، حەڤدەیان شکانیان لە کاسەسەر، یان لە ئەندامانیاندا هەبوو. ڕۆژنامەی "لۆمۆند" ئەو هاواری ئازارەی جۆن لویس-ی بزووتنەوەی قوتابییانی ناتوندوتیژی دوای خۆپیشاندانەکە لە کەنیسەی سێلما کردبووی بڵاوکردەوە: "من تێناگەم سەرۆک جۆنسن چۆن پێی کرا سەربازی ئەمەریکی بۆ ڤێتنام و کۆنگۆ بنێرێ و بۆچی ناتوانێ بیاننێرێتە ئەلاباما".

ئەم کاردانەوەیە لەلایەن چالاکوانێکی ناتوندوتیژییەوە کە وەک پێچەوانەی یەک دیارە، ویستوویەتی پەردە لە ڕووی ئەوە هەڵماڵێ کە قانوونە فیدراڵییەکان پێی ناکرێ سزا بە دەسەڵاتدارانی ئەلاباما بگەیەنێ. ئەو ئەمریکییانەی هەموو هێزە سەربازییەکانیان لە ڤێتنام پیشان دەدەن وەک دەستەوسان دیارن لەبەردەمی ڕووداوەیلێکی ناوخۆ، کە لە یەکێک لە ویلایەتەکانی ئەو یەکەتییە ڕوودەدا. ئەو ڕووداوانە دەنگدانەوەی قووڵی لە گشت جیهاندا هەبوو. تەون (تۆڕ)ەکانی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ هەواڵەیلی دیمەنێلێکیان لە توندوتیژی بڵاوکردەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەم ساڵانەی دواییدا بەخۆیەوەی بینیوە و نموونەی نەبووە. کە هەڵمەتێکی

ڕاگەیاندنی فرەوانی بۆ بزووتنەوەکە پێکهێنا.

لەسەر ئەمە قازیی فیدڕالی لە مۆنتیگەمری بڕیارێکی بە قەدەغەکردنی ڕێپێوانەکە دەرکرد:" تا هەندێک لە دۆزە دەستوورییەکان ڕوون دەبنەوە ". سەرسامی خۆپیشاندەرانی داگرت، چونکە دادوەرە فیدڕاڵییەکان بەگشتی پێدەچوو سۆزدارییان لەگەڵ بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکاندا هەبووبێ. سەرۆک جۆنسن کارە توندوتیژییەکانی گوناهبار کرد، کە پۆلیس ئەنجامیان دابوو و بانگەوازێکی بۆ "هێوربوونەوە و ژیری و ڕێز لە قانوون و ئارامیی گشتی گرتن دەرکرد". لە ڕاستیدا داوای ئەنجام نەدانی ڕێپێوانەکەی دەکرد. کینگ بەبیریدا هاتەوە کە گوێڕایەڵی بۆ فەرمانی دادوەرێکی فیدراڵی فەرمانی بە سەرنەکەوتنی بزووتنەوەیەکی ئەڵبانی دا، بۆیە بڕیاری دا چاو لە فەرمانەکە بپۆشێ و ڕۆژی سێشەمە سەرکردایەتیی ڕێپێوانەکە بکا. بانگەوازێکی ئاڕاستەی پێشەوا ڕۆحییەکان کرد بۆ بەشداریکردن لە ڕێپێوانەکە. هێزەکانی حاکم والاس ڕێپێوانەکەی ڕاگرت هەر وەک لە ڕێپێوانی پێش ئەمە کردبووی. کینگ پاشەکشەی پەسند کرد.

ڕۆژی شەمە لە ٣ ی ئاداردا هەندێک لە ڕەگەزپەرستانی سێلما هێرشیان بردە سەر کۆمەڵێکی بچووکی سپییەکان بۆ بەشداریکردن لە ڕێپێوانەکە هاتبوون، جایمز ڕیب- ی قەشەی سپی لە "بۆستن" ەوە هاتبوو و تەمەنی ٣٦ ساڵ بوو کاسەسەری شکابوو و هەر بەو برینانە ژینی بەجێهێشت. خۆپیشاندانی ناڕەزایی لە هەموو لایەکی وڵات دەستی پێ کرد کە، تەنانەت لە واشنتن، دە هەزار کەس و پازدە هەزار کەس لە نیویۆرک کۆ بووبووەوە، ژمارەی ئەو کاتۆلیک و پرۆتستانتانەی بەشدارییان لەم خۆپیشاندانە دەکرد هەر لە زۆریدا بوون.

لە کۆتاییشدا لەم تەنگژە ڕەگەزپەرستییەدا سەرۆک جۆنسن هاتە ناوەوە و پێشنیازی یاسایەکی نوێی بۆ کۆنگریس کرد بە ئامانجی ئاسانکردنی




پاش چەند جارێک هەوڵدان بۆ ڕێپێوانی ئاشتی لە مۆنتیگەمری لە کۆتاییدا لە ٢١ بۆ ٢٥ی ئاداری ساڵی ١٩٦٥ ئەنجام درا، کە بەدرێژایی ڕێگا بەشداربووان تووشی توندوتیژی هاتن لەلایەن سپیپێستەکان و پۆلیس و کوکلوکس کلان. کە بووە هۆی کوشتنی دوو کەس و لە خۆپێشاندەران. لە سەرەتادا ڕێپێوانەکە ژمارەیان ٣٠٠٠ کەس بوون دوای ئەوەی کە گەیشتنە مۆنتیگەمری ژمارەیان زیادی کرد بۆ ٢٥ تا ٣٠ هەزار کەس کە داواکەیان بریتی بوو لە بەشداریکردنی ڕەشپێستەکان لە هەڵبژاردن.

پرۆسەی دەنگدانی ڕەشەکان. بڕیاری سەرۆکایەتی، نادەستووریی زۆربەی ئەو (کۆت) انەی کرد کە دەسەڵاتدارانی باشوور خستبوویە سەر دەنگدانی ڕەشەکان، ئەگەر دەسەڵاتە ناوخۆییەکان جێبەجێکردنی ئەو ئامادەکارییە پێشنیازکراوانەیان ڕەت کردەوە، دەقەکە داوای پشتبەستنی بە سیستەمی هەڵبژاردنی فیدراڵی کرد.

لە مۆنتیگەمری پێشنیازێکی نوێ بۆ دادوەری فیدراڵی بەرزکرایەوە، بۆ ڕێپێوانێک تەنیا چەند سەت کەسێکی تێدا بەشداری کرد و ماوەی ٨٠ کیلۆمەتر ڕێی کرد و دوای لێ ورد بوونەوە، دادوەر پەسندی کرد. ژمارەی

بەشـدار بووان دەبووایە لە بەشی زۆری مـاوەکـەدا سـێ سـەد کـەسی ڕەت نەکردایە. جۆرج والاس-ی حاکم، دابین کردنی پـاراستنی ڕێپێوانەکەی ڕەت کردەوە بەوەی کـە توانای تەواوی نیـیە کە بەشـی ئەوە بکا. ئەوسـاکـە لندن جـۆنسـن پاسـەوانانی نیـشـتـیـمـانیی لـە ئەلاباما خـسـتـە ژێر دەسـەڵاتی حکوومـەتی فیـدرالی. ئینجـا ڕێپێـوانـەکە توانای ئەوەی بـوو بەڕێ بکەوێ و سەرکەوتنی بزووتنەوەکە گومانی تێدا نەما.

ڕۆژی یەکشەمە لە ٢١ ی ئادار سێ هەزار کەس دەستیان بە ڕێپێوان کرد و یەکـــەم یـانزە کـــیلـۆمـــەتریان بڕی، کـــینگ لـەو وتارەیدا کـــە بـەر لەوەی ڕێپێـوانەکە دەست پـێ بکا پێشکێشی کرد، ئاماژەی بۆ ئەوە کـرد، کە ئەو گەلی جـوولەکـەیە چێشـتـوویەتی کـە "فیـرعـەونەکان دەسـتـیـان بەسـەریـاندا گرتووە و لەلایەن ئابوورییـەوە دەستیـان پێوە گرتووە". خـەڵکەکە دەستیـان بە گۆرانیی "لێگەڕێن با گەلەکەم کۆچ بکا" کرد لەگەڵ ورووژاندنەوەی ڕەهەندە هێماییـەکەی بانگەوازی مووسا کە سەرکردایەتیی گەلەکەی بەرەو ئازادی کـــردووە. لـە مـــاوەی ڕێـپـــێـــوانـەکـــەدا کـــەشـــەکـــە بـارگـــاوی بـوو چونکە ڕەگەزپـەرستەکان بە ئەنقەست تەنگیان بە خـۆپیشـاندەران هەڵدەچنی و بەو ئۆتۆمـبێلانەیان کە دروشـمی دژ بـە ڕەشـەکانیـان پێوە کرابوو لەتەکیـانەوە دەڕۆیشـتن. هـەروەها لە گەڕەکەکانی ڕەشـەکانی پێرمەنگهامدا پێنج بۆمبای کـــاتی دۆزرانـەوە. نزیکەی سـێ هـەزار کـــەس لـە هێـــزە چەکـــدارەکـــان و مـووچەخـۆرانی فـیـدراڵی بە درێژایی شـەقـامـەکانی سێلما و ڕێی گـشـتـیی بەرەو مـۆنتیگـەمری _ دا بڵاوبووبوونـەوە. لە کۆتـایی ئەو ڕۆژەدا تەنیـا سـێ سـەد بەشـدار توانییـان شـەو لە تەک ڕێگاکەدا بەسـەر ببـەن بۆ ئەوەی ڕۆژی دواتر ڕێپێوانەکە درێژە پێ بدەن؟

## سی هەزار کەس لە کۆتاییدا

ئێوارەی چوارشەمە ژمارەی کۆبووەکان لە نزیک دەروازەی مۆنتیگەمریدا گەیشتنە چوار هەزار کەس. بۆ بەیانیی ڕۆژی دواتر سێ هەزار کەس بوون و نیوەیان لە سپییەکان بوون ڕێپێوانەکەیان درێژە پێ دەدا بۆ بڕینی ئەو شەش کیلۆمەترانەی مابوون. فیلیپ بین ـ ی پەیامنێری " لۆمۆند "، باسی کۆتاییی ڕێپێوانەکەی کردووە و دەڵێ: " هێزەکانی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستانە بە سەرکەوتوویی چووە ناو دڵی ئەوەی تا ئەوسا مۆڵگەیەکی ڕەگەزپەرستی و تیۆرییەکانی (بالآیی) سپییەکان بوو ".

دوای دیمانەیەک کە گۆرانیبێژانێکی وەک هاری بلافۆنت و سامی دێڤیس و کەسایەتیی وەک جێمزبالدوین ـ ی نووسەری تێدا بەشدارییان کرد، ڕێپێوانەکە بە کۆبوونەوەی بەردەمی پەرلەمانی ئەلاباما کۆتاییی هات. جۆرج والاس ڕەتی کردەوە ئەو لیژنەیە ببینێ کە ڕاسپێررابوون سکالآیەکی بدەنێ. لەوکاتانەدا خۆپیشاندەران خۆیان بۆ بەجێهێشتنی شار ئامادە دەکرد، خانمێکی سپی بەدەستی ئەندامەیلێکی کۆکلوکس کلان (کۆمەڵێک لە سپییە ڕەگەزپەرستە زێدەڕۆکان) کوژرا بەشداریی لە ئامادەکاریدا کردبوو بۆ جموجووڵ.

لە ٧ ی ئابدا سەرۆک جۆنسن ئەو قانوونەی واژۆ کرد کە جەخت لەسەر مافی ڕەشەکان لە هەڵبژاردن دەکا. قانوونەکە مافی ڕەشەکان لە دەنگداندا دابین دەکا لە ڕێی زیادکردنی دەسەڵاتی فیدراڵی لەو ویلایەت و کەرتە ناوچانەدا کە لەنیوەی کەمتری ڕەشەکانیان تێدا هەڵدەبژێرران. بەڵام لە نووسیگە ڕەگەزپەرستە توندڕۆکاندا، لیستی هەڵبژاردنیان ئامادە کردبوو کرێگرتە فیدرالییەکان سەرپەرشتییان دەکردن. لندن جۆنسن وتەیەکی ئاراستەی گەلی ئەمەریکی کرد تێیدا دەڵێ: " ئێستا ڕێم بدەن بەهەموو ڕەشەکانی وڵات بڵێم: "دەبێ ناوتان تۆمار بکەن، پێویستە دەنگ بدەن،

پێویسته خۆتان ئاماده بکەن تا دەنگتان توانای خزمەتکردنی بەرژەوەندیی خۆتان و بەرژەوەندیی نیشتیمانی ببێ. لەسەر ئەم بنەمایە دوارۆژی خۆتان و منداڵەکانتان بنیات دەنرێ.

لەو کتێبەیدا کە ساڵی ١٩٦٦ دایناوە (ڕێپێوانەکەمان بەرەو کوێ؟) (ou allons noud?) مارتن لۆتەر کینگ ڕاپۆرتێکی وردی سەرسوڕمێنی دانا لە بارەی بارودۆخی ڕەشەکانەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، لە کاتی بەرپابوونی ڕاپەڕینە توندەکان لە چەندێک لە شارەکانی باکور و دەستکەوتەکانی ئەو قانوونەشی بەتایبەتی ژمارد: " لە سەرەتای شۆڕشی مافە مەدەنییەکانەوە تۆمارکردنی ڕەشەکان لە لیستەکانی هەڵبژاردندا، بە نزیکەی سەت لە سەتدا لە زۆربەی ویلایەتەکانی باشوور و بەڕێژەی سێ سەت لە سەت و شەش سەت لە سەتدا لە ڤرجینیا و ئەلاباما. سیستەمی کۆن دەستی بە لەدەست دانی پێگەکانی خۆی کرد و بەڵگەش بۆ ئەمە کێشانەوەی هەردوو شەریف (پارێزگار): کلارک و "بوڵ" کۆنور-ە لەسەر شانۆی سیاسییەوە..".

بەڵام هەر لەو کاتەشدا لە سستیی دەسەڵات بێزار بوو:" واژۆکردنی قانوونی مافی هەڵبژاردن، ساڵی ١٩٦٥، وەک بەرەبەیانی ڕۆژێکی نوێ بوو، ئەو هەلەی بۆیان ڕەخساند کە پێویستییان پێیەتی. بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێ دەبووایە بێگومان سەتان فەرمانبەر بۆ کاروباری مەدەنی و هەزاران پۆلیسی فیدراڵی بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ تۆقینی باشوور دابنرێ. لە جیاتی ئەوە لە شەست فەرمانبەری کاروباری مەدەنی کەمتر ڕاسپێررا و بۆ جێبەجێکردنی ئامادەکاریی پێویست یەک کرێگرتەی فیدراڵیی ڕێپێدراو بۆ باشوور نەنێررا. ئەم کەلێنەی لە نێو دەقی قانوونی و جێبەجێکردنیدا هەیە، بەکورتی لە پاڵنەرە سەرەکییەکان بووە بۆ بێزاریی لایەنگرانی " هێزە ڕەشەکە " لە پەنابردنەبەر پرۆسەی قانوونی.

هەر وەک ساڵی ١٨٦٨ ڕووی دا، کاتێک کۆنگریس بڕیاری لەسەر قانوونی مافە مەدەنییەکان دا و جێبەجێکرنی ڕەت کرایەوە، هەروەها ئەو قانوونە مەدەنییەی ساڵی ١٩٦٤ دەرچوو بەکردەوە تا ئەمڕۆ هەروەک مەرەکەب لەسەر کاغەزدا مایەوە. هەر وەک ساڵی ١٨٧٠، قانوون لە لایەن بنەماوە مافی ڕەشەکانی لە هەڵبژاردندا دەستەبەر کرد، بەڵام لە ڕاستیدا نیوەی وڵاتی لێ وەرگرتەوە، هەروەها قانوونی مافی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦٥ یش خۆ لێدزینەوە و دواخستنی بەئەنقەست بۆ تەگەرە خستنە بەردەمی بە دوادا هات".

هەروەها مارتن لۆتەر کینگ _ یش بۆچوونێکی لەبارەی ئەندامانی "دەسەڵاتێکی ڕەش"ی ناتوندوتیژەوە دانا و لە نێو ئەمانەدا مافی هەڵبژاردنەکانی باس کرد: "زیادکردنی ژمارەی دەنگدەرە ڕەشەکان لە باشوور سەرچاوەیەکی دیکەی دەسەڵاتە. کاتێک ڕەشەکان لە ویلایەتەکانی باشوور بە کەڵەڕەقی بەرەنگاری پیاوانی دەسەڵات دەبنەوە، ناچاری پاشەکشەیان دەکەن و لە هەمان کاتیشدا ئەو هاوپەیمانییە شلۆق دەکا، کە لە کۆنگریسدا کۆنەپەرستە باشوورییەکان و هاوڕێ کۆمارییەکانیان لە باکور کۆ دەکاتەوە. ئەم هاوپەیمانییەی لە ماوەیەکەوە دەستێکی کەموزۆر لەناو کۆنگریسدا دەسەپێنێ لە ئەنجامی دەسەڵات گرتنە دەست لە لیژنە سەرەکییەکاندا، چیی دی لە توانایدا نییە تەگەرە بخاتە بەردەمی جێبەجێکارییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و چەمکە هەڵەکەی خۆی لەبارەی دیمەکراتییەوە بەسەر ئاراستەی سیاسیی وڵاتدا بسەپێنێ. ئەمێستا دەنگدانی ڕەشەکان، بەشێکی ئەو هێزانەی دەبوو نوێنەرایەتییان بکا بە خۆوە ناگرێ.

دەتوانین ژمارەی دەنگدەرە ڕەشەکان لە باشوور دوو ئەوەندە لێ بکەین، لە باکوریشدا، کە ناوی خۆیان بەرێژەگەلێکی یەکسان لەگەڵ سپییەکان تۆمار کردووە، ئەوە نابینین کە بەرێژەگەلێکی یەکسان دەنگ بدەن. ڕەشەکان




دوولایەنیی ڕێپێوان لە سێلماوە، بۆ خۆپاراستن لە پۆلیس و چالاکوانە ڕەگەزپەرستەکان لە ئەلاباما بەشداربووان ڕازی بوون بە سێ هەزار سەرباز و مووچەخۆری فیدراڵی دەوره بدرێن بە درێژاییی شەقامەکان لە سێلما و بە درێژاییی ڕێی گشتیی بەرەو مۆنتیگەمری.

هەست دەکەن بێ سوودن، بۆیە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنێکدا ڕەت دەکەنەوە کە واتایەکی نەبێ. بەڵام کە هاووڵاتیی ڕەش درک بە قەوارەی ئەو ئەنجامانە دەکا کە بە یەکخستن و ڕێکخستنی هێزەکان دەتوانێ بەدەستیان بهێنێ، ئەوە دەزانێ کە چۆن دەسەڵاتی خۆی بە کار دەهێنێ.

لە بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەرەوە و دەستڕۆییی سیاسیی ڕەشەکان بە بەردەوامی دەستی بە پەرەسەندن کرد. وای لێ هات لە توانایاندا بێ بە ئازادییەکی پتر ناوەکانیان لەسەر لیستەکانی هەڵبژاردنەکاندا تۆمار بکەن. بەڵام هێشتا پێویست بە بەخشینی ڕەنجێکی زۆر هەیە کە قایل بن و ڕوو بکەنە سندووقەکانی دەنگدان. (ئەوە ئەو شەڕە بوو کە جیسی جاکسن لە ١٩٨٤ و ١٩٨٨ دا خۆی لێ دا، لە هەڵمەتی بەدەستهێنانی داواکاریی حزبی دیموکراتی بۆ خۆ کاندیدکردن بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی کۆماری).

چاوگ:

(*) كوريتا سكۆت كينگ Ma vie avec Martin Luther King (ستۆك).

(*) ستيڤن ب. أوتس Martin Luther King (لوسنتوريۆن).

(*) مارتن لوثر كينغ "مسيرتنا إلي أين؟" (پايو).

(*) إيليز مارينستراس En Marge les Minorites aux Etats-Unis (ماسپيرو).

(*) مقالات من لوموند، شهر آذار ١٩٦٥.

*

## دوای جەنگی ڤێتنام ١٩٦٧

گی بۆبۆڵت

"لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٥ دا ڤێتنام ١٨٥,٠٠٠ سەربازی ئەمەریکی لێ بوو و حکوومەت خۆی ئامادە دەکرد بیانگەیەنێتە ٤٥٠,٠٠٠. بەلای مارتن لۆتەر کینگەوە ڕوون بوو کە گرفتی هەژاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و جەنگ لە ڤێتنامدا بەیەکەوە پەیوەستن. بەدەستخەرەوەی پاداشتی نۆبڵ بۆ ئاشتی چیی کە نەیدەتوانی بێدەنگ بێ ".

لە دووی تەمموزی ١٩٦٤دا، مارتن لۆتەر کینگ و ژمارەیەک لە سەرکردەکانی بزووتنەوە ڕوویان کردە کۆشکی سپی بۆ واژۆکردنی قانوونی مافە مەدەنییەکان. لەو بۆنەیەدا لندن جۆنسن ـ ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان لێدوانێکی لە ڕێی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە ئاراستە کرد و تێیدا گوتی: " ئەوانەی لەلای خودا یەکسانن، لەمەودوا لە مافی هەڵبژاردن و قوتابخانەکان و کارگەکان و ئوتێلەکان و چێشتخانەکان و هۆڵەکانی سینەما و هەموو بوارەکانی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا یەکسان دەبن. ڕێژیمی جیاوازیی ڕەگەزایەتی دەبێ نەمێنێ. ئەی سەرۆک بانگهێشتێکی بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی ئاراستە نەکرد؟: " با سەرچاوە ژەهراوییەکانی ڕەگەزپەرستی وشک بکەینەوە و سنوورێک بۆ ئەو جیاوازییانە دابنێین کە پاساویان نییە و با نەتەوەکەمان بکەینە یەک قەوارە ".

دەشێ بڕیاری سەرۆکایەتیی مافە مەدەنییەکان لە هەموو ئەو قانوونانە



واژۆ کردنی بڕیاری سەرۆکایەتیی قانوونە مەدەنییەکان لە واشنتن لە ٢ ی تەمموزی ١٩٦٤، سەرۆک جۆنسن دەستی کینگ دەگوشێ کە دوای ماوەیەکی کورت دەبێتە " ئەو خائینە سیاسییەی گەورەترین مەترسییەکە، حکوومەتی ئەمەریکا ناسیبێتی".

توندتر بووبێ کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەرچووبوون، بەڵام کینگ فریوی نەخوارد. ئەمە لە شەو و ڕۆژێکدا سنوور بۆ گرفتەکان دانانێ. ئەگەر جیاکاریی ڕەگەزی لە کەرتگەلێکی زۆردا بوو بووە کارێکی ناقانوونی، مافی ڕەشەکان لە هەڵبژاردنەکاندا بووبووە ئامانجی ڕەخنەگەلێکی بەرگەنەگیراو و لە ٦ ی ئابی ١٩٦٥ دا نەبێ بە بەرفراوانی دانی پێدا نەنرا. ئەم مێژووە لەلای جونسن ترۆپکی پابەندبوون بوو بە تەرخانکردنی مافە مەدەنییەکان. کەچی کینگ سەیری کرد " بە هەستێکی زۆر ناسکەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کێشە زەحمەتانەدا دەکا کە لە خەباتی ئازادیخوازییاندا بەرەوڕووی ڕەشە ئەمەریکییەکان دەبنەوە"[١].

قانوونە تازەکە بۆ ئەو ملیۆنەها ڕەشانەی لە گەڕەکەکانی گیتۆدا لە شارە گەورەکانی باکوردا دەژیان دڵدانەوەیەکی ئەوتۆی بەخۆوە نەگرتبوو. ناخۆشیی ئەمانە تەنیا بەهۆی قانوونەکانی جوداییەوە نەبوو، یان بەو پێوەندانەی بەسەریاندا سەپێنرابوو ، بەڵکو بەهۆی شێوەیەکی ناپەسندتری

جوداوازییەوە بوو کە: جیاوازیی ئابووری بوو. مارتن لۆتەر کینگ ئەوەی لا پەسند بوو و سەرکردەکانی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی هان دا لەم پێناوەدا تێبکۆشن، لە شارە گەورەکاندا بە دووچەندان بوونەوەی راپەڕینەکان، گومان لەوەدا نەما کە پێویستیی زۆری بەوە هەیە، بەدەستخستنی مافە مەدەنییەکان، ئەگەر لە هەمان کاتدا مافە کۆمەلایەتییەکانی لەگەڵدا نەبێ سوودیان چییە.

## "پێویستە جەنگ لە ڤێتنامدا ڕابگیرێ"

گرینگترین شت لە تەک هەژاریدا کە بیری مارتن لۆتەر کینگی خەریک کردبوو، تووشبوونی ڕوو لە زیادییەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو لە جەنگی ڤێتنام. بەرگەی ئەوەی نەدەگرت وڵاتەکەی ببینێ دەست لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی دیکە وەردەدا و بۆردومانی خەڵک دەکا و دەیانکوژێ ـ کە لە ڕەنگدارەکانن ـ بە بیانووی جەنگی کۆمیونیستەکان. لە مۆنتیگەمرییەوە ڕەخنەی لە بۆچوونی سەربازیی لە کۆمەڵگەدا گرت. بەلام لە ترسی پەرتبوونی بزووتنەوە و تووشی مەترسیکردنی دەنگدان بە قانوونەکانی لابردنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستانە، کینگ تا ئەوسا دەربڕینی هەڵوێستی ئاشکرای دژ بە جەنگی دوا دەخست. بەلام بۆچوونەکانی خۆی نەدەشاردەوە. لە



" نەتەوەیەک ساڵ لە دوای ساڵ لە ڕەخساندنی زیاتری پارە بۆ بودجەی سەربازییەکەی و پتر لەوەی بۆ بەرنامەکانی پەرەپێدانی کۆمەلایەتیی بۆ خەرج دەکا، نەتەوەیەکە لە مەرگی ڕووحی نزیک دەبێتەوە"

١٩٦٥ دا لەبەردەمی چالاکوانانی بواری مافە مەدەنییەکاندا گوتی: "قسە لەبارەی ئاوێتەبوون هیچ سوودێکی نییە ئەگەر جیهانێک نەبێ ئاوێتەی بی. دەبێ جەنگ لە ڤێتنام ڕابگیرێ"[٢].

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٥ دا، لە ڤێتنامدا ١٨٥٫٠٠٠ سەربازی ئەمەریکی هەبوو، حکوومەتیش خۆی ئامادە دەکرد بیانکاتە ٤٥٠٫٠٠٠، لیژنەی ئامادەکاری لەپێناوی سنووردانان بۆ جەنگی ڤێتنام، کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە سپییەکان پێکهاتبوو، داوای پشتگیریی کەسایەتیی وەک کینگیان کرد، کە ساڵوەرگەڕی پاداشتی نۆبڵی ئاشتیی ساڵی ١٩٦٤ بوو. بەلای کینگەوە دوو گرفتی هەژاری و جەنگی ڤێتنام بەیەکەوە پەیوەست بوون. جەنگەکە نەک هەر گوناهبار بوو بگرە بڕی زۆر گەورەی پارە بەکار دەهێنا، لە توانستدا بوو لە جەنگی هەژاریدا بەکار بهێنرایە. بە داهاتنی ساڵی ١٩٦٧ ئیدی کاتی دوودڵی نەمابوو.

لە ٢٥ ی شوباتی١٩٦٧ دا لە پەیمانگەی نەیشن لە لۆس ئەنجیلۆس _ دا، کینگ یەکەم وتاری لەبارەی جەنگی ڤێتنامەوە خوێندەوە و تێیدا گوتی: " لە جەنگە هەرە دڕندانەکان و بێهوودەکانە لە مێژوودا"[٣] هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ژمارەی سەربازە ڕەشەکان ڕێژەییانە لە دوو ئەوەندەی سپییەکان پتر بووە لە چوونە ناو جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوەی مردندا و حکوومەتی ئەمەریکا نزیکەی دوو ملیۆن فرەنکی فرەنسی خەرج دەکا لە پێناوی هەر دوژمنێکدا کە دەکوژرێ، ئەوەش بەرامبەر ٢٦٠ فرەنک بۆ یەک کەس لە بەرنامەی جەنگی دژ بە هەژاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا. کینگ چووە ڕیزی ئەوانەی جەنگیان ڕەت دەکردەوە، کە هێشتاکە پەرت و بڵاو بوون _ بەڵام نەک تا ماوەیەکی درێژ _ " پێویستە گەرموگوڕیی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە ڕاژەی بزووتنەوەی ئاشتیدا دابنێین. پێویستە خۆپیشاندان ئەنجام بدەین و فێر بکەین و پەند دابدەین تا بناغەی نەتەوەمان دەهەژێ"[٤] لە ٤ ی نیسانی ١٩٦٧ دا هەلی گەلاڵەکردنی

هەڵوێستی خۆی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ئاشکرا بۆ ڕەخسێنرا، لە کاتی کۆبوونەوەی پیاوانی ئاین و ئەو عەلمانییانەی بایەخیان بە ڤێتنام دەدا.

لە کەنیسەی ڕیڤەرساید لە نیویۆرک کینگ وتارێکی خوێندەوە بەهێزیی پێوە دیار بوو، چ لە ئاستی پێشبینییەوە بێ یان سیاسی، لە پێناوی، وەک خۆی دەڵێ "سنووردانان بۆ خیانەتی بێدەنگیم"[٥]. جەنگ تەنیا پیاوەیل و بەهرەمەندان و دارایی ڕانەکێشاوە و بەس "چون ترومپایەکی مژۆکی ئەهریمەنانە"، بگرە ویلایەتە یەکگرتووەکانیشی کردە "قۆنتەراتچیی سەرەکیی توندوتیژی لە جیهاندا". لە پێناوی سنووردانان بۆ شێتایەتیی کوشتن، هەموو تاکێکی ، بەپێی توانست و باوەڕەکانی خۆی بۆ ناڕەزایی دەربڕین بانگهێشت کرد. لاوانیشی هان دا خزمەتکردنی سەربازی ڕەت بکەنەوە. بەڵام دوای تاوانبارکردنی جەنگی ڤێتنام بانگهێشتی بۆ شۆڕشێکی قووڵتر کرد. مارتن لۆتەر کینگ ئەوەی ڕەت کرد کە سەرکردەیەکی تێکۆشان بێ لە پێناوی مافە مەدەنییەکان و ئامادەیی خۆی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا چەسپاند. "، دەبێ لایەنی باشی شۆڕشی جیهانی بگەڕێنینەوە (...) بە سەرەوژێرکردنی چەمکەکانمان بە شێوەیەکی ڕادیکاڵی و شۆڕشگێڕانە، ئەم کودەتایەی لە زەینێتیدا، دەبێ ڕێ بەرەو جووڵانەوەیەکی گشتیی دژی جەنگ و هەژاری و سوود و خەرجییە سەربازییەکان ببات ".

مارتن لۆتەر کینگ، وەک گشت گومانی لە نەتەوەی ئەمەریکی کرد ، نەک تەنیا لە هەڵبژاردە سیاسییەکانی و بەس، بەڵکو لە کرۆکی بنەماکانی. ئەوەش شەپۆلێکی ڕەخنەگرانەی تووڕە و تاوانبارکردنێکی ئاشکرای لە دەوروبەردا ورووژاند. هەر لەو ساشەوە بزووتنەوەیەکی توندوتیژ _ هەر لە هاونیشتیمانیی ئاساییەوە تا سەرۆک، تا دەزگای (FBI) یی بەهێز – بۆ ئەوەی ناچاری بێدەنگیی بکەن. لە ٤ ی نیسانی ١٩٦٨ دا، ڕێک دوای ساڵێک لە وتارەکەی نیویۆرکیدا، مارتن لۆتەر کینگ لە مەمفیس تیرۆر کرا. ئەمەریکا تا ساڵانێکی زۆر بینینی ڕاستیی جەنگی ڤێتنامی ڕەت دەکردەوە.

پەراوێزەکان:

١. "Martin Luther King". ستیڤن ب. أوتس، بڵاوکراوەکانی منشورات ئوستوریۆن، ١٩٨٥.

٢. "Ma Vie avec Martin Luther King" کوریتا سکوی کینغ، بڵاوکراوەکانی ستۆک، ١٩٦٩.

٣. س. ب. ئۆتس. باسی کردووە.

٤. هەمان سەرچاوە.

٥. دەقی وتارەکە بە تەواوی لە کتێبی م. ل. کینگ " Seule Revolution " دا بڵاوکراوەتەوە، بڵاوکراوەکانی کاسترمان، ١٩٦٨.

٦. لە کتێبی " From Solo to Memphis. The FBI and Martin Luther King,Jt"دا (و. و. نۆرتون، نیویۆرک، ١٩٨١) دا دێڤی گارۆی دانەر باس لە یاداشتێکی FBI دەکا لەبارەی کینگەوە، بۆ ساڵی ١٩٩٣ دەگەڕێتەوە " : دەبێ لەمەودوا بەم جۆرە تەماشای بکەین، ئەگەر وای دابنێین کە پێشتر ئەوەمان نەکردبێ، یەکێکە لە مەترسیدارترینی ڕەشەکان بۆ سەر دوارۆژی ئەم وڵاتە، ئەو مەترسیی کۆمۆنیست و مەترسیی ڕەشەکان بەرجەستە دەکا و بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی". هەر ئەو نووسەرە دەڵێ: "لە دوانزە مانگی دواییی ژیانیدا، کینگ بەلای حکوومەتی ئەمەریکاوە پڕمەترسیترین خاینی سیاسی بووە کە ناسیوێتی".

*

## "کاتێکی وەها دێ، بێدەنگیی تێدا دەبێتە خیانەت"

لە ٤ ی نیسانی ١٩٦٧، لە کەنیسەی ریڤەرساید لە نیویۆرکدا مارتن لۆتەر کینگ دژی جەنگی ڤێتنام وتارە سکالآیەکی خوێندەوە. "هەڵبژاردەکان".

ئەوا من ئەم ئێوارەیە لەم کەنیسە مەزنەدا دەوەستم، چونکە ویژدانم ڕێ بە من نادا پێچەوانەی ئەوە بکەم. بەشداریم لە دیدارتاندا کرد چونکە من تەواوی ئامانج و چالاکییەکانی ڕێکخراوم لا پەسندە، کە بۆ کۆبوونەوەی ئێرە بانگهێشتی کردووین: "پیاوەیلی ئاین و عەلمانییان بەهۆی جەنگی ڤێتنامەوە نیگەرانن". لێدووانە دواییەنەکەی لیژنەی جێبەجێکاری هەستەکانی منی ڕەنگدایەوە و من باوەڕی تەواوم بە ناوەڕۆکی ڕستەی یەکەم هەیە: " کاتێکی وەها دێ، بێدەنگیی تێدا دەبێتە خیانەت". ئەوەندەی پێوەندیی بە ڤێتنامەوە هەیە ئەو کاتە بۆ ئێمە هاتووە(...) بەوەی کە من مۆژدەبەرم، بڕوا ناکەم کەسێک پێی سەیر بێ هۆی ئەوتۆم هەبێ پاڵم پێوە بنێ لە ڕوانگەیەکی ڕەوشتبەرزانەوە بایەخ بە ڤێتنام بدەم. بەر لە هەموو شتێک پێوەندییەکی ئاشکرا و نیمچە سروشتیش هەیە لە نێو جەنگی ڤێتنام و ئەو شەڕەی لەگەڵ کەسانی دیکە دەیکەین لە ئەمەریکا. لە چەند ساڵێکەوە ماوەیەکی پرشنگدارمان لەم خەباتەدا ناسیوە. هەموو شتێک بەڕێوە دەچوو وەک بڵێی بەرنامەی خەبات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری بە کردەوە هیوا بۆ هەژاران دەهێنی، سپییەکان و ڕەشەکان بە یەکسانی، لە ئەزموون و ئاواتگەلێک و دەستپێکی نوێدا ژیاین. ئەوجا جەنگ لە ڤێتنامدا گەرمتر بوو و ئەو بەرنامانەم بینی هەڵدەوەشێنەوە و تێکدەشکێن، وەک بڵێی

کارەکە پێوەندیی بە کۆمەڵە گەمەیەکی سیاسییەوە بەندە، سوودیان بۆ کۆمەڵگەیەک نەما کە جەنگ هۆشی لەدەست دا. ئەوساکە درکم بەوە کرد ئەمەریکا هەرگیز دارایی و وزە پێویستەکانی نەخستووەتە کار ڕێز بۆ هەژارانی بگێڕێتەوە، مادامەکی خۆ لە سەرەڕۆییەکی وەک سەرەڕۆیی ڤێتنامدان، وەک ئامێرێکی ئەهریمەنانەی تێکدەر، هێشتا خەڵک و سامان و خێروبێر ڕادەکێشێ. بەمجۆرەش، وردە وردە گەیشتمە ئەوەی جەنگ وەها ببینم کە، نەک تەنیا دەستدرێژییە بۆ سەر ڕەوشت بگرە وەک دوژمنی هەژارانیشە، لەم بنەمایەوە دەستم بە هێرشبردنە سەری کرد. دەشێ درکم بە ڕاستی کردبێ لە وێنە کارەساتاویترەکەی، کاتێک بینیم جەنگ تەنیا بە پەرتکردنی ئومێدەکانی هەژارانەوە ناوەستێ و بەس، بگرە منداڵانی هەژاران و برا و مێردەکانیشیان بەرێژەیەکی بەرز و بەشێوەیەکی نائاسایی، جودا لە خەڵکی دیکە دەنێرێتە جەنگ. ئەو لاوە ڕەشانە دەهێنێ کە کۆمەڵگە بێدەسەڵاتی کردوون و بۆ دووریی سیانزە هەزار کیلۆمەتریان دەنێرێ تا لە باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیادا ببنە پارێزەری ئازادیگەلێک کە لە باشووری خۆراوای جۆرجیا و خۆرهەڵاتی هارلمدا نەیانبینیوە. پێویست بوو چەندین جار لە تەلەفزیۆن ئەو دوو هاودژییە سەختەی لاوە ڕەش و سپییانە ببینین وا پێکەوە دەجەنگن و دەمرن لە پێناوی وڵاتێکدا کە ڕێیانی نەداوە لە قوتابخانەکاندا لەسەر هەمان کورسی دانیشن. بینیمانن بە توندوتیژییەکی هاوکارانە ئاگر لە زنجەکانی گوندێکی بەستەزمان بەردەدەن، دەشزانن هەرگیز لە هەمان ئەو کۆمەڵە خانووانەدا ناژین لە دیترۆیت. ناتوانم بێدەنگی بپارێزم لە ئاستی ئەم گەمە دڕندانەیەدا کە بە هەژاران دەکرێ. هۆی سێیەمی بڕیارەکەشم بە تێگەیشتنێکی قووڵتریشەوە بەندە، لە ماوەی ئەو ئەزموونەدا لەلام پەیدا بوو کە لە گەڕەکەکانی گیتۆی باکوردا لەماوەی سێ ساڵی ڕابوردوودا تێیاندا ژیام، بەتایبەتی ماوەکانی هاوین، لە کاتی خۆپیشاندان لە نێو ئەو لاوە تووڕە و نەفرەت لێکراوە

نائومێدانەدا، پێیانم دەگوت بۆمباکانی مۆلۆتۆف و تفەنگ هیچ چارەسەر ناکەن. هەوڵم دا بۆیان ڕوون بکەمەوە من بە قووڵی بەشداری لە گرفتەکانیاندا دەکەم، لە هەمان کاتیشدا جەختەکە دووبارە دەکەمەوە بۆ ئەو بڕوایەم کە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان نایێنە دی تەنیا بەکاری ناتوندوتیژی نەبێ. لێیان دەپرسیم و ڕاستیشیان دەکرد: بەڵام ڕات لە بارەی ڤێتنامەوە چییە؟ ئایا وڵاتەکەمان پەنا ناباتە بەر بەکارهێنانی توندوتیژی بە شێوەیەکی فرەوان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی و ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییانەی دەیەوێن؟ پرسیارەکانیان ڕاست بوو و ئەوسا درکم بەوە کرد کە چیی دیکە لە توانستمدا نەماوە ناوی ئەو توندوتیژییە بزڕێنم کە چەوساوەکان لە گەڕەکەکانی گیتۆ پەنای بۆ دەبەن بەر لەوەی بەڕوونییەکی پتر ناوی گەورەترین قۆنتراتچیی توندوتیژی لە جیهانی ئەمڕۆدا بزڕێنم: حکوومەتی وڵاتەکەم، بەناوی ئەو لاوانە، بە ناوی ئەم حکوومەتە، بەناوی سەتان ملیۆن لەو کەسانەی لە توندوتیژی دەلەرزن، لە توانامدا نەما بە بێدەنگی بمێنمەوە (....).

کە بیر لە شێتایەتیی ڤێتنام دەکەمەوە و بە خۆم لەهۆیەکان دەگەڕێم بۆ ئەوەی لە ڕووداوەکان بگەم و وەڵامیان بدەمەوە، بیرەکانم بەردەوام ڕوو لە خەڵک دەکەن لەم نیمچە دوڕگەیەدا. لێرەدا نە باس لە سەربازەکانی سەربازگەیەک یا هی دیکە دەکەم، نە باسی لیژنەی حوکمدار لە سایگۆن دەکەم، بەڵکو بەسادەیی لەبارەی ئەو دانیشتووانە دەکەم کە لە نزیکەی سی ساڵەوە لە کارەساتی جەنگدا دەژین. بیر لەوانیش دەکەمەوە چونکە بەڕوونی لێمەوە دیارە چارەسەرێکی ڕاستەقینەی نابێ ئەگەر هەوڵێ بۆ ناسینەوەیان نەدەین و گوێ لە هاواری فریاکەوتنیان نەگرین.

بێگومان ئەوان ئەمەریکییەکان بە ڕزگارکەرەوەی نائاسایی دادەنێن. ساڵی ١٩٤٥ ڤێتنامییەکان سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند، دوای ئەوەی فەرەنساییەکان و یابانییەکان وڵاتەکەیانیان داگیر کرد، بەر لە شۆڕشی

کـۆمــیـونـیــســتـیش لـه چین. ئەوسـاکـه هـۆ شی مـینه (Ho Chi Minh) ســەرکــردایەتیی وڵاتی دەکـرد. هەرچەندێک لە قـانوون " شــەریعــه " ی ڕزگـاربوونیـاندا ئـامـاژەیـان بۆ بەیانی سـەربەخـۆیی ویلایەته یەکگرتووەکـان دەدا، ڕەتمان کردەوە دانیان پێدا بنێین و له گەڕاندنـەوەی وڵاته ژێردەستـه کۆنەکانیاندا پشتگیریی فرەنسامان کرد.

حکوومــەتمان ڤـێتنامی وا هەڵسـەنگاند کـه هێشـتـا بۆ سـەربەخـۆیی پێنەگەییوە ، جارێکی دی کەوتینە ئەو باییبوو نەخۆراواییەی لە ماوەیەکی درێژەوە پێـوەندییـه نێـودەوڵەتیـیەکـان ژاراوی دەکـات. ئەمـەش بەو بڕیارە مـخـابنەمـان کـه حکوومـەتێکی شـۆڕشـگێـڕمـان دوورخـسـتـەوە کـه داوای چارەنـووسی خـۆی دەکـا، حکوومــەتێک بـه چاکـەی چین جـڵــەوی کـاری نەگرتووەتە دەست (ئەوەی ڤێتنامییەکان زۆر هاوسـۆزییان لـەگەڵدا ناکەن) بگرە به هۆی هێزە نـاوخۆییـیەکان، کە کۆمیونیستەکانیشیـان لە نێودا بوو. بەلای جــووتیــارانـەوە ئەو حکوومــەتە ئـاواتی چاکـســازیی بە کــردەوەی کشـتوکاڵی دەنواند، ئەم چاکسازییەش بۆ جووتیاران خـەمێکی ژینبـەخش بوو. دوای ١٩٤٥ و لەمـــاوەی نـۆ ســاڵان گــەلی ڤــێــتنـاممان لـه مــافی سەربەخـۆیی بێبەش کرد. لە ماوەی نۆ ساڵاندا بۆ ئەو هەوڵە بێ ئەنجامەی سـەرلـەنوێ داگیـرکردنەوەی ڤـێتنام یارمـەتیی فرەنسـامـان دا. لە کـۆتایی کێشەکەدا بەرپرسـێتیی ٨٠ ٪ ی تێچـووی جـەنگی فـرەنسیـمـان لە ئەسـتۆ گرت. بەر له شکستی "دین بین فو" فرەنساییەکان گومانیان لە پرۆژەکەیان پەیدا کرد، بەڵام ئـێمـه ئەوەمـان نەکرد. هانمان دان بەردەوام بن له جـەنگدا ئەوەش به پێـشـکێـشـکردنی هـۆیە سـەربازی و مـاددییە زۆر گـەورەکـان، کـه ئـارەزووی ئەوەشـیـان لەلا نەمـابوو. دوای مـاوەیەکی کـەم تێکڕای تێـچـووی هـەوڵە کارەساتاوییەکانیانمان دا.

پـاش بـەزینـی فـــرەنســـا، هێنـدەی نـەمـــابوو بـڕوا بـەوە بکـەین کـــه ڕێککـەوتنەوەکـانی جنێڤ ئـەنجـامـی دەگـاتـه ســەربەخـۆیی و چاکـســازیی

کشتوکاڵی. بەڵام لە جیاتیی ئەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە نیازی ڕێ لە "هو "گرتن لە یەکخستنەوەی ئەو وڵاتەی بەشێوەیەکی کاتی دابەش کراوە و ئەمجارە جووتیارەکان ئێمەیان بینی یارمەتیی دیکتاتۆرێک دەدەین گەندەڵترینی ئەم سەردەمەمانە، پیاوێک ئێمە هەڵمانبژارد، سەرەکوەزیران " دییم". جووتیارەکان گوێڕایەڵ بوون، لە کاتێکدا دییم بە دڵڕەقی ئۆپۆزسیۆنی لە کۆڵ دەکردەوە و پشتگیریی ئەو خاوەن زەوییانەی دەکرد کە ڕەنجخۆرییانی دەکرد و تەنانەت گفتوگۆی لە پێناوی سەرلەنوێ یەکگرتنەوەی لەگەڵ باکوردا ڕەت دەکردەوە. جووتیارەکان ڕوانییان لەسەرەتادا ئەوە بەپارێزگاریی دەستڕۆییی ئەمەریکی دەکرێ. ئینجا بە دەست تێوەردانی سەربازە ئەمەریکییەکان کە تا دەهات زیادی دەکرد، ئەوانەی بۆ یارمەتی بانگ دەکران بۆ سەرکوتکردنی ئەو ئاژاوانەی جێبەجێکارییەکانی دییم هەڵی کردبووەوە. کە دییم لە دەسەڵات خرا، لەتوانستیاندا بوو کەیفیان بێت، ئەگەر زنجیرەیەک دیکتاتۆری سەرباز دەستیان بەسەر حوکمدا نەگرتبا، کە توانستی گۆڕانکاریی بەکردەوەیان نەبوو، بەتایبەتی لەو کاروبارانەی تایبەتە بە چاکسازیی کشتوکاڵی یان لە سیاسەتی ئاشتییانەدا.

گۆڕان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە هات! لە ڕاستیدا تووشبوونی هێزەکانمان دووچەندان کردبوو بۆ پشتگیریی حکومەتەیلێک کە بە گەندەڵی و بێدەسەڵاتی و داماڵرانیان لە هەر پشتگیرییەکی گەل تایبەتمەند بوون. لەو کاتەدا گەل بڵاوکراوەکانمانیان دەخوێندەوە و بەردەوام بەڵێنی ئاشتی و دیموکراتی و تەنانەت چاکسازیی کشتوکاڵیشیان تێیاندا دەبینی. ئەمڕۆ ئەوان لەژێر بەزەییی بۆمباکانماندان و ئەوان ئێمە، نەک هەموو هاونیشتیمانییە ڤێتنامییەکانیان، بە دوژمنی ڕاستەقینە دادەنێن. بە خەم و گوێڕایەڵییەوە لێ وەرگرتنەوەی زەویی باپیرانیان سەلماند و بردیانە سەربازگەکانی گرتن، کە دابینکردنی پێویستییە کۆمەڵایەتییە هەرە

سادەکانیانیان تێدا دەگمەنە. زانییان لە ترسی مردنی ژێر بۆمباکانمان ناچارن ئەوێ جێ بهێڵن. بۆیە هەر لە ئافرەت و منداڵانیانەوە تا پیرەمێردەکان کۆچیان کرد.

ئێمەیان بینی، بۆ تێکدانی ملیۆنەها هیکتاری چێنراو ئاوەکان ژاراوی دەکەین. بێگومان، بەدەم ڕوانینی شۆڤڵەکانەوە دەگریان کە بە زەوییەکانیاندا دەڕۆیشتن و درەختەکانیان هەڵدەکێشا، بە نەخۆشخانەکاندا دەسووڕانەوە و پتر لە بیست قوربانیی هێزە ئەمەریکییەکانیان دەبینی، بەرامبەر یەک بریندار لە ڤییتگۆنگ. هەروەها بە شارەکاندا دەسووڕێنەوە و هەزاران منداڵی بێ پەنا و بێ جلوبەرگ بە کۆمەڵ بە شەقامەکاندا ڕادەکەن وەک ئاژەڵ بن وەهان. سەربازەکانمان دەبینن هەڵسوکەوتی ناشرین لەگەڵ ئەو منداڵانە دەکەن کە خواردن سواڵ دەکەن، منداڵان دەبینن خوشکەکانیان بە سەربازەکانمان دەفرۆشن یان دەیانبەنە لای دایکانیان.

جووتیارەکان کە ئێمەیان دی هاوپەیمانی لەگەڵ خاوەن زەوییەکاندا دەکەین و ئەوە ڕەت دەکەینەوە دەست بە چاکسازیی کشتوکاڵیی چاوەڕوانکراو بکەین، بیریان لە چی دەکردەوە؟ کە ئێمەیان بینی چەکە تازەکانمانیان لەسەر تاقی دەکەینەوە هەر بەو شێوەیەی نازییەکان دەرمانە نوێیەکانیان و شێوە چەوساندنەوەی نوێ لەسەر بەندییەکانی گرتووگەکانی ئەوروپایان تاقی دەکردەوە، بیریان لە چی دەکردەوە؟ کوان ئەو کۆڵەکانەی ڤیتنامی سەربەخۆ، کە لافمان لێ دا ئێمە لە نێو ئەو مرۆیانەدا بنیاتی دەنێین، کە دەنگیان نییە؟ دوو دەزگامان تێک دا کە پێوەندییان پێیەوە هەبوو: خێزان و گوند. کێڵگە و بەروبوومەکانیانمان تێک دا. بەشداریمان لە تێکدانی تاکە هێزە شۆڕشگێڕییە ناکۆمیۆنیستەکەدا کرد لە وڵاتدا، ئاینە بوداییە یەکگرتووەکە. پشتگیریی دوژمنانی جووتیارانمان لە سایگۆندا کرد. ژن و منداڵیانمان گەندەڵ کرد و پیاوانمان کوشتن، ئای کە چۆن ڕزگارکەرەوەیەکین! (...).




مارتن لۆتەر کینگ، ٤ ی نیسانی ١٩٦٧.

بەهەر ڕێگەیەکەوە بێ دەبێ ئەم شێتایەتییە ڕابگیرێ. لە ئێستاوە وەک مرۆڤ قسە دەکەم و وەک برایەکی ئەو بەستەزمانانەی لە ڤێتنامدا ژین دەچێژن. لە پێناوی ئەوانەی زەوییەکانیان تێکدراوە و ماڵیان ڕووخێنراوە و بەروبوویان بەتاڵان براوە قسە دەکەم. لە پێناوی ئەو هەژارانەی ئەمەریکا قسە دەکەم کە دوو چەندانی بەهای ئەم جەنگە دەدەن، بە ئومێدە تێکشکێنراوەکانیان ، بەو مەرگ و گەندەڵییەی لە ڤێتنامدا هەیە. بەوەی کە هاونیشتیمانییەکم لەم جیهانەدا کەوا زراوی لەو ڕێیەی گرتوومانەتە بەر چووە قسە دەکەم. وەک ئەمەریکییەک و ئاراستەی سەرکردەکانی وڵاتەکەمی دەکەم. ئێمە بەرپرسێتییە هەرە گەورەکەی هەڵگیرساندنی ئەم جەنگەمان لەئەستۆدایە. دەبێ دەستپێشخەری بکەین بۆ ڕاگرتنی (...) لە چاوەڕوانیی ئەمەشدا ئێمە دەبێ، کەنیسە و کەنیشت، لە هەوڵەکانماندا بەردەوام بین و داوا لە حکوومەتەکەمان بکەین بە زوویی لەم تووشبوونە خەوشئاوەرە بکشێینەوە. تا وڵاتمان دەستی بەم هەڵوێستە لاڕێیانە گرتووە لە ڤێتنامدا، دەبێ لە خستنەبەرگوێی دەنگماندا بەردەوام بین و بەقسە و بە کردەوە ئامادەی جووڵانەوە بین و هەموو هۆیە شیاوەکانی ناڕەزاییش بەکاربهێنین.

کە قسە لەبارەی خزمەتی سەربازییەوە لەگەڵ لاواندا دەکەین، دەبێ ئەو دەورەیان پێ ڕابگەیەنین کە وڵاتمان لە ڤێتنامدا دەیبینێ و بیری ڕەتکردنەوەی جەنگیان بخەینە پێش. پێشم خۆشە بڵێم ئەوە هەڵوێستە کە پتر لە حەفتا کەس لە قوتابییانی هەر دوو زانکۆی مۆرهاوس و کۆلێدج

هەڵیانبژاردووە، من پشتگیریی هەموو ئەوانە دەکەم دەست تێوەردانی ئەمەریکا لە ڤیێتنام بە شەرم و ستەم دەزانن وەک ئەوان بکەن. لەلایەکی کەوە دەمەوێ هەموو ئەو قەشانەی لە خزمەتی سەربازی بەخشراون دەست لەو بەخشینە هەڵبگرن کە بۆیان هەیە هەڵوێستی ڕەتکەرەوانی جەنگ وەربگرن. ئەمە کاتی هەڵبژاردنە ڕاستەکانە نەک کاتی خۆدزینەوە. ئەگەر بمانەوێ وڵاتمان شێتایەتییەکەی تێپەڕێنێ دەبێ ژیانمان تەرخان بکەین. هەر پیاوێک شایستەی ئەم ناو لێنانەیە دەبێ شێوەی ئەو ناڕەزاییە بڕیار بدا کە لەگەڵ باوەڕیدا دەگونجێ، بەڵام پێویستە هەموومان ناڕەزایی دەربڕین.

دوور نییە ئەمەندەکە دڵخۆشیمان بداتەوە، چوونە پاڵ بزووتنەوەی هەمووان، ئەوەی لە هەندێک شوێندا بووە هەڵمەتێکی میللیی ڕێ لێ نەگیراو دژی جەنگ لە ڤیێتنام، بێگومان دەبێ بەشداری لەم شەڕەدا بکەین، بەڵام من ئێستا دەمەوێ ئەم کارە بخەمە لاوە و لایەنێکی دیکەی نیگەرانیبەخشتر باس بکەم. جەنگی ڤیێتنام لە تەنیا دیاردەیەکی نەخۆشییەک نییە، کە زەینییەتی ئەمەریکی لە قووڵاییدا دەپێکێ، خۆ ئەگەر ویستیشمان ئەم ڕاستییە پشتگوێ بخەین کەوا بەهەڵەدا چوونەکان لادەبا، دەست لە پێکهێنانی شێوە جودا جودای لیژنەکانی "پیاوانی ئاین و عەلمانییە نیگەرانەکان..." هەڵناگرین، ڕیزەکانمان لە پێناوی گواتیمالا و پیرۆ و تایلاند و کەمبۆدیا و مۆزەمبیق و باشووری ئەفریقیا ڕێکدەخەین. ڕێپێوان لەپێناوی ئەمان و هی دیکە ڕێکدەخەین و بەشداری لە کۆبوونەوەگەلێکی کۆتایی نەهاتوودا دەکەین تا، کە ژیانی سیاسیی ئەمەریکی گۆڕانی ڕاستەقینە و قووڵی بەسەردا نەهاتووە. چەمکێلێکی وەک ئەمانە هانمان دەدا لە ڤیێتنام دوورتر بچین، بەڵام ئێمە لە خوار ئەو ئاستەوە دەمێنینەوە کە لە ڕۆڵەکانی خودا داواکراوە. ساڵی ١٩٥٧ فەرمانبەرێکی ئەمەریکی لە ناوچەی پشت دەریاکان بە شێوەیەکی تایبەت بەرامبەر ئەم گرفتانە

هەستەوەر بوو، دەیگوت وڵاتمان، بەڕای ئەو، لە بەری خراپی شۆڕشی جیهانیدایە. لەماوەی دوا دە ساڵی ئەم دواییە نموونەیەکمان بۆ سەرکوتکردنمان تەرخان کرد، بوونی " ڕاوێژکارەیل " ی سەربازیی ئەمەریکی لە ڤەنزوێللا لێکدەداتەوە. ئەم پێویستییە بۆ دابینکردنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتیی وەبەرهێنانەکانمان، چالاکیی هێزە ئەمەریکییە دژ بە شۆڕشی لە گواتیمالا لێکدەداتەوە. ئیدی تێدەگەین بۆچی فڕۆکە هێلیکۆپتەرە ئەمەریکییەکان دژی پیاوانی جەنگی پارتیزانی لە کۆڵۆمبیا بەکار دەهێنرێن و بۆچی ناپاڵم و کلاوکەسکەکان دژی شۆڕشگێڕانی پیرۆ نێرراون. لەم بارەیەوە وشەکانی جۆن ف. کەنەدی _ مان دێتەوە بیر: " ئەوانەی بە ڕەتکردنەوەی دەستبەرداریی دەستکەوتە تایبەتمەندییەکان و خۆشییەکان کە قازانجە گەلێک گەورەکانی وەبەرهێنانەکانی پشت دەریا دابینی دەکەن، شۆڕشە ئاشتیخوازەکان نەشیاو و دژوار دەکەن . من لەو بڕوایەدام کە بۆ گوێزرانەوە بۆ لایە چاکەکەی شۆڕشی جیهانی، دەبێ دەست بە دروستکردنی شۆڕشێکی بنچینەیی لە چەمکەکانماندا دەست پێ بکەین. دەبێ بە پەلە دەست بە گوازرانەوە بکەین لە کۆمەڵگەیەکی " ئاراستەی سوود کراو " ەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی "ئاراستەی کەسەکان". تا ئامێر و ڕێکخەرە ئالییەکان و ناوەندەکانی قازانج و مافەکانی موڵکایەتی لە مرۆ بە بایەختر بزانرێ هەرگیز ناکرێ کۆنترۆڵی سێ پەتا گەورەکە بکرێ کە حەزە ڕەگەزپەرستانەکان و ماددی و سەربازییەکانن.

شۆڕشی ڕاستەقینە لە چەمکەکان بەرەو ورووژاندنی پرسیارگەلێک دەبا لە دەوروبەری خاوێنی و قانوونێتیی گەلێک لە کارە سیاسییەکانی ڕابوردوو و ئێستاماندا (...). لەخۆ بایی‌بوونی خۆراوایی کە وا تێدەگا دەتوانێ هەموو شتێک فێری ئەوانی دی بکا و ئەوان هیچیان نییە ئەم فێر بکەن، ڕاست ناکا. شۆڕشی ڕاستەقینە لە چەمکەکان ڕێژیمی جیهانی دەگۆڕێ و ناچارمان دەکا بڵێین جەنگ: " ڕێگەیەکی نادادوەرانەیە لە چارەسەرکردنی

کێشەکان ". سووتاندنی مرۆگەل بە ناپاڵم و هەتیوخستنی منداڵان و بێوەژن بوونی ئافرەتان و دەرزیی هۆشبەری کینەی کوشندە بەناو شادەمارەکانی خەڵکی ئاسایی و گەڕاندنەوەی سەربازەکان بۆ ماڵەکانیان دوای ئەوەی خۆیان لە شەڕگەلێکی خوێناوی دەدەن، لەلایەن فیزیکی و دەروونییەوە لاوازیان دەکا. ئەم شێوازانە ناکرێ لەگەڵ ژیری و دادوەری و خۆشەویستیدا بگونجێ. نەتەوەیەک ساڵ لە دوای ساڵ لە تەرخانکردنی دراوێکی زیاتر بۆ بودجەی سەربازی بەردەوام دەبێ و لەوە زیاتری بۆ خەرج دەکا کە بۆ بەرنامەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیی خەرج دەکا، نەتەوەیەکە لە مەرگی رووحی نزیک دەبێتەوە.

*

## واتەی شەڕێک

مارتن لۆتەر کینگ

لە تەک چەندین چالاکییدا لە وڵاتەکەی، مارتن لۆتەر کینگ چەندین وتاری لە شوێنی جودا جودای جیهاندا خوێندووەتەوە. دوو جار سەری لە پاریس داوە. لە ٢٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٥ دا، لە Mutualite کۆنگرەیەکی گشتیی بەست لەبارەی بابەتی "کەنیسە لە جیهانێکی شۆڕشگێڕدا"، لێرەدا چەند بڕگەیەک لەو وتارە دەگوێزینەوە کە لە ٢٨ ی ئاداری ١٩٦٦ دا خوێندبوویەوە، مارتن لۆتەر کینگ سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە پاریس بۆ کۆشکی وەرزش، بۆ بەشداریکردن لە دیدارێکی دژ بە ڕەگەزپەرستی، دوای گەشتێکی گۆرانیی هاری بلافۆنت، کە ژمارەی ئامادەبووان گەیشتووەتە پێنج هەزار کەس.

"ئەو وشەیەی هێمای گیان و هێزی شەڕەکەمانە ناتوندوتیژییە. بەشێوەیەکی گشتی ناتوندوتیژی لە خەبات بۆ مافە مەدەنییەکانمان پێش هەموو شتێک لەسەر ڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی چەک دەوەستێ. هەروەها لەسەر ڕەتکردنەوەی گوێڕایەڵیی نەریتگەل و قانوونەیلێک کۆڵەکەی فەرمیی ڕێژیمی جیاوازی و کۆیلایەتی پێکدەهێنێ. ناتوندوتیژی شێوەی بەشداریی ڕاستەوخۆی جەماوەری لە بزووتنەوەی نارەزاییدا وەردەگرێ. ناتوندوتیژی، ئەمە واتە گەلەکەم لە خەباتی ئازاراوییدا لە ماوەی ساڵانی دواییدا ناخۆشی چێژیی گرتووەتە ئەستۆی خۆی، پتر لەوەی بەسەر کەسانی دیکەیدا



لە کۆشکی وەرزشدا ٢٨ی ئاداری ١٩٦٦، مارتن لۆتەر کینگ و هاری بلافۆنت لەگەڵ سیمۆن سینیۆری و ئیف مۆنتان دا.

سەپاندبێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە چیی دیکە ناترسین و ڕێ بەوەش نادەین بترسێین. بەڵام ئەمە لە هەمان کاتدا ئەوە ناگەیەنێ ئێمە دەمانەوێ ترس لەناخی کەسانی دی بچێنین.

بزووتنەوەمان بیر لەوە ناکاتەوە لەسەر حیسابی سووکایەتی بە سپی کردن و دیلکردنیان، ڕەشەکان ئازاد بکەین. بیر لەوە ناکاتەوە دەست بەسەر هیچ کەسێکدا بگرێ. خەبات دەکا لە پێناوی ڕزگارکردنی کۆمەڵگەی ئەمەریکی و یارمەتیدانی هەموو مرۆڤێک بۆ ڕزگارکردنی خۆی. پەنابردنە بەر توندوتیژی لەپێناوی گەیشتن بە یەکسانیی ڕەگەزی نە کارایە و لە هەمان کاتیشدا نە ڕەوشتبەرزانەشە. سوور دەزانم توندوتیژی بە زۆری ئەنجامی کورتخایەنی لێ دەکەوێتەوە. دەوڵەتگەلێکی زۆر لە ڕێی جەنگەوە سەربەخۆییان بەدەست هێناوە. بەڵام سەرەڕای ئەم سەرکەوتنە کاتییانە توندوتیژی ڕێ بەرەو ئاشتییەکی بەردەوام نابا و ناتوانێ یەک گرفتی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکا، بەڵکو گرفتگەلێکی دی دەخولقێنێ کە

زەحمەتترن. توندوتیژی سوودی نییە، چونکە لە جوولەیەکی بورغووئامێزی بەرەو خوار بووەوە دەچێ و دەبێتە هۆی تێکدانی هەموو شتێک. هەروەها ڕەوشتبەرزانەش نییە، چونکە لە جیاتی قایلکردن، سووکایەتی بە بەرامبەر کردن بە ئەنجام دەگرێ و تێکدان لە جیاتیی گۆڕینەوە دەکاتە ئامانج. توندوتیژی ناڕەوشتبەرزانەیە چونکە لەسەر خۆراکی کینە دەژی، نەک خۆشەویستی. ئەو کۆمەڵە تێکدەدا و برایەتی دەکاتە مەحاڵ. ئەو لە جیاتی ئەوەی کۆمەڵگە بباتە سەر گفتوگۆ، لە چوارچێوەی مۆنۆلۆجدا دیلی دەکا. کۆتاییی کار دەگاتە توندوتیژی، چونکە خۆی بە خۆی دەبەزێنێ. تاڵی لە دەروونی ڕزگاربووان و دڕندەیی لە دەروونی سەرکەوتوواندا دەخوڵقێنێ"

***

بەشی سێیەم

# ئەمەریکاییە ڕەشەکان لە کۆیلەیەتییەوە بۆ شۆڕش ١٦١٩-١٩٥٥



لە چوارچێوەی ڕێکخستنی کاری کۆیلەکاندا گەورە چاودێرێکی دادەنا بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوونی کۆیلە بە قانوونە سەختەکانی کار و ڕۆژانە تەمێکردنەوەیان بە قەمچی.

## بنەمای ڕەگەزپەرستی

پاتریس کۆلۆن

"ڕەگوڕیشەی ڕەگەزپەرستی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا گەلێک قووڵە، بۆ دەستنیشانکردنی بنچینە ڕاستەقینەکانی گرفتی ڕەشەکان، دەبێ سەرنجمان ئاڕاستەی پیاوی سپی بەخۆی بکەین. زۆر پێویستە بگەڕێینەوە سەردەمی گەیشتنی کۆیلە بەزنجیر بەندکراوەکان بۆ ئەمەریکا تا بتوانین ئەو " تێکدانە بۆماوەییە " – ڕەگەزپەرستییە – کە ئەمەریکاییە سپییەکان لە سێ سەتەوە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دەگێڕنەوە.

لەماوەی ئەم سێ سەتەیەدا، سپی بەردەوام ڕاڕا و هاودژ دیار بوو لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ڕەشدا: هەر جارە و کە هەنگاوێک دەنرا بۆ جێبەجێکردنی دادوەریی ڕەگەزی، ئەمەریکا هێندەی ئەوە پاشەکشێ دەکا. باسەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەتەی حەڤدەیەم، ساڵی ١٦١٩ کە دەریاوانە هۆڵەندییەکان گەیشتوونەتە لێواری ڤیرجینیا و کۆمەڵە ڕەشێکیان لەگەڵدا بووە ویستوویانە بیانفرۆشنە نیشتەجێبووان... بەم جۆرە چیرۆکی درێژ و سامناکی بازرگانیی کۆیلە دەستی پێ کردووە.

ئینگلتەرا بەر لەوەی خۆی لەم بوارە بدا گەلێک ڕاڕا بوو، چونکە ئەوروپا، لەمەشدا لێ جودابوونەوەیەکی ڕوون دیارە، لەو ماوەیەدا کۆیلەیێتیی لابردووە. بەڵام ئەو قازانجانەی هەندێکان بەدەستیان خستبوو، وەک جۆن هۆکنز لە ١٥٦٢ەوە، ئینگلتەرای هان دا دەورێکی چون ئەو وازی بکا. بەم




ڕێیە بازرگانییە سێگۆشەکەی نێوانی ئەوروپا و ئەفریقیا و ئەمەریکا. ئەم بازرگانییە لە دەوروبەری ساڵی ١٥٥٠ بەسەرپەرشتیی کۆمەڵێک لە خاوەن بانک و کۆمپانیای دەریایی دەستی پێ کرد. لەماوەی پتر لە سێ سەتە ٧٥ ملیۆن لە ئەفریقیاییيان بۆ ئەمەریکا بار کران. هەندێکیان لە ڕاگوزاریدا دەمردن. ئەوەی دەمایەوە لە ئەمەریکا دەفرۆشران. قانوونی قەدەخە کردنی بازرگانیی کۆیلە بەر لە ساڵی ١٨٦٥ لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەرنەچووە، هەڵمەتی لەناوبردنی گەلێکە لە بنەڕەتەوە پیاوی سپی خۆی لێ دا.

جۆرە کۆیلەیێتی لە جیهانی نوێدا جێگیر بوو.

ئەوەی یەکەم جار سەرنجی ئینگلیزی بۆ پیاوی ڕەش ڕاکێشا ڕەنگەکەی بوو. لە زمانی سەتەی شانزەدا وشەی Black هاووتای چەپەڵ و پیس بوو. ئەگەر سپی هێمای جوانیی بێخەوش بێ، ئەوا ڕەش وێنەیەکی سەرکەوتووی لادەری تەواوە. بەرباری ئەوە، بەلای ئەوانەوە ئەفریقیاییەکان بتپەرستن. یان ئایینیان نییە، یانیش خۆیان بە جۆرەها باوەڕی گەندەڵ و خراپ خەریک دەکەن. بۆیە دەشێ بە شێوەیەکی جیا لە مەسیحییەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ، لە نێوانی ئەم بیرکردنەوەیە و بڕیاردان لەسەر شەرعییەتی ملکەچکردنیان بۆ کۆیلایەتیی بەردەوامدا یەک هەنگاو هەیە... بەپەلە توانرا ڕەت بکرێ بە تایبەتی کە شێوازی ژیانی ئەفریقی ئارەزووی ڕوونیی



سیاسەتی بەکۆیلەکردنی (گشتگیرانە) زنجیی کردە کالاّ

بەریتانی لێخن دەکا. بەم جۆرە چەندان هۆ کاریان لە یەکدی کرد، چ ڕاستی چ خەیاڵی، لە زەینییەتی بەریتانیدا لەو قۆناخەدا بۆ باوەڕ بە نزمیی بۆماوەییی ئینسانی ڕەش کردن: ئەو باوەڕەی ڕێی بەرەو کۆیلایەتیی هەمیشەیی برد.

## داستانی گەلێک

بێ ئەوەی ئەو بارودۆخە قێزەونەی وا پێ بەپێی ئەو خەساندنەوە دزێوەدا ڕۆیشتووە[٢]، یاد بکرێ "باشتر وایە لەسەر ئەوەدا بوەستین کە بە بازرگانیی سێگۆشە" ناسراوە، بازرگانەکان بەدەریاکانی ئەوروپای خۆراوادا ڕەت دەبوون و کەلوپەل (کالاّ، چەک، وردەواڵە، خواردنەوە)یان پێ بووە و لە ئەفریقیا بە ڕەشەکانیان گۆڕیوەتەوە (کە لە دوو سەرچاوەوە بە دەستیان دەخستن: شەڕەکانی لەگەڵ عەشیرەتە ئەفریقیاییەکان و ئەو هێرشانەی

ئەوروپاییەکان ئەنجامیان دەدان) و ئەتڵەسییان ڕەت دەکرد و کۆیلەکانیان لە بازاڕەکانی ئەمەریکا دەفرۆشت و بە بەروبوومی کێڵگەکان: لە شەکر و قاوە و کاکاو و لۆکە... کە سامانێکی لەبن نەهاتوویان لێ دەست دەکەوت دەگەڕانەوە ئەوروپا. ڕاگوزارییە سێگۆشەکە نێزیکەی شازدە مانگی دەخایاند و بە هۆیەوە ئابووریی ئەوروپایی گەشەیەکی نوێی بە خۆیەوە بینی. ئەو کۆیلانەی لە نیشتیمانەکانیانەوە دابڕان تا بەدرێژاییی چوار سەتە لە خەساندن لە ئەمەریکا بفرۆشرێن چەند بوون؟

لە نێوانی دە تا پانزدە ملیۆن کۆیلە گەیشتنە ئەمەریکا و ئەوەندەی کەشی دەخرێتە سەر کە لە کاتی هێرشکردنە سەر گوندەکاندا دەمردن، هەروەها لەو کۆمەڵانەی بەزۆر دەبرانە سەر لێوارەکانی دەریا و لە ماوەی ڕاگوزارییە دەریاییەکاندا دەمردن. دەستی ئەم هەڵمەتانە بە ٧٥ ملیۆن ئەفریقی گەیشتووە. ئەو بازرگانییە دزێوە مۆرکێکی لە سڕان نەهاتووی لە هۆشی ئەمەریکاییی ڕەشدا جێهێشتووە. م.دیشان لەم چوارچێوەیەدا دەڵێ: "هێشتا ئەوانەی لە کۆیلەکان کەوتوونەتەوە هەست بەو ئاسنە گەرمکراوە دەکەن کە پێشینەکانیان پێ نیشانە دەکران "[٣].

ڕێژیمی بەکۆیلە کردن لە ناوچەکانی وەک ڤرجینیا و ماریلاندا سەقامگیر بوو، کە کشتوکاڵیش لەم ناوچانەدا بەشێوەیەکی تا دەهات بەپەلە پەرەی دەسەند –بە تایبەتی چاندنەوەی تووتن و نیلە[٤] و برنج بە شێوەیەکی تایبەتی و– پێویستی بە کرێکار، بە ژمارەیەکی زۆر و هەرزان و ناپسپۆڕی ئامادە هەبووە. بەم جۆرە لایەنگیری ڕەگەزی لەگەڵ پێویستییە ئابوورییەکاندا یەکیان گرت بۆ پڵیشاندنەوەی گەلی ڕەش. ئینجا قانوونیش چووە پاڵیانەوە، ساڵی ١٦٤١ بەکۆیلە کردن مۆرکێکی قانوونیی لە ماسەشۆسیتس–دا بووە و لە ساڵانی دواتریشدا لە ویلایەتێلێکی تردا.

ژمارەی کۆیلەکان لە باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکاندا زۆر زۆرتر بوون

وەک لە باکـور. بەکـۆیلە کـردنی ڕەشـەکـان لە ویلایـەتە باشـوورییـەکـاندا بەشـداریی لـە بنیـاتنانی پەیکەرە کـۆمـەڵایەتـییـەکـە بەگـشـتی. پێکهـاتنی چینـایەتی، گـەمــەی سـیــاسی و ئابـووری و ئایدیـۆلۆجی و تەنانـەت باری دەروونیش. باشـوور لە گوندەکاندا دەستی بە ڕێژیمی کۆیلەیێتییـەوە گرت و پیـشـەسـازیی ڕەت کـردەوە و جڵـەوی پەرەسـەندنی لـە شـارەکـاندا گـرت، بەپێـچـەوانەی باکور کـە ڕێژیمی پیشـەسـازیی سـەرمـایەداریی هەڵبـژارد. باشـوور کـەوتـە ژێر دەسـەڵاتی باکـورەوە، ئەوەش بەهـۆی کێشـمـەکێـشـێکی گەورەوە بووە کە باشووری هێنایە سەر ڕووبەڕوو بوونەوەی باکور.

## ژیان لە کێڵگەکاندا

ژیان لە کێـڵگەکاندا بۆ ڕەشـەکان گەلێک سـەخت بووە[٥]. ڕۆژانی کـار درێژ بوون و کۆیلە دەبایە کات بۆ ئامادە کردنی خواردنی خۆی و ڕێکخستنەوەی ماڵەکەی و چاندنی پارچە زەوییەکەی پەیدا بکا. لەلایەن ڕێکخستنی کارەوە کـێڵگە هەندێک دابەشـکردنی ئەرکـەکـانی بەخـۆیەوە بینیـوە. زۆربەی زۆری ئەفـریقـیـاییـەکـان کـاریان لە کـێـڵگـەدا دەکـرد. خـزمـەتکارەکـان، کـە لە بەسـاڵداچووانی ژن یان پیـاوان بوون، بارێکی باشـتریان لە چاو ئەوانی تر هەبوو.

ئاغـا چاودێری دادەنان بۆ سـەرپەرشـتـیـیـەکی باشـتـری بەڕێوەچوونی کـارەکـان. ئەرکی ئەمــانە بەسـەر سـەپاندنی ئـارامی و بە بەرهـەمـهـێنانی بەکاربراوەکان دابەش کرابوو، ئەوپەڕی دڵڕەقییان لەگەڵ کۆیلەکان دەکردا و قەمچییان بۆ هاندانیان بۆ کارکردن بەکار دەهێنا[٦].

بەڵام بەڕوونییـەکی پتر ڕەگ داکوتانی نـامرۆڤـانە لە ڕێژیمی کـۆیلایەتیـدا دەبینین لەسـەر ئاسـتی ژیانی ڕەگـەزی و خـێزانیدا. هـەرچەندە نیشـتـەجێیـە ئینگلیزەکان زوو بە زوو تێکەڵیی بنەچەکانی تاوانبار دەکرد، ئاغا سپییەکان دەستدرێژییان لـە ژنە ڕەشەکان دەکرد، بەم جۆرە منداڵە ناشەرعییەکان لە

کێڵگەکاندا زۆر بوون. بەڵام ئەمانە بەردەوام لەگەڵ ڕەشەکان پۆلێن دەکران و وەک ئەوان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرا. لەم چوارچێوە دڵڕەقی و لادانەدا بە ئاسانی دەتوانین ئەو زەحمەتییانە ببینین کە ڕووبەڕووی خێزانە ڕەشەکان دەبووەوە لە دابینکردنی ژیانیاندا. دوا بڕیار لە هاوسەریدا هەر وەک هەموو هەڵوێستەکانی تردا بەدەست ئاغاوە بووە. لەبەر ئەوەی ناوە ناوە پێویستی بڕیاری نوێکردنەوەی کرێکار دەدا، ئاغا بەپێی هەڵبەز و دابەزی بازاڕ لەلای خۆیەوە ئەو پێوەندییانەی هەڵدەوەشاندەوە و خێزانەکانی پەرت دەکردن و منداڵانی لە کەسوکار جودا دەکردەوە. کۆیلەش لە پێناوی دابینکردنی توانستی بەردەوامبووندا بێ ئەوەی بگاتە ڕادەی داماڵرانی تەواو، هەوڵی داوە شانەیەکی خێزانیی نوێ بخولقێنێ کە تێیدا هەستەکانی خۆشەویستی و بەزەیی و هەروەها شادیی باوکایەتی و دایکایەتیی تێدا بدۆزێتەوە.

## هاوکاری لە نێو کۆیلەکاندا

ڕێژیمی بەکۆیلەکردن دەزگەیەکی گشتگیری بەکردەوەیە، ئامانجی داماڵینی تاکە لە ناسنامەی و لێسەندنەوەی مەرجیعییەتی شارستانی و کۆمەلایەتی، هەر وەک سینگۆر دەڵێ: "کۆیلە" "وەک مۆمی نەرمی بەر دەستی خوداوەندی سپی"ی لێ دێ. دوای کردنی بە شتێک هیچێک لەبەردەمی کۆیلەی ڕەشدا نامێنێ تەنیا کینە نەبێ بەرامبەر ئاغاکەی و سپییەکان بە گشتی. خۆشبەختانە پێوەندی لە نێو ئەو ڕەشانەدا هەبوو کە لە نێو خۆیاندا پشتگیریی یەکدییان دەکرد: ئەوانەی بە دزی فێرە خوێندن و نووسین بوون (چونکە قانوون لەوە بێبەشیان دەکا) ئەوانی تریان فێر دەکرد. هەرگیز بە شێوەیەکی منداڵانە گوێڕایەڵی ڕێژیمی سپی نەدەبوون. چونکە ئەو ڕێژیمە بەردەوام بوو لە جەختکردن لەسەر بالادەستیی بەدەرکردنی ژمارەیەک لە بڕیاری سەرۆکایەتیی بە کۆیلەکردن لە سەرەتای سەتەی نۆزدەهەمدا. لەگەڵ

زیادبوونی دانیشتووانیدا یاسادانان دڵڕەقتر دەبوو. ساڵی ١٧٩٠ لە یەکەم سەرژمێریی فەرمی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەرکەوت کە ڕەشەکان ١٩,٣٪ی کۆی دانیشتووان پێکدەهێنن (٧٥٧,٠٠٠ بوون) لە کارۆلاینای باشووردا ٤٤٪ی کۆی دانیشتووان بوون، لە ڤیرجینیاش ٤٠٪. لە جۆرجیا و ماریلاند ٣٥٪. بەکۆیلەکردن بووە بەردی بناخە لە ئابووریی ئەمەریکادا، باشوور بەتەنیا قەرزاری ئەو پێشکەوتنەی نەبوو کە بەدەستی هێنابوو، بگرە باکوریش سوودی لێ بینی لە پەرەپێدانی بازرگانیدا... بوونی ڕەشەکان لە بەرەکانی شەڕی سەربەخۆییدا (١٧٧٠-١٧٨٨) کە سێزدە ویلایەت لە یەکەتییەکەدا دژی بەریتانیاییەکان خۆیان لێ دابوو، لە نێو هەشت هەزار و دە هەزار لە ڕەشەکاندا بوو چووبوونە پاڵ ڕیزەکانی لەشکرەکانی ئەمەریکای شۆڕشگێڕ، هەروەها پێنج هەزاریان لە سەربازە فەرمییەکاندا بوون لە یەکە ئاوێتەکاندا.

دوای شەڕ هەندێک لە کۆیلەکان ئازاد کران وەک پاداشت بۆ ئازایەتی و وەفایان. بەڵام باری فەرمیی کۆیلەکان نەگۆڕرا: ئازادی بە هەندێ تاک بەخشرا نەک بە کۆمەڵی ئیتنیکی. بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان دەقگەلێکی دەستوورییان دەرکرد ئاراستەی جودایان هەبوو. بەیانی سەربەخۆیی[7] کە تۆماس جیفرسن داینا جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە: "ئێمە پابەندی ئەم ڕاستییانە دەبین بەوەی کە بەخۆی بەڵگەنەویستە، هەموو خەڵک بە یەکسانی خوڵقاون و ئەفرێنەریان مافگەلێکی پێیان بەخشیوە ناکرێ دەستکاری بکرێ، لە نێو ئەمانەدا مافیان لە ژیان و ئازادی و شادمانییە..." و قسەکە هیچ ئاماژەیەکی بۆ باری کۆیلەکان تێدا نەبوو.

بەڵام دەستووری شەشەم[8] کە دوای ماوەیەک ئامادە کرا و بە شێوەیەکی یەکجارەکی لەدایکبوونی نەتەوەیەکی دەستنیشان کرد، کە سێ ئاماژەی لە بارەی کۆیلەکانەوە بەخۆوە گرتبوو:

١- له نوێنەرایەتیی ناو کۆنگرس و باجی ڕاستەوخۆدا، کۆیلە یەکسانە بە "سێ لە پێنجی هەرکەسێکی تر".

٢- یەک لەو ویلایەتانەی کە ئێستا هەن، بڕیاری نیشتەجێکردن، یان هاوردەکردنی وەک ئەمانەی دا و ئەوەی بە گونجاو زانی بۆ بەرژەوەندیی خۆی، کۆنگرس بۆی نییە تا ساڵی ١٨٠٨ ڕێی لێ بگرێ.

٣- کۆیلە هەڵاتووەکان یەکسەر دەگەڕێنرێنەوە.

ئەو ئاماژانە لە ئەنجامی پێکهاتنەوەی نێو باکور و باشووردا بوو لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات. ئەگەر کۆیلە وەک کەس دابنرابا، باشوور دەبووە هێز کە باکور ئەمەی بە سووربوونەوە ڕەت دەکردەوە. بەم جۆرە کۆیلە لە ناوەڕاستی ڕێگەدا بوو لە نێو ئەو مەبەستەی بۆی دەکرا و مرۆدا و بەم جۆرە بە حوکمی ئایدیۆلۆجیایەکی سپیی ڕانەگەیەنراو نەبوونی سیاسیی تەرخان کرا.

## بەرگریی ڕەشەکان

بەڵام ئەو ڕەشانەی کە ناچاری گوندان بوون لەگەڵ بارودۆخی ئەو کۆیلایەتییەی وەک چوارچێوەی ژیانیان هەر مایەوە، بە پەنابردنە بەرجۆرەها تێکدانی کار و تەگەرە هێنانە بەردەم، توانییان بنەمای سیستەمێک لە بەرگری و خۆبەدەستەوە نەدان دابنێن، وەک ئەوەی ئەو کۆیلەیەی تازە گەیشتووە کە بەکارهێنانی ئامێر نازانێ. یەکێکی تر بە ئەنقەست کەمتەرخەمی دەکا، کە چاودێریش دوور دەکەوتەوە هەر هەموو کاریان ڕادەگرت.

لەماوەی دەمانی کۆیلەیەتیدا بواری ئەژمارکردنی دزییەکان و ئاگرکەوتنەوەکان نەبوو کە لە بەروبووم و تەویلە و ماڵەکان دەکەوت. هەر کاتێکیش پارچە چەکێک کەوتبێتە دەست کۆیلەیەک ئەوە دەبووە هەلێک بۆ یاخیبوون. کۆیلەکان هەموو جۆرە هۆیەکیان بەکار هێناوە بۆیان گونجابێ




وێنەیەک دژی کۆیلەیەتی ساڵی ١٨٣٥ لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بڵاو کراوەتەوە

لە هەوڵی ڕزگاربوون لە چەوسێنەرانیان و کە هەلیان بۆ ئەوە دەست نەکەوتایە لە سەختیی نائومێدییان ئەوا خۆیان دەشێواند یان خۆیان دەکوشت. لێرەدا باسی ئەوە دەکەین کە ڕێژەی کوشتنی منداڵە تازە لەدایکبووەکان لە کێڵگەکاندا بەردەوام بەرز بووە.

لەجیاتیی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی سپی لە شەڕێکی ناهاوسەنگ گەلێک لە کۆیلەکان هەڵاتنیان هەڵدەبژارد. تەنیا لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا لە نێوانی چل هەزار و سەت هەزار هەوڵی هەڵهاتن ئەنجام درا، بەڵام ڕێژەی سەرگرتنیان لە سەتا دەی تێ نەپەڕاندووە! لەگەڵ بەسەرچوونی کاتیشدا ڕێکخستنی کردەوەکانی هەڵهاتن بۆ باکور وردە وردە چاکتر بوو. بۆ کۆچ پێکردنی هەزاران کۆیلە ڕێگەیەکی شاراوە داهێنرا، تۆڕێکی نهێنیی ڕێبەر و ڕاهێنەری بەخۆوە دەگرت و ئێستگە و جێی خۆشاردنەوەی هەبوو، ئەمەش تەنیا بە شەو ئەنجام دەدرا. لەناو ئەو قاچاخچییە پتر بەناوبانگانەدا ناوی ئافرەتێک دەردەکەوێ، هارییت توبمان، بەلای کەمەوە نۆزدە ڕاگوزاریی بۆ دەربازکردنی سێ سەت کۆیلە ئەنجام دا، ئاغا سپییەکان نەیانتوانی یەکیان بهێننەوە. بۆیە پێمان سەیر نییە کە دەزانین ساڵی ١٨٦٥ پاداشتی بیست و پێنج هەزار دۆلار بۆ ژیانی دانرابوو[9].

کاتێک کە هێزی پاڵەپەستۆ زۆر بوو بۆ بەرەنگاریکردنی کۆیلەیەتی لە سەتەی نۆزدەهەمدا یەک لە خاوەنەکانیان هەندێک نەرمیی نواند و ڕێیان دا هەندێک کۆیلە ئازادیی خۆیان بکڕنەوە.

## شۆڕشەکانی کۆیلەکان

مێژووی کۆیلەیێتی مێژووی چەندانێک لە پیلان و شۆڕشی جەماوەرانەیە. لەم چوارچێوەیەدا هێربرت ئەبتکەر-ی بیرمەندی مارکسی پتر لە ٢٥٠ شۆڕشی کۆیلەکانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ئەژمار کرد و سێی بەبایەخی ئەمانە لە ١٨٠٠ و ١٨٢٢ و ١٩٣١دا بووە و بەسێ پیاوی تایبەتمەند نوێنەرایەتی کراون ئەمانە گابریێل براسەر و دێنمارک ڤێسی و نات تێرنەر بوون. بەڵام هەوڵەکانی هەڵهاتن و شۆڕش بەرپاکردن بە ئاشکرا بووە هۆی سەرکوتی دڕندانە، سەرەڕای ئەوە هاوسۆزییەی هەندێک لە سپییەکان نواندیان[10]. دوابەدوای ئەوە قانوونەیلێک دەرچوون زۆر تەگەرەیان خرایە پاڵ کە نێزیک بوو ئاواتەخوازی گەلی ڕەش لە ئازادیدا وردە وردە بەرەو نەمان بچێ.

ساڵی ١٨١٦ "کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ داگیرکاری" پێکهات، بە ئامانجی ڕزگاربوون لە ڕەشەکان لە ڕێگەی نیشتەجێکردنیانەوە لە نشینگەیەکی ڕەش لە ئەفریقیا. خاوەن کۆیلەکان دوا کەس نەبوون ئەم نەخشەیە پەسند بکەن بۆ ڕزگاربوون لە "برێکی پڕ مەترسیی بێ سوود" لە کۆمەڵگەدا.

بەم جۆرە کۆمەڵە ساڵی ١٨٣٠ دەستی بە نیشتەجێکردنی ١٤٢٠ کەسی لە ڕەشەکان کرد لە لیبیریا، بەڵام ڕەشەکان بە توندی نارەزاییان بەرامبەر ئەوە دەربڕی چونکە دەمودەست درکیان بەوە کرد کە مەبەستی ڕاستەقینە لە ئازادکردنەوەیان دەرکردنیان بوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەمەیان دەگوتەوە: "لێرە لەدایک بووین و لێرەش دەمرین". لە کۆتاییی سەتەی نۆزدەهەمدا ژمارەی ئەو ڕەشانەی بۆ ئەفریقیا کۆچیان پێ کرا گەیشتە پتر لە پازدە هەزار کەس.

ئەم سیاسەتی کۆچ پێکردنە لە ڕاستیدا بەشداریی لە سەرلەنوێ دەستپێکردنی بزووتنەوەیەکی بەرەنگاربوونەوەی کۆیلایەتی لە نێوانی ١٨٢٩

و ١٨٣١، كە دەوری دیاری هەبوو لە تەرخانكردنی بنەمای تێكۆشان لە ڕێی ڕزگاركردنی كۆیلەكان! كە تەوەرێک بووە لە پێكهێنانی بزووتنەوەیەک لە ماوەی سی ساڵدا بەهێز بوو.



لە گوێرایەڵییەوە بۆ بەرگری

وای لێ هات دەست بەسەرداگرتنی زەحمەت بێ، بێگومان ڕەشەكان بەگەرمی بچنە پاڵ ئەم بزووتنەوەیە، ساڵی ١٨٣٠ش پتر لە پەنجا ڕێكخراوی ڕەش بەشدارییان لە شەڕی دژی كۆیلەیێتیدا كرد و بە شێوەیەكی تایبەتی لە خستن جووڵەی "كۆمەڵە ئەمەریكایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی كۆیلایەتی" و پشتگیریكردنی سەركردە دیارەكانی وەک فریدریک دۆگلاس و هێنری هایلاند گارنێت، كە هەردووكیان لە كۆیلە هەڵاتووەكانن.

ساڵی ١٨٥٤ سەركردەكانی بزووتنەوەی ڕزگاری هەستیان بە پێویستیی ڕێكخستنی سیاسی كرد، حزبی كۆمارییان دامەزراند كە زۆرینەی ئۆپۆزسیۆنەكانی كۆیلایەتیی لە دەوری بەرنامەیەكی تا ڕادەیەک فرەوان كۆكردەوە، توانستی پێكهێنانەوەی ئاڕاستە پتر دوورەكانی هەبێ. ساڵی ١٨٦٠ كۆماری ئەبراهام لینكۆڵن-ی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆكایەتیی ویلایەتە یەكگرتووەكان هەڵبژارد، بەڵام ویلایەتی كارۆلاینای باشوور لە ١٨ی كانوونی یەكەمی ساڵی ١٨٦٠ جودابوونەوەی ڕاگەیاند و دوای ئەویش دە ویلایەتی باشووری تریش[١١]، لە نیسانی ساڵی ١٨٦١دا شەڕی ناوەخۆ دەستی پێ كرد.

## شەڕی جودابوونەوە

ڕێژیمی کۆیلایەتی لە پاڵپێوەنەرە بنچینەییەکان بوو بۆ بەرپابوونی ئەو شەڕە[١٢]. کۆیلایەتیش بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئیمپراتۆرییەتی باشوور دانرا، ئەگەر ئەوە بە ویلایەتە خۆراواییەکانیشدا بڵاوبووایەتەوە باکور لە پێگەی کەمینەدا خۆی دەبینییەوە. بۆیە دۆزی ڕزگاریی ڕەشەکان بووە ئامانجێکی سیاسی بۆ باکور کە لە هەمان کاتدا بڕوای وابوو کە کۆیلەیێتی ئەو سوودەی جارانی نەماوە. لەگەڵ ئەوەی بۆچوونی سەرۆک لینکۆڵن لەبارەی دۆزی کۆیلایەتییەوە ڕوون نەبوو، کەچی لە ٢٢ی ئەیلوولی ساڵی ١٨٦٢دا بێ ئەوەی پرس بە کۆنگرس بکا "بەیانی ڕزگارکردنی" ڕاگەیاند. کە دەقەکەی دەیگوت دوای سەت ڕۆژ- واتە لە یەکی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٦٣دا- هەر یەکە لە کۆیلەکانی ئەو ویلایەتە ڕاپەڕیوانەی هێشتا هێزە فیدرالییەکان داگیری نەکردوون بە ئازاد دادەنرێن. ئەو بەیانە وەک کۆتاییی ئازارچێژییەکی درێژ بوو لە کۆیلەکردنی سەتان هەزار پیاو و ژن. بەڵام دەبێ ئاگەداری ئەوە بین کە بڕیارەکەی لینکۆلن بەپلەی یەکەم تەگبیرێکی سەربازی و دیپلۆماسی بوو بەر لەوەی بڕیارێکی مرۆڤانە بێ. لە ڕاستیدا بەشداریی لە هەڵوەشاندنەوەی ڕیزەکانی لەشکری دوژمن بوو بە بەکێشکردنی ڕەشەکان و هێنانەوەیان بوو بۆ ناو لەشکرگەی فیدرالی.

ساڵی ١٨٦٥ هەموارکردنی سیانزەهەمی دەستوور بەو بڕیارەی ساڵی ١٨٦٣وە کە تایبەت بوو بە ویلایەتە جودابووەکان هەموو ویلایەتە یەکگرتووەکانی گرتەوە. ساڵی ١٨٦٦ قانوونێکی مەدەنی دەرچوو مافی هاونیشتیمانێتییدا بە کۆیلە کۆنەکان و تۆماری کرد کە لە سەرەتای ١٨٦٨وە ڕەش بە ئەندامێتیی تەواوەوە دەبێتە هاونیشتیمانی و مافی دەنگدانیشی دەبێ.

بەڵام ڕاگەیاندنی فەرمی بە بڕیاردانی ئازادی بەس نییە و لە باری ژیاندا

دەمێنێتەوە پێویستی بە کاراکردنی باری شەرعیی ڕەشەکان. لابردنی کۆیلەیەتی ئەوە ناگەیەنێ کە دادوەریی ڕەگەزی هاتە دی، هەروەها لە شەو و ڕۆژێکدا ناکرێ لە باری کۆیلەیێتییەوە بگوازرێتەوە بۆ هاونیشتیمانێتی! دوای کۆتایی هاتنی شەڕ ڕەشی ئازادکراو خۆی لە بارێکی پەرێشاندا دیتەوە. ڕاستە ئاغایەکی نەما بەلاّم هێشتا لە توانستیدا نەبوو پارچە زەوییەک بەدەست بهێنێ و خوێندەوار نەبوو تا بتوانێ خۆی لە بوارگەلی تر بدا دەشیا بۆی بڕەخسێ. بۆیە پێویست بوو بۆ دابینکردنی پایەی خۆی تێبکۆشێ لەناو کۆمەڵگەدا.

سپییە باشوورییەکان لە کارکردن بۆ گەڕاندنەوەی ئەو دەسەلاّتەیاندا کە لە دەستیان دابوو دوانەکەوتن. بە پلەی یەک بایەخیان بەوە دەدا دەست بەسەر ڕەشە ئازادکراوەکاندا بسەپێنن، هەروەها بەزوویی قانوونگەلێکیان ئامادە کرد کە ئازادیی خۆیان دابین دەکا و سنوور بۆ ئازادیی ڕەشەکان دادەنێ. بەم جۆرە کۆمەڵە "قانوونەکانی ڕەشەکان" جێی "قانوونەکانی کۆیلەیێتی"ی گرتەوە، کە هەردووکیان تا ڕادەیەکی سەیر لە یەک دەچوون. خەمی سەرەکی ئەوە بوو پاڵ بە ڕەشەکانەوە بنێ بەرەو بارێکی کۆمەلاّیەتی و ئابووری و سیاسی کە نزمتری دەکا لە سپی. هەر لەو تەگبیرانەی بۆئەم مەبەستە ڕاگەیەنرا: ڕەشەکان ناچارن ئەو کارە بکەن کە خاوەن کارە سپییەکان بۆیان دەستنیشان دەکەن. خۆ ئەگەر کاریش ناکەن بە دەربەدەر دادەنرێن و مافی ئەوەیان نابێ کارگەلێکی تایبەت بکەن، ئەمەش وایان بەسەردا دەسەپێنێ یان ببنە جووتیار یانیش ببنە خزمەتکار،.. تاد.

بەلاّم "نووسینگەی ئازادکراوان" هەوڵی دا ڕەشەکان لە پەرێشانییان دەربهێنێ، ئەوەش بە بایەخدان بەو دوو داواکارییە پتر پێویستە لەلایان، کە ئەویش زەوی و فێرکردنە. نووسینگە هەوڵێکی سەراسای دا بەوەی پێوەندیی بە بواری فێرکردن هەبوو، بەلاّم ئەوە لەبارەی زەوییەوە ڕاست نەبوو. لە باشوور ئازادکراوەکان ناچاری بەکرێدانی خزمەتگوزارییەکانیان

بوون لە چوارچێوەی ڕێژیمی کشتوکاڵیدا شێوەیەکی تازە بوو لە بەروبووخۆری. لە باکور کە بە پەلە بەرەو پیشەسازی وەرگەڕا لە کارگەکاندا بوونە کرێکار. بەڵام پرۆلیتاریای سپی بێزارییان لەبارەی ئەوانەوە دەربڕی کە بەرامبەر کرێیەکی زۆر نزم کاردەکەن و بۆ "شکست بە مانگرتنەکان" هێنان بەکار دەهێنرێن. سەرباری ئەوە ئەندامانی سەندیکا لە کرێکارە سپییەکان هەوڵیان دا کرێکارە ڕەشەکان نەهێڵن بێنە ناو کارگەکان.

ئەمە سەرنجی چالاکە کۆنەکانی لە بزووتنەوەی بەرەنگار بوونەوەی کۆیلەیێتی ڕاکێشا و حکوومەتی فیدرالییان ناچار کرد تەگبیرگەلێکی کاریگەرتر بکەن. ساڵی ١٨٦٧ کۆنگرس دەنگی بۆ "بڕیاری سەرۆکایەتیی یەکەم بۆ سەرلەنوێ بنیات نانەوە" دا، کە قانوونەکانی ڕەشەکانی لە باشوور لابرد و لە باکوریشدا بواری والا کرد بۆ کۆیلە کۆنەکان بێ دوودڵی لە تێکەڵی کۆمەڵگەی سپی بن.

بەڵام باشوور بە ئاسانی دەستی لە کەللەڕەقیی خۆی هەڵنەدەگرت، کە یارمەتیی دەرکەوتنی چەند کۆمەڵێکی نهێنیی دا، دژایەتیی ئەو دەستکەوتە تازانەی دراوەتە ڕەشەکان بکا، لەمانەش کۆمەڵەی کۆکلۆکس کلان-ی بە ناوبانگ کە تاقمێک بوون لە تاوانباران لە خزمەتی باڵادەستیی سپییەکان.

## جیاوازیی ڕەگەزی

ساڵی ١٨٧٦ و دوابەدوای سەودایەکی پرۆسەی هەڵبژاردن دیموکراتییەکان توانییان لە باشوور و دوور لە هەموو سزایەک، "بە شێوەی خۆیان کاروبارە ناوەخۆییەکەیان بەڕێوە ببەن"، ئەوەش بە پلەی یەکەم ئەوە دەگەیەنێ کە ڕەشەکان لە ڕاژە مەدەنییەکان دوور بخرێنەوە. بەشێوەیەکی پلە بە پلە "ڕەگەزی باڵادەست" لە نێوانی ١٨٨٣ و ١٨٩٨دا توانیی جیاوازیی ڕەگەزی تەرخان بکا، ئەوەش لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و- دادگەی باڵا شتێکی جگە لە بڕیار لەسەر ئەوەی هەبوو بدا: جیاوازی لە هۆیەکانی

گواستنەوە و فێرکردندا و بێبەشکردنی ڕەشەکان لە مافەکانیان لە هەڵبژاردنەکاندا و دەستنیشانکردنی گەڕەکێلێک کە ڕەشیان تێدا نیشتەجێن و قەدەخەکردنی هاوسەریی تێکەڵاو و جیاوازی لە کارکردن و... تاد. پیاوی سپی پەنای بۆ هێز برد بۆ سەپاندنی قانوون و پتر لە سێ هەزار کەس لە ڕەشەکان لە نێوانی ١٨٨٥ و ١٩٣٠دا تووشی جۆرەها هەڵسوکەوتی زۆردارانە هاتن بێ ئەوەی ئەوە نیگەرانیی دادوەری بورووژێنێ.

بەم جۆرە ڕەشەکان لە باشوورەوە دەستیان بە کۆچ کرد بە دوای "خاکی بەڵێن دراو" لە خۆراوا و باکوردا. کۆچەکانیشیان بەرەو باکور لە کۆچی بەرەو خۆراوا زیاتر بوو. ئەم کۆچانە لە نێوانی ١٩١٥ و ١٩٨٦دا گەیشتە ترۆپک: لەماوەی ١٨ مانگدا ٣٥٠ . ٠٠٠ کەسی ڕەش بەرەو شارەکانی باکور چوون.

دەزگەکانی باکور لەم کۆڕەوە نیشتەجێییە دڵگران نەبوون چونکە شەڕی جیهانیی یەکەم پێویستی کرد بەرهەمهێنان چڕ بکرێتەوە و ژمارەی ئەو لاوانەی دەنێررانە بەرە زیاد بکرێن، بەڵام ئەم گۆڕانە لە بەرهەم و بنیاتی کۆمەڵایەتییە بەلای ڕەشەکانەوە لە جیاتی ڕیشەدەرکێشانێکی سەربارە. هەروەها ئاشکرا بوو کە ڕێژیمی بێزارکەرەوەی کارکردن- ئەگەر هەبوو- باشتر نەبووە لە کۆیلەیەتیی گوندان.

لە ماوەی چارەکی دوایی سەتەی نۆزدەهەم و نیوەی یەکەمی سەتەی بیستدا، زەویکوتێکی (باگردێن _ ئامێرێکی زەوی کوتان)ی ڕێژیمی سەرمایەداری بوو کۆمەڵگەی ڕەشی دەپڵیشاندەوە. لە باکوردا ناوی چەوساندنەوە و دەمامکەکەی گۆڕا، بەڵام گرانیی لەسەر ڕەشەکاندا نەگۆڕا. ئەوانەی لە (تەوقی) خاوەن زەوییەکان هەڵاتن و پەنایان بردە بەر شارەکانی باکور خۆیان لەژێر بەزەیی دەڵاڵەکانی خانووبەرەدا دیتەوە.

## گەڕەکەکانی گیتۆ

کۆمەڵگەی سپی گەڕەکی تایبەت بە ڕەشەکان پەیدا کرد، کە زۆر بە پەلە بوونە گەڕەکەکانی گیتۆ[١٣]. بارودۆخی نیشتەجێکانی ئەم گەڕەکە شارەکییانە لە بازنەی بەتاڵ دەچوو: پەستانی خەڵکی بە شوێنێکی تەسکدا دەبێتە هۆی پاشەکشێی مەرجە پێویستەکانی تەندروستی، ئەمەش کار لە تەندروستیی ئەو کرێکارە دەکا لە توانستیدا نابێ کار بە دەست بخات، یان ئەو کارەی بەدەستیەوەیەتی بپارێزێ، لەو ئەنجامانەی هیچ چاری نییە دابەزینی داهات و نزمبوونی باری خانوو و بەرزبوونی ڕێژەی مردنی منداڵان و ڕێژەی تاوان. لە ڕوانگەیەکی سایکۆلۆجییەوە، ژیان لە گیتۆدا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دیاردەی تایبەتی لە نێوانی هەڵوێستگەلی زیادەڕەودا دەردەکەوێ و بەرتەسکی و ئاستنزمی ڕەنگ دەداتەوە: دژایەتیی توند یان گوێنەدانی تەواو، خۆ بە هیچ زانین یان شێتایەتیی خۆبەزلزانین.

لە ٧ی ئایاری ١٩٥٤دا، دادگەی باڵا بە کۆی دەنگ بڕیاری جیاوازیی ڕەگەزی لە بواری فێرکردندا – بنچینەی هاونیشتیمانێتی- پێچەوانەی دەستووره. ئەو بڕیارەی دادگەی باڵایە کە پەسند کرا بە لابردنی جیاوازیی ڕەگەز لە دەزگە فێرکارییەکاندا: "بە پەلەپەلی شیاو" لە ژیانی کۆمەڵگەی ڕەشی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا وەک سەرەتای قۆناخێکی نوێ بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا کە مێژووی ئەمەریکا فێرمانی کردووە کە بە زۆری ماوەیەک لە نێوانی دەقی تەشریعی و جێبەجێکردنی بەکردەوەدا هەیە، بەڵام لابردنی جیاوازی کە ڕاگەیەنرا ئومێدێکی نوێی لە دەروونی ملیۆنەها ڕەشدا چاند. لە ساڵانی دواتردا گەلی ڕەش لە سایەی پێشەوایەتیی پیاوەیلی وەک مارتن لۆتەر کینگدا دەتوانن خۆیان لە خەباتێکی سەرسەختانە بدەن، بە شێوەیەکی تایبەتی بە ناتوندوتیژییەکەیەوە دیاربوو، لە پێناوی دان بە ڕەشەکاندا نان و هێنانە کایەی یەکسانیی ڕەگەزی.

## له مۆسیقای بلووز-ەوە تا (نزا)

برنادێت بایادا

مۆسیقای بلووز و نزا ڕیشەیەکی چەسپاویان لە مێژووی گەلی ڕەشدا هەیە. کە گۆرانی، بەردەوام جێی بنچینەییی خۆی لە شارستانیی ڕەشدا هەیە چ دنیایی بێ یان پیرۆز. ژیان چەشتن و هیوای گۆڕینەوە دەردەبڕێ، بڕاوەییی گوێڕایەڵی و خەونی ڕزگاری لە یەک کاتدا.

هەر خوێندنەوەیەکی مێژووی ئەمەریکاییە ڕەشەکان نێوانی هەر دوو ڕەهەندی دینی و دنیایی بەیەکەوە دەگرێ، دژ بە ئەو ڕەوشەیە کە ڕەشی تێدا درک بە ڕاستیی ژیان کردووە، کە ڕەوشێکی ئاینییە، برۆنۆ شینۆ کتێبێکی لەبارەی ئەم بابەتەوە نووسیوە ناوونیشانی: "_ Dieu est moir Histoire, religion et theologie des NoirsAmericains” (14)، ئەمەش ڕانانێکی گشتیی کتێبەکەیە یارمەتیی تێگەیشتنی باشتری ئێستا دەدا...

ڕووحانییەتی ئەمەریکاییە ڕەشەکان بە بوونی سێ کاریگەر کرایەوە: ئاینی ئەفریقیی نەریتانە و باری بەندەیی و مەسیحییەتی سپی...

ئەمەریکاییە ڕەشەکان سەر بە ئەفریقیان، وەک مرۆڤ و وەک کۆمەڵایەتی و وەک ئاینییش. ئەو کۆمەڵگەیەی دەیانناسی کۆمەڵگەیەک بووە یەکگرتوویی لە چوارچێوەی بیری ئاینیدا دیوەتەوە. شۆکی داماڵران هەرگیز ناتوانێ بە یەکجاری ئەو قووڵییە ئاینییەی بوونی ڕەشەکان لێکدەداتەوە بسڕێتەوە.

دوای ساڵی ١٧٠٠ ژمارەی کۆیلەکان زیاد بوو، هەندێک سپی دەیانگوت ئەو ڕەشانەی بەشداری لە بەهێزکردنی ئابووریی وڵاتدا دەکەن "شایەنی پاداشتی ڕۆشنبیریی ئاینین"! بەم لایەنەدا کۆیلەکان مەسیحییەتیان ناسی. بەڵام خاوەن موڵکەکان مەترسیی ئەوەیان هەبوو نەک ڕۆشنبیریی ئاینی کۆیلەکان بەرەو یاخیبوون و دڕدۆنگی ببات (بەتایبەتی دوای فێربوونی خوێندن و نووسین)، بۆیە قانوونەکانی کۆیلایەتی ڕایسپارد کە: "لە ئاوهەڵکێشان باری کەسێک لە کۆیلایەتییەوە ناگۆڕێ بۆ ئازادی"، تەنانەت گۆدوین-ی موژدەبەر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە: "ڕۆشنبیرکردنی مەسیحی جووتیار دڵنیاتر دەکا..".

لە قۆناخی یەکەمدا کۆیلەکان بە هەموو توانایەکیانەوە بەرەنگاری ئەو هەوڵە بوونەوە، کە مەسیحییەت ئاینی چەوساندنەوەیە. ئەوەندەی نەبرد کۆمەڵگەی ڕەش مەسیحییەتی قبووڵ کرد و وردە وردە چووە سەر ئەو ئاینە. بەڵام دەتوانین جەخت لەوە بکەین کە ئاینی ڕەش لە ئاوێنەیەک پترە بۆ مەسیحییەتی سپی. ڕاستییەکی تایبەتمەندە ریشەی داکوتاوی لە ڕابوردووی ئەفریقیادا هەیە، بە ئازارچەشتنی کۆیلایەتی توێنراوەتەوە و لە بەئاگا هاتنەوەی ئاینیدا لە سەتەکانی هەژدە و نۆزدەدا دەرکەوت.

ئەزموونی کۆیلایەتی بەلای هەندێک لە ڕەشەکانەوەش ئەزموونی ڕووخانی خوداوەندە ئەفریقییەکان بوو. لە کۆتاییشدا گۆڕان بەرەو مەسیحییەت بۆ ئەمان واتە هاوپەیمانی لەگەڵ خوداوەندی بەهێزی سپیدا و بەشداریکردنە لە دەسەڵاتەکەی و خستنە بەر دەستییەوەی هەموو توانایەک و لەم سەر شارەوە دین وەک نێزیکترین ڕێ دەرکەوت بۆ دانان بە مافەکانی ڕەشدا و ڕەشەکان وا دیار بوو بەشێوەیەکی تایبەتی ڕوویان لە مەعمەدانییەکان کردووە.

## کەنیسە سەربەخۆکانی ڕەشەکان

دوای وەرگەڕان ڕەش هۆیەکی بەدەستەوە بووە یارمەتیی مانەوەی کردووە، بەناوی ئەو خوایە لە کێڵگە هەڵاتووە. هەروەها بۆ خزمەتکردنی ئەم بڕوایە ڕەشەکان دواتر شوێنپێی ئازادکراو دروست دەکەن، کەنیسە ئازادە ڕەشەکان. هەر لە سەرەتای دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەیانەوە کەنیسە سەربەخۆکان یەکەوسەر هەموو کاروباری گەلی ڕەش لە ئەستۆ دەگرێ. مەبەستی ئاینی بەلایەوە بوارێکی جوداواز نەبووە بگرە ڕەهەندێکی ژیانی کۆمەڵایەتی بووە: ناوەندێکی ئاینی و یانەیەکی کۆمەڵایەتی و کایەیەکی سیاسی و قوتابخانەیەکی پەرەپێدانیشە. بنیاتی ژیانی پەشۆکاوی کۆمەڵ لە دەستپێکی کۆبوونەوەی ڕۆشنبیرییەوە دەگۆڕێ. دەوری کەنیسەکان لە بواری فێرکردندا بەبایەخترین شت بوو. ساڵی ١٨٣٤ دروشمی باو: "کەنیسەیەک و قوتابخانەیەک بنیات دەنێین" بوو.

لە کۆتاییشدا کەنیسە لەلای ڕەشەکاندا، بۆ ماوەیەکی زۆر تاکە جێگەیەک بووە بتوانن تێیدا سیاسەت بکەن. ساڵی ١٨١٧ بەبایەخترین کۆبوونەوە گیرا لە کەنیسەیەکدا بۆ دەربڕینی ناڕەزایی. بەڵام دوای ماوەیەک کە کارەکە چووە سەر باسی دۆزی کۆیلایەتی، کەنیسە چیی دی نەیتوانی خۆی تووش بکا. توانستی تاکەکان لەم بوارەدا توانستی دەزگەی کەنیسەی ڕەت کرد. بەڵام کەنیسەکان لەگەڵ ئەوەشدا کەنیسەکان وەک ئیستگەگەلێک مانەوە لە ڕێگەی "ڕێڕەوی دەربازکردنی نهێنی"دا.

کەنیسەکان هەست بە ئاگاییی کۆمەڵ و ناسنامەی کۆمەڵ بە ڕۆڵەکانی دەبەخشێ. ئەو واتایەک بە بوون دەدا و ئامانجێکی هاوبەش دەخوڵقێنێ و هۆیەکانی پشتگیری ڕێکدەخا. شوێنێکی ئازادکراوی دوور لە مەترسیی جیهانی سپییە. بوونی جێگرەوەی جارێکی سیاسییە: "ئێمە وەک گەلی ڕەش هەین" و دەوری سیاسیی دەورێکی پێشەوایەتیش بوو. پێشەوایانی



زنجییەکان بەزۆری وا وێنە دەکێشران سەما دەکەن و کامەرانن. بەڵام سەماکردن، لە پاڵ کەشە ئاینییەکاندا، تاکە بوارێکی حەسانەوەی لە توانستدا بووە.
(وێنەی وێنەکێشێکی نەنووسراوی دەوروبەری ساڵی ١٨٠٠)ە.

کۆمەڵگەی ڕەشەکان قەشەکان و ئوسقوفەکانن. خۆ ئەگەر مەسیحیی ڕەش بۆی نەبووبێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن لە کۆمەڵگەدا، لە کەنیسەدا هەموو مافەکانی خۆی ئەنجام دەدا و تەنانەت دەتوانێ بگاتە پێگەکانی لێپرسراوی.

بەڵام مەسیحییەتی ڕەشەکان بەر لە هەموو شتێک و بۆ ماوەیەکی زۆر وەک مەسیحییەتێکی قەرەبووکردن و هەناسەدەردان مایەوە، مالکۆڵم (X) سەرسامیی خۆی لە بەردەوامیی نەرێنێتیی ڕەشەکان دەربڕی "کە بە گەرمیی ئەو بڕوایەوە ماوەتەوە کە دەبێ لای چەپی ڕوومەتی وەربگەڕێنێ و دواتر چاوەڕێی بەهەشت بکا". بەلای ئەوەوە ئینجیل ڕەشەکانی بە تایبەتی فێرە سەبرکردن و خۆ بەدەستەوەدان کردووە. بڕوا بە بوونی جیهانێکی تر کارێکی بنچینەییە. کە بواری بۆ دوورەپەرێزی لە بارودۆخی ئێستا و سووککردنی گرژبوونەوە و ڕامان لە دواڕۆژێکی باشتر ڕەخساندووە.

## ملکەچی یان بەرگری؟

وەرگەڕانی ڕەش بۆ مەسیحییەت بواری دا بگاتە درک بە ئازادیکردن کە باری کۆیلایەتی نەیتوانی تێکی بدا. ئازادی بووە بڕوایەکی ناوەکی باری دەرەکی ناتوانێ دایبپۆشێ. هارڤی کۆکس دەڵێ مەسیحییەت کە بواری خۆ لە ئەزموونی وەهادان دەرەخسێنێ ئەفیوون نییە بگرە بەخشینی ژیانێکی ترە لە بارودۆخێکدا ئاسۆی تێدا لە هەموو لایەکەوە داخراو دەبینرێ: "هەموو گەلێکی ملکەچ دەبێ یەکەم بەر لەوەی بیر لە شۆڕش بکاتەوە خۆی ڕابگرێ". کە ئاوڕ لە یاخیبوونی کۆیلەکان و هەڵمەتی ڕزگاری و تێکۆشان لە دژی ڕەگەزپەرستی دەدەینەوە، دەبینین گەلی ڕەش شەڕەکەی دەکرد، ئینجیلی بەناوی خواوە هەڵگرتبوو.

لە شەستەکاندا دوابەدوای دەرکەوتنی بزووتنەوەی "هێزی ڕەش"، هەندێ لە مەسیحییەکان دەستیان بە خوێندنەوەی سەرلەنوێی مێژووی ئاینی ڕەش، لەپاڵ بیری ملکەچیدا بوونی بیرێکی (بەرگر) یان بۆ دەرکەوت. مەسیحییەت توانستی خۆڕاگریی دا بە ڕەشەکان: ڕێی دانێ ناڕەزایی دەربڕن و هەڵوێستی هێرشبەرانەیان بەرامبەر دەسەڵاتەکان هەبێ. کەنیسەی ڕەش بوو پشتگیریی ئەم جموجوڵە یاخیبووانەی کرد. شوێنی کۆبوونەوە و هۆی گوازتنەوەی زانیاری و تۆڕی بنچینەییی ڕێکخستنی کار بوو.

کاتێک سەرکوتکاریش توند دەبێ، سپییەکان نابینین هەڵە لە پێکانی ئامانج بدەن، کە بەر لە هەمووان گردبوونەوە ئاینییەکانیان سزا دەدا: کۆبوونەوە شەوانەکانیان قەدەخە دەکرد و ئەو کۆبوونەوانەی سپییەکانی بەشدارییان تێدا نەدەکرد و ڕێیان لە موژدەدەرە ڕەشەکانیشیان دەگرت کە وتارەکانیان بخوێننەوە. ئاین لەلای ڕەشەکان بیانووی بەرگری و دەسپێکی شۆڕشەکەیان بوو. بەڵام گەل هەر زوو درکی بەوە کرد کە کەنیسەکان ناتوانن ببنە هۆگەلێکی یەکلاکەرەوە لە خەباتدا، بۆیە گەلی ڕەشگەلێک لە

کۆمەڵەکانی بەرگریی کۆیلایەتی پێکهێنا بەڵام هەرگیز باوەڕی لەدەست نەدا.

بڕوای مەسیحی بواری بۆ ڕەشەکان ڕەخساند مرۆڤایەتییان بەدەست بهێنن، کە کەنیسە شوێنی ڕەسەنایەتی و ڕزگاری و جەخت لەسەر خۆکردن ڕەخساندووە، لە ڕێگەیەوە ڕەشەکان توانییان بەرەوڕووی پاڵەپەستۆی نائومێدی ببنەوە و مرۆڤایەتییان بسێننەوە.

موژدەدەر ئەو کەسایەتییە ناوەندییەیە لە خوداپەرستیدا و کۆتاییش لە کۆمەڵگەدا، هەر خۆشی تەوەری کەشی ئاینییە و لێدوانەکەی ئەوەندەی پاڵ بە قسەوە دەنێ پاڵ بە مۆسیقاوە دەنێ. دەچێتە ناو تریپەیەکی تادێ بەرزدەبێتەوە و دەگاتە ئەزموونی کەشێکی ئاینی و لەوێوە بۆ بەرزڕاگرتن و بەرزبوونەوە. دووریش نییە لێدوان کۆتایی بێ کە ئەزموونێکی ئاینیی گفتوگۆئامێزە هەموو تاکێکی تێدا خۆی ڕەت دەکا، بە نزای زنجییانە. هەندێک دەڵێن نزاکان لە موژدەدانەوە هەڵدەقوڵێ وەک درێژبوونەوەیەکی سروشتیی ئەو.

## قەشەگەلێک لەسەر شانۆی ژیانی سیاسیدا

لێدوان کاریگەرییەکەی لە پێوەندیی پێشەوا بە گەلی ڕەشەوە وەردەگرێ: خۆی لە گەلەوەیە و هەر لە دەوروبەریشیدا دەمێنێتەوە. ئەفریقییەکان لەسەر جوداکردنەوەی دوو جیهانی دینی و دنیایی ڕانەهاتوون، بەلایانەوە ئاساییە پێشەوای ئاینی پێشەوایەکی کۆمەڵایەتیش بێ، یان پێشەوا کۆمەڵایەتییەکە دەورێکی ئاینی ببینێ.

ئەگەر سەرنج لە مێژووی گەلی ڕەش بدەینەوە لە ویلایەتە یەککگرتووەکاندا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە چەندانێک لە قەشەکان لە پێشەوەی ڕووداوەکاندا بوون. کۆمەڵگەی ڕەش خۆی لە هیچ هەڵویستێک نەداوە قەشەکان خۆیان لێ نەدابێ. بەشدارییان لە پێکهێنانی کۆمەڵەکانی بەرگریی کۆیلایەتیدا کردووە

و بەشدارییان لە دابینکردنی "ڕێی نهێنیی هەڵاتن"دا کردووە و بەشدارییان لە ڕێکخستنی قوتابخانان و زانکۆکاندا کردووە. لە ماوەی قۆناخی "بنیاتنانەوە"دا دیسان دەورێکی تایبەتییان هەبووە چونکە لەو خوێندەوارە کەمانە بوون کە لە کۆمەڵگەیاندا هەبووە. ئێستاش ئەمرۆشمانی لەگەڵدابێ پێشەوان.

لە مێژووی گەلی ڕەشدا کەنیسە ڕێیەک بووە بەرەو بەرپرسێتیی سیاسی. ئەو شوێنە بوو کە پێکهاتنی چەکە یەکەمینەکانیان و چۆنیەتیی پێگەیاندنی پێشەوایەتیی بەخۆوە بینی.

## دەوری مۆسیقا

قودداسی ئاینی بە مۆسیقا دەست پێ دەکا و بە مۆسیقاش کۆتایی دێ. نزا "تەرتیلە"ی زنجییش[15] شاهێدی سێ سەرچاوەی مەسیحیبوونی ڕەشە ئەمەریکاییەکانە. ئەگەر شێوەی تەرتیلەکە زۆربەی بگەڕێتەوە بۆ ئەفریقیا (بنیاتی دایەلۆگ، ترپەی هاوەڵ و سەرزارەکی "شتی هەنووکەیی" و چەپڵە...)، بەڵام ناوەڕۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا. بەبێ هیچ دوودڵییەک زمانی تەرتیلەی ئاینیی زنجی زمانێکی بارگاوییە بە هێماکانی ئاواتە سەرکوتکراوەکانی گەلێکی کۆیلەکراو. زمانی پێوەندییە لە ناو کۆمەڵەکەدا، لە پاڵ ئاماژەگەلێکی ڕوونی بارودۆخدا دەبینین، ("دەورییە گەمارووی دام، سوپاس بۆ خوا، نەیتوانی دەستگیرم بکا")، ژمارەیەکی سەرنجکێش لە ئاماژەکان بۆ ژیانی خێزانی، گەل ناگاتە نائومێدی کە نزاکان بە زۆری بەوە کۆتاییی دێ کە دەڵێ: "بەرزی بۆ خوایە، هەللیلویا".

ئەگەر ناوبردنی مەسیحیش بەردەوام بووبێ لەبەر ئەوەیە کە ڕەشەکان لە چارەنووسی ئەودا مێژووی خۆیان بینی. نزاکان بە شێوەیەکی سادە و زۆر ڕاستگۆیانە واتای ژیانەوەیان دەردەبڕی، یەسووع هاوڕێی بەردەوام ئامادەیە و دڵدانەوەیە لە ئاست گرانیی ژیانی سەختی ڕۆژانەیە. زمانی

هێما ئەو زمانەیە چەوسێنەر ناتوانێ کاری لێ بکا. هەموو ئەو هۆیانەی لە گۆڕێدایە بۆ بۆ ئاسمان سەرکەوتن هەر بەخۆی دەبێتە شێوەگەلێکی هاندان بۆ هەڵهاتن بەرەو باکور و ڕەوتی ئینجیل ئاماژە بە بیرۆکەی "ڕێی نهێنیی هەڵاتن" دەکا کە سەتان کۆیلەی گەیاندە باکور. نزا گۆرانییەکی بەسەرهات و گۆرانییەکی ئومێدەوارییە بزوانی بەرەو خاکی ئازادی هان دەدا.

بەڵام "بلووز"، کە حاڵەتێکی سەرەتاییی جازە، بەرەسەن گۆرانییەکی ئازارە لە سێبەری کۆیلەیەتیدا پەرەی سەندووە. ڕەش گۆرانیی گوت بۆ ئەوەی ترپەیەک بۆ کارەکەی بدۆزێتەوە و گۆرانیی گوتووە بۆ ئەوەی ئازاری دەربڕێ و لەو ساتە کامەرانییانەدا کە بە دەگمەن بینیونی سەمای کردووە. بەڵام لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی - ئابووریی ئەمەریکاییە ڕەشەکان و گۆڕانیان لە کۆیلایەتییەوە بۆ پرۆلیتاریای پیشەسازی و لە کۆلیتەکانەوە بۆ گیتۆ لە هارلم و نیویۆرک و بۆ مل بۆ شۆڕش کەچکردن، دەبینین کە ئەو "بلووز"ەی لەو هۆیانە بوو جازیان پێکهێناوە، نەمردووە بەڵام گۆڕرا. نزا "تەرتیلە"ی "ئەی مووسا دابەزە" لای ڕەشەکان پەسند بوو چونکە تێیدا "لێ گەڕێن گەلم کۆچ بکا"یان تێدا دەچڕی[١٦].

ئەمڕۆش دیسان ڕەشەکان ڕەهەندێک و دەورێکی سیاسی بە مۆسیقاکانیان دەدەن. مۆسیقای بلووز و جاز بە هۆی لە هەژاریی گەلی چەوساوە دەرکەوتنییەوە، لە ژیانی ڕۆژانەیدا نەیتوانیوە لە گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان جیاببێتەوە.

بەپێی دەربڕینی ئەرشی شیب-یش: "لە ڕاستیدا لە درێژەی ئەو بزووتنەوەی "مافە مەدەنییەکان"ی نەتەوەیی ڕەشە نەبین کە دەستی بەبڵاوکردنەوە کردووە لە ئەمەریکا و کە لانکەی مۆسیقا بووە ".

## کینگ و مەسیحییەتی ڕەش

لە نێوانی ۱۹۱۵ و ۱۹۳۰دا شارەکان هەڵمەتی کۆچێکی بەربڵاویان بە خۆیانەوە بینی کە ژمارەیەکی زۆری لە باشوورەوە بۆ باکور ڕاکێشا. تازە کۆچکردووەکان لە هەژارترینەکانی نێو هەژارەکان بوون، ئاواتی ژیانێکی باشتریان لە شاردا دەخواست. کەنیسە ڕەشەکان خۆیان بەرەوڕووی هەڵوێستێکدا دیتەوە لە سەرووی توانست و هێزە ماددییەکانیدا بوون، هێندەی نەبرد ڕووداوەکان ڕەتیان کرد. شێوەی یەکەم بەرەنگاربوونەوە لە دوو ئەوەندەکردنی پەرستگەکاندا بوو. ئەم زیادبوونە لە شوێنی کۆبوونەوە ئاینییەکاندا کەنیسەی لە خەڵک نێزیک کردەوە بەلام ڕێگەی بۆ یەکگرتنەوەی کۆمەڵگەی ڕەشدا خۆش نەکرد، کە بە پەرت و بلاوی مایەوە و کاریگەریی ئاین دەستی بە پاشەکشە کرد.

جەماوەری ڕەش باوەڕ و متمانەیان لەدەست دا و سەرباری ئەوەش ڕێکخراوە مەدەنییەکان ئەنجامدانی گەلێک کاریان گرتە ئەستۆ کە پێشتر کەنیسە دەیکرد. گەلی گیتۆ بەرگەی فێڵی کەنیسەکانی نەگرت کە موژدەی جیهانێکی تری دا لە پێناوی دابینکردنی سەقامگیری لەم جیهانەدا، بۆیە پشتی تێ کرد. بەلام ئەو بزووتنەوە کۆمەڵگەی ڕەش ناسیبوونی هێشتا بە یارمەتیی پیاوانی کەنیسە پێکدەهاتن: بزووتنەوەی نیاگرا و ڕابیتەی شارەکیی نەتەوەیی و ڕابیتەی نیشتیمانی بۆ پێشکەوتنی ڕەنگدارەکان (N.A.A.C.P)، کەچی میانڕەویی ئەم شەپۆلانە بەزۆری بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی پارێزگارانەی کەنیسەکان، کە دەستی لە مەشخەڵەکەی هەڵگرت و تیپەکانی تر کە لە زیادبووندا بوون بەپەلە هەڵیان گرت، بۆیە بارودۆخی شار لە سەدەی بیستەمدا کەنیسە ناچار کرا چاوێک بە ڕاستگۆییدا بخشێنێتەوە. دوابەدوای ئەو پشێوییە گەورەیەی لە پەنجاکان و شەستەکان هەل بۆ ئەوە ڕەخسێنرا.

له ناوەڕاستی پەنجاکاندا ئەو ستراتیجییەتەی گەلی ڕەش هەڵی بژاردبوو ستراتیجییەتێکی ناتوندوتیژی بوو. مارتن لۆتەر کینگ ئەو پیاوەی کە بە کەسی خۆی شەڕی مافە مەدەنییەکانی بەرجەستە کرد. دوای ساڵانێک له مردنی بەدواداچووە سپییەکان سوور بوون لەسەر ڕەهەندی ئاینی لەلای کینگدا و ڕەخنەیان لە شێوازە سیاسییەکانی گرت، لە کاتێکدا نووسیارە ڕەشەکان بەر لە هەموو شتێک لەلای کاریگەرییە سیاسییەکەیدا وەستان و وایان دانا ئەم کاریگەرییە بە هۆی چەمکە ئاینییەکانی کینگ بە خۆیەوە لە سنوورێکی بەرتەسکدا ماوەتەوە.

کینگ وەک بابەکانی دەیزانی چۆن گەلەکەی دەدوێنێ، دەیزانی چۆن سیمینارەکانی بە وشەگەلێکی گەوهەرییانە واژۆ دەکا تا بگاتە ئایەتێک لە کتێبی پیرۆز یان بە هەندێک دەقی "تەرتیلە"، کورتەی ئەوەی تێدا بێ کە بیری لێ دەکاتەوە. بێگومان مۆژدەدەرێکی "مەعمەدانی" بوو بە شێوەی قسەکانی و گەرمیی ئینجیلییە گڕی لە جەماوەر بەرداوە. باوەڕی ناتوندوتیژی بەلای کینگەوە لە ئینجیلدا ڕەنگدانەوەی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان بوو: "دەبێ گوێرایەڵی خوا بین نەک مرۆ".

لە ڕاستیدا مارتن لۆتەر کینگ لە تەنیا هێمایەک پتر بوو بۆ کۆمەڵگەی ڕەش. ئەو هاندەرە بوو کە نەتەوەکەی وەئاگا هێنا و هانی دا بچێتە ناو شەڕە ڕەواکەی. وەک مێژوو لە باشترینی ئەوانە دادەنرێ کە لە بەدیهێنانی ئەو یەکبوونە چەسپاوەی نێو باوەڕی مەسیحی و چالاکیی کۆمەڵایەتییەدا سەرکەوت، کە بەلای زۆرییەوە تاکە هەلێک بوو بۆ بەرپابوونی شۆڕشێکی ڕەش لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا.

ئەم قەشەی مەعمەدانی و پێشەوا سیاسییە، بەرجەستەبوونی "کەنیسە چالاکەکە" بوو لە پێناوی ڕزگارکردنی بەکۆیلەکراوەکان و دووبارە ژیاندنەوەی ئاینی تێکۆشەر. لەگەڵیدا خواپەرستیی مەسیحی بە دەست بە

دادوەریدا گـــرتن تەواوتر بـوو و هـەروەک بارودۆخ لە ڕۆژانـی ڕزگـــاریـی پرشنگداردا بـوو. بایەخی خۆی هەیە ئاماژە بە ژمارەی دەزگـە ئاینییـەکان بدەین – کاتۆلیکی و پرۆتستانتی و جوویتی – لە پێشەوەی تێکۆشەرانی لە پێناوی مـافـە مـەدەنییـەکاندا بوون. بەڵام کـەنیسـە وەک قـەوارە دۆزی مـافـە مەدەنییەکانی پشتگوێ خست.

لە ڕاســتـیـدا حکوومـەتـی ئەمـەریکایی مـاف نادا، دەبێ لێی بســەنرێ، هەروەها ئەگەر ناچار نەبێ سیاسەتی یەکسانی پەسند ناکا. ئەو ڕەشانەی بەرپرسی چارەنووسیـانن، ئەمرۆ دەزانن پێویستـە بە ژیری و داهێنەرانە لە تێکۆشـان بـەردەوام بن بەبێ ورووژاندنـی دەسـەڵات. ڕێگەی بەرەو دان پێدا نانی تەواو درێژە و پێـویستی بە مـەشق لەسـەر بەرپرسـیاریەتیی سـیاسی بکرێ. تەواوی گـەل دەبێ درک بە ئـامـانجـەکـانی ئەو تێکۆشــانە بکەن بە ڕۆشنبیرکردن و ئامادە کردنی جەماوەر بۆ کار نەبێ نایێتە دی.

بەپێی نەریتی ڕەش پێدەچێ تەنیـا گـوتاری ئاینـی ناتوانێ ئامـادەکـاریی سـیاسـیی جـەماوەری ڕەش کـارا بکا. ئەوەی دەمێنێتەوە پێشـەوا ڕەشـەکان بیکەن ئەوەیە ئەم گـوتـارە بکەنە ئـامـێـرێکی سـیـاسـیی کـاریگەر لە ڕاژەی دواڕۆژدا.

## بلووز

بۆ زانینی بنچینەی ئەم وشـەیە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سـەتەی شـازدەهەم. ئەمـە کـورتکراوەی دوو وشــەی blue devils کە واتەی: خەمۆکی دەبەخشن.

لە ئـاسـتـی مـۆسـیـقـادا "بلووز" تەواوێک دەگـەڕێتــەوە بۆ ڕەشـەکان و فۆلکلۆریان، هەروەها کاردانەوەیەکی سۆزەکییە بەرامبـەر ژینگەیەکی سـەرکوتکەرانە. گۆرانییـەکە داڕووتان

"استلاب" دەردەبڕێ. تەواوێک لە ڕاگتایم و جاز جودایە.

ئەم دوو جۆرە لە مۆسیقای کۆمەڵ ئامانجیان دڵخۆشیی خەڵک بوو. بەڵام "بلووز" لە تەنیاییدا پەروەردە بووە، هەرگیز مۆسیقایەکی نارەزایی نەبووە، بگرە مۆسیقای گونجان بووە لەگەڵ بوونی کۆمەلایەتی و ئابووری جوداوازیی ڕەگەزی. "بلووز" دۆزی بالیاییی سپی باس ناکا، گۆرانیبێژ لەگەڵ خۆیدا ئاشت دەبێتەوە و ڕاستیی خۆی درک پێ دەکا – بەوەش دڵخۆش دەبێ. گۆرانیی "بلووز" داننانێکە بە بارودۆخی مرۆییانە و جەختکردنی ناسنامەیە.

پەرەسەندنی مۆسیقای میللی لە سەتەی بیستدا "بلووز" نەبووایە گەلێک لەوەی ئەمڕۆ جودا دەبوو. کاتێکی زۆر بەسەرچوو بەر لەوەی مۆسیقییەکان و ڕەخنەگران بایەخی ڕاستەقینەی داهێنانی گۆرانیی بلووز و بەردەوامی و ئەو واتایە بزانن کە بەلای نەتەوەیەکی تار و بەندکراوەوە بەرجەستەی کردووە.

جۆنی لویس، گۆرانیبێژی ناوداری بلووز، وشە و دەستەواژەگەلێکی لە پێشکێشێکیدا بۆ مارتن لۆتەر کینگ لە دوای تیرۆرکردنی:

"باسی مارتن لۆتەر کینگتان بۆ دەکەم، شەوی گلانی – وام بەخەیاڵدا دێتەوە کە گەڕاوەتە ماڵەکەی و لە تەک قەرەوێڵەکەیدا وەستاوە و هاوسەرەکەی و کچە منداڵەکەی بینی و گوتی: "خودایە! ئاواتەخواز بووم ماوەیەکی درێژتر بژیم تا منداڵەکەمم دەبینی گەورە دەبوو و کە ئەمە نەبوو، بەتۆی دەسپێرم". ئەوجا گوتی: "کچم تاسەت دەکەمەوە و من

هەرگیز ناگەڕێمەوە، دەزانم تاسەم دەکەی، دەزانم تاسەی قسەکانم دەکەی".

"ئەم بڕگەیە لە کتێبی La memoire du peuple noirی کلۆد فلیوتر، بڵاوکراوەی ((Rock et Folk/Albin michel وەرگیراوە".

## سەردەکەوین

چەندان گۆرانی هەیە لە ڕێنماییە ئاینیەکان وەرگیراون، ئەوەی کە دوای هەندێک دەستکاری بۆ سەماکردن یان بۆ کۆبوونەوە سەندیکاییەکان و بزووتنەوەی لە پێناوی ئاوێتەیی ڕەگەزی بەکارهێنراوە. ئەم گۆرانییە لە بەناوبانگترینی ئەم کۆمەڵەن. سەرەتا لە ماوەی ئەو دیمانانەدا زانراون کە لە ناوەندەکانی سەندیکاکاندا ئەنجام دراون، ئینجا سپییەکانیش و ڕەشەکانیش لە چالاکییەکانی بزووتنەوەی لە پێناوی مافە مەدەنییەکاندا دەستیان بە گوتنەوەی کردووە.

زیلیفیا هۆرتن بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٤٧ لە قوتابخانەی میللیی چیاییەکاندا لە تێنیسی گوێی لێ بووە و ئەندامانی هەردوو سەندیکای خواردن و تووتن گوتوویانە. ئەمانە بینراون چەپڵە دەکوتن و تەرتیلەکە دەڵێنەوە کە سەرەتاکەی دەڵێ: "سەردەکەوین". لەوساوە و لە بۆنە جوداجوداکاندا بڕگەگەلی سەرزارەکییان دەخرایە سەر لەگەڵ بارودۆخی تازە بووەوەدا بگونجێ.

سەردەکەوین، سەردەکەوین
ڕۆژێک لە ڕۆژان، سەردەکەوین
پاشبەند "لازیمە"
لە کانگای دڵمەوە دەزانم

ڕۆژێک لە ڕۆژان سەردەکەوین.

ڕێ دەکەین دەست لە ناو دەست، ڕێ دەکەین دەست لە ناو دەست،

ڕێ دەکەین دەست لە ناو دەست، ڕۆژێک لە ڕۆژان

لە هیچ شتێک ناترسین

بە ئاشتی دەژیین، ڕۆژێک لە ڕۆژان

ڕاستی ڕزگارمان دەکا، ڕۆژێک لە ڕۆژان

دەبینە برا، ڕۆژێک لە ڕۆژان.

ڕەش و سپی پێکەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان

سەردەکەوین، ڕۆژێک لە ڕۆژان.

(لە کتێبی The Joan Baez Songbook، بڵاوکراوەکانی Ryerson Music)
Publishers,Inc.N.Y.

*

# ئەمەریکاییە ڕەشەکان لە کۆوارە وێنەدارەکاندا

دۆمینیک گۆرناک

"ئەمەریکاییە ڕەشەکان؟.. نایانناسم!" لەوانەیە ئەمە وەڵامی ئەوانە بێ کە کۆوارە فرەنساییە وێنەدارەکان تەماشا دەکەن... داخۆ ئەمەریکاییە ڕەشەکان لە کۆوارە فرەنساییە وێنەدارەکاندا هەن؟

بێگومان چەند کۆوارێکی وێنەدار هەیە چیرۆکەکانیان بە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەسووڕێتەوە و پاڵەوانەکانیان لە سپییەکان و هەندێک لە هیندییە ئەمەریکاییەکان هەڵدەبژێرن و دەورە لاوەکییەکان بە ژمارەیەک لە لاتینییەکان و بە دەگمەنیش بە کەمێک لە ڕەشەکان دەدا! بەم بۆنەیەوە، ژمارەی ئەو ڕەشانە چەند بوون تان تان لە ئەمەریکا دیمانەی لەگەڵدا کردن؟[١٧]

وێنەی ئەمەریکاییی ڕەش یەکەم وێنەی ڕەشێکی تەمبەڵە، بە هەندێک سادەییەوە، لەوانەیە لە چیرۆکێکی لەبارەی لاکی لۆک-دا بیبینینەوە (En remontant le Mississippi)، لە ڕوونووسێکی دیکەی زیرەکانە ڕاست کراوە لە Gorilles contre K.K.K. (زنجیرەی سامی Sammy، بڵاوکراوەکانی Dupuis)، کە ڕەگەزپەرستیی گەمژە لەلای سپییە باشوورییە گچکەکاندا دەردەکەوێ.

لە وێنەیەکی کەدا ئەو ڕەشەیە وا لە گیتۆدا دەژی، پەراوێزخراو و گزیکەر، جارنا توندوتیژ، گەلێک جار سادە، دەربەدەر، هەروەک لە دوو کۆمەڵی لە La Reine Des Pommes (کاسترمان) یان لە Bar a Joe (سکوێر)،

چیرۆکێکی پۆلیسیی شوستەر هاینز-ە و وێنەکان هی والنسکی ـ یە، پەسنە کلاسیکییەکانی لە ڕۆمانەکانی ڕەشەکاندا بۆ دەگوازێتەوە.

بێگومان وێنەی مۆسیقییەکی ڕەشی ئەمەریکاییش هەیە، وەک لە L (homme de Harlem بڵاوکراوەکانی Dargaud)، چیرۆکێکی وێنەداری زۆر جوان و ورووژێنە، لەگەڵ بیستنی مۆسیقای شارلی بارکەر، دێزی جێلیسپی-دا... ئەو پارچە جازانەی لە دەقەکەدا ئاماژەی بۆیان کراوە و پێ بەپێ دەڕوا و پاڵپشتیی سیناریۆ دەکا لە زنجیرەی B: ژەنیارێکی ڕەش، سۆزانییەکی سپی، دەربەدەر... وێنە کەرتەکە یان هێمنەکە لەگەڵ ترپەی مۆسیقادا دەگونجێ و لە کۆتاییدا دەگاتە ئەوەی لە پشت ئەو مۆسیقایەوە بەرەو نەمان دەچێ! ئاستی تەکنیکیی زمانپاراوی لەم چیرۆکە وێنەدارەدا خوێنەر والێ دەکا لاوازیی ڕێژەییی سیناریۆ پڕ لە کلیشەگەلی لە بارەی بارودۆخی ڕەشەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە لەبیر بکا.

بەڵام ئەمە - بۆ بەدبەختی - بارودۆخی چیرۆکی مارتن لۆتەر کینگ نییە لە Univers Media. تەکنیکی جێبەجێکردن مامناوەندی بوو و بریقەی کاغەزڕەنگەکانی کاڵ کردووە، وێنەکەش کەرت و لە داهێنان بەتاڵە و ژیانی کینگ تا لە کاریکاتێر چوون سادەیە و گەلێک جاریش بۆئاستی کلیشە دادەبەزێ...! بەڵام چیرۆکە سی لاپەڕەییەکە بۆ خۆشبەختی لەگەڵ نامیلکەیەکی شانزە لاپەڕەییدا دابەش دەکرێ، ناونیشانی: "لەبارەی ڕەگەزپەرستی و ناتوندوتیژییەوە"یە، کە لە هەمان کاتدا بەتام و فێرکارییە و نێزیکە لەم بوارەدا لێکۆڵینەوە ئەنجام بدا.

لەم دواییانەدا چیرۆکێکی وێنەدار لە بارەی مارتن لۆتەر کینگەوە لە "شەسترابی"دا، ئینجا لە ئەلبوومێکدا دەرچوو[18]. ب. مارشۆن-ی نووسیاری سیناریۆ لە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی کینگدا خۆی لە شێوازی کلاسیکی لاداوە (واتە دەست بە لەدایکبوونی و چوونە بەر خوێندن و...) و

له " ڕووداوی " ڕۆزا پارکس-ەوە دەستی پێ کردووە کە ئەنجامی بە ڕاگەیاندنی دابڕان لە ئۆتۆبیسەکان لە مۆنتیگەمریدا و بووە هۆی یەکەم جموجووڵی بەرفرەوان کە کینگ ڕێکی خست و پشتگیریی ناوچەیی وەدەست هێنا.

ئینجا چیرۆکەکە ئەوە دەگێڕێتەوە کینگ چۆن توانی لە بانگهێشتە هاندەرانە یەک لە دوای یەکەکانی و بەشداریی لە چالاکیی دوای چالاکی لە قووڵکردنەوەی تەکنیکی خەباتی ناتوندوتیژی، بە سرووش لە بیری گاندی وەرگرتن (بوونی وێنەی گاندی لەسەر دیواری ژووری دیوەخان لە ماڵی کینگدا هەروەک لە وێنەکانی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێ! لە ڕێگەی ڕێکەوتەوە نییە) لە نێو "ڕاگوزارییەکانی دەریاوانی" (بە ئۆتۆبیس) بەرەو وتاری پێرمەنگهامن ڕۆژانی خۆشی، وەک گەیشتنی ڕێپێوانی ئازادی لە ٢٨ ی ئابی ١٩٦٣ بۆ واشنتن و پاداشتی نۆبڵ بۆ ئاشتیی ساڵی ١٩٦٤ و ڕۆژانی زەحمەتی گیتۆ لە شیکاگۆ و لەو ئاژاوانەدا کە "هێزی ڕەش" وروژاندیان و ب. مارشۆن دەری دەخا چۆن کینگ گەیشتە بەربڵاوکردنی ڕادەی ڕامان و چالاکیی تا دژی شەڕی ڤێتنام و تا دژی هەژاری بەشێوەیەکی تایبەتی، بەمەش لێکۆڵینەوەی لە بنچینەکانی ڕێژیمی کۆمەڵگەی ئەمەریکاییی سەرلەنوێ ئەنجام دا.

ئەمە بەپێی سیناریۆکە، هۆی تیرۆرکردنی بوو لە ٤ی نیسانی ١٩٦٨دا. گومانیش لەوەدا نییە کە وێنەی س. و د. نیلیت لە ئاستی سیناریۆکەدا نییە، بەڵام ئاسان نییە وێنەکێشێکی "گەورە" قایل بکرێ وێنەی چیرۆککگەلێکی وێنەدار بکێشێ لاساییی بەسەرهاتی ژیانیان بکا.

پەراوێزەکان:

١. گشتگیری: کوللییانی "شموولی": دەسەڵاتی تاکڕەوی بێ لێپرسینەوە. (وەرگێڕی کوردی).

٢. L heritage noir، ملڤـيل ج. هيـرسكۆڤيـتـز، بڵاوكـراوەكـانی -Presence af
ricaine، پاریس ١٩٦٦.

٣. Histoire de la Traite des Noirs, de l antiquite a nos Jours هـيـــوبـرت
دیشـان، بڵاوكراوەكانی Fayard، پاریس ١٩٧١.

٤. جـۆرە دەرمـانێكە كـۆن بۆ جـوانكاری و سـپـیكردنەوەی پێست بەكـار هێنراوە.
(وەرگێڕی كوردی)

٥. De l esclavagea la segregation گـیـرنـا لێـرنـەر، بڵاوكـراوەكـانی Donel/
Gonthier پاریس ١٩٧٥.

٦. Racines ئەلیكس هـایلّی، بڵاوكراوەكانی J ai lu، پاریس ١٩٧٩.

٧. دەقی تەواوی لـە كـتـێـبی L independence americaine ی ئەندرێ كـاسـپی،
بڵاوكراوەكانی Galimard Julliard، پاریس ١٩٧٦، ل ٢١٣ تا ٢١٦.

٨. هـەمان سـەرچاوە، ل ٢١٧-٢٢٧.

٩. L esclavage a la segregation، گیرنا لێرنەر، لە چاوگی ئاماژە بۆ كراودا.

١٠. Histoire des Noirs U.S.A هێربرت ئەپتكەر، بڵاوكراوەكانی -Editions So
ciales، پاریس ١٩٦٦.

١١. ئەو دە ویلایەتانەی كە ئەوانیش شـۆڕشیان بەرپا كرد: ئەلاباما و ئەركەنساس
و كـارولاینای باكور و فلـۆریدا و جۆرجیا و لویزیانا و میسیسـپی و تێنسی و
تەكساس و ڤیرجینیا- بوون.

١٢. Les Etats-Unis pendent la guerre de Secession ئێـــرنـست دو هـوران،
بڵاوكراوەكانی Calmann-Levy، پاریس ١٩٦٦.

١٣. Ghetto noir كینیپ كلاڕك، بڵاوكراوەكانی Payot، پاریس ١٩٦٩.

١٤. Dieu est noir، برۆنـۆ شـــینـۆ، بڵاوكــراوەكـــانی Editions du Centurion،
پاریس ١٩٧٧.

١٥. Histoire de la musique noire americaine، بـڵاوكـــراوەكـــانـی Eileen
Southern, Buchet/Chastel، ١٩٧٦.

١٦. B.T2. no.68, Blues et racisme، (بڵاوكراوەكانی Pedagogie Freinet).

١٧. وەلام ئەوەیە: تەنیا دووان، هەر لە وێنەکەشدا (گاڵتە!): دایکێک تا ڕادەیەک قەڵەو هەوڵ دەدا بە ڕاژەنینی توند منداڵەکەی ژێر بکاتەوە و تان تان هاوارەکەی بیست و وای زانی وەڕینی میلۆ-یە! ئەمە لە دانەی یەکەمی چیرۆکەکەدا بوو بە ڕەش و سپی... بەلام هێرجێ، بۆ ئەوەی ڕەگەزپەرستیی نەدرێتە پاڵ، ئەو دایکە ڕەشە و منداڵەکەی گۆڕی و دایکێکی گەنجی سپیی (قەد باریک) و منداڵەکەی لە دانە... ڕەنگاوڕەنگەکەدا کێشا!

١٨. مارتن لۆتەر کینگ، س. و د.میللیت و ب.مارشۆن، بلاوکراوەکانی Centurion Jeunesse-Astrapi.

بەشی چوارەم

# لەپاش کینگ




١٩٦٨، گوللەکانی غەدر ڕێی لە کینگ گرت لە بەدواداچوونی
شەڕی دووەمیدا، شەڕی دژی چەوسانەوە و بێبەش بوون.
ئێستاکە ٢٥ ساڵ دوای کوژرانی کینگ داخۆ بارودۆخی
زنجییەکانی ئەمەریکا لە چیدایە؟

# ساڵە کورتەکانی "دەسەڵاتی ڕەش"

کرستیان دولۆرم

١٩٦٧ ساڵی کارەسات بوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، وڵاتەکە نە تەنیا بە پتر تووشبووندا ڕۆدەچوو لە جەنگی ڤێتنامدا و بەس، بەڵکو هەروەها لەسەر ڕۆخی جەنگێکی ناوەخۆی ڕەگەزپەرستانەدا بوو.

خزانی بەرەو ڕاستی لە هاوینی ١٩٦٤ەوە، لەگەڵ جمانی لاوە ڕەشەکان لە هارلم، گەڕەکی گیتۆ لە نیویۆرک، کە لە سووکایەتی پێ کردنیان بێزار بوو بوون هەروەها لە کرێ نارەواکان و بێکاری و خانووە چڕ و دوور لە مەرجەکانی تەندروستی و نەبوونی هۆیەکانی حەسانەوە، لاوان هەڵچوون و کۆگە و ئۆتۆمبێلیان سووتاند و بە توندی بەرەنگاری پۆلیس بوونەوە کە بۆ کۆنترۆڵکردنی یاخیبوونەکەیان هاتبوون. ئەم ڕووداوە هەر لەو ماوانەی ساڵانی دواتریشدا دووبارە دەبنەوە: لە ١٩٦٥دا ئاژاوە لە شیکاگۆ و بە تایبەتی لە لۆس ئەنجیلس، لە ١٩٦٦دا ڕووداوەکانی ئاژاوە لە نێزیکەی شەست سەنتەردا بەرپا بوون و بە تایبەتی لە کلێفلاند و شیکاگۆ و دایتن و ئەتلانتا و سان فرانسیسکۆ-دا توندوتیژ بوون. لە وەرزە گەرمە درێژەکانی هاوینی ١٩٦٧دا بۆستن و تمبا و سینسیناتی و بوفالو و نیووارک و دیترۆیت بوونە شانۆ بۆ ئاژاوەکان... واتە لەماوەی سێ ساڵدا پتر لە سەت ڕاپەڕین لە گەڕەکەکانی گیتۆ ڕەشەکاندا لە شارە گەورەکانی ئەمەریکا ژمێررا، چەندان گەڕەکی بە تەواوی داگرت و زیانی بە ملیار دۆلار و سەتان

کوژراو و برینداری جێهێشت... و ئەمانە بەشێوەیەکی سەرەکی لەو لاوە ڕەشانە بوون کە لە ئەنجامی سەرکوتی بێ بەزەییانەدا بەربوونەوە.

ئەم شۆڕشانە لە گەڕەکەکانی گیتۆ ڕەشەکاندا لە مێژووی ئەمەریکاییدا یەکەم نەبوون لەم جۆرە، لە سەرەتای ساڵی ١٩١٩ لە شیکاگۆ بەتایبەتی و ساڵی ١٩٤٣ لە دیترۆیت، ئاژاوە بەرپابوو وەک وەڵامدانەوەی ئەو قانوونە دوژمنکارانە ڕەگەزپەرستانانەی سپییەکان دەریانکردبوون. بەڵام ئەوەی لە ڕووداوەکانی شەستەکاندا لە نوێ دەچوو ئەوە بوو کە کینەی دژی "ڕیژیم"ی ئەمەریکایی ئاراستەکراویی دەردەبڕی. ئەوەی بەهای ئەو ئاژاوانەشی دایەوە بەتەواوی پیاوی تاکی سپی نەبوو (جگە لە چەند کەسێکی هێزە نیزامییەکان) بەڵکو دەزگە بازرگانییەکان بوون، لەسەرووی لیستەکەشەوە شوێنەکانی ئامرازە کارەباییەکان و کۆگەکانی پێداویستییە لاوەکییەکانی سپییەکان کە لە ناوچەکانی گیتۆدا بوون. نائومێدیی لاوە ڕەشەکان دەستیانی گەیاندە هێماکانی پەرەسەندن و ئابوورییەکانی لای سپییەکان.

## "دەسەڵاتی ڕەشمان دەوێ!"

ئەم ڕووداوانە بە تەنیا بەس بوون بۆ وروژاندنی نیگەرانی لە ئەمەریکا. بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو دەنگی لەناودا بەرزبووەوە بۆ داواکاری وڵاتی هەژاند: "دەسەڵاتی ڕەشمان دەوێ!" "دەسەڵاتی ڕەشمان دەوێ!".

پێدەچێ دەستەواژەی "دەسەڵاتی ڕەش" بۆ یەکەم جار لە ناونیشانی کتێبێکی ریچارد ڕایت-ی نووسەری گەورەی ڕەشی ئەمەریکادا هاتووە لەبارەی گاناوە، کە ساڵی ١٩٥٤ دەرچووە، ئینجا بیرۆکەی دەسەڵاتی ڕەش وەک ناوەرۆک لە تێزەکانی ژمارەیەک لە پێشەوا ڕەشەکاندا تەرخان دەبێ. بەتایبەتی لەلای ماڵکۆڵم ئێکس-ی پێشەوای موسڵمانە ڕەشەکان کە ساڵی ١٩٦٥ تیرۆر کرا، یان لەلای ڕۆبەرت ولیامز کە ساڵی ١٩٦١ بۆ کووبا دوورخراوەتەوە و لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا دەستەواژەی "دەسەڵاتی

ڕەش" بووە دروشـمێکی تێکۆشـان، ئەوەش لە کـاتی ڕێپـێوانێکدا کـە بە درێژاییی مسیسیپی بەڕێوە چوو و خۆپیشـاندەرانی تێدا ڕێککەوتن لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگـەڵ پۆلیسدا هاوار نەکەن بڵێن: "ئازادی هەر ئێستا" بەڵکو بڵێن: "دەسـەڵاتی ڕەش!"، هەر لەوساکەوە دروشـمەکە سـەرکەوتنێکی گـەورەی بەدەست هێنا و چەند ڕێکخـراوێک لە ئەسـتـۆیان گـرت و وەک هاوارێکی جـەنگی لێ هـات یاخیبوونی لە ئاژاوە یەک لە دوای یەکەکاندای کۆدەکردەوە.

## ستۆکلی کارمایکڵ

سـتۆکلی کارمـایکڵ بۆ چەند ساڵێک بیرۆکەی دەسەڵاتی ڕەشی بەرجەستە کرد، بە ڕادەیەک کە هەندێک کەس لەو بڕوایەدا بوون کە بەخۆی دایهێناوە. بەسـەرهاتی، وەک دەبینین، لە ژینامـەی مـارتن لۆتەر کینگ جودایە، کـە لە کـوڕانی بورجـوا گـچکەکـانە لە باشـوور. ئەمـەش سـەرکـەوتنەکـەی (کـارڵ مـایکڵ) لێک دەداتەوە لە گـەڕەکـەکـانی گـیـتـۆ لـە شـارە هەرە گـەورەکـانی باکوردا کە لە بەرامبەردا قەشەکەی ئەتلانتا زەحمەتیی لە گەیاندنی دەنگیدا بە خەڵکی بینی.

ستـۆکلی کـارمایکڵ ساڵی ١٩٤١ لە ترینیداد لە دایک بوو، کە یەکێکە لەو دوورگەیانەی ئەنتیل کە ئێستـاش و پێشتریش هەر بەریتانی بوو. تەمەنی دە سـاڵان بووە باوک و دایکی کـۆچیـان بۆ ئەمـەریکا کـردووە. لەوێ لـە نێـو زنجـەکانی برۆنکس–دا پەروەردە بوو، کە گەڕەکێکی دیکەیە لە گەڕەکەکانی گیتـۆ لە نیویۆرک. باوکی بە ڕۆژ کاری دارتاشیی دەکرد و بەشەو شـوفێری تاکسی بوو، ئەمـەش ماندووی کرد و بووە هۆی ئەوەی زوو بمرێ. دایکیشی پەنای بـردووەتە بەر کـارەکـەری لە مـاڵاندا بۆ ئەوەی منداڵەکـانی بژیێنێ و یارمـەتیی "ئاوێتە"بوونیان بدا لە کۆمەڵگەیەکی ئەمەریکاییـە سپییەکاندا. ستۆکلی کارمایکڵ تێکەڵی عیسابەکانی گەڕەکان بوو، لە هەمان کاتیشدا لە

خوێندندا سەرکەوت و توانیی بچێتە زانکۆی هیواردی ڕەشەکان لە واشنتن.

ساڵی ١٩٦٠ تێکۆشانی لە ڕیزەکانی ڕێکخراوەکانی مافە مەدەنییەکاندا هەڵبژارد. لەگەڵ ڕێکخراوی "کۆنگرە لە پێناوی یەکسانیی ڕەگەزی C.O.R.E." کە جایمز فارمەر ساڵی ١٩٤٣ دایمەزراندووە، بەشداریی لە خۆپیشاندانەکانی ناتوندوتیژیدا لە باکور کردووە. بەم جۆرە ناسیاویی لەگەڵ بە چەکوچ لێدان و کینەی پۆلیسە سپییەکان و بەندیخانەدا پەیدا کردووە.

ڕێکخراوی C.O.R.Eی بەلاوە فشەڵ بوو، گواستیەوە .S.N.C.C، "لیژنەی هاوئاهەنگیی قوتابییانی ناتوندوتیژی"، کە بزووتنەوەیەک بوو ساڵی ١٩٦٠ بە پشتیوانیی مارتن لۆتەر کینگ دامەزرابوو، لەم کاتانەشدا شارەزاییی لە بیری شۆڕشگێڕانەدا پەیدا کرد، بەڵام بیرەکانی لە یەسووع "عیسا"یان لە قدیس پۆڵس یان لە گاندی وەرنەگرت وەک ئەوەی مارتن لۆتەر کینگ کردی، بەڵکو لە مارکس و داروین و سارتەر و کامۆ و مالکۆڵم ئێکس و فرانز فانوون–ی تێکۆشەری ناسراو لە مارتینیک و چی گیڤارا و دەستی بە جەختکردن لەسەر ئەوە کرد کە سپییەکان جەنگیان دژی ڕەشەکان ڕاگەیاندووە و دەبێ بەرپەرچیان بدرێ و جەنگیان لەگەڵدا بکرێ. خەڵکی گوێیان لە وتارەکانی گرت و لە ١٩٦٦دا بە سەرۆکی لیژنەی S.C.L.C. هەڵبژێررا. لەگەڵیدا لیژنە ناوەکەی وەک خۆی هێشتەوە بەڵام وازی لە توندوتیژی هاورد. یەکەم ڕێکخراو بوو دروشمی "دەسەڵاتی ڕەش"ی بەرزکردەوە و دوای ئەوانیش ڕێکخراوی C.O.R.E کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتییشی شڵەژا بوو. لە ١٥ و ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦دا کۆنگرەی دامەزراندنی دەسەڵاتی ڕەش بە دەستپێشخەریی ئەم دوو ڕێکخراوە لە واشنتن گیرا.

### "تەقە بکە تا مردن، برا!"

لە دوو ساڵی ١٩٦٦ و ١٩٦٧دا ستۆکلی کارمایکڵ لە شارە گەورەکانی باکوردا ئاڵای "جەنگی ڕەش" و یاخیبوونی چەکدارانە و تێکدان و وێرانکردن و خوێن و مەرگی بەرزکردەوە. ڕەشەکانی هان دا بەشداری کردن لە جەنگی ڤێتنامدا ڕەت بکەنەوە و موسڵمانە ڕەشەکان لایەنگیری ئەم ڕەت کردنەوەیە بوون کە محەمەد عەلی (کاسیۆس کلای)ی پاڵەوانی بۆکسێنی پەرستراوی جەماوەری ڕەش دەری بڕی. کارڵ مایکڵ پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە جەماوەرەوە پێ باشتر بوو کە دەیەوێ بە ئاگای بهێنێتەوە و بیورووژێنێ و ڕاپەڕێنێ، یەکەوڕاست لە ئایاری ١٩٦٧دا وازی لەسەرۆکایەتیی لیژنەی S.N.C.C. هێنا و پۆستەکەی بۆ لاوێک بەجێ هێشت ناوی ڕاب براون بوو لە خۆی توندتر بوو. لە ئابی ١٩٦٧دا وتارێکی خوێندەوە لە کاتی گیرانی "کۆنگرەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان لە ئەمەریکای باشووردا" لە هاڤانا، تێیدا لەبارەی نەخشەدانان بۆ ستراتیجییەتی تێکدان و خوێن لەبەرڕۆیشتن ڕاگەیاند دروست کردنی پەنجا مەیدانی جەنگی ڤێتنام لەسەر خاکی ئەمەریکاییدا بە ئەنجام گرتبوو، ئایا ڕەشەکان لە هەموو شارەکاندا نین، ئەوان ئیدی دەتوانن ئاژاوەیەکی تەواو لە ناوەندە زیندووە سەرمایەدارییە هەرە بەهێزەکانی هەموو جیهاندا بنێنەوە؟

"براکەم، هەوڵ مەدە سپییەکانت تا مردن خۆش بوێ، بەڵکو تا مردن فیشەکیان پێوە بنێ! ئەگەر ئەم شارە نایەوێ گوێمان لێ بگرێ دەبێ بیسووتێنین براکەم". ئەمە هەندێک لەو قسانەیە کە ڕاب براون سەرەتای هاوینی ١٩٦٧ لە کامبریج پێشکێشی کردووە. دەیان هەزار لە لاوە ڕەشەکان بەدەم ئەم جۆرە تێزەدا هاتن. سەرباری هاندان بۆ "جەنگی ڕەش" لە لایەن کووبا و هەموو ڕەوت و بزووتنەوە ئاراستە دژە ئیمپریالیی ئەمەریکاییەکانەوە پشتیوانیی لێ دەکرا.

## له دایک بوونی "پڵنگه ڕەشەکان"

دروشمی "دەسەڵاتی ڕەش" دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە ناو ڕیزەکانی جەماوەردا هێشتەوە، کارێکی ئەفسانەییی هەبوو، وا دەرکەوت کە هۆیە تازەکەیە بۆ جووڵاندنەوەی کۆمەڵگەی ڕەشەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەلی سپی بە فشاری توندی هێزێکی ڕەنگداری یەکگرتوو و ڕێکخراو.



دەسەڵات بۆ گەل

سەرکردەکانی ڕێکخراوەکان لە سەرەتادا بۆ ئەوەیان بەرزکردبووەوە، بەڵام زەحمەتییان لەوەدا بینی کە واتایەکی دیاری کراوی بدەنێ. دواتر کاروبارەکان ڕوونتر بوونەوە، دەسەڵاتی ڕەش دەستی بە ناساندنی خۆی بەوە کرد کە پێچەوانەی بزووتنەوەگەلێکن لەسەر شێوەی هەڵمەتەکانی کینگی ناتوندوتیژی بوون، بۆ لەناو یەکدا توانەوە تێدەکۆشا، کەچی ئەم لە گشت بوارەکاندا داوای جودابوونەوەی دەکرد.

دەستپێک لە چالاکیی سیاسییەوە. لە کۆتاییی ساڵی ١٩٦٦دا ستۆکلی کارمایکڵ بەشداریی لە دامەزراندنی حزبێکی سەربەخۆ کرد کە بە "پڵنگە ڕەشەکان" ناسرا، لە ناوچەی ئەلاباما‌دا کە ٨٠٪ی ڕێژەی دانیشتووانی لە ڕەشەکان پێکهاتووە، دامەزراندنی حزب دووبەرەکییەکی، دەنگ گەورە بوو لە دیموکراتییە باکورییەکان، کارڵ مایکڵ لە پاساوی ئەوەدا گوتی ئێمە ئەگەر

لە ڕەشی باشـوورمـان ویست "بچـێـتـە پاڵ حزبی دیمـوكراتەوە، ئەمـە لە بانگهـێـشـتی جـوو دەچـێ بۆ چوونە پاڵ حـزبی نازی". بەڵام حـزبی پڵنگە ڕەشـەكـان چەند سـاڵێكی ویسـت تا بووە حـزبێكی سـەربەخـۆ لەسـەر ئاسـتی نەتـەوەیی كـە هـەرچۆنێک بێ ئەوەی ڕەت نەكـرد كـە پێكـهـاتـوویەكی كەمینە بێ.

سەرەڕای ئەوە دەسـەڵاتی ڕەش دەست بەسـەر گیتـۆدا گرتنی ڕاگەیاند، لە سـەر هـەموو ئاسـتە سیاسی و ئابوورییەكاندا كە بەڕێوەبردن و فێركردن و ئەو خۆپاراسـتنەشی دەگرتەوە كە مـیلیشـیا تایبەتەكان گرتبوویانە ئەسـتۆ و هـەروەها ئاگركـوژاندنەوە و... تاد... بە واتەی: مـافی تەواو لە دەسـتنیـشـان كـردنی چارەنووس. حـزبی پڵنگە ڕەشـەكـان لە سـاڵانی دواتردا هـەوڵی هێنانەدیی ئەوەیان دا، بەڵام دەسـەڵاتـی ناوەندیی سـپی بێگومـان ئەوەی بە شێوەیەكی تەواو ڕەت كردەوە.

لە ئاراسـتەیەكی دیدا دەسـەڵاتی ڕەش هـەوڵی خستنەوەی دووبەرەكییـەكی ئابـووریی دا: بـە داوای هـەڵسـەكـەوت لـەگـەڵ ڕەشـەكـان و لێ كـڕین و گۆڕینەوەی بـەرهـەمـخـۆری سـپی یان ڕەش بە هـاوكاری لەگـەڵ ڕەشـەكان و بەهـێـزكـردنی مـتـمـانـەیان پێی. بـەڵام هـەر زوو دەركـەوت كـە بنیـاتنـانی ئابوورییـەكی سـەربەخـۆ بۆ ڕەشـەكـان لە سـایەی ڕێژیمی سـەرمـایەداریدا تەگـەرەی دێتـە بـەر و ئەم ئاراسـتـەیە وەک خـەون دەمـێنێتـەوە و هـەر وەهـاش بوو، بـەڵام دروشـمـی دابەش كـردنی ویلایـەتە یەكگرتووەكـان و بـنیـاتنـانی دەوڵەتێكی سـەربەخـۆ بۆ ڕەشـەكـان لـە باشـوور كـە پـێ بەپێی ئـەو خـەونە دەڕۆیی هۆكارێكی كاریگەر بوو لە بزواندنی هەستی جەماوەر.

دروشـمـەكانی دەسـەڵاتی ڕەش هـەسـتێكی نوێی بە خـۆدانازین و سـەر بە ڕەگـەز یان ڕابوردوویەكی شـارسـتـانیی لە مـاوەیەكی دوورەوە مـتكراوی دایە كۆمـەڵگەی ڕەش (بەتایبەتی لـە شارە گەورەكـاندا كە ٧٠٪ی لە كـۆی گشـتیی

٢٥ ملیۆن لە ڕەشە ئەمەریکاییەکانیان تێدا دەژین)، ئەمە سەرەڕای پەروەردە کردنی هەستی هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوە تێکۆشەرانەکان لە جیهانی سێیەمدا و شەڕە پارتیزانەکان لە ئەمەریکای باشوور و لەگەڵ ئەو تێکۆشانەی لە ئەفریقیای ڕەشدا ئەنجام دەدرێ (ستۆکلی کارمایکڵ-ی دوورخراو، مێریام ماکیبای گۆرانیبێژی ڕەشی بە ناوبانگ لە باشووری ئەفریقیای خواست). لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو چالاکییە بە کردەوانەی دەسەڵاتی ڕەش خۆیانی لێ دا، وەک ئەو ئاژاوانەی دەیورووژاندن، وەک بازدانی شۆڕشگێڕانە هەندەی پێ نەدەچوو بە بەرپەرچدانەوەی درندانە سەرکوت دەکرایەوە، بەڵام دەسەڵاتی ڕەش توانیویەتی لەلای بێئومێدانی لە گەڕەکەکانی گیتۆ بە ئومێدی شۆڕشێکی ڕزگاریخوازانە. ئەمەش ناکرێ بە کارێکی نەرێنی دابنرێ.

## موسڵمانە ڕەشەکان

زۆربەی ئەمەریکاییە ڕەشەکان لەو مەسیحییانەن کە بەسەر ژمارەیەک لە کەنیسەکاندا بەش کراون. کەمینەیەکیان هەیە، نێزیکەی بیست و پێنج هەزار، لەسەر ئاینی ئیسلامن، لەنێو ئەمانەدا تایەفەیەک هەن "موسڵمانە ڕەشەکان" کە پایەیەکی بەبایەخیان هەیە لە "دەسەڵاتی ڕەش"دا، بە ڕووکارە توندەکەیەوە دەستی بەسەر ئەو بارودۆخە تووڕەییە تێکدەرەدا گرتووە کە ساڵی ١٩٦٦ و ١٩٦٧ وڵاتی گرتبووەوە. ئەم تایەفەیە و. د. فارد دەوروبەری ساڵی ١٩٢٠ دایمەزراندووە. کە دەیگوت بە ڕەسەن خەڵکی مەککەیە و لە شەقامەکانی دیترویت دەستی بە مـوژدەدانی ڕزگارکردنی ڕەشەکان کرد لە چەوساندنەوەی "شەیتانە چاوشینەکان". لەم ماوەیەدا مزگەوتی موسڵمانانی بنیات نا. بڕوادارانی تێدا ناوێکی دیکەیان دەدرایێ. ناوی یەکەم

و به دوایەوە پیتی X و تەنیا خودا ناوی ڕاستەقینەی هەر یەکەیانی دەزانی. تیپێکی پارێزگاریی تایبەت پێکهێنرا مەشقیان لەسەر بۆکسێن و کاراتێ کردە پێشەی ڕەش.

ساڵی ١٩٣٥ ئیلیجا جێی محەمەد فاردی گرتەوە. ڕۆبەرت پۆڵ بەناوی ئیلیجا لە دایک بوو و کوڕی قەشەیەک بووە لە جۆرجیا، فارد لە بارێکی نائومێدییەوە کە تێیدا دەژیا ڕزگاری کرد، بە هۆی ئەوەی موسڵمانە ڕەشەکان ڕەتیان دەکردەوە کە بچنە ڕیزی جەنگاوەرانی جەنگی دووەمی جیهانییەوە، محەمەد بە سێ ساڵ زیندانی حوکم درا و بەوە پایەیەکی گەورەی لە ناخی زۆربەی ڕەشەکاندا بەدەست هێنا. بەڵام بەبایەخترین پێشەوایەکی موسڵمانە ڕەشەکان ناسیبێتیان مالکۆڵم ئێکس بووە. کە بە ناوی "مالکۆڵم لیتل"ەوە ناسراوە. باوکی مالکۆڵم لەسەر دەستی کەسانی عیسابەی "کۆکلوس کلان" تووشی کوشتن هات کە ماڵی خێزانەکەشیان سووتاند. ئەوەش بە هۆی بانگهێشتیەوە بووە بۆ بەرپاکردنی جەنگێکی پیرۆز دژی جیهانی سپییەکان. ساڵی ١٩٦٥ مالکۆڵم تیرۆر کرا دوای ئەوەی دەسەڵاتی ڕەش پەیڕەوی شۆڕشگێڕانەی گرتە ئەستۆ. لەوساوە لە نێو پازدە هەزار ئەندام لە موسڵمانە ڕەشەکان، محەمەد عەلی کلای-ی پاڵەوانی پێشووی جیهان لە بۆکسێنی کێشی قورسدا بەناوبانگ بووە، کە بەناوی کاسیۆس کلای ناسرابوو.

## مارتن لۆتەر کینگ و دەسەڵاتی ڕەش

کە یەکەم شۆڕش لە گەڕەکەکانی گیتۆ بەرپا بوو لە هارلم ساڵی ١٩٦٤، مارتن لۆتەر کینگ بەلای جیهانەوە گەییبووە ترۆپکی سەرکەوتنەکانی. ئەی پاداشتی نۆبڵی بۆ ئاشتیی ئەو ساڵە پێ نەدرا، وەک ڕزگارکەرەوەی

ئاشتییانەی گەلێک و شاهێدێک لەسەر برایەتیی گشتیی پێویست و شیاو دانی پێ نەنرا؟

لەڕاستیدا، لەماوەی سێ ساڵی دواتردا کە بە مردنی کۆتاییی هات، مارتن لۆتەر کینگ چەندان جار نوشوستیی هێنا و درکی بەوە کرد دوای بەدیهێنانی چەند سەرکەوتنێک لە باشوور و سەرکەوتنی لە نەهێشتنی هەموو قانوونەکانی جوداوازی کە ئەوسا هەبوون، لە توانیدا نەما بوو ئیدیعای ئەوە بکا کە بە تەواوەتی ڕزگارکەرەوەی گەلی ڕەشە.




ژمارەیەکی کۆواری بزووتنەوەی تێکۆشان لە پێناوی مافە مەدەنییەکان The Crusader، کە لە ٢٥ی ئابی ١٩٦٧ دەرچووە، ئەو دروشمە بەناوبانگەی لەسەرە کە جاروبارێک دەدرێتە پاڵ مارتن لۆتەر کینگ، "ڕەش جوانە، چەند جوانە کە ڕەش بین".

مارتن لۆتەر کینگ بەگوێرەی چەمکی زانستی کۆمەڵناسی بە بورجوازی دادەنرێ. لە ڕاستیدا سەر بە بڕی بورجوازیی گچکە بوو لە کۆمەڵگەی ڕەش لە باشووردا، کە قەشە و مامۆستا فێرکارەکانی دەگرتە خۆ و لە بارودۆخیدا لە کۆمەڵی هەژارانی هارلم نەدەچوو یان لە لۆس ئەنجلس، مارتن لۆتەر کینگ ڕاستیی بارودۆخی گەڕەکەکانی گیتۆی لە باکور نەدەزانی، دەبوو لە باشوور جەنگی لە دژی قانوونە ڕەگەزپەرستانەکان بەرپا بکردایە، بەڵام سەرباری ئەوەی قانوونەکان

ڕەگەزپەرستانە نەبوون بەڵام ڕیژیم هەر هەمووی مۆرکی ڕەگەزپەرستیی پێوە بوو، کە ڕیژیمێکی مەکرباز بوو و وەک بەڵگەنەویست دیار بوو و کینگ پێشتر تووشی حاڵەتێکی وەک ئەوە نەهاتبوو لە باشوور.

دوای هەڵگیرسانی ئاژاوەی یەکەم و دوای بەدەست هێنانی ئەوەی دەبوو بە بنچینەیی دابنرێ لە باشوور، مارتن لۆتەر کینگ هەڵمەتگەلێکی دەست پێ کرد داوای یاخی بوونی مەدەنیی دەکرد لە باکوردا. بەڵام بە زمانی ئەوانە نەدەدوا کە دەیدوواندن، پەلەی لە باسی ئومێد و هێزی ژیانی لەگەڵ کەسانێکدا دەکرد هیچ ئومێدێکیان نەمابوو. لە باشوور قەشە بوو و جەماوەر ڕەعیەی بوون، بەڵام لە باکور وەک ڕێنیشاندەرێکی ڕەوشتبەرزی دەبینرا، وەک "مام تۆم" هەروەک هەندێک نەتەوەییانی "دەسەڵاتی ڕەش" گوتوویانە "پیاو"ی دەسەڵاتی سپی بووە و گوێڕایەڵی دەستی دەسەڵات بوو. بە حاڵ گوێیان لێی دەگرت و زۆر جار گاڵتەیان پێ کردووە. ساڵی ١٩٦٦ هەوڵی دەست پێ کردنی هەڵمەتێکی مانگرتنی کرێچییەکانی لە شیکاگۆ دا بەڵام تەواوێک شکستی هێنا.

لەم کاتانەدا بایەخداره بزانین کینگ تا چەند توانیویەتی بگۆڕێ. لە سەرەتادا بێهوودە بەرامبەر توندوتیژیی یاخی بووان نارەزاییی دەربڕی و ئەوەشی دەربڕی کە لەگەڵ ڕەوتی پەنا بردنە بەر هێزدا نییە کە دەسەڵاتی ڕەش لە ئەستۆی گرتووە. ئینجا درکی بە گەورەیی گرفتەکە کرد، کە ئەو "ڕیژیم"ی ئەمەریکاییەی کە بڕوای پێی بوو خراپ بووە و سەرمایەداری لە قووڵاییەوە تا دواڕادە گەندەڵی کردووە. بۆی دەرکەوت کە دەسەڵاتی ڕەش ڕەنگدانەوەی ئومێدەکانی برایانیەتی بۆ بەدی هێنانی سەربەرزییان و نەتەوەپەرستە ڕەشەکان نوێنەری لاوانی گەڕەکەکانی گیتۆن.

ئەم گۆڕانە لە ڕوانگەی کینگدا دەر دەکەوێ، لە ڕاگەیاندن و ڕێکخراوی "کۆنگرەی سەرکردە مەسیحییەکان لە باشوور" (S.C.L.C.)، بە ڕەوتی دژ بە

جەنگی ڤێتنام بوون و کاراکردنی ئەو هەڵمەتانەی بۆ بەدی هێنانی ئەوە ئەنجام دەدرێ.

بەم جۆرە لە ئابی ١٩٦٧دا کۆمەڵەی دەیەمی "کۆنگرەی سەرکردە مەسیحییەکان لە باشوور" دیمانەکانی بە وەئەستۆ گرتنی کۆمەڵە دەقێک کۆتایی پێ هێنا چەمکەیلێکیان تێدا تەرخان کرابوو وەک: "زنجیێتی" (بار و دۆخی زنجییان و سروشتیان) و "یەکێتیی ئەفرۆ-ئەمەریکایی"، دوای ئەوەی مارتن لۆتەر کینگ بە گەرمی ڕایگەیاند: "تەنیا هێزی گیانیی ڕەشەکان دەتوانێ نەتەوەی ئەمەریکایی ڕزگار بکا".

ئەو کۆمەڵەیەی پۆستەرەکانیان دروشمی "ڕەش جوانە، چەند جوانە کە ڕەش بین"، بە تایبەتی بڕیاری لەسەر پلانێک دا "بۆ هەڵوەشاندنەوەی" ژیان لە شارە گەورەکانی باکور، ئەوەش بە ڕاگەیاندنی یاخیبوونی مەدەنی لە خۆپیشاندانی جەماوەریی ناتوندوتیژ و ئەمەش بۆ فشار خستنە سەر کۆنگرێس لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر داراییەکی زۆر بدا بۆ گۆڕینی بارودۆخی گوزەرانی ڕەشەکان، لەو قسانەی کینگ لەم بارەیەوە کردوویەتی دەڵێ: "دروست کردنی کەموکوڕی لە ڕێژیمی شارێکدا نەک ڕووخاندنی لەوانەیە کاریگەرتر بێ لە پەنابردنە بەر ئاژاوە نانەوە. ئەم جموجووڵە دەشێ بۆ ماوەیەکی درێژتر بێ و تێچووەکەی لەسەر کۆمەڵگە زۆرتر بێ".

لەپێناوی ئەم ئامانجەدا "کۆنگرە" ئامادەکاریی بۆ حەفتەیەک دابڕان لە قوتابخانەکان دەکرد و بۆ کۆبوونەوەی بێکارە ڕەشەکان لەبەردەرگەکانی کارگەکان و کۆمەڵە خۆپیشاندانێک لە ناو بینا کارگێڕییەکاندا بە ئامانجی ڕاگرتنی خزمەتگوزارییە فەرمییەکان.

مەبەستی لەمە ئەوە بوو جەخت لەسەر ئەوە بکا کە ناتوندوتیژی هێشتا دواقسەی نەکردووە، بەڵام ئەوەی لەم بەرنامەیەوە بەدی هات هەوڵە

سەرەتاییەکانی ڕەت نەکرد، چونکە "کۆنگرە" نەیدەتوانی "هێزگەلێک"ی شیاو لە شارەکانی باکور بجوولێنێتەوە و هەروەها لەبەر ئەوەی مارتن لۆتەر کینگ دوای چەند مانگێک تیرۆر کرا.

## ڕووخانی "دەسەلاتی ڕەش"

لە بەرەنگاربوونەوەی "دەسەلاتی ڕەش"دا مارتن لۆتەر کینگ پرسیارەیلێکی دەورووژاند و پابەند نەدەبوو بە بڕیارگەلێکی چەسپاو. لەو خاڵەوە بە سەیری نابینین ستۆکلی کارمایکلّ دوای تیرۆر کردنی سلاوی ئاراستە بکا و بێژێ: "ئەم ڕووداوی تیرۆر کردنە تاکە دەنگی لە وەچە گەورەکانی بێدەنگ کرد کە لاوە ڕەشەکان لە توانستیاندا بوو گوێی لێ بگرن".

دوای مردنی کینگ، هەموو ئەنجامەکان ئاماژەیان بۆ سەرکردنی تای تەرازووی توندوتیژی و "خەونەکە" بە کردەوە لە دەست چوو، خەونی بەبێ توندوتیژی گۆڕینی کۆمەڵگەی ئەمەریکایی. لە نێو پێشەوایانی جموجوولی ناتوندوتیژیدا کەسێک نەبوو پایەیەکی وای هەبێ شایەنی ئەوە بێ ڕێپێوانەکەی مارتن لۆتەر کینگ تەواو بکا، تەنیا سەرانی "دەسەلاتی ڕەش"، ئەوانەی وەک کارمایکلّ و براون، دیارە دەستی پێویستیان هەبوو بۆ نەخشەکێشانی شۆڕشی ڕەشەکان. بەلام هەر دوای بەرپابوونی ئاژاوە دوای تیرۆر کردنی کینگ، هەموو سەرسام بوون چونکە هاوینی ١٩٦٨ وەک چاوەڕوان دەکرا "گەرم" نەبوو... هەروەها مانگەکانی دواتریش. بەم جۆرە دەسەلاتی ڕەش کە چەندانێک دڵی دەیان هەزار لاوی گڕ تێ بەردا، وردە وردە دەستی بە پاشەکشێ کرد...

بڕانەوەی ئاژاوە چاوەڕوان نەکراو بوو، بەلام ڕووخانی وردە وردەی دەسەلاتی ڕەش لە بەرامبەردا لە ئەنجامی هۆگەلێکی زۆردا بوو، بەبایەخترینیان بێگومان پەنابردنی دەسەلاتی سپی بوو بۆ کاری سەرکوت کردنەوە، لە جەنگینی لەگەڵ سەرکردە و چالاکانی ئەو نەتەوەییانەی بە

کــردەوە دووشــاری بەدواداچوونی بەردەوام بوو، تاوانی توندوتیــژییــان ئاراستــە دەکرا بەرەو بەندیخانەی دەبردن بۆ بەسەردا ســەپاندنی سـزای سەخت، یان حوکمی دوورخستنەوەی تەوزیمییان بەسەردا دەسەپێنرا.

بەم جـۆرە ستـۆکـلـی کـارمـایکڵ و ڕاب براون و ئێلریدج کلێـڤـەر (کـە بەڕاستی "ڕێنیشاندەری حزبی پڵنگە ڕەشـەکان بوو" لە ١٩٦٩ و ١٩٧٠ دا) و هــــی دیکە بـــەدوای یەکــــەوە حـوکـمی ناردنە تاراوگـەیان درایێ. "دەسەڵاتی ڕەش" کە ساڵی ١٩٦٦ دامــــەزراوە، لە ١٩٦٧ گەیشتە ترۆپک و ترسی لە ئەمــەریکادا وروژاند، بەڵام نەیتـوانی تا کـۆتاییی حـەفـتـاکـان بەردەوام بێ. دوا کـاری گـەورەی سـەرکـەوتنی وەرزشـوانانی ڕەش بوو لە یارییە ئۆلۆمپییەکان لە مەکسیکۆ ساڵی ١٩٦٨.

لە هۆیـەکـانی دیکەی ڕووخـانی دەبێ ئامـاژە بە: توانسـتـی زۆر گـەورەی ڕیژیمی ئـەمـەریکایی لە کـۆنتـرۆڵ کـردنی هەمـوو ئەو ناسـەقـامگیـرییـانەی توانیی بیـورووژێنێ و خـەرج کردنی پارەیەکی زۆر کە بۆ "یارمـەتیی" ڕەشـە هەرە هـەژارەان و دامـرکـاندنەوەیان خـەرج دەکـرا، دژواریی کـارا کـردنی ملمـلانێی چینایەتی لە کۆمـەڵگەی ئەمـەریکاییدا، بێتوانیی سـەرکردەکانی دەسەڵاتی ڕەش لە دانانی ستراتیجییەتێکی شـۆڕشگێڕانەی درێژخـایەن کە مـاوەی کورت تێپـەڕێنی لە وروژاندنی ئاژاوەدا، پشـتگیریی کووبا و هەمـوو حکوومـەت و بزووتنەوە شـۆڕشگێـڕەکـان لـە ڕاسـتـیـدا بەردەوام نـەبوو و چاودێریی "حــزبی ڕەشـــەکــان" لە ویلایەتە یەکگرتووەکــان بێگومـــان لە چوارچێـوەی بیـری پاراسـتنی هـاوسـەنگیی هێـزەکـاندا بەلای مـۆسکۆوە هەنگاوێکی سوودبەخش نەبوو...

هەر لـەوسـاکـەوە، دەبوو بەداخــەوە ئـامـاژە بۆ شــەپۆلی ناتوندوتیــژیی تێکدەری نێـوان سـاڵانی ١٩٥٤ و ١٩٦٤ و دینامـیکیـیـەتی دەسـەڵاتی ڕەش نەیانتـوانـی بگەڕێنەوە شـانۆی ڕووداوەکــان لە ویلایەتە یەکگرتووەکــاندا

سەرەڕای ئەوەی کە بارودۆخی ڕەشەکان بەرەو خراپتر دەچوو، لە چوارچێوەی پاشەکشەی ئابووریدا، وایان لەسەر بڕیار درا کە ناچنە ناو بنەماکانی کۆمەڵگەی ئەمەریکاییەوە. بێگومان هەندێک شار هەن ڕێکخراوەکانیان تێیاندا چالاکیی "بنکە جەماوەرییانە"ی پەسند ئەنجام دەدرێن، بەڵام بزووتنەوەیەکی نەتەوەییی گەورە لە ئارادا نەمابوو.

ساڵی ۱۹۷۱، دۆزی ئەنجێلا دێڤیس وروژێنرا کە کچەلاوێکی زانکۆ بوو و تاوانی بەشداری کردن لە هەوڵی دەرباز کردنی بەندیگەلێک کە بە "برایانی سولیداد" ناسرابوون، بەڵام دۆزەکە بەشێکی کەمی کۆمەڵگەی ڕەش نەبێ کەسی نەخستە جووڵە. بەڵام لە بارەی ئەو ئاژاوانەی ساڵی ۱۹۷٦ لە دیترۆیت و ئەلاباما و ساڵی ۱۹۸۰ش لە میامی-دا بەرپا بوون، بەسادەیی بیر خەڵکەکەی خستەوە کە "گرفتی ڕەشەکان" (ڕاستتر " گرفتی سپییەکان"؟ هێشتا لە کرۆکی کۆمەڵگەی ئەمەریکاییدا لەبەرچاواندایە. کەی ئەو شۆڕشە بەرپا دەبێ کە مارتن لۆتەر کینگ و ستۆکڵی کارمایکڵ داوایان کردووە؟

# ڕێکخراوە ئەفرۆ- ئەمەریکاییەکان

فیلیپ تێربی*

ئەو ئاژاوانەی لە مانگی ئایاری ١٩٩٢دا بەشێکیان لە شاری لۆس ئەنجلس تێک دا، بە سەختییەکەی ئەمەریکاییەکانیان بە ئاگا هێنایەوە لەو بێبەشییە کۆمەڵایەتییەی پشت بە ڕەگەزپەرستییەکی مێژینە دەبەستێ، بێگومان بەرەو تەقینەوەی گشتیی دەبا.

هەروەها ئەم ئاژاوانە بێتوانیی سەرکردە ڕەشە ئاساییەکانی دەرخست لە خۆتێکەڵ کردنی کاریگەر لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی ئەفرۆ-ئەمەریکاییدا، کە وای دەهاتە بەرچاو تێگەیشتنی چەمک و ئاواتەکانی ڕوون نییە و مۆرکێکی دوژمنکارانەی پێوەیە. ئەمەریکای ڕەش ڕووکاری تاکلایەنە نییە و ئەو کەسایەتییانەی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆندا دەر دەکەون، کە بیڵ کۆسپی و ماجیک جۆنسن و لویس سۆڵیڤان (وەزیری تەندروستی) و بنیامین هۆکس (سەرۆکی ڕابیتەی نیشتیمانیی پێشکەوتنی ڕەنگدارەکان N.A.A.C.P.) و جێسی جاکسن و دۆرۆتی هایت (سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی ژنە زنجییەکان) لەمانە بوون، لە پێناوی بانگەشە بۆ هێور کردنەوە لە ڕۆژانی یەکەمی بەرپابوونی ڕووداوەکان، کاریگەرییەکی وای نەبوو بەسەر ئەو لاوە هەژارانەی وا، بە زۆری هیچ لەبارەی ئەو تێکۆشانەوە

* فیلیپ تێربی: ڕۆژنامەوان و مامۆستای یاریدەدەر لە لقی ئەدەبی بەراوردکاری لە زانکۆی ویلایەتی نیوویۆرک لە بێرگەموون لە ١٩٨٧ەوە تا ١٩٨٩.

نازانن كه له خۆیان بەتەمەنترەكان خۆیان لێدا.

بەڵام ڕێكخراوە ئەفرۆ-ئەمەریكاییەكانی ئەمڕۆ ناكرێ بەوە دانرێن كە پاشماوەیەكی هێمایین، قۆناخێكی پێشتری خەبات لە پێناوی مافە مەدەنییەكان بەبیر دێنێتەوە. لە بنیات و بەڕێوەبەرێتیدا دینامیكی و ڕێكوپێك بووە و لە زۆر لای ویلایەتە یەكگرتووەكاندا بڵاوبووبووەوە و جاروباریش لە دەرەوە و دەسەڵاتێكی كاریگەری ئۆپۆزسیۆن دەنوێنێ حكوومەت بە هەندی هەڵدەگرێ و بە ڕێكوپێكی ڕاوێژی پێ دەكا.

لە نێو كۆمەڵە گەورەكەی بزووتنەوە و ڕێكخراو و ڕابیتەكاندا خۆبەخش بن یان نا، لە دەرەتانێكی ناوەخۆیی بێ یان هەرێمی یان نیشتیمانی یان جیهانی، ئەوەی كاریگەریی پتری هەیە بێگومان ئەوەیانە كە مۆركی داوای یەكسانیی بە ماوەیەكی شەستەكان و حەفتاكانەوە ناوە.

هەندێكیان باس دەكەین: "ڕابیتەی نیشتیمانی بۆ پێشكەوتنی ڕەنگدارەكان .N.A.A.C.P" و ژمارەیان لە ٧٠٠ هەزار ئەندام زیاترە)، ساڵی ١٩٠٩ و. إ. ب. دوبوا-ی مێژوونووس دایمەزراندووە، "كۆنگرەی سەركردە مەسیحییەكان لە باشوور .S.C.L.C" مارتن لۆتەر كینگ و ڕالف ئەمبرناتی ماوەیەك سەركردایەتییان كردووە، "ئەنجوومەنی نیشتیمانیی ژنە زنجییەكان"، "كۆنگرەی یەكسانیی ڕەگەزی" كە ڕۆی ئینیس پێشەوایەتیی كردووە، "ڕابیتەی شارەكییە نەتەوەییەكان"، كە لە ڕاپۆرتی ساڵانەی "بارودۆخی ئەمەریكای ڕەش"یدا سەرژمێری و شیكردنەوەی گشتگیری لەبارەی پەرەسەندنی كۆمەڵگەی ئەفرۆ-ئەمەریكاییەوە پێشكێش كرد، "یەكەتیی پێكهاتەی نیشتیمانی .N.R.C" كە جیسی جاكسن دایمەزراند، كە ڕێكخراوێكی فرە ڕەگەزە، دەوری ڕەشەكانی تێدا زاڵتر بوو.

ئەم ڕێكخراوانە بە شێوەیەكی گشتی خەمەكانی چینی ناوەندی ڕەشی ڕەنگ دەدایەوە و خۆی لە خەباتە بنچینەییەكان دەدا لە ئاستی قانوونیدا لە




رێکخراوە ئەفرۆ-ئەمەریکاییەکان ئەمڕۆ هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی
کارا پێک دەهێنن پێویستە حکوومەت بایەخیان بە هەند
هەڵبگرێ و بەردەوام ڕاوێژیان پێ بکا.

پێناوی ئامادە کردنەوەی سیاسەتێکی باشتر بۆ ئاوێتە بوونی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەفرۆ-ئەمەریکاییەکان. هەڵمەتگەلێکی ڕاگەیاندن و ئاراستەکاری دژی جودا کردنەوە لە کار و خانوو و داد و هۆیەکانی ڕاگەیاندندا ڕێکخرا... و لە بوارەکانی تەندروستی و فێرکاریدا بەرنامە بۆ کار دانرا.

لەتەک ئەم بزووتنەوانەدا کە بە ئاوێتەکاری پەسن درا، پێوەندیگەل و کۆمەڵگەلی ناحکوومی NGOش لە ئارادا بوو، مۆرکی هاوبەشی ناوەخۆییی هەبوو، گەڕەکەکانی ڕێک دەخست، چالاکیش بوو و جارجار توانیی ئەنجامگەلی یەکلاکەرەوە لە تێکۆشانی دژی لاڕێ بوون و هۆشبەرەکان و تاوان بەدی بهێنێ. شایەنە ئاماژە بە گرینگیی سەندیکاکان و یەکەتییە پیشەییەکان و بزووتنەوەکانی قوتابییە ئەفرۆ-ئەمەریکاییەکان بکەین:

پێوەندگەلی پیاوانی کار و سەندیکاکانی ڕۆژنامەوانی و پزیشکان و پارێزەران، بەرابوونەکان و یەکەتییەکانی قوتابییە ڕەشەکان و.. تاد.

کەنیسەی ڕەشیش کە دامەزرا و جێی بزووتنەوەی مافە "مەدەنییەکانی" گرت، ئامادەییی لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی-سیاسیدا هەیە. بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگەی ئەفرۆ-ئەمەریکاییە و کەسێکیش بیری جیددی ناکاتەوە بۆ پشتگیری چالاکییەکی بەربڵاو ئەنجام بدا. ئەبرەشییە جوداجوداکان سەتان هەزار لە ئیمانداران بەخۆوە دەگرێ و ئەمانە سەنگێکی گرینگی هەڵبژاردن پێکدەهێنن. زۆربەی سەرکردە مێژووییەکان لە موژدەبەر "مبشر"ان بوون (ئادەم کلایتن پۆیل، مارتن لۆتەر کینگ-ی کوڕ، جێمز فارمەر، جێسی جاکسن، ئەندرۆ پۆنگ، ج. لووری، ب. هۆکس....تاد). هەروەها لەلای ڕەشەکان کەنیسە سەرەکییەکان ئەمانەن: "کەنیسەی ئەفرقیی میتۆدیی ئەنگلیکانی "African Methodist Episcopal Church، و "بانگهێشتی مەعمەدانیی نەتەوەیی، ویلایەتە یەکگرتووە ئەمەریکاییەکان -National Bap tist Convention U.S.A"، و "بانگهێشتی مەعمەدانیی نەتەوەیی لە ئەمەریکا National Baptist Convention of American" و "کەنیسەی - ئەلڕەب ئەلمەسیح Church of God in Christ".

بەڵام لەلایە ڕادیکاڵییەکەی گۆڕەپانی سیاسیی ئەفرۆ-ئەمەریکاییدا، ئەوەی بەسەر ئەو شەپۆلەدا هات کە ڕێکخراوەیلێکی ئاراستە مارکسی-لینینیی بەخۆوە دەگرت و بزووتنەوەی دەسەڵاتی ڕەش و بزووتنەوە ئیسلامییەکان-ی بەخۆوە دەگرت، زۆربەی ئەمانە نەیانتوانی لەبەردەمی هێرشەکانی FBI و Cointelpro (بەرنامەی هەواڵگریی دژەوانە)دا خۆیان ڕابگرن کە بە سەرپەرشتیی سەرۆک نیکسن بوو. تیرۆر و ڕەشبگیر و لێدانی ڕێکخراوەکان و هەڵمەتگەلی چەواشەکاریی ڕاگەیاندن و "هەڵگەڕانەوە"ی چالاکان، ئەم ستراتیجییە سەرباری دووبەرەکییە ناوخۆییەکان - بوونە هۆی لاواز کردنی حزبی پڵنگە ڕەشەکان و

ڕێکخـراوی یەکـەتیی ئـەفـرۆ-ئـەمـەریکایی (OAAU)، کـە مـاڵکۆڵم ئێکس دایمەزراندبوو کە ساڵی ١٩٦٥ تیرۆر کرا و لیژنەی ڕێکخستنی قوتابییانی ناتوندوتیژی (SNCC) و کـۆمـاری ئەفریقیـای نوێ-ی جـیـابوونەوە خـواز (RNA) و لیـژنەی پاڵپـشـتی کـردنی ڕزگـاریی ئەفـریقـیـان (ALSC) و سـەندیکاگـەلێکی پێـشـەوتنخـوازی وەک پێـوەندیی کـرێکارە ڕەشـە شۆڕشگێڕەکان (LRBW) و ئەنجوومەنی کرێکارە ڕەشەکان (BWC).

لەم کـاتی ئێـسـتـادا ڕێکخـراوە ڕادیکاڵەکـان پـەرتەوازە بوون و چـەند ژمـارەیەکی کـەم نەبێ کـەس بەخـۆوە ناگـرێ. بەپێی بارودۆخی شـوێنی ئامادەییان هەندێکیان گەشەسەندنێکی بەرچاوی جەماوەرییانەی بەخۆوە دی. ئەوە بارودۆخی "ئوممەتی ئیسلام NOI National of Islam" بوو کە (پتر لە دە هەزار ئەندامی ڕاگەیەنراوی بەخۆوە دەگرت، سەرباری سەدان هەزار لایەنگیر)، کە لویس فەڕاکان، بەو کەسایەتییەیەوە کە جەماوەری بەکێش کرد و مشتومڕی ورووژاند کە زانیی چۆن ئاراستە دەکا و نوشوستییە زیاد بووەکـان لەلای بەشـێک لە لاوە ڕەشـەکـان بەکـار دەهێنێ. هەروەها لەم بوارەشدا ئاماژە بۆ حزبی شۆڕشگێڕی هەموو گەلە ئەفریقاییەکان (-All African Peoples Revolutionary Party A.A.P.R.P.) دەکـەیـن کـە بزووتنەوەیەکی ئەفریقاییە، ستۆکلی کارمایکڵ-ی پێشەوای پێشووی پڵنگە ڕەشـەکـان دایمەزراندبوو (کە ئەمڕۆ بەناوی کوام تۆری-یەوە دەناسرێ) و حزبی هاوپەیمانیی نوێ (New Alliance Party) ناوەندەکەی نیویۆرک بوو و فرە ڕەگەز بوو)، کە دکتۆر لینورا فولانی-ی پالاوکی ئەفرۆ-ئەمەریکایی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە تشرینی دووەمدا.

*

## کێ مارتن لۆتەر کینگ-ی کوشت؟!

لە چواری نیسانی ساڵی ١٩٦٨، لە مەمفیس، تێنیسی، مارتن لۆتەر کینگ لە باڵکۆنی ژوورەکەی، لە "مووتێلی لۆرین"دا وەستا بوو، کە لە سەریەوە بە گوللەیەکی کوشندە پێکرا، دەزگەی FBI بەپەلە بەرپرسێتیی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەی گرتە دەست و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە تاوانبار ڕەگەزپەرستێکی سپییە و لەوانەیە شێتیش بێ. لە هەشتی حوزەیراندا و دوای دوو مانگ لە بڕیارەکە، جێمز ئێرل ڕای لە فڕۆکەخانەی لەندەن دەستگیر کرا، کە بە گریمانە بکوژی مارتن لۆتەر کینگ-ە. دوای ئەوەی درایە ویلایەتە یەکگرتووەکان حوکمی زیندانیی نەوەت و نۆ ساڵی بەسەردا سەپێنرا و لە بەندیخانەیەکی نێزیکی ناشڤیل دەست بە جێبەجێ کردنی سزاکە کرا. هەروەک قانوونی تاوانکاری لە ئەمەریکا بە دەق تۆماری کردووە، لەبارەی تاوانی ڕوونی ئاشکراوە، دادگەیی کردن نەبوو و دواتریش لێپێچینەوە لە دۆزەکە ڕاگیرا. ساڵی پێشتر ڕای لە "بەندیخانەی چاکسازی"ی لە میسۆری-یەوە هەڵات و دواتر بەشداریی لە کاری قاچاخی بێهۆشکەرەکان و چەک کرد.

ساڵی ١٩٧٨ لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کۆنگرێسی ئەمەریکاییدا بڕیاری دا کە ڕووداوی نوێی ئەوتۆ نییە کە لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی دوو ڕووداوی تیرۆر کردنی جۆن فیتز جیراڵد کەنەدی و مارتن لۆتەر کینگ-ەوە بکرێتەوە. دوای ماوەیەکی کورت کۆنگرێس قانوونێکی دەرکرد بە یاساخ کردنی بڵاوکردنەوەی ئەرشیفی FBI و ئەم لیژنەی لێکۆڵینەوەیە تا ساڵی ٢٠٢٩. بێگومان ئێمە پێویستیمان بە چاوەڕوانییە تا ئەو مێژووە بۆ تیشکخستنە سەر ڕاستیی ئەوەی لەم دوو ڕووداوەدا ڕووی داوە.

ڕۆژی پێنجشەم ٩ی نیسانی ١٩٩٢، بەرنامەی "نێرراوی تایبەت" لە کەناڵی دووەمی تەلەڤزیۆنی فەرەنسی لێکۆڵینەوەیەک پیشان درا، میشال

بابرۆ و برنارد دوفۆرگ لەبارەی تیرۆر کردنی قەشە مارتن لۆتەر کینگ-ەوە ئامادە کرابوو، لە کۆتاییی ڕیپۆرتاجەکەدا هەست دەچەسپێ کە گریمانەی بکوژی تاک کەمتر ڕێی تێ دەچێ و دەبێ بەجیددی بیر لە ڕێتێچوونی بوونی پیلانێکی ڕێکخراو هەبێ.

ڕێکخراوەکانی ڕەشەکان لەو ماوەیەدا ئاماژەیان بۆ ژمارەیەک ڕووداو دا دوور نییە هاوکاتییان بە ڕێککەوت نەبێ، بنکەی ئاگرکوژاندنەوە لە مەمفیس بە تەک موتێلی لۆرین-ەوەیە و دەکرێ لە بنکەوە چاودێریی موتێلەکە بکرێ. فلۆید نیووسم-ی تاکە ئاگرکوژێنەوەی ڕەشپێست لە تیپی بنکە، کە هێشتا لە ژیاندا بەردەوامە، دوای بەشدارییی لە دیدارێکدا کە لە ٣ی نیساندا بەسترا و گوێی لە وتاری مارتن لۆتەر کینگ گرت گەڕایەوە ماڵەکەی کە پێ ڕاگەیاندنێکی چاوەڕێ بوو بانگهێشتی دەکرد پێوەندی بە ئەفسەری بەرپرس بکا. کات درەنگ بوو، دەشیزانی بۆ سبەینێکە دەبێ نەچێتە بنکەی کارەکەی بەڵکو بۆ سەربازگەیەک کە لە دەرەوەی شاردا بوو.

ئەو پۆلیسانەی پاراستنی کینگ-یان لە ئەستۆ بوو بنکەی ئاگرکوژاندەوەیان بۆ چاودێری بەکار دەهێنا. ئێد ڕیدیت تاکە پۆلیسی ڕەش بوو لە کۆمەڵەی چاودێریدا. ڕۆژی ڕووداوەکە لە بنکەدا ئەرکی خۆی بەجێ دەهێنا. کە پێوەندییەکی تەلەفۆنیی بۆ هات لە نەناسێکەوە هەڕەشەی کوشتنی لێ کرد. ڕیدیت کارەکەی بە بەرپرسانی خۆی ڕاگەیاند و گەڕایەوە بنکەی چاودێری. دوای کەمێک ئەفسەرێک گەیشت و بردییە هۆڵی کۆنگرە، کە ژمارەیەک لە گەورە ئەفسەرانی پۆلیس چاوەڕێیان دەکرد. بەرپرسێک لە دەزگەی هەواڵگری لە واشنتن لێی هاتە پێشەوە و پێی ڕاگەیاند کە نیازێکی ڕاستەقینە هەیە بۆ کوشتنی و ئامادەکاری بۆ دوورخستنەوەی کراوە. ڕیدیت ئەمڕۆ هێشتا لە ژیاندایە و دەپرسێ داخۆ بۆچی پۆلیسەکانی تیپی مەمفیس لەماوەی بیست و چوار سەعاتی بەر لە ڕووداوی تیرۆر کردنەکە لەبەر چاو نەمان کە ئەرکی پاراستنی کینگ-یان پێ سپێررابوو...

میشال بابرۆو و برنارد دوفۆگ له چوارچێوەی ڕیپۆرتاجەکەدا دیمانەیەکیان لەگەڵ ئارتر مۆرتاگ سازدا، کە کرێگرتەیەکی پێشووە لە (FBI)دا لە دەزگەی تایبەتدا کاری دەکرد و ئەرکی چاودێریی کاروباری قەشەی ڕەشی پێ سپێررابوو. لە پێناوی "دەرکردنی مارتن لۆتەر کینگ لە گۆڕەپانی نەتەوەییەوە"، هەر وەک لە دەقی یادداشتێکدا هەبوو دەزگە لەو ماوەیەدا دەری کردبوو. "مارتن لۆتەر کینگ لەژێر چاودێرییەکی بەردەوامدا بوو، شەو و ڕۆژ. لە کتێبخانەیەکدا ئامێری گوێدێریی لێ دانرابوو، بۆ تۆمار کردنی ئەوەی لەوێ ڕوویان دەدا لەو نووسیگەیەدا کە کارم لێ دەکرد. کاتێک بە لایەکانی وڵاتدا بەملا و بەولادا دەڕۆی. ئامێری گوێدێریمان دەگواستەوە... بەرنامەیەکی تایبەتمان دانابوو بۆ ورووژاندنی نیگەرانیی. نامەیەکی ئاراستە کرا هانی دەدا خۆی بکوژێ بە بیانووی ئەوەی (FBI) گەلێک شتی لەبارەوە دەزانێ و ڕاگەیاندنی هەندێک شت دوور نییە خێزانەکەی دارمێنێ، بەڵکو لەوەش پتر دارووخێنێ. ئەم ڕستەی دواییە بێگومان ئاماژە بۆ پێوەندیگەلێکی سێکسیی (جنسیی) قەشەی ڕەش دەکا. بەلام کینگ هیچێکی لەو بارەیەوە نەدەزانی". "من سەرپەرشتیی هەژدە بە کرێ گیراوم دەکرد لە چوارچێوەی ڕێکخراوە ڕەشەکاندا کاریان دەکرد و زانیارییان بە پۆستە دەنارد. (FBI) لە ماوەی هەشت ساڵدا بە هەموو جموجووڵێکی کینگی دەزانی، تا کوژرانی... بەلام نەیانویست بەو ڕووداوە بزانن کە لە مەمفیس ڕووی دا، سەربارى ئەوەی بەرپرسی ئەو تیپە پۆلیسەی لەو ماوەیەدا کاری لە مەمفیس دەکرد، پێشتر لە دەزگەی(FBI) پشکنەر بوو. لە (FBI) خانەنشین بوو... لە پلەیەکدا بوو ڕێی دەدا هەر شتێک لە مەمفیس ڕووبدا تەپس بکا".

ڕیپۆرتاجەکە دیمانەی جۆرەوجۆری پیشان دا، لە مانە باسی دیمانەی لەگەڵ ڕای بەخۆیدا دەکەین کە لەسەر سوور بوونی خۆی مایەوە و نکووڵیی لە کوشتنی مارتن لۆتەر کینگ کرد و نمایشێکی ڕووداوەکانیشی پێشکێش

کرد پەردەی لەسەر بوونی کەسێکی دیکە هەڵماڵی ناوی ڕاوول بووە و دەشێ یەک لە کلیلەکانی مەتەڵەکە بێ. بۆ داواکاری گشتیش لەوە دڵنیا بوو ئەگەر ڕای بیگوتایە بێتاوانە دەیتوانی حوکمی مردنی بۆ بدا. ئینجا ڕیپۆرتاجەکە نمایشێکی شاهێتییەکانی کەسانێکی کرد لە مووتێلەکە بوون و لەوانەشە بکوژە ڕاستەقینەکەیان بینی بێ. چارلز ستیڤنز تاکە کەس بوو لە شاهێتییەکەیدا گوتبووی ڕای-یی لە داڵانەکانی مووتێلدا لە پشتەوە بینیوە، کەچی جێیمز ماکگرۆ-ی تاکسیڕان کە پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە ئەرکی لەگەڵ ستیڤنز بوونی پێ سپێرراوە. جەختی لەسەر ئەوە کرد کە لە بارێکی زۆر سەرخۆشیدا لە ژوورەکەی خۆیدا بینیویەتی، توانستی لەپێخەفەوە هەڵسانی نەبووە. شاهێتیی گرایس واڵدین-ی شوفێر وەرنەگیرا، ژنەدۆستی ستیڤنز لە شاهێتییەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کرد بکوژەکە ڕای نەبووە، بەڵام شاهێتییەکەی تۆمار نەکرا. "ڕۆژێکیان هاتنە ماڵم، داوایان لێ کردم جلەکانم بگۆڕم و بردمیان بۆ نەخۆشخانەی نەخۆشییەکانی مێشک لە مەمفیس، کە دە ساڵی لێ مامەوە، خێزانم نەبوو یان کەسێک لێم بپرسێتەوە. بەڵێ، منیان لەبەر شاهێتییەکە لەبارەی کوژرانی کینگ-ەوە لەوێ هێشتەوە".

فنست روسل

*

## له ماڵکۆڵم ئێکس-ەوە بۆ جەنەڕاڵ بوویل

نیکول بێرنهایم*

"ئەمەریکاییە ڕەشەکان لە ماوەی ٢٥ ساڵدا توانییان بەسەر یەکەمین پلەکانی پلیکانەی دەسەڵاتی سیاسیدا سەربکەون، بەڵام سێیەکی ئەو کۆمەڵگەیە هێشتا لە نەدارییەکی تەواودا دەژیان. دەشێ هیچ پەسنێکی هاوبەش لە نێو ماڵکۆڵم ئێکس-ی چالاکی ڕەشدا کە ساڵی ١٩٦٥ تیرۆر کرا و لە نێو جەنەڕاڵ کۆلین بوویل "پاول"دا نەبێ کە ساڵی ١٩٩١ دەورێکی گرینگی لە جەنگی کەنداودا بینی، جگە لەوەی هەردووکیان ئەمەریکایین و زنجین...".

دوای بەسەرچوونی ٢٥ ساڵ بەسەر مردنی مارتن لۆتەر کینگ و چارەکە سەدەیەک بەسەر دەرچوونی دوایین بڕیارەکانی "مافی دەنگدان" کە لیندن جۆنسن ساڵی ١٩٦٥ واژۆی کرد، کە دانی بە مافی سی ملیۆن لە زنجییە ئەمەریکاییەکاندا نا لە یەکسانیی مەدەنیی تەواودا لەگەڵ سپییەکان، هێشتاکە بارودۆخی دیارترین و کۆنترین کۆمەڵگەیەکی ڕەنگداران لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ناجێگیریی پێوە دیارە.

تەنانەت ئەو گەشتیارانەی بۆ ماوەیەکی کورتیش سەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەدەن بەوە هەڵناخەڵەتێن کە هەندێک لە زنجییان لە سەنتەرە بازرگانییەکان و کارەکاندا دەبینن، ئەوانەی نیشانەی گوزەران خۆشییان بە

* نیکۆل بیرنهایم: ژنە ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری پێشتری "لو مۆند" بووە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا.

ئاشکرا پێوە دیارە، نەهێشتنی جیاکردنەوەی ڕەگەزی بە شێوەیەکی فەرمی کە لە پاش دە ساڵ لە شەڕی تفت و تاڵ و جارجار خوێناوی لە پێناوی یەکسانی لە مافەکاندا کەمینەیەک لە زنجییان نەبێ سوودیان لی وەرنەگرتووە.




چاپێک کە کارگێڕی پۆستەی ئەمریکی دەری کردووە لە ساڵی ١٩٧٩.
بەمەبەستی ڕێزلێنانی فەرمی، بنەچەی ڕاستەقینەی مارتن لۆتەر کینگ کێیە؟

پزیشکان و پارێزەران و مامۆستایان و پیاوانی کار و ژنانی کار، بە زۆری دەوڵەمەند –بەڵام بەردەوام دەوڵەمەندییان کەمترە لەسپییەکانی وەک خۆیان– ئەمڕۆ بە ڕواڵەت هیچ نەماوە شێوەی ژیانی بورجوازییەکی ئەمەریکاییی زنجی لە ژیانی کەسێکی چون ئەوی سپی جودا بکاتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا جودا کردنەوە درێژەی هەیە لە دوورخستنەوەیەوە لە گەڕەکە دەوڵەمەندترەکان، یانە توندڕەوترەکان و پایە بەرزترەکانی لەسەر هەردوو ئاستی پیشەیی و سیاسیدا.

زەینییەتی ڕاستی بەدوو قانوونەکان نەکەوتووە، بەردەوام گەڕەکێلێکی ڕێکوپێکی سپییەکان هەیە و گەڕەکێلی ڕێکوپێکی ڕەشەکانیش هەیە و هێشتا هاوسەرگیریی تێکەڵاو کەمە، هەرچەند لەچاو دە ساڵ لەمەوبەر باشترە، ئەمڕۆ تێکەڵیی ڕەگەزی لە ژیانی پیشەییدا هەیە بەڵام نەک لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا: دوای سەعات پێنجی ئێوارە هەریەکە و دەگەڕێتەوە ناو خێزانەکەی.

## فرەوان بوونی چینی ناوەندی

بواری چینـی ناوەندی بەشـێـوەیـەکی دیار فـرەوان بـووەوە، کـە جـووڵەی داواکاریی لە هـەردوو ئاسـتی سـیـاسـی و ئابووریدا دەسـتـی بـە توندتر بوون کرد: سـاڵی ١٩٦٠ لە دە ئەمەریکاییی ڕەش یەک کـەس بەشداریی نارەزاییی دەکرد، ئەمڕۆ ڕێژەکە بووە یەک لە سێ کـەس. بەڵام یەک لەسـەر سێی دیکەی کۆمـەڵگە لە بارێکی دەسـتکورتیدا دەژی وەک دانیـشـتووانی ئـەو ناوچانەی دەسـتکورتترن لە جیـهـانی سـێیـەمدا، لەکاتێکدا هـەژارانی سپی لە ڕێژەی یەک کەس لە دە کەس تێناپەڕێ...

لە ویلایـەتە یەکگرتـووەکـاندا خـێـزانـەکـان بە "هـەژار" دادەنرێـن، ئەگـەر لە چوار کــەس پێکهــاتبن و داهـاتیـان لە سـاڵێکدا لە ١٣٠٠٠ دۆلار تێنـەپەڕێ (واتە نێـزیکەی ٥٥٠٠ فـرەنکی فـەڕەنسـایی لە مـانگێکدا). ئەم ژمــارەیە لە ئەوروپـا تا ڕادەیەک قـبـووڵ کـراو دیارە، بەڵام لە ئەمــەریکا لە توانسـتـدا نەبوونی دابین کردنی خـانوو و خۆراک و جلوبەرگ و خـوێندنی شـایسـتـە بۆ منداڵان دەگـەیەنێ. لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هیچ ڕێژیمێکی پشـتگیـریی کۆمـەڵایەتـی نییـە، وەک ئەوەی لە ئەوروپادا هـەیە و هێشـتـا سـەرکردەکانی وڵات بڕوایان بەوە هەیە کە "خەونی ئەمـەریکایی" ڕێ بە هەموو مرۆڤێک دەدا کـە شـایەنی ئەوە بـێ ئەم ناوەی لێ بنرێ، بەبێ یارمـەتیی دەوڵەت کـاروباری خۆی جێبەجێ بکا.

ئەو بارە نـەداریـیـەی لـە گـەڕەکـەکـانی "گـیـتـۆ"ی ڕەشـدا دەر دەکـەوێ و نێزیکەی زۆربەی شارە گەورە ئەمەریکاییەکانی پێوە دەناڵێنن، دەسـتیان بە سـەرنج ڕاکێشـانی سپییەکان کردووە، بەتایبـەتی بەهۆی دەرهێنەرە بەرائییە گـەورەکـان لە سـینەمـا وەک سـپـایک لی "Jungle Do the right thing fever" دڵتەزێنترە لەو ناوچە ئەفریقییانەی هەژارترن.

بۆ درک بـەوە کـردنیش ئەوەنـدە بەســە ڕوو لە مـادیسن ئاڤنیـۆ بکرێ لە

نیـویۆرک، شـەقـامـی دەوڵەمـەندی و تەرپۆشی لـە "سـێـوی گـەورە"دا. لەنێـو شەقامی شەست و نەوەت و پێنجدا، واتە بەدرێژاییی نێزیکەی دوو کیلۆمەتر ئەو کـۆگـەیانە بـڵاوبوونەتەوە کـە کـڕیارە دەوڵەمـەندەکـان نـەبن کـەس هاتوچوویان ناکا. کە نەخشەسازە جیهانییەکان و خانە گەورەکانی شێوەی جلوبەرگ شوێنگەلی نایابیان تێیاندا گرتووە. زستـانان پاڵتۆکانی کورک زبلین لەگەڵ پاڵتۆی خوریی فیکۆنە و هاوینان ئۆتۆمبێلەکانی مارسیدس ە ئەلفا ڕۆمیۆ لەتەک یەک بە شەقامەکاندا دەگەڕێن.

## بێکاری، هۆشبەرەکان، منداڵگەلێکی بێ باب

بەڵام دوای ڕەت بوون بە شـەقـامـی سـەتدا دەگـەینە هـارلـم-ی ئیـسـپـانی، کـە کـارەکـەرێلێک بۆ هـەمـوو کـارێکی ناو مـاڵ و پاسـەوانانێکی بنیـاتەکـان لە گەڕەکە زۆر پێشکەوتەکاندا دەبینین. هارلمی کەلاوەتر لە شەقامی سەت و بیستدایە، کە زنجییەکانی لێ دادەنیشن، خانووگەلێکی نیوە ڕووخاو و خێزانەیلێکی بە ژمارە گەورەی بێ داهات یان ژێنەر کە بە فێڵکردن نەبێ ناتوانن بەردەوام بن، منداڵەیلێک بە دە ساڵی خوێندگە بەجێ دەهێڵن و کیژۆڵەگەلی بچووک لە تەمەنی چواردە ساڵیدا منداڵیلێک دەزێن تووشی ڤایرۆسی سیدا- هاتوون و لاوەیلێک کات بە، لەدەس پۆلیس هەڵاتن بەسەر دەبەن کە هۆشبەر بە قاچاخ بردن تاکە پێشەیەکە لەدەستیان بێت و قازانجی تێدابێ.

هارلمی بێکاریی درێژخایەن و شەڕەکانی ئەو گرووپانەی کە هەر ساڵە و چەند سەت هەرزەکارێک دروێنە دەکا.

لەم ناوچە نەدارەی باکوری مادیسن ئەڤنیۆ-وە ڕێکردنی بیست چرکە بەرەو باشوور بەسە بۆ بینینی خاوەن بژێوییە هەرە دەوڵەمەند لە جیهاندا، کە هاندانێک پێکدەهێنێ بۆ ئەو دەستدرێژییە چەکدارە خوێناوی و دووبارە بووەوەیەی شـارەکـە دەیبـینێ. ژمـارەیەکی زۆری ئەمـەریکایی هـەن ئەم

لێکدانەوە ڕوونە ڕەت دەکـــــەنەوە چونکـە بـەلای ئـەوانـەوە دوو جـــــۆر هاونیشتیمانی هەن: ئەوانەی چاکەخوازن و ئەوانی دیکە...

ئەمەش بارودۆخی شیکاگۆ و دیترۆیت و واشنتنی پایەتەختی فیدراڵییە کە ساڵی ١٩٩٠ ژمارەیەکی پێوانەیی لە تاوانی کوشتندا تۆمار کردووە، لە ناو جەرگەی ئەم شارانەدا، کە سپییەکان لە ماوەیەکی درێژەوە جێیان هێشتبوو، هەر لاوێکی ڕەش لە نێو تەمەنی پازدە و بیست و پێنج ساڵیدا، پتر لە هەر سەربازێکی ئەمەریکایی لە ماوەی جەنگی ڤێتنامدا، بەرەوڕووی ڕێتێچوونی کوشتن دەبێ. ٥٦٪ی گیراوان لە ڕەشەکانن.



جیسی جاکسن یەکەم زنجی کە توانیی ببێتە کاندیدی فەرمیی حزبی دیموکرات لە پێناوی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ساڵی ١٩٨٤ و ١٩٨٨دا. لەم وێنەیەدا دەیبینین لەگەڵ مارتن لۆتەر کینگ و ڕالف ئەبرناتی لە باڵکۆنی "مۆتێل لۆرین"دا لە مەمفیس "تێنێسی" ئێوارەی کوژرانی م. ل. کینگ.

دوای جۆن کەنەدی، سەرۆک جـــــۆنسن وای بۆ دەچێ لە توانستدایە "کۆمەڵگەیەکی گەورە" بەدی بهێنرێ یەکسانیی تێدا بێ و ئەو نموونەیە تەرخان بکا دامـــەزرێنەرانی وڵات لە ئەستۆیان گرتبوو و دەستی بە جێبەجێ کردنی بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتیی درێژخایەن کرد یاریدەدانی بێبەشانی بە ئامانج کردبوو لەڕێگەی: دابین کردنی خانووی میللی و نوێ کردنەوەی قوتابخانە حکوومییەکان و دابین کردنی پشتگیریی تەندروستی و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە نۆشدارییە خۆڕاییەکان... تاد... بەڵام لە مـــــاوەی دەمی ڕیگن

بەرنامەکە بەبیانووی ئەوەی تێچووی زۆرە و نابێتە هۆی نەهێشتنی هەژاری وردە وردە لەکار کەوت. ئەمڕۆش ئەو بنەمایە بالادەستە کە دەڵێ "خۆت یارمەتیی خۆت بدە". ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە: ئەوانەی ئەوەیان پێ ناکرێ، بە سادەیی، لە ئاستی خەونی ئەمەریکاییدا نین...

بورجوازییە ڕەشەکان هەست بە گوناهیان لەلا هەیە بەرامبەر دانیشتووانی گەڕەکەکانی گیتۆ، کە هێشتا ژمارەیەک لە کەسوکار و برادەرانیان تێدایە. ئەم هەستە لەگەڵ بەردەوامیی دەمارگیریی ڕای گشتی لە کۆمەڵگەی سپیدا توندتر دەبێ لە دژی ڕەشی "پیس و درۆزن و تەمبەڵ و توندوتیژ کە بەکەڵکی هیچ نایێ".

## لەپێناوی بەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسیدا

لەبەردەم ئەوەی دەسەڵاتەکان تەرخان کردنی یارمەتییەکانیان ڕەت کردووەتەوە -بەتایبەتی یارمەتیی دارایی- کە ڕێ دەدا بە کاریگەری بەرانبەر هەژاری ببنەوە، لە دوو ڕێ بەولاوە لە بەردەمی نەوەکانی چینە ناوەندییە ڕەشەکاندا نەمابوو: یەکەمیان پشت بە کارە خێرخوازییەکان دەبەستێ کە لە نەریتی ئەمەریکاییدا شوێنی خۆی هەیە. بەڵام زەحمەتە بیروێنەی ئەوە بکرێ کە لەوانەیە یارمەتیی تاکەکەسی بۆ "یەکلایی" کردنی بارودۆخە بژێوییەکان لە گیتۆ بەس بێ. بەرپرسە ڕەشە وشیارترەکان (یان دڵسۆزترەکان) دانیان بەوەدا نا کە، بەر لە هەموو شتێک، لە هەوڵی بەدەست هێنانی دەسەڵاتێکی ئابووری بەولاوە هیچیان لەبەردەمدا نەماوە، ئینجا دواتر دەسەڵاتی سیاسی، لە پێناوی جێبەجێ کردنی سیاسەتێکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە بۆ یارمەتیدانی کۆمەڵگەکەیان کە ئاستی ناوەندیی گوزەرانی تێدا کەمترە لە نیوەی ڕێژەی ناوەندی لەلای سپییەکان.

لەماوەی بیست و پێنج ساڵدا زنجییە ئەمەریکاییەکان توانییان لە پەیژەی دەسەڵاتی سیاسیدا بە پلەکانی یەکەمیدا هەڵزنن: ئەو نوێنەرە

ناوەخـۆییـیـە ڕەشـەکـان کە لە حـەفـتـاکـانـدا ١٥٠٠یان لێ هەڵبـژێرران، ئەم ژمـارەیە گـەییـە حـەوت هەزار -زۆربەیان سـەرۆک شـارەوانییـەکـان بوون لە شـارە هەرە گەورەکانی- وەک نیویۆرک و واشنتن و لۆس ئەنجلس و دیترۆیت لە ڕەشـــەکـان بوون، بەڵام ئەمــە بە پلـەی یەکـەم بۆ کـۆچ کـردنی دەنگـدەرە سـپـییـەکـان لە شـار و شـارۆکـەکان دەگەڕایەوە. ئەنجـوومـەنی نوێنەران لە واشنتن وای لێ هات بیست نوێنەری لە ڕەشـەکانی بـە خـۆوە گـرتبـوو، بەڵام ئەمـە بەسـەر ئەنجـوومـەنی پیرانی بنکەی بەکـردەوەی دەسـەڵاتی سـیـاسـیـدا ناسـەپێ. لـە تشـرینی دووەمی ١٩٨٩دا ڤـرجـینیـای ویلایەتـە "باشـوور"ییـە کـۆنەکـە، دۆگـلاس وایلدەر-ی یەکـەم حـاکـمـی ڕەشی بۆ خـۆی هـەڵبـژارد، ئەویش بە پشتگیری لێ کردنی نێزیکەی ٤٠٪ی دەنگدەرە سپییەکان.

## لە ماڵکۆڵم ئێکس-ەوە تا جەنەڕاڵ بوویل

پێــشــەواکــانی کـۆمــەڵگەی زنجی درکـیــان بەوە کـرد کـە، بۆ ئەوەی لە کۆششیاندا بۆ بەدەست خستنی دەسەڵاتی سیاسی، دەبێ بواری پشتگیری لێ کـردنـی دەنگدەرە سـپـیـیـەکـانیـان فـرەوانتـر بکەن و وێنەی خـۆیان لە ورووژێنەری ئـاژاوە ئێـسکگرانەکـانەوە بگۆڕن بـۆ هـاونیـشـتـیـمـانیگەلێک بەرپرسیارێتیی خۆیان دەزانن.

سـالآنـی نێوانی پەنجـاکان و حەفتاکان ماوەی دەرکـەوتنی زیادەڕۆیی بوو: هەر لە مـاڵکۆڵم ئێکس-ەوە تا لایەنگیرانی "دەسـەڵاتی ڕەش"، تا تیرۆریستیی "پڵنگە ڕەشەکان". ئەم پیلانە زانیی چۆن ڕای گشتی لە کۆمەڵگەی سپیدا بە ئاگا دەهێنێتەوە... بە ورووژاندنی تۆقاندن لە ناویدا.

گـۆڕینی شـێوە تاقی کـردنەوەیەکی سەخت بوو بۆ ئەو پاڵاوکە ڕەشانەی لە خولەکانی لاهووتدا پێگەییون و هونەری وتاربێژی هێشتا بە زۆری بـەشێکە لە بەرنامەیان. قەشە جیسی جاکسن بە نموونەیەکی ئەم چالاکانە لە بواری مـافـە مـەدەنییـەکـان دادەنرێ، کە زانیـیـان چۆن گـەرمـیی جـەمـاوەر گڕ تێ

بەردەدەن و کۆمـەڵگەیەک بەرەو سندووقـەکـانی دەنگدان پاڵ پێـوە دەنێن کـە لەسـەر پرۆسـەی هەڵبـژاردن ڕانەهاتـوون و سـەرنجی هۆیـەکانی ڕاگـەیاندن ڕادەکـێـشـن، بەلای کـەمـەوە لـە مـاوەی دەمی هەڵمـەتی هەڵبـژاردندا. بەڵام دیسـان زۆربەی دەنگدەرە سپییـەکانیـان دوور دەخسـتەوە، بێ ئەوەی بتـوانن دەنگەکانی ڕەشەکان کۆ بکەنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا جیسی جاکسن بە یەکەم ڕەش دەمـێنێتـەوە لە مـێژووی ئەمەریکادا وێرای لە ١٩٨٤ و ١٩٨٨دا ببێتە پاڵاوکی فـەرمی لەو هەڵبژاردنە بەراییـیانەدا کە حزبی دیموکرات بەڕێوەی دەبا بۆ خۆ لە شـەڕی گەیشـتنە کۆشکی سپی دان و سەرکردایەتیی هەڵمـەتەکەی بە وردی کـرد و ژمارەیەک دەنگی شـانازیبەخشی بەدەست خست. بەڵام دواڕۆژ ئەمڕۆ بۆ بڕێکی نوێیە لە پیـاو و ژنی زنجی کە کار دەکەن دەنگەکانی سـپییـەکان بەدەست بخـەن چونکە بەبێ ئەوە ئومێدیان نییە هەڵبژێررێن و حوکم بکەن.

لەلای خـۆیەوە دەسـەڵاتی سـپی ئامـادەییی پتـر بوو بۆ ئەوەی کەسـانێک لە زنجییـان پەسند بکا... بە مەرجێک پابەندی ڕەوشـتـەکانی بن، نموونەش بۆ ئەمـە: جـەنەڕال کۆلن پاول بەرپرسـی ئەنجـوومـەنی سـەرکردایەتیی کـۆشکی سـپی و ئەوەی دەورێکی دیاری لە جـەنگی کـەنداودا بینی، بە هـەوڵـی پەسن کردنی هـەندێک گەرمـە ئارەزووی "سـەرۆک"ەکەی، کەسـایەتییـەکی مـیللی بوو لای سـپییـەکان و ڕەشـەکانیش، کە بەلای ئەوانەوە وەک نمـوونەیەکی پەسند دەمـێنێتـەوە، جـەنەڕال پاول بێگومان وەک یـەکەم جێگری سـەرۆکێکی زنجی پشـتگیـری دەکـرێ. بەڵام هەڵبژاردنی کلارنس تۆمـاس-ی پارێزگار لەلایەن جۆرج بوشەوە بۆ ئەوەی جێی تۆرگوت مارشـال بگرێتەوە، کە تاکە زنجی بوو لە دادگەی باڵای فیدراڵدا، کە بە بەرگریی لە مافە مەدەنییەکان ناسراوە، بە سـووکـایەتی بەرامـبـەر کۆمـەڵگەی زنجی دانرا کـە وای بۆ چوو دامـەزراندنی پیـاوێک دەبێ پەسنـەکـانی "مـام تـۆم"ی هـەبێ، واتە گـوێڕایەڵیی دەسـەڵاتی سپی دەکا.

گرفتی بەکردەوەی پێشەوا تازەکانی زنجییان دوای ئەوەی توانییان بگەنە دەسەڵاتی فیدرالی، لە زانینی چۆنێتیی هەڵسەکەوتدایە لەگەڵ گەڕەکەکانی گیتۆدا. بێگومان ماوەیەکی زۆر بەسەردەچێ بەرلەوەی بتوانن بەختکاریی ئابووری بەسەر کۆمەڵگەی سپییەکاندا بسەپێنن کە کردارەکانی لابردنی ئەو گەڕەکانە دەیەوێ. مەگەر نائومێدییەکانیان "پێشەوا تازەکانی زنجییان" هانیان بدا بگەڕێنەوە گەڕەکەکانی گیتۆ بۆ ئەوەی لە ڕێی هێزەوە هەوڵی بە دەسەڵات گەیشتن بدەن. ئەم مۆتەکەیە لە قۆناخەکانی بەدیل کردنە بەراییەکانەوە لە وروژاندنی مەترسییەکانی سپییەکان نەوەستاوە.

## ١٥ی کانوونی دووەم ڕۆژی پشوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، بۆ ڕێزلێنانی مارتن لۆتەر کینگ

لە ١٩٨٦ەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە ڕۆژێکی نیشتیمانیی دیاریکراودا بەناوی یادی مارتن لۆتەر کینگ- بۆ ڕێزلێنانی ئاهەنگ دەگێڕێ. ئەم ڕێزلێنانە تا ئەوسا تەنیا بۆ کریستۆفەر کۆڵۆمبس و جۆرج واشنتن و ئەبراهام لینکۆڵن بوو.

ئەو لیژنەیەی ئامادەکرابوو ڕۆژی ١٥ی کانوونی دووەم ببێتە "ڕۆژی مارتن لۆتەر کینگ" ناچار بوو تەگەرەیەکی زۆر و زەحمەت لاببات بەر لەوەی سەرۆک ڕۆناڵد ریگن ئەو "مەرسوومە"ی لە ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٣دا واژۆ بکا کە بڕیاری ئەوە دەدا. ئەمەش هەندێکە لەو قسانەی لەو بۆنەیەدا کردوویەتی:

" کاتێک بیر لەوە دەکەمەوە ئەم پیاوە چیی پێشکێش کردووە کە ئەمڕۆ بۆ وڵاتمان ئاهەنگی بۆ دەگێڕین، وشەکانی گرینلیف هەیتایەر-ی شاعیری ئەمەریکاییم بەبیردا دێتەوە کە دەڵێ: (هەموو تەنگژەیەک بیرێک و کارێک دەتاوێنێتەوە). لە ماوەی

پەنجاکان و شەستەکاندا ئەمەریکا ئەو جیاکردنەوەی ڕەگەزەی زانی کە یەک لە مەترسیدارترینی ئەو تەنگژانە بوو کە بەرەوڕووی بوونەوە. ئەو پیاوەی بە بیر و کردەوەکەی شوێنەوارێکی قووڵی لە وڵاتماندا هێشتەوە، ئەوە دوکتۆر مارتن لۆتەر کینگ بوو...

"د. کینگ هەستێکی بەهێز و ڕاستەقینەی بە ئاگا هێنایەوە، هەستێک بە دادێکی لە ڕەنگی پێست ئازاد، لەبارەی مرۆڤی سپی و ڕەشەوە گوتوویەتی: (چارەنووسی بە چارەنووسمانەوە بەستراوەتەوە، ئازادییشی ناکرێ لە ئازادیمان جودا بکرێتەوە، ئێمە ناتوانین بە تەنێ پێشبکەوین...)".

"قسەکانی بەر هوشیاریی نەتەوەی ئەمەریکایی کەوت. لە هەموو لایەکی وڵاتدا خەڵکەکەش وەک سپی یان ڕەش نەیاندەڕوانییە خۆیان، بەڵکو وەک مرۆ..".

***




سەرۆک ریگام ڕێز لە مارتن لۆتەر کینگ دەنێت. ئەم وێنەیە لەلایەن "بلانتۆ"وە کێشراوە و، لە ڕۆژنامەی "لوموند" لە ١٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٧ بڵاو بووەتەوە.

## چارلز ئێلڤین، پۆلیسێکی ناتوندوتیژی

مارگریت ب. فیلیپس

چارلز ئێلڤین، زنجییەکی ئەمەریکاییە ئێستا لە سەنتەری مارتن لۆتەر کینگ لە ئەتلانتا و لە دەزگەی مارتن لۆتەر کینگ لە ئەلبانی کار دەکا، وانەی ناتوندوتیژی دەڵێتەوە، تایبەتمەندیی: ئەفسەرێک بووە لە پۆلیسی سان لویس لە میسۆری.

لەڕاستیدا ئەو دەنگدانەوەیەی مارتن لۆتەر کینگ جێی هێشتووە هێشتا زیندووە. لەوانەیە ڕووکاری چارلز ئێلڤین لەم چوارچێوەیەدا واتەی هەبێ. لە کاتی ئەرک بەجێهێنانی وەک پۆلیسێک ئێلڤین ڕووبەڕووی توندوتیژی و سەرکوتکردن دەبووەوە بەڵام دواتر دەوری ناتوندوتیژیی لە پاراستنی ڕێژیمدا دۆزییەوە، کە ئاشنایەتیی لەگەڵ پەیامی مارتن لۆتەر کینگ ڕەوتی ژیانی گۆڕی.

دوای ئەوەی پۆلیس لە ڕۆدنی کینگ و لۆس ئەنجیلس پەنایان بردە بەر بەدۆنکی لێدانی خۆپیشاندەران بۆ بڵاوە پێکردنیان، باسکردنی ستراتیجییەتێکی ناتوندوتیژ گرتنە ئەستۆی پۆلیس، دژی لۆجیک بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی یەک لە شاهێدەکان ڕووداوەکەی لەسەر تێپێکی وێنە لەسەردا تۆمار کرد و تۆڕەکانی تەلەفزیۆن لە جیهاندا پیشانیان دا، بەڵام کاپتن "چارلز ئێلڤین" کە لەو کاتانەدا لەلایەن "پۆلیسی ڕەوشت و هۆشبەرەکان" لە سان لویس لە میسۆری بەپێچەوانەی ئەوەوە بە دڵنیا لە بیروباوەڕەکانی دیار بوو.

"ئێڵڤین" دیتی ناتوندوتیژی تاکە ڕێیە بۆ پاراستنی ئارامی و پارێزگاری لە ژیان. لێدووانەکانی ناوەناوە ئەو ترپە بەرزونزمانە بوون پەیڤکارانی زنجییەکانی پێ لە هی دیکە جودا دەکرانەوە، بێگومان قسەگەلێکی ڕاستگۆ و کاریگەر بوون.

"چارلز ئێڵڤین" هەرگیز وا پیشان نادا لەوانە بێ تووشی لاوازی و شەرم بێ، درێژیی دوو مەتر و قورساییشی سەت و دە کیلۆگرامە، بە بالآی بەرزیەوە لەبەردەمی ئامادەبوواندا دەوەستێ بە نیگا تیژەکانیەوە تێیان دەڕوانێ. بابەتگەلی دیاریکراو لە لێدوانەکانیدا باس دەکا و پەنا دەباتە بەر وتەکانی مارتن لۆتەر کینگ بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکەکانی، ئێڵڤین چالاک و پڕ لە گەرموگوڕی بوو.

ناتوندوتیژی بەلای "ئێڵڤین"ەوە بە سادەیی چارەسەری کێشەکان نەبوو، ئەو لەو بڕوایەدایە چارەسەری کێشەکان کاتێک سوودی دەبێ کە دەگاتە قۆناخی تیربوون. بەلآم ئامانجی ئێڵڤین لە پاراستنی سیستمی ناتوندوتیژیدا خۆڵەکاردانە بەر لەوەی چارەسەری کێشە پێویست بێ.

چارلز ئێڵڤین لە سەرەتاوە بەرگریی لە ناتوندوتیژی نەدەکرد، بەڵکو لەوانە بوو کە حەزیان لە شەڕکردن بوو، دوودڵیشی لەبەرگری لە مافە خوراوەکانی گومان لێ کراوان نەبوو.

ئێڵڤین لە وتارەکانیدا بە وردی باس لەو توورەیی و ڕقە دەکا بەمنداڵی هەیبووە، لە سان لویس-ی شاری دەمارگرژی و جودایی کردندا. نۆ ساڵان بووە هەندێک لە سپییەکان بەلێدان تێی بەربوون و پاسکیلەکەیان لێ وەرگرتووە کە لەگەڵ چەند هاوەڵێکیدا هەوڵی چوونە ژوورەوەی مەلەوانگەیەکیان داوە کە بۆ هەمووان تازە کراوەتەوە! ڕۆژ بە ڕۆژ زەحمەتیی زۆرتری دەبینی لە بیرکردنەوەی ئەوەی کە زنجییەکە لە وڵاتی سپییەکاندا، هەروەها باسی ڕووداوێک دەکا کە چۆن خەڵکەکە بە دەرگەوانیان دانا کە لە

پشکنگەی پزیشکێکدا لە گەڕەکێکدا بینی زۆرینەی دانیشتووانی لە سپییەکان بوون و، دەڵێ و قسەی مارتن لۆتەر کینگ بە نموونە دێنێتەوە: "ئەم ڕیژیمە دوو پێت بۆ دەشکێنێ و ئینجا سزات دەدا چونکە کەمئەندامی".

تووڕەییی لاوە ئەفرۆ-ئەمەریکاییەکانی بینی و هەوڵی بەرەو خۆشەویستی ئاراستەکردنی دا. کە سوور بوو لەسەر ڕاگەیاندن "مژدەبەری"ی، کە تاکە شتێک بەسەر کینەدا سەردەکەوێ خۆشەویستییە.

دوای بە دواداچوونی بەرنامەیەکی ڕاهێنان لە "سەنتەری مارتن لۆتەر کینگ "دا، بڕیاری دا وەک پۆلیسێک دەستبەرداری کارەکەی بێ و خۆی لە دوو ئاستی دادگەیی و ئاسایشدا بۆ بەکارهێنانی ناتوندوتیژی تەرخان کرد، بەتایبەتی ئەوەی پێوەندیی بە جێبەجێ کردنی قانوونەکانەوە هەیە.

ئەمڕۆ لە ڕێی سەنتەری م. ل. کینگ-ەوە لە ئەتلانتا وانەی شیاندنی پیشەییی پۆلیسان لە ژمارەیەکی شاراندا دەدا، ئەوەش لە چوارچێوەی بەرنامەیەکدا سەت و پێنج سەعات دەخایەنێ. ئەوانەی ڕاشدەهێنرێن دەتوانن بە خۆیان هەموو تاکەکانی یەکەکەیان فێر بکەن. ویلایەتی نیویۆرک بەرنامەکەی لە ئەستۆ گرت و بە تەوزیمیی دانا، ئێلڤینیش بەخۆی ڕاهێنانی ئەفسەرانی پۆلیس و پاسەوانانی بەندیخانەکانی لەوێ بە دەستەوە گرت.

دەوڵەتێلی دیکەش دەستیان بە بایەخدان بە چەمکەکانی و بنەماکانی کرد و لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٠دا لەگەڵ شاندێک لە"..." ڕووی کردە یەکەتیی سۆڤیەت و لە لینینگراد و مۆسکۆ و لیتوانیا کۆمەڵانێکی لە زانکۆییان و خوێندکاران و سەپاییەکان و پۆلیسان بینی.

پەیمانگەی سۆڤیاتی بۆ فەلسەفە ساڵی ١٩٩١ بانگهێشتێکی ئاراستە کرد بۆ سەرپەرشتی کردنی وۆرکشۆپێک. "بایەخدانی ڕووسەکان بە ناتوندوتیژی لە چوارچێوەی گەڕان بە دوای هۆیەکدا بۆ دەست بەسەر کۆمەڵە خەڵکێکدا گرتندا دەسووڕێتەوە، ئەو توندوتیژییەی ساڵی ١٩٨٩

تبلیسی بە خۆیەوەی بینیی کاری لێ کردبوون کە پۆلیس ئاگری لەسەر کۆمەڵە خۆپیشاندەری ئاشتیخوازاندا کردەوە و ژمارەیەک لە منداڵ و پێگەییوان کوژران". لیلیان باکستر-ی سەر بە سەنتەری م. ل. کینگ ئەم بۆچوونەی دەربڕی، کە لەو بڕوایەدایە خەڵکی ئاسایی و پۆلیسەکان وەک یەک، شارەزاییان لە بارەی خۆپیشاندانی جەماوەرییەوە نییە و هەستیان بە پێویستیی ڕاهێنان کرد بۆ ئەوەی لە داهاتوودا خۆیان لە کارەساتی لەو جۆرە لابدەن.

لەگەڵ بوونی هەڵوێستێکی پێشەکیش کە گومان دەخاتە سەر سوودی ناتوندوتیژی، بەڵام دەزگەی پۆلیس و پێشەنگە سیاسییەکان دەستیان بە بڕواپێکردن کرد، ئەوەش لەبەر سوودە ئابوورییەکەی. هەندێک لە شارەکان ڕووداوی ئاژاوەگێڕییان بە خۆیانەوە بینی پۆلیسیان کردبووە ئامانج و زیانگەلێکی زۆرتێچوویان جێهێشت، بۆیە بیرکردن لە شیانی خۆ لەم جۆرە هەڵویستانە لادان لە داهاتوودا وای لە بنکەکانی پۆلیسان کرد ئامادەی تاقیکردنەوەی شێوازی ناتوندوتیژی بن. بنکەیەکی پۆلیس لە شارێکدا نییە ئەمڕۆ بیەوێ ئەو بارودۆخانە بگەڕێننەوە کە لۆس ئەنجیلس-ی تێدا ژیا.

"ئێڵڤین" لە بەرنامەی ڕاهێنانەکەیدا جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکا کە کێشەکان کۆتاییان نایێ، بەڵام دۆزەکە لە زانینی پۆلیسەکاندایە بزانن چۆن پێکدادانەکان بەڕێوە دەبەن و بە شێوەیەکی ڕاست چارەسەریان دەکەن.

ڕێچکەکەی "ئێڵڤین" پشت بە تیوورییەک دەبەستێ لە چەشنی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەی کینگ لە ئەستۆی گرتبوو هەڵێنجراوە، لەگەڵ جەختکردن لەوەی کە ئەم گۆڕینە کۆمەڵایەتییە پێویستە بۆ ئەوەی هەڵسەکەوت لەگەڵ دەرهاتەکاندا نەکرێ بێ ئەوەی هۆیەکان سەرنج ڕابکێشن. ڕووکاری کینگ پارێزگارییە نەک تەنیا کاردانەوە بەرامبەر ڕووداوەکان.

چەشنی ئەو گۆڕینە کۆمەڵایەتییەی کینگ بانگهێشتی بۆ کرد دانانی

"ئەوەی سەرەوە لە خوارەوە و ئەوەی خوارەوە لەسەرەوە" بەخۆوە دەگرێ، لە چوارچێوەی ئەم گێژاوە ناتوندوتیژییەدا ئەوەی سەرەوە و ئەوەی خوارەوە بەیەک دەگەن چونکە بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان لە نێودایە، بەپێی دەربڕینی "ئێلڤین". لەو بیروێنەیەی کینگ داینـاوە بەرزەکە دەسەلاتی بە دەستەوەیە نەک خاوێنی، لەکاتێکدا بنکە "جەماوەر" وزەی بەدەستەوەیە و دووریش نییە ڕوانگە ڕەوشتبەرزییەکەش، بەلام دەسەلات لە دەستیدا نییە و ناشتوانێ بگاتە سەرەوە. بە شێوەیەکی گشتیش، بەهۆی ئەم کەموکوڕییە لە دەسەلات، جەماوەر ناتوانێ بە ئاسانی گۆڕینێکی بەرچاو ئەنجام بدا، ئەوانەش کە دەست بە جڵەوی دەسەلاتەوە دەگرن بەردەوام هەوڵ دەدەن ڕێی ئەوەی لێ بگرن. ئەمە دەگەیەنێتە ئەنجامی بالادەستیی هەست بە کەمتەرخەمی لەلای جەماوەر، ئەوەش بەهۆی لە گۆڕێدا نەبوونی گۆڕینی بەرچاو.

دوای ڕەت بوونی ٢٧ سال بەسەر بەرپابوونی توندوتیژی لە واتس-ی گەڕەکی ڕەشەکان لە لۆس ئەنجیلس و دوای ڕەتبوونی ٢٥ سال بەسەر ئەو ئاژاوە خوێناوییەی دیترۆیت و نیوئارک و دەیان شاری دیکە و دوای ڕەتبوونی ٢٤ سال بەسەر ڕاپەڕینی تووڕەیی لە شیکاگۆ دوای کوژرانی مارتن لۆتەر کینگ، ویلایەتە یەکگرتووەکان ماوەیەکی نوێی لە توندوتیژیدا ژیا، لە ٢٩ی نیسانەوە تا ٢ی ئایاری ,١٩٩٢ نائارامییەکان لە لۆس ئەنجیلس دەستی پێ کرد دوای بڕیاری بێتاوانیی چوار پۆلیس لە سپییەکان کە بە دۆنکی ساڵێک لەوەوبەر بەربووبوونە سەر لاوێکی ڕەش و ئەو ڕووداوانە پەنجا کوژراو و هەزاران برینداریان لێ کەوتەوە.

بۆ زانینی وردەکاری دەگەڕێینەوە بۆ سێی ئاداری ساڵی ١٩٩١. کە دەورییەیەکی پۆلیس ڕۆدنی کینگ-ی ڕەشی ٢٧ ساڵەیان ڕاگرت، بەهۆی بەزاندنەوەی تیژڕەویی دەستنیشان کراوەوە، کینگ شێوەی هەڵسوکەوتەکانی پۆلیسەکانی لە ڕووداوێکی پێشترەوە دەزانی. بۆیە ئەوەی

ڕەت کـردەوە لەســەر زەویدا ڕابکشـێ وەک داوای لێ کـرا، "ڕەقـیب"ەکـە فـەرمـانـی دا دوو تەزووە کـارەبا بۆ تـەمـێکردنـی لاوە کەللـەڕەقـەکـە لێ بدەن. بەڵام دوای ئەوەی ئەو هەڵسوکەوتە سەری نـەگرت، سێ پۆلیس ٥٦ دۆنکییان لە ٨١ خـولەکـدا لێ دا. وەک لە ڕاپـۆرتی پزیشکیدا هـاتبـوو لاوەکـە تووشی حەوت شکـان و چەندان سووتان و ڕووشـانی جودا جودا هـاتبوو، پۆلیسیش وەک ئاسـایی بێ بەلایانەوە، ئەوەی ڕووی دابوو هیچ پێویسـتی بـە نیگەرانی نەبوو: کـە ڕیژیم لەم بـارەیەوە چەسـپـاو و یەکـانگیـرە. بەڵام لەم ڕۆژەدا ٣ی ئاداری ١٩٩١ کـەسـێک بـەچاوی خـۆی ڕووداوەکـەی بینی بوو و بـە ڕێکەوت وێنەی ڕووداوەکـەی گـرتبـوو. شـایـەتەکـە کـانزادارێژێک بوو لـە (هۆڵی ود)، کـامێـرایەکی ڤیدیۆی تـازە کڕیوە و تاقیی کـردووەتەوە، فیلمـەکـەی لەسـەر شـاشـەی تەلەڤـیـزیۆندا پیـشـان داوە و خـەڵکەکـە دڕندەیی پـۆلیـسی لۆس ئەنجـیلسی بە سـەرکـردایەتیی داریل گـێـتس دەبینێ کــە بە شـێـوە سـەرکوتکارانەکەیەوە زانراوە. بارەکـانی توندوتیـژییە بەبـێ هۆیەکان گەلێک جـار دووبارە دەبوونەوەلەم شـارەدا. سـاڵی ١٩٩٠ ئەنجـوومـەنی شـارەوانی ناچار بـوو بڕێکی ڕێژەیی ببـژێرێ گـەیشـتـە دە ملیـۆن و سێ سـەت هەزار دۆلار وەک بۆ بژاردنەوەی قـوربانییـانی توندوتیژیی پۆلیس. داریل گەیتس لە ١٩٧٨ەوە لە لـۆس ئەنجـیلس دەست بەسـەر بنکەی پۆلیـسـدا دەگـرێ و بە ڕێگەی ٨٤٠٠ کـەس لە دڵسـۆزانی توانیی چەند گـەڕەکـێک بکاتە نـاوچەی گـەمـاروودراو. لۆس ئەنجـیلس پلـەی دووەمی دوای دیتـرۆیت-ی لە بـەرزیی ڕێژەی تونـدوتیـژیی پۆلیـسی تێـدایە. هەمـوو سـاڵێکیش سـەتان سکاڵا لەم چوارچێوەیەدا دەدرا.

دۆزی ڕۆدنـی کــینگ هـەســتی ڕای گــشــتــیی وورووژاند لە ویلایەتە یەکگرتووەکـاندا و دوو مــانـگ دوای تۆمـار کـردنی داواکـاری بۆ بـەردەمی دەسەڵاتی دادوەری، ٥٤ کەس شایەتییان دا، لیژنەی سوێندان کە لە دوانزە ئەندام پێک هـاتبـوو هـەمـوویان لە سپییـەکان بوون، بڕیار (حوکم)ی خـۆی لە

سەعات سێی پاش نیوەڕۆی ٢٩ی نیسانی ١٩٩٢دا دەرکرد بەوەی کە ئەو چوار پۆلیسە تاوانبار نین... حوکمەکە هەرایەکی گەورەی نایەوە و بڕیار درا لە دۆزەکە بکۆڵرێتەوە.

بەڵام ڕۆژی ٢٩ی نیسان لە سەعات نۆی ئێوارەدا لۆس ئەنجیلس دەسووتا.

**

دووربینیی کینگ لە وێنەکێشانی ئەو چوارچێوە کردەنییانە بوو ئەوانەی ژێرەوە نەکەونە سەر ڕێی داخراوی گوێنەدان. لە وانەیە سیاسەتی ناتوندوتیژی ئاسۆیەک بۆ لەیەکگەیشتن بکاتەوە کە گردبوونەوە "تێ زان" لە خوارەوە بوارێک دەرەخسێنێ بەرز و نزمی تێدا کۆ دەبنەوە و بەیەک دەگەن و هۆیەک بۆ وتووێژ دەبیننەوە بۆ هێنانەدیی گۆڕانێک، لێرەدا بۆ نموونە باس لەو هەڵمەتە دەکەین کە کینگ لە سەلما سەرکردایەتیی کرد، کە خۆپیشاندەران لە پێناوی مافە مەدەنییەکاندا بە ئەنقەست بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ ڕێگەکانیان بڕی بۆ پێکهێنانی فشارێک بۆ سەر حکوومەت. لە پێناوی سەرلەنوێ کردنەوەی ڕێگەکان بەرپرسەکان لە سەرەوە ناچاری وتووێژکردن بوون.

ناتوندوتیژی، هەروەک "کاپتن ئێلڤین" بە وانە دەیڵێتەوە، تاک بەخۆی بەمەبەست دەکا و بە تایبەتی توانستی خۆیی بۆ خۆڕاگرتن. بەلای ئەوەوە بۆ نموونە ئەو ناتوانێ بەردەوام کینەی لە سپییەکان ببێتەوە. ناتوندوتیژی یارمەتیی ئەوەی دا لایەنە باشەکانی لەلای ئەوانی دیکە ببینێ. کینگ دەڵێ: "کینە تەنیا ئەو کەسە تێکوپێک ناشکێنی کە ڕقت لێی دەبێتەوە و بەس، بەڵکو تۆش تێکوپێک دەدا". ناتوندوتیژی جەخت لەسەر پێویستیی یەکدی دواندن دەکا لە پێناوی چەسپاندنی لێکگەیشتنی بەرامبەر یەک، ڕەگەزپەرستییش بەڵگەی نەبوونی ئەو لەیەکگەیشتنەیە.

سەنتەری مارتن لۆتەر کینگ لە ئەتلانتا پێشنیازی مەشقێک دەکا پشت بە دەقەکانی کینگ ببەستێ، و ئەو کۆڕانەی دەبەسترێن تایبەتمەندێتیی ئامادەبوون بەبەرچاوەوە دەگرێ: لاوان، پۆلیس، چالاکان لە دژایەتیی ڕەگەزپەرستی... تاد.

کینگ بنەماکانی لە نووسینێکیدا بەناونیشانی: "لەسەر ڕێگەی ناتوندوتیژی Pelerinage vers la nonviolence"دا دەستنیشان کردووە لە کتێبی Marche vers la Liberte لە بڵاوکراوەکانی Harper et Row 1958.

سەنتەریش لە پێناوی گۆڕینی کۆمەڵایەتیی ناتوندوتیژدا، پێشنیازی بیرۆکەیەک دەکا لە شەش خاڵ پێک هاتووە:

– کۆکردنەوەی زانیاری: لە پێناوی تێگەیین لە دۆزی کۆمەڵ، یان گرفتی یان ئەو ستەمەی بەرەوڕووی دەبێتەوە، پێویستە بەدوای هەموو زانیارییە بەسوودەکاندا بگەڕێیت و بیانخوێنییەوە.

– فێرکردن "پەروەردە": پێویستە زانیاری لەبارەی دۆزەکەوە بڵاو بکرێتەوە، چونکە ئەمە لە هەڵەکان کەم دەکاتەوە و پشتگیری و هاوسۆزیی لەگەڵدا دابین دەکا. ئامانجی ئەم قۆناخە بنیاتنانی هاوپەیمانیی کۆمەڵان، یان تاکەکانە لەگەڵ لایەکەی دیکە بۆ جەخت لەسەر بەردەوامیی یەکدیبینی "التواصل".

– پابەندیی کەسی: گریمانەی ئەوە دەکرێ بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بوەستی و جەخت لەسەر بڕوای خۆت بە فەلسەفە و هۆیەکانی ناتوندوتیژی بکەی. خۆت لە پاڵنەرە نادیارەکان ڕزگار بکە و خۆت ئامادە بکە ئەگەر پێویست بوو لەوانەیە، لە ماوەی جموجووڵی لەپێناوی دادوەریتدا بەرەوڕووی ناخۆشی چەشتن ببی.

وتووێژ: خۆت بە نەرمی و ڕووخۆشی و زیرەکی پرچەک بکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی لایەنەکەی کە، بە لیستە کارێکی ناڕەوا و نەخشەی

کارێک پێشنیاز بکە لە پێناوی ئەوەی لەگەڵیدا بگەیتە چارەسەری گونجاو. مەبەست لە وتووێژی ناتوندوتیژی سەر پێ دانەواندن نییە، بەڵکو بانگهێشتی بەرامبەرە بۆ گەڕان بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک. وتووێژ بە ئەزموونێکی مەشقکاری دادەنرێ لەوانەیە یارمەتیی بەیەکگەیشتنی بیری ڕاستگۆیانە بدا.

کاری ڕاستەوخۆ: بۆیە پەنای بۆ دەبەی تا بەشێوەیەکی گوزارەیی بێنیتە ناوەوە بۆ ئەوەی لەگەڵتدا هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی ستەم بدا و کاری ڕاستەوخۆ پێویست بە کاراکردنی داهێنەرانە دەکا لە دەمەدەمی کێشەدا. پتر لە ٢٥٠ ڕەوتی جوداجودا لە کارەیلی ڕاستەوخۆ هەن، لەوانە پێوەندی بڕینەوە و کۆڕەو و مانگرتنی کرێچییان و سستی لە کاردا و هەڵمەتی سکاڵا واژۆکردن و یاخیبوونی مەدەنییانە.. تاد.

ئاشتەوایی: ناتوندوتیژی نابێ هەوڵی گریمانەی بەزاندنەوەی بەرامبەری تێدا هەبێ، بەڵکو هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە هاوسۆزی و لێ گەیشتن. چونکە جموجووڵ دەبێ ڕوو بەرەو بەدکارییەکان بێ "ڕیژیم، دەسەڵات، ڕەوتی سیاسی، نەخشەی کێشراو.." نەک بەرەو ڕووی کەسەکان. بەم جۆرە هەردوو لا لە ڕێی یەکلایی کردنەوەیەکی لێکۆڵراوەوە دەگەنە ئەوەی ستەم لابدرێ بە پشتبەستن بە نەخشەی کارێکی هاوبەشەوە. هەر ئاشتەواییەک لە جیاتیی قۆناخێکە بە ئەنجام دەگەیەنرێ لە پێناوی گەیشتن بە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی. تەنیا تاکەکان جێی مەبەست نین، بەڵکو کۆمەڵە هەمووی دەتوانێ ئەم هەڵسوکەوتە لە ئەستۆ بگرێ. جێبەجێکردنی شێوەکانی چالاکان لە بزاوی مافە مەدەنییەکان لە چوارچێوەی کاری پۆلیس بەلای کاپتن ئێلڤین-ەوە وەک ئاسایی دەنوێنێ، کە لە جیاتیی بەتوندی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەنجامەکاندا، پشت بە لێکۆڵینەوە لە هۆگەلی گرفتەکان.

بەرلەوەی ببێتە سەرکردەی تیپی "پۆلیسی ڕەوشت و هۆشبەرەکان"،

بەرپرسی ناوچەی شەشەم بووە لە باکوری شاردا، وەهای باس کردووە کە دەکەوێتە ناوەندێک هۆشبەرەکانی بەسەردا زاڵن. لە ماوەی کارەکەیدا لەوێ درکی بەوە کرد هۆشبەرەکان و تاوانەکان دیاردەی گرفتی لەوە قووڵترن، تاوانبارکردنی تاکەکانیش نامانگەیەنێتە چارەسەرێک.

دوای ئەوەی، هاووڵاتییەک لە کاتی تەقەی بەرامبەر یەک لە پرۆسەیەکی هۆشبەردا بە گولله کوژرا "ئێلڤین" دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی شێوەگەلی دکتۆر کینگ، چەند دیمانەیەکی لە گەڕەکدا ئەنجام دا بۆ ئەوەی خەڵکی هان بدا بیر لەو ڕەوشتە بکەنەوە کە دوای ئەو تاوانە دەبێ بیگرنەبەر، باوەڕیشی پتر بووەوە کە هۆشبەرەکان بەڵگەی بارودۆخێکی ڕەگداکوتاوترە.

وەک کینگ دەڵێ، ئەگەر توندوتیژی وەڵامێک بێ، ئەوا کۆمەڵەکە ئەوسا پێویستی بەوەیە بەدوای پاڵنەرە متەکاندا بگەڕێ. دیار بوو کە کەرتی پارکی وڵنات لە ناوچەی شەشەمدا گیرۆدەی چەندان گرفتە: بێکاری، نەچوونە قوتابخانەی منداڵان، تاوانکارییەکان و دەستگیرکردن و... زۆربەی خێزانەکان بەدەست ئەوەوە گیرۆدەن کە ئەو منداڵانەی لەسەر ئەوە ڕادێن کە باوکیان لە بەندیخانەدایە وا دەزانن خۆشیان دەتوانن هەر ئەو ڕێگەیە بگرنە بەر. لەم جۆرە بارودۆخانەدا خەڵکەکە دەگەنە ئەو ڕادەیەی کردەوەی تاوانکاری بە کارێکی ئاسایی بزانن.

بە یارمەتیی "ئێلڤین" سەرکردەکانی پارکی وڵنات دەستیان بە جێبەجێ کردنی ئەو "بەرنامەی خزمایەتی- نێزیکایەتی"یەی نەخشەکێشانی نموونەیەکی ئەرێنی لەبارەی پیاوێکەوە لە زەینی ئەو منداڵانە کرد، کە تەمەنیان لە نێوانی ١٠ و ١٤ساڵیدا بوو، بەلای زۆرییەوە، تەنیا زانینی نموونەی پیاوی زیندانی کراو نەبێ هی دییان بۆ نەڕەخسا، مەبەست ئەوە نەبوو ڕێنیشاندەران "عەررابەکان" جێی قەشەکان بگرنەوە، بەڵام تەنیا

بوونی کەسێکی کە لە ژیانی منداڵاندا بایەخی هەیە.

لە چوارچێوەی ئەم بەرنامەیەدا هەموو ڕۆژێکی شەممە پێشوازی لە ٣٨ منداڵ دەکرێ، یەکدی بینین لە شوێنێکی دیاریکراودا دووبارە دەبێتەوە دەشێ کتێبخانە بێ. بەشداریش تێیدا مەرجگەلێکی هەیە. دەبێ بەرێکوپێکی هاتوچووی کەنیسە بکا، بە چاوپۆشی لە ڕێبازی ئاینی، تا-وەک ئێلڤین دەڵێ "هاوڕێیەکی بوون"یان ببێ دەتوانن لە کاتی لە وەلامەیل گەڕانیاندا پشتی پێ ببەستن. بەرنامەکەش پەرە بە هەستی منداڵان دەدا بە ڕێکخستنی "گەشتەکانی ئازادی"، بۆ ئەوەی وانەیەک بە مێژووی ژیانیان بدا. لەم چوارچێوەیەدا سەر لە ناشڤیل و جاکسن ڤیل و ئێلما دەدەن و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە سەنتەری م. ل. کینگ بەشداری لە کۆڕێکدا دەکەن بۆ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە "کە ئەم شوێنە جێ دەهێڵین بۆ کوێ دەچین؟"

لە سەنتەری کینگدا فێر دەبن کە هەرگیز ناتوانن بە پەنابردنە بەر توندوتیژی بەسەر ڕیژیمدا سەرکەون، بەڵکودەبێ بزانن چۆن لەگەڵیدا گفتوگۆ دەکەن.

لەو لاوە بەراییانەی ئێلڤین لە ئەتلانتا پێشوازیی لێ کردن، لاوێک بوو لە کردەوەی تەقەکردندا تووش بووبوو لە نێو تاکەکانی تاقمیک "عیسابە"دا و خرابووە بەر دەستی ئێلڤین. لاوەکە دواتر گوتی ئەو لاوانەی لە بەندیخانەدا مانەوە هەوڵیان دا هانی بدەن بۆ ئەوەی لە بنکەی پۆلیسەکەوە هەڵبێ، بەڵام ئەوەی نەکرد. کە ئێلڤین لێی پرسی "بۆچی هەڵنەهاتی؟" لاوەکە وەلامی دایەوە "چونکە تۆ دڵنیاییت دامێ". دواتر لاوەکە توانیی لە قوتابخانەیەکی دەوروبەری شاردا درێژە بە خوێندنەکەی بدا. توانیی ئەو بنەمایانەی ناتوندوتیژییە تێ بگا کە بەرنامەی چاکسازییەکە بەخۆیەوەی گرتبوون و ئەمڕۆکە ئەوانە بە وانە دەڵێتەوە کە فێریان بووە.

ئەگەر ناتوندوتیژی هۆیەکی زانراو بێ لەلای چالاکانی لە پێناو ئاشتیدا،

ئەمە بەسەر دەزگەکانی پۆلیسدا ناسەپێ. کەچی ڕووکاری ئەو دەزگەیانە ئەوەندەی نەبرد ڕووی کردە ئەوەی لە پێش هەموو شتێکەوە بایەخ بە هۆیەکان نەک بە ئەنجامەکان بدەن.

ئەم گۆڕانە لە هەست بە ناڕەزایی لە بە بەرچاوەوە گرتنی ئەو ئامارانەی "ستاتیک" تاوانەوە دەستی پێ کرد بۆ پێوانی کاریگەریی پۆلیس کراوە، لە بری بەدوای هۆگەلێکی دینامیتر گەڕان، بۆ نموونە وەک دەستپێشخەری بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان لە ڕێی وتووێژەوە، کە لە پاڵنەرە بنچینەییەکانی تاوان دادەنرێ. گومانیشی تێدا نییە ئەوەش هەیە کە دەتوانین بە "هاوکاتیی دیاردەکانی داریل گەیتس"، کاتێک ڕق گەڕەکێک لە شاردا بەتەواوی ئیفلیج دەکا و وریایی بەرامبەر یەک بالادەست دەبێ لە نێوانی پۆلیس و خەڵکدا.

پۆلیس دەتوانن ئاسایش بپارێزن (لەڕێی دابەشکردنی شارەوە بۆ چەند یەکەیەک هەر یەکەیان دەخرێتە ژێر چاودێریی پۆلیسێکەوە هەر وەک زۆربەی دەورییەکانی پیادەکان دەیکەن) بێ ئاماژە بۆ ناتوندوتیژی و بێ درککردنی بایەخی گوێ لە کۆمەڵ گرتن بۆ دۆزینی چارەسەر بۆ گرفتەکان بەر لەوەی پەرە بستێنێ و ببێتە گرفت بۆ جێبەجێکردنی قانوون، بەڵام ئەوەی بەلامانەوە بایەخدارە لەم بوارەدا بڵێین، کە بۆچوونە هەرە زۆر بلاوەکە ئەوەیە بە سووربوونەوە بە چەسپاندنی قانوون نەوەستێ و بۆ درک بە بێسوودیی پاراستنی ئاسایش بە شێوازێکی داپڵۆسێنی کوێرانە بکا.

کاپتن ئێلڤین جەخت لەسەر بایەخی ئەو پشتگیرییە دەکا کە کۆمەڵەکە وەری دەگرێ بۆ ئەوەی بگاتە چارەسەری گرفتەکانی. هەروەها بڕوای بەوە هەیە کە کۆمەڵ بەخۆی دەست بە چارەسەری خۆیەوە دەگرێ دەسەڵاتەکەی دەگەڕێنێتەوە، کاتێک کۆمەڵ درک بەوە دەکا کە دەتوانێ هەندێک بارودۆخی دەستنیشانکراوی وەک هۆشبەرەکان یان هەژاری یان چەوساندنەوە بگۆڕێ و کاتێک تاکەکان ئەم بەرپرسێتییە لە ئەستۆ دەگرێ، ئەوساکە بەرگەی

باری ژیانیـان دەگـرن و بەوەش هەر جـێـبـەجـێکارییـەکی تێکدەرانە دوور دەخرێتەوە.

بەڵام بۆ ئەو لاوانەی دەخرێنە پەراوێزەوە، پێویستـیان بە بەدەسـتـهێنانی چەمکەیلی ڕەوشـتـانـە گەورەکان لە کـۆمـەڵدا تـێـیدا ژیاون. گـرفـتی ئەمـانە ئێڵڤـین هەوڵی دا لە ناو چوارچێوەی "بەرنامەی خزمـایەتی" چارەیان بکا. کە ئامـادەی کردووە و ئەفسـەرگەلێک لە پۆلیس و پێگەیشـتوانێک لە پیشـەکانی دیکە.

مارگریت ب. فیلیپس

*



"سەنتەری مارتن لۆتەر کینگ کە کار لە پێناوی گۆڕینێکی ناتوندوتیژی دەکا- ئەتلانتا جۆرجیا"

بەشی پێنجەم

## چالاکوانان و شایەدحاڵەکان

### کاری ناتوندوتیژی ڕاستەوخۆ

## چواردەی شوباتی ١٩٥٦

گلین سمایڵی

لە چواردەی شوباتی ١٩٥٦دا، بۆ یەکەم جار لە مۆنتیگەمری، ئەلاباما، چاوم بە مارتن لۆتەر کینگ کەوت و دوو سەعات لەگەڵیدا بووم. بەر لەوە بە ماوەیەکی کورت، ڕۆزا پارکس لە مۆنتیگەمری نارەزاییی خۆی بەرامبەر جیاوازیکردن لە ئۆتۆبیسدا ڕاگەیاندبوو، دوای دەستگیرکردنی بە پێبژاردنی سزایەکی بە دراو حوکم درا. دابڕان و بەکارنەهێنانی ئۆتۆبیس مانگێک بوو بەردەوام بوو...

### گلین سمایڵی



*ساڵی ١٩١٠ لەدایک بووە، قەشەیەک بووە لە کەنیسەی میتۆدی-دا، هەروەها لە ساڵی ١٩٤٢وە تا ساڵی ١٩٦٧، ئەندامێکی تەرخان بووە لە لقی ئەمەریکاییی "بزاوی جیهانی لە پێناوی ئاشتەواییدا MIR Mouvement international de reconciliation، شانزە ساڵی لە بەندیخانەدا بەسەر بردووە، هەروەها چوونە سەربازیی تەوزیمیی ڕەت کردووەتەوە. لە مۆنتیگەمری بەشداریی دابڕان لە ئۆتۆبیسەکان-دا کردووە تا بەدەستهێنانی سەرکەوتن. لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٦دا لە ئۆتۆبیسدا بەتەک کینگدا دانیشت کە لە پێشەنگەکانی ئەو سواربووانەدا بوون کە سوودیان لە نەهێشتنی جیاوازیی*

*ڕەگەز لە ئۆتۆبیسەکاندا بینی.*

*دوای ساڵی ١٩٦٧ چالاکیی خۆی گواستەوە ئەمەریکای باشوور و فیلیپپین بۆ ئەوەی خولی ئامادەکردن لەبارەی هۆیەکانی ناتوندوتیژییەوە ڕێک بخات لە خزمەتکردنی دادوەریی کۆمەڵایەتیدا. دوای ئەوە بەهۆکەلێکی تەندروستییەوە لەکار وەستا. کە چاک بووەوە بنکەی مارتن لۆتەر کینگ-ی لە لۆس ئەنجیلس لە کالیفۆرنیا دامەزراند و بەڕێوەبردنی ئەم بنکەیەی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٩١ گلین سمایلی ئەو پاداشتی مارتن لۆتەر کینگەی بەدەست هێنا کە لەلایەن MIRی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بەو کەسانە دەبەخشرا لە بواری ئەو ڕەوتەدا تێ دەکۆشان کینگ دایمەزراندبوو.*

*

بەر لەو چاوپێکەوتنە بەچەند ڕۆژێک، ئێوارەی ٣٠ی کانوونی دووەم ماڵی کینگ لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێک لەرزی، قەشە ناچار بوو کە ڕۆڵەیەکی بیست و شەش ساڵە بوو، بڵاوە بەو کۆمەڵە توورەیە بکا کە لەدەوروبەریدا کۆ بووبوونەوە، دوور نییە بەوە بەشداریی لە ڕزگارکردنی ژیانی کۆمەڵێک لە فەرمانبەران کردبێ کە بۆ ئەوێ بانگ کرابوون. دواتر هۆیەکانی ڕاگەیاندنی نیشتیمانی دوای ڕووداوەکە ناسیارییان لەگەڵ ئەو سەرکردە لاو و ئازایەدا پەیدا کرد کە لەماوەیەکی کورتی سەرنجڕاکێشدا ناوبانگی بڵاو بووەوە.

ڕاستەوخۆ درکم بەوە کرد کارەکە پێوەندیی بەو ئازایەتییە سەرەڕۆیەوە نییە کە بێ ئەوەی بیر لە ئەنجامەکان بکاتەوە بەرەنگاری مەترسییەکان دەبێتەوە. بۆیە یەک لەو یەکەمین پرسیارانەی ئاراستەیم کردن ئەوە بوو: "د. کینگ، تۆ دڵنیا نەبووی لەوەی دەیانەوێ بتکوژن؟" بە سادەیی وەڵامی دامەوە: "پێشتر وەڵامی کۆریتا ولّی!!-مان لەبارەی ئەم پرسیارەوە داوەتەوە بەدرێژاییی شەوانێکی درێژی تاریک کە تامی نووستنمان تێیاندا نەچەشتووە".

سەرەڕای ئەوەی پێشەوای بزاوی مافە مەدەنییەکان پێمی گوت: "من لە مرۆڤان یان لە شەیتان ناترسم" (ڕووداوەکانی دواتریش جەخت لەسەر ئەو باوەڕە دەکەن)، بەڵام من لەو بڕوایەدام کینگ بەلای زۆرییەوە هەستی بە ترس کردووە. دەیزانی هۆگەلێکی زۆری هەیە وای لێ بکا بترسێ. بەڵام من هەرگیز نەمدیوە- تەنیا بە هۆی ترسەوە- واز لە کارێک بهێنێ بڕوای بەوە هێنابێ کە ڕاستە.

لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٥دا و یەکسەر دوای دەستگیرکردنی ڕۆزا پارکس "گرێدراو- ڕابیتە-ی پێشکەوتنی مۆنتیگەمری" پێک هێنرا و مارتن لۆتەر کینگ بە سەرۆک هەڵبژێررا، کە مارتن ئەوساکە قەشەی کەنیسەی مەعمەدانی بوو لە دیکستر ئەڤنیو-دا. کینگ بیری لەم پۆستە نەدەکردەوە و لە پەسندکردنیشیدا دوودڵ دیار بوو.

ئـ. د. نیکسن، نوێنەری گەرموگوڕ و بە ئەزموونی سەندیکای کۆڵهەڵگرانی کابینەکانی نووستن لەناو قیتارەکاندا، ڕووداوەکەی گێڕایەوە و گوتی: کە لەگەڵ پێشەوا ڕەشەکانی دیکەدا درکیان بەوە کرد کە هەڵبژاردنی سەرۆکی گرێدراو بایەخێکی زۆری لە بڕیاری چارەنووسی بزاوەکەدا هەیە و دەستنیشانکردنی پیاوێکی ئاینی بۆی ڕەنگدانەوەیەکی بەسوودی بەسەر کاری هەستەوەر و مەترسیدارەوە هەیە کە چاوەڕوانیەتی، هەمووان دەستیان بە خوێندنەوەی ڕێتێچوونەکان کرد و ناوی قەشەکانیان لە کەنیسە ناوخۆییەکانی زنجییاندا بەبەرچاوەوە گرت. نیکسن هەروەها درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ ئەوان پیرەمێردانیان بە کۆیلە کرد چونکە ماوەیەکی درێژ بەسەر لە مۆنتیگەمری بوونیاندا تێپەڕیوە، دووریش نییە پێوەندییان لەگەڵ ڕێژیمی دەسەڵاتی سپییاندا وای لێیان کردبێ پتر لە پێویست وریا بن. هەروەها کەسانی دیکەیان بە کۆیلە کردووە پارێزگارییان لێ دەکەن لە پۆستەکانیاندا چونکە ناتوانن "زنجییان گوێڕایەڵ" بکەن. نیکسن پێشنیازی کرد قەشەیەک هەڵبژێررێ لەوانەی بەناوبانگ نین و لەوانەی گەندەڵ نەکراون

و لاویش بێ. لە دوا یەکدیبینیندا بۆ دامەزراندنی "گرێدراوی پێشکەوتنی مۆنتیگەمری"، نیکسن لەبارەی هەڵبژاردنی سەرۆکەوە ڕای خۆی دەربڕی و گوتی: "بێگومان وا باشترە ئەرکەکە بدرێتە مژدەبەر "موبەششیر"ێک بۆ سەرۆکایەتیی بزاو، بەڵام هیچ یەکێک لە قەشەکان لە مۆنتیگەمری بەداخەوە ئەو ئازایەتییەی تێدا نییە". دوای ئەم لێدوانە کوتوپڕە ئەو قەشانەی ئامادەبوون چرپەچرپی زۆر کورتیان ئاڵوگۆڕکرد و بێدەنگییەک هاتە کایەوە، هێندەی نەبرد کینگ بە ناڕەزاییەکی هێدی بێدەنگییەکەی شکاند: "لەو بڕوایەدا نیم ئەو ڕەخنەیەی ئاراستەی قەشەکان کرا بنەمایەکی کردەنیی هەیە. حەز دەکەم ئاوات بخوازم لە جیاتیی ئەو من ئەوەندە ئازایەتیم هەبووایە وەک ئەوانی دیکە". نیکسون هاتە قسە و گوتی: "دەبێ کینگ-ی برا بە سەرۆکی گرێدراو هەڵبژێررێ". هەمووان پێشنیازەکەیان پەسند کرد و ئیدی کینگ لە توانستیدا نەبوو دوای ئەو قسانەی کردی پۆستەکە ڕەت بکاتەوە. لەبەر ڕۆشناییی ئەو ڕووداوانەی بەدوای یەکدا هاتن کەس گومانی لەوە نەبوو کە کینگ توانستە پێویستەکانی تێدایە، بەڵام نیگەرانیی قووڵ کە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا بوو، ئەو وێنەی تۆقێنەرەی ئەو بەهایە ڕەنگ دەداتەوە کە دواتر دەیدا.

ڕۆبەرت کانوون، کە لە کاتی خۆیدا ئەمینداری ڕازی "بزاوی ناودەوڵەتیی ئاشتەوایی" بوو، پاش ماوەیەک ڕووداوێکی گێڕایەوە کە لە مۆنتیگەمریدا دیبووی. کینگ بانگهێشتێکی بۆ هاتبوو بۆ پێشکێشکردنی سیمینارێک لە زانکۆی فیسک لە ناشڤیل، ڕووی کردە ئیستگەی قیتار بۆ کڕینی بلیت. نەیدەزانی هۆڵێکی بچووکی چاوەڕوانی هەیە تایبەتە بە "ڕەنگدارەکان"، یەکسەر لە ناو هۆڵە گەورەکەوە ڕووی کردە پەنجەرەی سەرەکیی بلیت. دەمەو ئێوارە کە گەڕایەوە سواری قیتار بێ پۆلیسێکی بینی لای دەرگەی هۆڵی چاوەڕوانیی تایبەت بە "سپییەکان"دا چاوەڕێی دەکرد. پۆلیسەکە گوتی: "کینگ، ڕوو بکەرە ئەو دەرگەیەی تایبەتە بە زنجییەکان". کینگ بە

هێمنی وەڵامی دایەوە: "دیارە تۆ ناوم دەزانی! بلیتێکم پێیە بۆ ناشڤیل دەچم قسە بۆ قوتابییانی زانکۆی فیسک دەکەم. قیتار پاش کەمێک دەردەچێ و نامەوێ ئەم قوتابییانە نائومێد بکەم. هیوادارم ڕێم بدەی ڕەت بم". پۆلیسەکە بە هەندێک تێبینیی ناپەسند توانجی تێ گرت، کینگ سەیری کاتژمێرەکەی کرد و بە نەرمونیانییەک کە لە تووڕەیی دوور نەبوو پیاوەی بیر خستەوە کە قیتاری لەدەست دەچێ و مافی خۆیەتی بەپێی دەستوور و ئاینی دیان سوود لە ئاسانکارییەکان وەربگرێ کە هێڵی ئاسنین پێشکێشی دەکا. پۆلیسەکە شڵەژا و دواتر گوتی: "باشە کینگ، ڕێت دەدەمێ ئێستاکە ڕەت بی، بەڵام ئەگەر وێرات دووبارە بەم دەرگەیەدا ڕەت بی، بەخۆم- نەک وەک پۆلیس بەڵکو وەک مرۆ- دەتکوژم". کینگ جانتاکەی هەڵگرت و گوتی: "گەورەم، جێی داخە تۆ کارەکە بەم شێوەیە وەردەگری، منیش ڕقم لێت نابێتەوە بەڵام هەر جارە و بە قیتار لە مۆنتیگەمرییەوە دەردەچم خۆم بە ناچار دەبینم لەم دەرگەیەوە بچمە ژوورەوە و ڕوو بکەمە ئەم هۆڵی چاوەڕوانییە". کینگ پێی ڕاگەیاندم لە ڕاگوزارییەکانی لەمە بەدواوەیدا دووبارە ئەو پیاوەی نەدیتووەتەوە.

لەگەڵ بەناوبانگ بوونی کینگدا سپییەکان و ڕەشەکان ویستیان ئەو شەپۆلەی نوێنەرایەتیی دەکات و ڕادەی کاریگەریی بناسن. لە دیترویت جارێکیان گوێم لە کینگ بوو لە وتارێکیدا دەیگوت: "لە نێو هەموو ئەو ڕێکخراوانەی بۆ یارمەتیدانمان هاتبوونە مۆنتیگەمری، " بزاوی ناودەوڵەتی بۆ ئاشتەوایی" تاکە ڕێکخراوێک بوو سوودی پێ گەیاندین و بەرنامەیەکی ئامادەی بۆ نەهێنابووین کە دەبوو پابەندی بین". ڕۆژێکیان مامۆستایەکی نیازخاوێنی زانکۆیەکی گەورە لە ویلایەتی نیوئینگلاند پێی گوتم: "ڕووم کردە مۆنتیگەمری و کینگم بۆ نیو سەعاتێک بینی، پێم گوت چۆن دەبێ هەڵسوکەوت لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکا تا کاروبار بەپێی پێویست بەڕێوە بچن". دیارە کینگ زەردەیەکی کرد و لە جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەدا کە

پێشتر ئامادەی کردبوو بەردەوام بوو.

هەندێک چالاکی بەتەمەن گچکەتری ناو بزاوەکە نەخشەی کارێکیان دانا، بێگومان بەرەو بەندیخانەی دەبردن و لە دواساتدا سوور بوون لەسەر پێویستیی بەشداریکردنی کینگ بۆ ئەوەی بایەخ پێدانی هۆیەکانی ڕاگەیاندن پتر بێ دوای بەندبوونی. ئەم لاوە خۆبەخشانە کە کینگ و بزاوەکە زۆر پشتیان پێ بەستوون، بۆ کینگ بوونە مایەی نیگەرانییەکی زۆر. لە لێدوانەکانیاندا گەلێک جار ئاماژەیان بۆی دەکرد کە پارێزگارە و بەئاگا و ترسنۆکە چونکە ئەوەی ڕەت کردووە ڕێیان بداتێ "بەکاری بهێنن". جارێکیان دوای لەگەڵیاندا کۆبوونەوە، گەلێکی کار لێ کردبوو گوتی: "تا ئەمڕۆ نێزیکەی سی جار بەند کراوم، دەزانم ناچارم ئەم بەهایە بدەم، بەڵام لە دەست بە ژیانمەوە گرتندا دەبێ کار بۆ پاراستنی مافی خۆم بکەم. دەمەوێ ئازاد بم لە هەڵبژاردنی ئەو کاتانەی تیایاندا لەپشت شیشەکانی بەندیخانەدا دەبم". جارێک لە جارانیش توێژینەوە تیوورییەکەی نووسی: "نامەیەک لە بەندیخانەی پێرمەنگهامەوە".

ئازایی کینگ لە سووربوونی لەسەر بنیاتنانی کارەکانی لەسەر باوەڕگەلە ئاینی و فەلسەفیی چەسپاوەوە هاتووە. چەند جارێک هەلی زۆر چاکم بۆ ڕەخساوە، چ لە هۆڵەکانی چاوەڕوانیی فڕۆکەخانەکاندا بێ یان لە کاتی ڕاگوزاریدا، بۆ ئەوەی گوێ لە قسەکانی بگرم لەبارەی ناتوندوتیژییەوە. ڕۆژێکیان لەوپەڕی نیگەرانیدا بوو کە دەستی گرتم و گوتی: "گلین، دەزانم ستراتیجییەت و باوەڕ دەشێ دوو ڕێگەی جیاوازیان بێ، بەڵام ئەوەی زۆر مەبەستم بێ جێبەجێکردنی ناتوندوتیژییە بەپێی بڕوای خۆم". ئەم ململانێ ناوەکییە تا کۆتایی لەگەڵیدا بوو، لەکاتێکیشدا کینگ لەلایەنی تاکتیکەوە دەبێتە یەکێک لە گاندیویست-ە هەرە بە توانستەکان لە سەدەی بیستەمدا، بەشێوەیەکی بنەڕەتی و سەرەکی وەک موژدەبەرێکی خرستیان مایەوە.

بەلای منەوە کۆتایی وێنەیەکی سەرەتاکە بوو. بەشداریم لە کۆڕێکدا

دەکرد لەبارەی ناتوندوتیژییەوە لە واشنتن بۆ ئامادەکاری بۆ "هەڵمەتی هەژاران"، کە وێنەگرێکی تۆڕی NBC نێزیک بووەوە دیمانەکەمانی ڕووماڵ دەکرد و پێمانی گوت: "پێم ناخۆشە ئەم هەواڵەتان پێ ڕابگەیەنم، کینگ لە مەمفیس-دا مرد".

لە کاتی ئەو بێدەنگییەی ئازاردا کە هۆڵەکەی داگرت ڕۆژی چواردەی شوباتی ١٩٥٦م هاتەوە یاد، کە ئەو لاوەی کە پێشتر ڕووبەڕووی مردن بووەوە لە گۆشەیەکی شوومی دڵیدا بەڵام بەسەریدا زاڵ بوو.

*

***مارتن لۆتەر کینگ، هونەرمەندی پێوەندی کردن***

*لە ئادارەوە تا کانوونی یەکەمی ١٩٥٦ دەشێ بڵێم زۆربەی کاتم لەگەڵ کینگ بەسەر برد، ئای کە پیاوێکی سەرسوڕمێنە! سەرەڕای کەمیی تەمەنی (بیست و شەش ساڵی تەمەن بوو) و باڵای هەندێک کورت و ئامادەیی سەرنجڕاکێش بوو. لە هەمان کاتیشدا دەنگی بڵند و نەرم بوو و دەتوانێ گوێگرانی بلەرێنێتەوە هەر وەک بایەک کە کەروێشکە بەکێڵگەی گەنم دەکا. بەلایەنی زۆریەوە ئەمەریکا لە ماوەی سەدەی بیستەمدا وتارخوێنێکی بەم توانستەی بە خۆوە نەدیوە.*

*دوکتۆر کینگ چەندان بڕوانامەی بەدەست هێناوە کە بواریان بۆ ڕەخساندووە لە زانکۆی بەناوبانگی بۆستن-دا درێژە بە خوێندنەکەی بدا، بەلای کەمییەوە ٦٥ نازناوی شانازیی لە زانکۆ هەرە بەناوبانگەکانی جیهانەوە پێ دراوە و هەروەها پاداشتی نۆبڵیشی وەرگرت. کتێبە دانراوە جوداجوداکانی لە لایە جیاجیاکانی جیهاندا پێشوازییان لێ کراوە و بۆ چەندان زمان وەرگێڕاونەتەوە.*

بەچاکی زانینی مـوژدەبەری و خـوێندنەوە لە چەندانێکی کەنیسـە ئەمـەریکاییـەکاندا کارێکی ئێجگار بەبایەخە. پەنددادانەکانی کینگ ئاستێکی بەرزیان هەبوو. ئەم قەشـە لاوە بە زمانپاراوی دەدوا چ دەقەکەی ئامادە کردبێ یان بە تۆمارکردنی تێبینیگەلێک یان تەنانەت بە لێدوانی ڕاستەوخۆ، کە تایبەتمەندییەکە کەم کەس لە تواناکان نەبێ نایدرێتێ. کە لەناو جەماوەردا دەدوا و بەزۆریش ئەوەی لێ داوا دەکرا هەندێک شتی دەخستە سەر دەقە بنچینەییەکە. کە پێویستیشی دەبوو بەدواداچوونێکی بەبایەخی ئاینی یان سیاسیی دەبوو، وتارەکەی زۆر بە وردی ئامادە دەکرد ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ داوای یارمەتی لە هاوڕێ و ڕاوێژکارانی بکا. کە بە هۆی کەمیی کاتەوە ناچاری ڕاستەوخۆ قسەکردن دەبوو، توانا کەمتر نەبوو. لە هەردوو بارەکەدا لەسەر خاڵە دیارەکاندا دەوەستا و بەشێوەیەکی بەرەبەرە کەشێکی شاعیرانە و دەمارگرژانەی دەخولقاند و گوێگری سەرسام و دەمارگرژ دەکرد. پایەیەک لە نیویۆرکەوە -بۆ یەکەم جار گوێی لە وتارەکانی بووە لە برۆکلن- بەدڵسۆزییەوە گوتی: "من شادمانم داوام لێ نەکراوە بەپێیان بگەڕێمەوە یۆنکەرز، چونکە من ئەو ماوە درێژەم لەسەر پێیانمدا دەبڕی!".

بەڵام سەرباری ڕەوانبێژیی جەماوەری بەشێوەیەکی تایبەتی بە ڕاستگۆییە هەڵایساوەکەیەوە دەجووڵاند، دەمانزانی وشەکانی بەخوێنی ڕەنگکراون، زۆرم خۆشویست و هەلێکی زۆر چاکم بۆ ڕەخسا لەماوەی ئەو ساڵانەدا یاوەریم کرد.

گلین سمایلی، ١١ی تەمووزی ١٩٩١

## واشنتن ١٩٦٣

جۆن بایز

ناوی جۆن بایزی گۆرانیبێژی ئەمەریکایی بە ڕووداوەکانی شەستەکانەوە پێوەستە، ود ستۆک و بزاوی بەرگریی جەنگ لە ڤێتنام و چالاکییە دژەکارییە دیارەکان.. کە لە هەمان کاتدا تێکۆشەرێکە لە پێناوی مافەکانی مرۆ. ساڵی ١٩٦٣ لە تەک مارتن لۆتەر کینگەوە وەستا.

ساڵی ١٩٦٣ لە واشنتن بووم کە کینگ وتارە بەناوبانگەکەی "خەونم هەیە"ی پێشکێش کرد. ئەو بۆنەیە لە بۆنە جیاوازەکان بوو کە زۆرمان لەبارەوە بیستووە. دەمەوێ بەسادەیی بڵێم پەسندکردنی گۆرانی گوتنم لەو ڕۆژەدا بەلای منەوە لەو کارە کەمانە دەمێنێتەوە کە شانازییان پێوە دەکەم. لەژێر تیشکی سووتێنەری خۆردا ٣٥٠.٠٠٠ کەس لە ڕەگەزە جیاجیاکانەوە گرد بووبوونەوە. تا لەگەڵمدا دووبارە بکەنەوە "سەردەکەوین"، منیش لە تەنیشت دوکتۆر کینگی ئازیزمەوە بووم، کە دەقی ئەو وتارەی ئامادەی کردبوو وەلا نا و لێگەڕا سرووشی خودایی پێی بڵێ، کە، چی بڵێ.. لەگەڵیدا لەناو هەست بە ئازادی کردندا ژیام و گوێم لە زەنگەکانی بوو لە دەوروبەرمدا لێ دەدران... جاری یەکەم کە بۆم ڕەخسا لەگەڵ کینگ بدوێم ساڵی ١٩٦٥ بوو لە کارولاینای باشوور. ئێندی یۆنگ منی لەگەڵ خۆی برد بۆ بینینی کینگ لە ژوورەکەی لە دوای کۆبوونەوەیەکی "کۆنگرەی سەرکردە کریستیانەکان لە باشوور SCLC". لەتەک دەرگەوە وەستاین و هەستم بە دەمارگرژییەک لە گەدەمدا کرد کە دەنگی کینگ لە ژوورەوە بەرز بووەوە پڕ بە هەڵچوون و تووڕەیی بوو. ئێندی هەندێک خۆی ڕاگرت و ئینجا لە

دەرگەی دا و پێکەوە چووینە ژوورەوە. کینگم بینی پەرداخێکی بەدەستەوە بوو و فرمێسکی لە چاودا بوو. دەستی بە ڕاڤەکردنی ئەوەی بۆ کردین کە چیی دی ناتوانێ بەرگەی ئەم فشارە بگرێ و دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ مەمفیس بۆ موژدەبەری لە کەنیسە گچکەکەیدا و ماندوو بووە لەوەی سەرکردەیە. دڵۆپە فرمێسکێک بەسەر گۆنایدا هاتە خوارەوە، دەستەسڕەکەی بەرزکردەوە بیسڕێتەوە. ژنێک کە یاریدەدەری بوو لە حەمامدا وەستا بوو دەگریا. ڕووم تێ کرد بە باسکەکانم بیپێچمەوە بێ ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە ئارەزووی لێیە ڕووداوەکەم بۆم ڕوون بکاتەوە یان نا، بە سادەیی دەمویست یارمەتیی بدەم.



ئەو دەمەی دامەزرێنەرانی کۆمارەکەمان بە دەستەواژەی شایستە دەستووری بەیانی سەربەخۆییان تۆمار کرد، واژۆیان لەسەر کەلەپوورێک دەکرد هی هەموو ئەمەریکاییەکانە. ئەمە ئەو پەیمانەیە بە زامنکردنی مافەکان بۆ هەموو خەڵک، ڕەش و سپییەکان وەک یەک، مافگەلێک نابێ دەستکاری بکرێ، ئەویش مافی ژیان و ئازادی و گەڕانە بە دوای کامەرانیدا. (مارتن لۆتەر کینگ، واشنتن، ٢٨ی ئابی ١٩٦٣، لەبەردەمی پتر لە ٢٥٠.٠٠٠ کەس).

بێگومان تووشی شۆک بووم کە سەرکردەی گەورەم بەو سەرخۆشی بینی، نەفرەتی دەکرد و دەگریا و قسەگەلێکی دەکرد هیچ واتەیەکی نەبوو. هەروەها تووشی شۆک هاتم کە لە چەنەبازییە بەدنیازەکان دڵنیا بووم کە لە ئوتێلدا گوێم لێیان بوو لەبارەی

سەرەڕۆییەکانی لەگەڵ "کچە دۆستەکانی". بەڵام بە بینینی لایەنە لاوازەکانی وەک مرۆیەک ئاسوودەتر بووم لەوەی تووشی شۆک هاتبووم. دەزانم لەسەر ئەوە ڕەخنەی لێ گیرا بوو،



خۆشەویستیی مارتن لۆتەر کینگ لەلایەن گەلەوە

بەڵام من وای بۆ دەچم ناشێ لەلایەنە مرۆییانەکەیدا چاوەڕوانی پتر لەوەی لە توانستیدا بێ پێشکێشی بکا یان لەوەی پێشکێشی دەکردن. دوور نییە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دۆخێکی وەک ئەودا بژیم، پێشەکی ئارەزووشم لە تێگەیشتن و لێ بووردنەوە بوو.

ڕۆژی دواتر کینگ زەردەخەنەیەکی بۆم کرد کە یەکدیمان بینییەوە بەڵام بەهەندێک تێکچوونەوە.

– گوتی: "باشە، تۆ ئێستاکە دەزانی من چاکێکی پیرۆز (قددیس) نیم..."

– "بۆ خۆشبەختی، منیش مەریەمی چاکی پیرۆز نیم!..."

سەرلە ئێوارەی ئەو ڕۆژەی دەبوو نانی بەیانیمان پێکەوە لە گرینادا (کە کینگیش چونکە لە خەودا مابووەوە نەهات) بانگهێشتێکم پێ گەیی بۆ هاوڕێیەتیی بیڤیل، کە موژدەبەرێکی زۆر چاکە، ناوبانگی لە کینگ کەمتر بوو، تا فرۆکەخانە بۆ بینینی کینگ لەگەڵ جیسی جاکسن و ئێندی یۆنگ و جۆسیا ویلیامز. بەپێی توان هەوڵم دا خۆشیم بشارمەوە بەوەی کە دواجار لە کالووسەکاندا لەگەڵیدا دەبم و گوێ لە گفتوگۆیەکانی دەگرم لەبارەی بەڕێوەبردنی بزاوەوە، ڕووم لە پەنجەرەی ئەو ئۆتۆمبێلە نێزیک کردەوە کە بزاوەکە بۆ بۆنەکە بە کرێی گرتبوو و لەو دارانە ڕامام کە گەڵاکانیان پاراستبوو و بە قەوزە داپۆشرابوون و لەو دەوەنە دڕکاوییانە کە تا لقەکان

هەڵزنا بوون (...).

فرۆکەی کینگ گەیی، دوای کەمێک ئۆتۆمبیل بردینی، گەلێکم پێ سەیر بوو لە ڕێی بەرەو ناوەندی شارماندا کەس باسێکی جیددیی نەکرد. هەموو هەر ئارەزوویان لە گاڵتە و گەپ و ڕابواردن و گێڕانەوەی نوکتە بوو، کینگ نوکتەی نوێی بۆ گێڕانەوە کە زۆربەیان لەگەڵ ڕەشەکان بووە و من بەخۆم پێم خۆش نەبوو بەڵام دیار بوو هاوڕێکانم پێیان خۆش بوو کە زۆر پێکەنین و منیش خۆم دا بەدەم کەشە گاڵتەئامێزە باڵادەستەکە و تا ژوانی بەیەکگەیشتنەوەی دواتر لە دەور و بەری مێزی نانخواردندا. کینگ زۆر کەیفی بە خواردن دەهات.

چوونە ناو چێشتخانەیەکی گچکەی ناوەخۆیی بە یاوەریی ئەو، لە گەڕانێک دەچێ بەیاوەریی "خوداوەند"ێک. هەموو ڕووەکان ئاوڕی لێ دەدەنەوە. زەردەخەنەی دەبەشییەوە و هەر یەکێک سڵاوی لێ دەکا و بە ڕێزەوە زەردە بە ڕوویدا دەکا (...).

لەنێو ئەو وێنانەدا کە لەگەڵ کەسایەتییە ناودارەکاندا بۆ من گیراون، وێنەیەک هەیە لە چوارچێوەم داناوە و هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. ئەویش وێنەی من و کینگ-ە لەگەڵ کۆمەڵە منداڵێکی گریناداد لە میسیسیپی، ئێرا لەگەڵ ئیندی لە پشتمەوە وەستابوو و ڕیزێکی درێژیش لە منداڵە ڕەشەکان کە بەرەو قوتابخانە دەچوون.

ئەو ڕۆژە دڵیان خۆش بوو چونکە لەگەڵ سەرکردەکەیاندا بوون و خەریک بوون بەشدارییان لە کارێکی بایەخداردا دەکرد. کینگ بە زۆری باسی ساتە مێژووییەکانی دەکرد. هەستێک دایگرت کە ئەم بۆنەیە یەکێکە لەوانە. کیژۆڵەیەکی گچکەی پڕ لە زیندوویی دەستی گرتم، پرچی لە کەزییەکدا هۆنرابووەوە و بەسەر پشتیدا هاتبوو. هەموو تۆڕەکانی تەلەفزیۆنەکان لەوێ بوون، لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە وێنەگران. لەسەر شۆستەی بەرامبەردا کۆمەڵێک منداڵی سپیی لێ بوون ڕوویان هەر لەو قوتابخانەیە دەکرد. ناشاد

و ترسنۆک دیار بوون و بە هیچ جۆرێک سیمای سەر بە "ڕەگەزێکی باڵاتر"م تێیاندا بەدی نەکرد، بە چرپە بە کینگم گوت: "مارتن ئێمە چی دەکەین؟ بەڕاستی دەتەوێ ئەم منداڵە زۆر جوانانە لەوان بچن؟" و ئاماژەم بۆ ئەو کۆمەڵە خەمناکە کرد. کینگ بە گەورەییەکەوە ڕووی کردە وێنەگرێک تووشی نیگەرانی هاتبوو، ئینجا بە بێزارییەکەوە پێی گوت: "ئاخ.. نەخێر، لەو کاتەدا نا کە کامێرا وێنەمان دەگرێ.."

بەدرێژاییی یەک شەقام لە قوتابخانەوە پۆلیسێک ڕایگرتین وای دەزانی خۆی بەهێزترین کەسێکە لە جیهاندا. بەژنی کینگ زۆر لە بەژنی من بەرزتر نەبوو، درێژیی ۱.۷۰م بوو، پۆلیسەکەش وام هاتە بەرچاو لە ئەستێرەیەکی دیکەوە هاتبوو، من دڵنیام لەوەی بەخۆی بڕوای بەوە هەبوو.

پێیم گوت: "بەیانیت باش. ئێمە لەگەڵ ئەم منداڵانەدا دەچینە قوتابخانە".

– "لەوە زیاتر ناتوانن بچنە پێشەوە".

– "بەڵام دەیانەوێ بچنە قوتابخانە و ئێمە بە سادەیی یارمەتییان دەدەین وەک هاووڵاتی مافەکانی خۆیان بەکار بهێنن".

– "ناتوانن پتر بچنە پێش. تەنیا دانیشتووان مافی ئەوەیان هەیە".

– "باشە. من نامەیەکم لە یەکێکیانەوە پێیە ئەم ئەرکەم دەخاتە ئەستۆ". لەخۆمەوە درێژەم دایێ "من سەرپەرشتیاریانم".

– "ببوورە، پێشڕەوی نابێ".

دوای چەند چرکەیەک لەم گفتوگۆیە، گەڕاینەوە دواوە.

ئەو ئێوارەیە ملیۆنان کەس هەواڵەکانیان تەماشا دەکرد و بینییان چۆن منداڵە ڕەشەکانیان لە مسیسیپی لەمافی فێربوون بێبەش کران. بە چاکەی بوونی تەلەڤزیۆنەکان نەک بە چاکەی بوونی خۆشەویستی، نە بەردێک هاوێژرا و نە لە منداڵێک درا، هەر هیچ نەبێ لەبەردەمی ئەو قوتابخانەیەدا.

ئەو کاتە هات کینگ خۆی بە ناچار زانی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدا:

دەبوو هەڵوێستێکی ئاشکرا بەرامبەر جەنگی ڤێتنام دەستنیشان بکا. ئەو جەنگەی گەلێک کێشەی ورووژاند و پشتگیریی گەلی بەدەست نەخست، زنجییەکانیش لە بەرەکاندا بوون و دەجەنگین و دەمردن. دروشمی بزاوی مافە مەدەنییەکان: "ئازادی ئێستا!" واتەیەکی نوێی پەیدا کرد.

کینگ بڕیاری دا هەڵوێستی دژایەتیی ئەو جەنگە بگرێتە ئەستۆ کە بە نایاسایی و نا ڕەوشت پاکیی دادەنا. دوابەدوای ئەوە یەکسەر ئەو هێڵە بچڕا کە ڕێی دەدا پێوەندی بە لندن جۆنسن-ەوە بکا، لایەنگرانی هەستیان بە ونبوون کرد و لە سەر ئەم دۆزە ناکۆک بوون. گوێی لەو "دەنگە نزم و هێدییە" گرت کە لە ناخیدا دەنگی دایەوە و ئاگایی و سرووشی بەرجەستە دەکرد، من لەو بڕوایەدام ژیانی خۆی لە بەهای ئەوەدا دا.

ساڵی ١٩٦٧ دوای دەستگیر کردنم لەگەڵ ئێرا، کینگ و ئێندی لە بەندیخانە سەریان لێ داین. من لە ئۆکلاند لەگەڵ هاری بیلافۆنت و سامی دێڤیس (...)دا بەشداریم لە ئاهەنگێکی مۆسیقایی خێرخوازیدا کردبوو، بۆ بەرژەوەندیی لیژنەی ڕێکخستنی مەسیحی. دوای ئاهەنگەکە سامی لە دڵخۆشکردنی ئەو سەربازانەدا بەردەوام بوو کە دەچوونە ڤێتنام و من سێ سەعات و نیو نووستم. بەر لەوەی ڕوو بکەمە ناوەندی سەربازگرتن لە ئۆکلاند بۆ پشتگیریی بزاوی دژ بە ئامادەکاریی سەربازی. لەوێ، لەگەڵ پەنجا و سێ ئافرەت و ژمارەیەک پیاودا دەستگیر کرام و بۆ یەکەم جار چوومە بەندیخانە، کە چەند ڕۆژێکم بەسەر برد، هەروەها بۆ جاری دووەم دیسان لەسەر بەرگری لە ئاشتی بەند کرام.

(هەڵبژاردە لە کتێبی جۆن بایز Et une voix pour chanter، کە ١٩٩٨ لەلایەن Ren- Presses de la aissanceەوە بڵاو کراوەتەوە.)

# تێکۆشەرێک لەسەر ئاستی گەل

دیمانە لەگەڵ کلاینفلتەر

هارکی کلاینفلتەر بەرپرسیتیی ڕاگەیاندنی لە ڕێکخراوی "کۆنگرەی سەرکردە مەسیحییەکان لە باشوور"ی گرتە ئەستۆ، بەشداریی لە بزاوی مافە مەدەنییەکاندا لەساڵی ١٩٦٥ەوە کرد. دوای مردنی کینگ چەند ساڵێک لە چالاکییەکانیدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بەردەوام بوو، ئینجا ڕووی کردە ئەورووپا کە خولگەلێکی مەشقکردنی لە بارەی کاری ناتوندوتیژی- دەکردەوە...



هارکی کلاینفلتەر

کاروباری ناتوندوتیژی: ساڵی ١٩٦٦ کینگ لە شیکاگۆ ستاری گرت. ئەم قۆناخە لە ژیانی کینگدا بە ڕادیکاڵی پەسن دەکرێ چونکە لەو ماوەیەدا درکی بەو خەباتی دژی نەدارییە ئابوورییە کرد کە زنجییانی تێدا دەژیان و دووبارە چاوگێڕان بە هەر هەموو ڕێژیمی ئەمەریکا دەگرێتە خۆ، ڕات بەرامبەر ئەوە چییە؟

هارکی کلاینفلتەر: لە سەرەتادا کینگ لەو بڕوایەدا بوو حکوومەتی فیدراڵ تاکە ڕێیەکە بۆ گۆڕینی بارودۆخ بە شێوەیەکی فرەوان. لەم دەستپێکەوە بە پێویستی زانی فشار بخرێتە سەر ڕای گشتی بۆ ئەوەی حکوومەت قانوونگەلێک دەربکا سنوورێک بۆ جیاوازیی ڕەگەز دابنێ لە لایە جیاکانی وڵاتدا. ئەم شێوە جموجووڵە بووە هۆی ئەوەی لە کۆتاییی ١٩٦٥دا قانوونێک

لە بارەی مافی ڕەشەکانەوە لە هەڵبژاردن دەرکرد. ساڵی ١٩٦٦ "کۆنگرەی سەرکردە مەسیحییەکان لە باشوور SCLC" بڕیاری دا لە باکوردا، لە شیکاگۆ خۆی لە تێکۆشان بدا، ئەوە بە پلەی یەکەم ڕێکخستنی هەڵمەتێک بۆ چارەسەری گرفتی خانوو و نیشتەجێ بوون ڕێک بخا، کینگ خۆی و هاوسەرەکەی خوێندنیان لە باکور کۆتایی پێ هێنا بوو و ئەو سەختییانەی ڕەشەکان لە شارەکانی باکور تێیاندا دەژیان لێی شاراوە نەبوون. ئەو گرفتە ئابوورییانەی لە شیکاگۆ هەبوون لێمان بێگانە نەبوو، بۆیە دەمانزانی ئەوێ بواری ڕەخساوەیە بۆ جموجووڵمان.

بەڵام نەماندەزانی لە شیکاگۆ چۆن کار بکەین. ڕاهاتبووین کار لە ناوچە دەشتنشینەکاندا بکەین، کە کەنیسە هۆیەکی گونجاو بوو بۆ پێوەندیکردن، بەڵام خەڵکەکە لە شیکاگۆ پەرت و بڵاو بوون و یەکدییان نەدەناسی. هەڵمەتی شیکاگۆ بە تەواوی سەرکەوتوو نەبوو. لەوانەیە ئەو سەرکەوتنانەمان بەدەست هێنابێ کە ویستبوومان، بەڵام نەناسراو بووین. بۆ نموونە، ئەگەر توانیمان کۆڕەوێکی گەورە ڕێک بخەین، پێنج یان دە هەزار کەس بەشداریی تێدا بکا، ئەوا لەکاتێکدا کە جەماوەرێکی ٦٠ هەزار بینەری دەبینین کە پلیکانەدارەکانی یاریگەی تۆپی پێ بەجێ دەهێڵن، لاواز دەبینرێین. بەلای بزاوەکەوە، ڕاهاتن لەسەر کار بە زەینییەت و مەرجەکانی شارەکییانە ئەزموونێکی تەواوێک نوێ بوو.

هارکی کلاینفلتەر: هەروەها ئەم هەڵمەتەش خەریک بوو هەڕەشەی لە بارودۆخی داراییمان دەکرد: چونکە لە سەتا هەشتای ئەو بەخششانەی پێمان دەگەیشت سەرچاوەکەی سپییەکانی باکور بوو. ئەمانە بە ڕاستی ویستیان یارمەتیمان بدەن بۆ چاککردنی بارودۆخمان لە باشووردا، بەڵام نەیانتوانی کەموکوڕییەکانی خۆیان ببینن کە پێوەندیی بە توانستی ئەوەی هەندێک لە ڕەشەکان خانووەکانی تەکیان بکڕن. ئەوە لەلایەن ئابوورییەوە لە

جەنگی ڤێتنام پتر ئازاری داین کە لەو قۆناخەدا بایەخی بەرەو پتربوون دەچوو. کینگ باوەڕی پتر دەبوو کە تاکە ڕێگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرفتی ئابووری بە نێو ڕووکارێکی ئیشتیراکیی دیموکراتییەوە ڕەت دەبێ. لەوانەیە بەوەی پەسن بکەین کە لە سەرەتادا دیموکراتییەکی کۆمەڵایەتی بوو و لە کۆتاییشدا ئیشتیراکییەکی دیموکراتی بوو. کینگ ئیشتیراکییەت و دیموکراتییەتی بە ڕێڕەوێک داناوە بۆ گۆڕینی ڕیژیم. بیرەکانی لەبارەی دۆزی ئابوورییەوە لە دوا کتێبیدا "بۆ کوێ دەچین؟ ou allons nous بەڵام تا ڕادەیەک دەستبەرداری ڕیژیمی ئەمەریکایی بووبوو، بەلای ئەوەوە گەیشتبووە ئاستێک تێیدا حکومەتی ئەمەریکایی لە توانستیدا نەمابوو هیچ شتێک بهێنێتە دی.

ئەو بەرنامە ئابوورییەی کینگ کە بە "سەبەتەی نان" ناو براوە هەنگاوەیلێکی سادەی بەباش زانی وەک پێشکێشکردنی متمانەیەکی سادە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بێکاری و جێبەجێکردنی پرۆژەی نیشتیمانی لەسەر ئاستی "زەمانەتی" تەندروستی و دابینکردنی داهاتێکی ساڵانە بۆ تاک و دابەشکردنی سامانەکان لە سەر بنەمای یەکسانی. بزاوی ئیشتیراکیی دیموکراتی توانیی لە زۆربەی دەوڵەتە ئیسکەندیناڤییانەدا هەموو ئەم هەنگاوانە ئەنجام بدا. بەڵام هەرگیز نەبووە بەشێک لە ڕیژیمی ئەمەریکایی.

کاروباری ناتوندوتیژی: داخۆ خەباتی کینگ دژی جەنگی ڤێتنام کاری نەرێنیی لە جەماوەرییەکەی کرد لە چوارچێوەی بزاوی زنجیدا؟

هاری کلاینفلتەر: کینگ دژی جەنگی ڤێتنام بوو. توانییشی پشتگیریی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرێتیی کەنیسەکان لەم بوارەدا بەدەست بهێنێ. بەڵام تەنیا ساڵێک بەر لە مردنی و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بڕیاری دا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەم جەنگە ڕابگەیەنێ. لەو قۆناخەدا هەموو سەرکردە ڕەشەکان ئامۆژگارییان کرد بێدەنگیی لێ بکا و دەست بە خستنە ڕووی دۆزی مافە

مـەدەنیـیـەکـانەوە بگـرێ. چونکە ئارەزووی چـوونە ناو ڕیژیمی ئەمـەریکایان هەبوو، کە لەئەستۆگرتنی هەڵوێستێکی نانیشـتیمـانی خراپترین کارێکە بۆ هەر کــەســێک کــە ئاواتەخــوازیی هاوشــێــوەی ئەمــەی هەبێ لە ویلایـەتە یـەکگرتووەکـــاندا. دەتوانین تـێ بگـەین بـۆچی بـزاو لە پێنـاوی ئاشـــتی لـە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بۆچی وەک نەریت لە سپییەکان پێک هات. لە ناو ڕەشەکاندا کەس نەبوو دژایەتیی خزمەتی سەربازی بکا مەگەر لە قۆناخێکی دواتری جـەنگدا نەبێ. تەنانەت لـەو چوارچێوەیەدا کـە کـینگ کـاری تێدا دەکرد، دەبینین هۆسیا ویلیەمز ساڵی ١٩٦٥ پشتگیریی خۆی بۆ جەنگی ڤـێتنام ڕادەگـەیەنێ. بەڵام بۆ مـاوەیەکی درێژ دەسـتی بەو هـەڵوێسـتـەیەوە نەگرت، چونکە ساڵی ١٩٦٧ بە خۆی ڕێکخستنی یەکەم کۆڕەوی ئاشتیی لە ئەتلانتا لە ئەستۆ گرت.

کینگ دژایەتیی خۆی بەرامبەر جەنگ لە ڤێتنامدا ڕاگەیاند و هەڵمەتە ئابوورییەکەی بۆ بەرژەوەندیی هەژارانی دەست پێ کرد. جەماوەرییەکەی لە دواساڵی بەر لە مردنی لە نزمترین ئاستێکیدا بوو کە "هەڵمەتی هەژاران"ی جاڕ دا کـە ڕەش و سپی و هیندی و پۆرتۆریکۆییـیـەکانی لەژێر ئاڵایدا خڕ کـردنەوە.. دەبوو هـەڵبـژێرێ: بەلای گـەلە ڕەشـەکـەیەوە یان وەک مـووسـای پێغەمبەر بمایەتەوە، سەرکردەیەکی گەورە بۆ بڕیاردانی مافە مەدەنییەکان، یانیش وەک مەسیح بە تەنیا بەرەو باخچەی تەنایەتی "الجیمانیە" ڕێ دەکا. کە چارەسەری دووەمـی پەسند کرد. لەو بڕوایەدا بوو تەنیا خۆی بە کردەوە درکی بەو مەترسییە کرد کە ئەم هەڵمەتە پێکی دەهێنێ. لە بیرمە لە کۆتایی ١٩٦٧دا گوتی: "تا ئەمڕۆ نیوەی ماوەکەمان بڕیوە. ئێمە ئێستا لەسەر خاکی دوژمنداین و بارودۆخەکە گەلێک زەحمەتتر بوو".

کینگ لە مەمفیس تیرۆر کرا و ئەوروپییەکان لەبارەی کوژرانیەوە لە گەلی ئەمەریکایی پتر دەزانن. بڕوا ناکـەم تیرۆرکردنی ڕۆبەرت کـەنەدی هەر لەو ساڵەدا هەر بە ڕێکەوت بووە.

کاروباری ناتوندوتیژی: پێدەچێ بزاوی ڕزگارکردنی ڕەشەکان دوای مردنی کینگ زۆر بەپەلە کاڵ بووەوە. بەر لەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی جێ بهێڵی چۆن بوو؟

هاری کلاینفلتەر: دوای تیرۆرکردنی مارتن لۆتەر کینگ ئەوانەی دەوروبەری پێیان وا بوو یەک لە هۆیەکانی تیرۆرکردنەکە ئاواتەخوازیی دەسەلات بوو بۆ ئەوەی پاڵ بە بزاوی زنجییانەوە بنێ بەرەو توندوتیژی بەجۆرێک لە تواندا بێ دوای ئەوە پەرەسەندنی ڕابگیرێ، شەوی ڕووداوەکە ئاژاوە لە چەندان لای وڵاتدا بەرپا بوو. دوای ئەوە "دەسەلاتی ڕەش" ڕوومالکردنێکی فرەوانی ڕاگەیاندنی بە دەست هێنا، لە کاتێکدا ڕالف ئەبرناتۆ–ی جێنشینی کینگ نەیتوانی لەم بوارەدا سەرکەوتنێکی شایەنی باس بەدەست بهێنێ، خۆ



کۆرینتا کینگ وێنەیەک لەو پرۆژەی سەنتەری مارتن لۆتەر کینگ–ەی بەدەستەوەیە که ۱۹۷۸ لە ئەتلانتا، جۆرجیا کرایەوە، کە خولی شیاندن و ڕۆشنبیری لە بارەی ناتوندوتیژییەوە ئامادە دەکا.

ئەگەر کینگ لە مردن ڕزگاری بوایە پشتگیریی ئەو ڕۆژنامەگەرییەی نە دەبوو کە پێوەندییەکی پتەوی بە هێماکانی هاوپەیمانیی سەربازی-پیشەیی-ەوە هەبوو. ڕالف ئەبرناتی بە تەنیا بەردەوام بوو، بە بێگومانیش جێگرەوەی مارتن لۆتەر کینگ نەبوو.

گرفتێکی دیکەش هاتە گۆڕێ ئەویش ئەوەبوو کە ڕێکخراوی "دەزگەی سەرکردە مەسیحییەکان لە باشوور" وەک پێویست نەزانرابوو. دوای مردنی کینگ هاوسەرەکەی "دەزگەی مارتن لۆتەر کینگ"ی دامەزراند. ئەم ڕێکخراوە ئامادەکردنی خولگەلێکی خوێندنەوە و کۆڕ لەبارەی ناتوندوتیژییەوە و کۆکردنەوەی نووسینەکانی مارتن لۆتەر کینگ-ی لە ئەستۆ گرت. ئەو پارەیەی لە خۆپیشاندانەکاندا کۆ دەکرێنەوە و بە "کۆنگرەی سەرکردە مەسیحییەکان لە باشوور"ە، لە جیاتیی ئەوەی لە چالاکیی دیکە، ئەمڕۆ بۆ خەرجیی دەزگەی م. ل. کینگ بەکار دەهێنرێ. کۆنگرە لە ماوەیەکی کورتدا ڕووبەڕووی گرفتی پارە بوو، پێویستی بە کەمکردنی ئەندامە هەمیشەییەکانی کرد.

بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەو سەرکەوتنە بکەین بزاوەکە بەدیی هێناوە. زۆربەی ئەوانەی کینگ لە وتاری "خەونم هەیە"دا باسی لێوە کردبوون هاتنە دی. لە ئەتلانتا، لە جۆرجیا یەکەم سەرۆکی شارەوانیی ڕەش هەڵبژێررا و لە خولی دووەمیشدا دیسان هەڵبژێررایەوە. ئەندرۆ یەنگ ئەوەی کە لەگەڵ مارتن لۆتەر کینگ کار دەکا بە ئەندامی کۆنگرس هەڵبژێرراو لە دووبارە بنیاتنانەوەیەوە یەکەم نوێنەی ڕەش بوو کە دەچووە کۆنگرس. بەڵام بەبایەختر ئەو گۆڕانە گەورەیە بوو کە لەسەر ئاستی هەڵوێستەکاندا ڕووی دا و ئەمەش ئەوپەڕی بایەخی هەیە چونکە ڕێ لە حکوومەت دەگرێ بگەڕێتەوە سەر قانوونە کۆنەکان. ساڵی ١٩٦٤ یاریگە پلیکانەدارەکەی لە ئەتلانتا جێی شانازیی شار بوو بە سی هەزار کورسییەکەیەوە، هێشتا بەیەکدا ئاوێتە بوون جێبەجێ نەکرابوو، دوای ساڵێک لە مردنی کینگ بەو

سپی و ڕەشانە پڕ بوو کە بۆ بینینی شانۆگەریی "ئازارەکانی مەسیح " شان بە شانی یەک دانیشتن کە تێیدا مەسیح پیاوێکی ڕەش بوو، تاد...

گۆڕان کاتی دەوێ و ئێمە توانیمان لە ماوەی دە ساڵدا و بە هۆگەلێکی ناتوندوتیژییەوە، ئەو شتانە بهێنینە دی کە لە ماوەی سەت ساڵی ڕابوردوودا بە هەرگیز نەبوو دیار بوو، لەم ماوە کورتەدا دەستکەوتەیلێکمان بەدی هێنا پتر لەوەی لە جەنگی دووبەرەکیدا هاتبووە دی. هەروەها زیانی گیانیشمان لێ نەکەوت وەک ئەوەی لە بەرپابوونی ئاژاوەی ساڵی ١٩٦٥دا لە واتس، لە لۆس ئەنجیلۆس ڕووی دا. ئەو دەستکەوتانەی کەس نابینن باسیان بکا. کینگ کە مرد، لە ئاستی هەرە نزمی جەماوەرییەکەیدا بوو، بەڵام خەڵک لە سێ ڕۆژی دوای مردنی گوێیان لەوە بوو کە بە درێژاییی ژیانی گوێیان لێ نەبوو. ڕالف ئەبرناتی بەم شێوەیە لەو بارەیەوەی دەربڕی کە دەڵێ: "خەونبینەکەیان کوشت، بەڵام خەونەکەیان نەکوشت".

مردنی کینگ نە هەڵمەتی هەژارانی ڕاگرت و نە خۆپیشاندانە ئاشتیخوازانەکان. کینگ لە دوا وتاریدا گوتی ئەگەر بۆی ڕەخسا ئەو دەمە هەڵبژێرێ کە تێیدا لەدایک دەبێ، ئەوە ئەم دەمەی هەڵدەبژارد چونکە جەماوەر لەم دەمەدا ڕووبەڕووی هەڵبژاردنی مانەوەی و مانەوەی هەموو جیهان لە ژیاندا دەبێتەوە، ئەم هەڵبژاردنە ڕەوشتبەرزانەیە تا ئەوسا بۆ سەرکردەکان قۆرخ کراوە بەڵام ئێستا هی هەموو گەلە.

ئۆلیڤیێ جیرارد و بات ماشێ دیمانەکەیان ئەنجام داوە

*

# کاری ناتوندوتیژیی ڕاستەوخۆ

گی بۆبۆڵت

چاکەی پەرەپێدان و بەکارهێنانی مەشقکردن لە بوارێکی فرەواندا لەسەر کاری ڕاستەوخۆی ناتوندوتیژی، بۆ مارتن لۆتەر کینگ و بزاوی مافە مەدەنییەکان دەگەڕێتەوە، هەر لە هەڵمەتی مۆنتیگەمرییەوە بۆ جێبەجێکردنی ئاوێتەبوون لە ئۆتۆبیسدا کە لە یەکی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٥ دەستی پێ کردووە. مەشق و ڕاهێنان لەسەر تەکنیکەکانی چووە ڕیزی پێشەوەی بایەخ پێ دانە بنەماییەکانی سەرکردەکانی بزاوی زنجییە ئەمەریکاییەکان.

لە پێناوی شیاندن (تأهیل) بۆ کاری ناتوندوتیژی، کینگ داوای یارمەتیی "بزاوی ناودەوڵەتی بۆ ئاشتەوایی MIR"ی کرد، بەتایبەتیش بۆ یارمەتیدانی گلین سمایلی-ی قەشەی سپیی بەڕەسەن باشووری. پێویستی دەکرد کۆمەڵگەی زنجی فێر بکرێ لەکاتێکدا بەرەنگاری توندوتیژیی هاندەرانە دێن، چۆن هەڵسوکەوت دەکەن و دوای بەدیهێنانی سەرکەوتن، چۆن ڕێ بگرن لە دووبارەکردنەوەی تەرخانکردنی تەرازوویەکی هێزەکان، کە ململانێ پەیی بردبێتە تەنیا ناو دڵی.

"لەکاتی بە ئۆتۆبیس سەرکەوتندا پێویستە لەسەرمان بەبێ پێویست جێ بە خەڵکانی کە تەنگ نەکەین وەک بڵێی خۆمان بە مافەکانمانەوە هەڵدەکێشین. دەبێ لە هەر کوێیەک کورسییەکی بەتاڵمان بینی بە سادەیی دابنیشین"[١]. دیمانەکان لە کەنیسەکاندا بەزۆری بەبۆنە دادەنران بۆ ئامادەکردن لە کاری ناتوندوتیژیدا. "کورسییەکانمان بەرامبەر



دابڕان، مانگرتن، داگیرکردن، دەست لە کار بەردان... بزاوی خەبات لە پێناوی مافە مەدەنییەکان... هەروەها چەندان کۆڕەوی لە لایە جوداکانی ولاتدا ڕێکخست.

جێقوربانیدان (المذبح)دا، وەک ئەوانە ڕێک دەخست کە لە ئۆتۆبیسەکاندا ڕیز کرابوون و کورسییەکمان لە پێشەوە بۆ شوفێر دادەنا. ئینجا لە نێو ئامادەبووانەوە نێزیکەی دەستەیەکمان لە "نمایشکاران" هەڵدەبژارد و بۆ هەریەکەیان دەورێکمان دەستنیشان دەکرد دەشیا نموونەی وەک ئەوە ڕوو بدا. یەکێک ئەرکی شوفێری دەگرتە ئەستۆ و کەسانی دی دەبوونە ڕێبوار لە ڕەش و سپییەکان. هەر کۆمەڵێک چەند ڕێبوارێکی لە جۆری خوودوژمنانە و ناسکیشیان تێدا دەبوو. لەبەردەمی هەموو ئامادەبوواندا نمایشکاران دیمەنێکیان پیشان دەدا تێیدا پەنایان دەبردە بەر نەفرەت کردن و تەنانەت بۆ توندوتیژیش. لە کۆتاییی هەر دیمەنێکدا کۆمەڵەکە دەگەڕانەوە هۆڵەکە و کۆمەڵێکی دیکە مەشقەکەیان ئەنجام دەدایەوە. لە کۆتاییی خولەکەدا بواری ئەوە دەدرا بیر و بۆچوون ئاڵوگۆڕ بکرێ"[٢].

سەرەڕای لە ئۆتۆبیس دابڕانە بەناوبانگەکە هەڵمەتی بەرەنگار بوونەوەی جودایی لە پێرمەنگهام، لە نیسان- ئایاری ١٩٦٣دا لە بنەمای

ستراتیجییەتی کاری ناتوندوتیژییەوە بە بزاوێکی نموونەیی دادەنرێ، هەر لە چوارچێوەی ئەم جموجووڵەشەوە خەڵکەکە بە وردییەکی زۆر ئامادە کران.

نێزیکەی هەر ئێوارەیەک کۆبوونەوەیەک دەکرا بەپێی بەرنامەیەکی دەستنیشان کراو، ژمارەیەک لە کەسان دەیانگێڕا هەر یەکەیان دەوری خۆی هەبوو: ڕالف ئەبرناتی، بۆ ورووژاندنی جەماوەر بە ئێسک سووکی و گەرموگوڕیی، ویات وۆکەر بۆ ڕێکخستن و ئامادەکردنی تەکنیکی و فرێد شاتلزوورت بە وتارە گەرمەکانی.. ئامانج ئامادەکردنی کۆمەڵگەی زنجی بوو و ڕاڤەکردنی ڕێچکەکانی ناتوندوتیژی و ئامادەکاری بۆ چالاکییەکانی ڕۆژی دواتر. مارتن لۆتەر کینگ بەشداریی لەم دیمانانەدا کرد: "بەشێکی زۆری دیمانەکانمان بۆ ئەوە تەرخان دەکرد گۆرانییەکانی ئازادی بڵێن، کە بە گوزارەیەک بە گیانی بزاوەکەمانمان دادەنان. نزاگەلێکی سادە نین دروشمەکانیان یارمەتیی بەهێزکردنی هەڵمەتێک لە هەڵمەتەکان بدا، مێژوویەکی زۆر کۆنە وەک مێژووی ئەمەریکایی ڕەش، ڕوونووسێکی نوێیە لەو گۆرانییانەی کۆیلەکان دەیانگوتنەوە- سکاڵا لە بێزاری یان خۆشییەکی هەڵچوو، گۆرانیگەلی جەنگن و ویردی بزاوەکەمانن (...) لە کۆتاییەکانی ئەم دیمانەگەلیانەدا، ئەبرناتی یان شاتلزوورت یان من، داوای خۆبەخشیی هەندێکانمان دەکرد و جەختیشمان لەسەر ئەوە دەکرد کە ئێمە هیچ ئەرکێک نادەینە کەسیان بەر لەوەی دڵنیا نەبێ -بەر لەوەی ئێمەش دڵنیا نەبین- کە دەتوانێ بەرگەی توندوتیژی بگرێ بێ ئەوەی بەرپەرچی هاوشێوەی بداتەوە. هەر لەو کاتەشدا هەڵنەگرتنی چەکمان بەسەر خۆبەخشەکاندا دەسەپاند جۆرەکەی هەر چییەک بێ"[٣]. لەگەڵ پتربوونی ژمارەی بەشداربووواندا، دیمانەکان بەردەوام بوون و بواری بزاوەکە فرەوانتر بووەوە، دەبوو خۆبەخشەکان ناوی خۆیان لەلای لیژنەی بەرپرسی مەشقدا بنووسن بۆ بەدواداچوونی خولە چڕەکانی شیاوی. بەرنامەی شیاندن پشتی بە ڕاهێنان لەسەر ڕۆڵە درامییە کۆمەڵایەتییەکان دەبەست بۆ ئامادەکردنی

خۆپیشاندەران بۆ بەرەنگاربوونەوەی وروورژاندن. تیپی کاری "کۆنگرەی سەرکردە مەسیحییەکان لە باشوور SCLC" کە ئەرکی سەرپەرشتیی ئەم خولانەی لە ئەستۆ گرت لە قشەگەلێک پێک هاتبوو وەک: وەک جێیمز لۆسۆن و جێیمز بیڤیل و دیان-ی هاوسەری و برنارد لی و ئەندرۆ یۆنگ کە لەپێناوی هەڵمەتی پێرمەنگهام چوو بووە پاڵ بزاوەکە و دۆرۆتی کۆتن. هەر خۆبەخشێک ئەزموونەکانی بە سەرکەوتوویی ببڕێ دەتوانێ بەشداری لە جموجووڵەکاندا بکا دوای واژۆکردنی "پسوولەیەکی پابەند بوون" کە لە دە خاڵ پێک هاتبوو تێیدا پابەندبوونی خۆی ڕادەگەیاند بە ناتوندوتیژی و ئەو ڕێنوێنییانەوە وا تیپی کار دەیاندایێ.



بەرگی کۆوارێکی وێنەدار لەبارەی دابڕانەوە لە ئۆتۆبیس لە مۆنتیگەمری. بزاوی ناودەوڵەتیی بۆ ئاشتەوایی MIR لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ئامادەی کردووە ٢٥٠٬٠٠٠ دانەی لێ دابەش کراوە.

بەڵام بۆ مەبەستی کۆتایی لە کاری ڕاستەوخۆی ناتوندوتیژی، مارتن لۆتەر کینگ لە "نامەیەک لە بەندیخانەی پێرمەنگهام-ەوە"دا دەستنیشانی کردبوو، بەم شێوەیە: "گفتوگۆ بە خۆی ئامانجی کاری ڕاستەوخۆیە، ئێمە هەوڵ دەدەین بارودۆخێکی تەنگژاوی دروست بکەین بە وروورژاندنی گرژییەک کە بەس بێ بۆ سەپاندنی گفتوگۆ بەسەر کۆمەڵێکدا کە ئەوسا ڕەتیان دەکردەوە. دۆزەکە بە پلە یەک بەرجەستە دەکەین زەحمەت بێ لایەنەکەی کە پشتگوێی بخا. دوور نییە تووشی شۆک بێن ئەگەر بڵێم ئەرکی بەرگری ناتوندوتیژ دروستکردنی بارێکی گرژی بەخۆیەوە دەگرێ، بەڵام دان بەوەدا

دەنێم کە وشەی "گرژی" نامترسێنێ. من ڕەقیبێکی دڕی هەر گرژییەکم لە توندوتیژییەوە پەیدا ببێ، بەڵام جۆرە گرژییەکی ناتوندوتیژیی بنیاتنەر هەیە دەبێ پەرە بستێنێ. سوکرات گوتوویەتی دەبێ گرژی لە دەروونندا پەیدا بکرێ بۆ ئەوەی تاکەکان لە پێوەندی بە هەڵەداچوون و نیمچە بە هەڵەداچوون "لە ڕاستی چوو" ڕزگار ببن تا لە کۆتاییدا بگەنە جیهانی شیکردنەوەی داهێنەر و هەڵسەنگاندنی بابەتییانە. هەروەها ئێمەش، بە هۆگەلێکی ناتوندوتیژی، دەبێ لە کۆمەڵگەدا گرژییەک بخوڵقێنین یارمەتیی خەڵک بدا بۆ دەرچوون لە قوولاییەکانی دەمارگرژیی ڕەگەزپەرستی و بەرزبوونەوە بۆ ترۆپکە پیرۆزەکانی لەیەک گەیشتنی برایانە"[٤].

پەراوێز:

* نووسەرێکی Moratorium Bulletin، کە کۆوارێکە لە جێگرەوەکانی بەندیخانان دەگەڕێ، لە لایەن Quakersی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە دەردەچێ.

** دەقێکە لە Peace Media Serviceی ئایاری ١٩٩١ەوە وەرگیراوە- وەرگێڕانی: پاتریس دوبرا و ماری- جان کازولا.

١. مارتن لۆتەر کینگ Combats pour la Liberte، لە بڵاوکراوەکانی Petite Bibliotheque Payot ,١٩٦٨

٢. هەر ئەو سەرچاوەیە.

٣. مارتن لۆتەر کینگ (Revolution non-Violente 1963)، بڵاوکراوەکانی: Petite Bibliotheque Payot، ١٩٧٩ ,

٤. "نامەیەک لە بەندیخانەی پێرمەنگهامەوە" بە دەقە تەواوەکەی لە Revolution non-Violente دا هەیە.

## بزاوی ناودەوڵەتیی ئاشتەوایی

## بەردێک لە گۆماودا

بزاوی ناودەوڵەتی بۆ ئاشتەوایی کە کینگی تێدا ئەندام بوو، ساڵی ١٩١٤ لە بەریتانیا دامەزراوە و ساڵی ١٩١٥ لقی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەبوو، بزاوی پرۆتستانت سەرپەرشتیی دەکرد و بیست ساڵ بەبێ چالاکییەکی دەستنیشانکراو بوو.

بەم جۆرە بەردێکی بچووک لە شێوەی کتێبێکدا فڕێ درایە ناو گۆمێکی ئاوەوە و ئەو لەرە و شەپۆلانەی هێنانییە کایەوە ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ نەگەیشتنە ڕۆخە دوورەکانی هەسارەکەمان. ئێستا لەوانەیە بڵێن گاڵتەتان لەگەڵدا دەکەم، بەڵام بەبڕوای من بەبایەخترین ڕووداو لە مێژووی MIR لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا و MIRی ناودەوڵەتیدا تا ئەمڕۆ، بڵاوکردنەوەی تێزی بڕوانامەی ئەو دوکتۆرایە بوو کریشنا لال شیدهارانی لە سییەکاندا لە زانکۆی کۆڵۆمبیا نووسیویەتییەوە بە ناونیشانی: "جەنگێک بەبێ توندوتیژیWar Without Violence". شیدهارانی کە لە لایەنگرانی گاندی بوو، پەسنی مێژووی سەرسووڕێنی ساتیاگراهای کردووە، هێزێکی ڕاستەقینە یان ئەو ویژدانەی مەهاتما "گاندی" بەجێی دەهێنا و بە دووروودرێژی هۆکارەکانی بزاوی لە پێناوی سەربەخۆیی هیندستانی ڕاڤە کردووە.

دوای بینینی کتێبەکە لە ساڵی ١٩٣٩دا، کۆمەڵەیەک لە کەسانێک لە نیویۆرک پێک هات، لەوانە: أ. ج. مووست و أ. فیلیپ ڕاندۆلف و جۆن هاینز هۆلز و کۆمەڵە چاوپێکەوتنێکیان بەست بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کتێبەکە و ڕێتێچوونەکانی جێبەجێکردنی بەسەر بارە ڕەگەزییەکەدا لە ویلایەتە

یەکگرتووەکاندا. دوای ڕەتبوونی ساڵێک یان دوو ساڵ بەسەر گفتوگۆکاندا، نووسگەی AFOR کە دواتر بوو بە FOR-USMIRی ویلایەتە یەکگرتووەکان)، "کۆنگرەی یەکسانیی ڕەگەزی CORE" یەک لە چەندان لە لقەکانی بوو. دەستپێک لە شیکاگۆوە جۆرج هەوسەر و بایارد ڕاستن و جێیمز فارمەر-ی ئەندامانی نووسگەی FOR دەستیان بە کۆڕ و نامیلکە نووسین لەبارەی هۆیەکانی گاندی-یەوە بۆ گۆڕینی کۆمەڵایەتی. بەپەلە کۆمەڵەگەلێک پێک هاتن لە دێنیڤەر و سان لویس و لۆس ئەجیلس و سان فرانسیسکۆ و لە شارگەلێکی زۆری دیکەدا. هەروەها چەندان خێوەتگەی ڕەگەز جۆرەوجۆر ڕێک خران لە باشوور و لە ڕۆخی خۆراوادا. هەڵمەتگەلێکیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی جوداییی ڕەگەزی لە شانۆکان و چێشتخانەکان و مەلەوانگەکاندا ئامادە کران و سەرەڕای هەندێک کاردانەوەی جاروبار توندوتیژ، هەڵمەتەکان لە بەدەستهێنانی ئەنجامە بنەڕەتییەکاندا سەرکەوتن، منیش بەخۆم بەشداریم لە کارەیلی دیی جیاوازیی ڕەگەزی لە هۆڵەکانی چای لە لۆس ئەنجیلس، دوای سێ مانگ و نیو لە داگیرکاریی ناڕەزایی سەرکەوتنێکی تەواومان بەدەست هێنا. کە ئەوە ڕووی دا چەپڵەی توند لە چێشتخانە ئاپۆرەکاندا بەرز بووەوە.

هەر لەو کاتەدا ڕێکخراوی MIR دەستی بە پێکەوەنان یان کۆکردنەوەی کتێبخانەیەکی بایەخدار کرد لە بارەی ناتوندوتیژی کە بەرهەمگەلێکی بەخۆوە گرت، لەوانە: "جەنگێک بەبێ توندوتیژی War Without Violence"، "سەرکەوتن بەسەر توندوتیژیدا " Conquestof Violenceی جۆن بۆندورانت و "هێزی ناتوندوتیژی of Non Violence" The Powerی ڕیچارد گریگ و بەرهەمێک کە ناوونیشانەکەی "سەرکەوتن بەسەر توندوتیژیدا"ی بارتلمی دولایت و "چەمکی سەردەمی نوێی ئاشتیویستی "of Pacifism The NewTestament Basisی گارت ماک گریگۆر لەتەک ژمارەیەک نامیلکە و بڵاوکراوەدا. لە کاتی گرتنی کۆڕەکاندا و لە بۆنە جیاوازەکاندا هەزاران دانە لەم کتێبانە فرۆشران.

بەم جـۆرە تۆڕێکی یەکـدیگیـری پەرەی سـەند، بچـووک بەڵام چالاک، سـەرتاپای وڵات و ژمـارەی سـەرکـردەکـان چەند هەندان بوونەوە کـە شـایسـتـەییـەکی باشـتـریان بوو. نێـزیکەی لە هـەمـوو شـوێنێکدا کـاری ناتوندوتیـژی ئەنجام درا، تەنانەت لە باشووریشدا، لە دەوروبەری واشنتندا و لە قـووڵایی باشـووردا. لە حـوزەیرانـی ١٩٥٥دا کـێـشـەیەکی نـاکـاو لە قوتابخانەکانی ئۆرانجبۆرگ لە کارۆلاینای باشووردا بەرپا بوو.

لە وەڵامی ئەو خـۆدابڕینە لە قـوتـابخـانـە جـوداکـارەکـان کـە "ڕابیـتـەی نیشتیمـانی بۆ پێشکەوتنی پێست ڕەنگینان NAACP"، ئەنجوومەنی سپییان خۆدابڕینیان لە سەرکردەکانی ڕابیتە NAACP و هەر واژۆکارێکی سکاڵای هاوکـاریـان ڕاگـەیاند. ڕابیـتـەش لەلای خـۆیەوە بەرپـەرچدانەوەی خـۆی ڕاگەیاند، بە خۆدابڕین لەو بازرگانە سپییانەی کە لە سەرکردە ڕەشـەکان و لایەنگرانیان دادەبڕێن.

لەگـەڵ تیـربوونی تەنگژە هـەلی تاقـیکردنـەوەی ناتـوندوتیـژی بۆ MIR ڕەخسێنرا، کە گەیشتمە ناوچەکە دابڕانە زنجییەکە گەیشتبووە ئاستێکی بەرز لە کارایی تەنانەت دۆدج-ی جێگری ناوەخۆیی بێ کار بوو. ماتیۆ ماک کۆلۆم-ی بەڕێز، بەرپرس لە دابڕان و لە ڕابیتە، دواتر لەبارەی ئەوەی ڕووی دا نووسـییەوە و گـوتی: "تەواوێک نـازانم چی ڕووی دەدا ئەگەر ڕێکخـراوی MIR پشـتگیـریی بکردینایە، بەڵام لەوە دڵنیـام کـە ئۆرەنجـبـورگ دەبووە گۆڕەپانی شەڕێکی خوێناوی و منیش لەو شەڕەدا دەمردم".

یەکـەم کـۆڕەوی ئاشـتی کـە ڕێکخـراوەکـانی MIR و CORE (کـۆنگرەی یەکسـانیی ڕەگەزی) و WRI (گرووپی نـاونەتەوەیی بۆ بەرەنگاریی جـەنگ). کۆکلوسکلان (ڕێکخراوی توندڕەوە سپییەکان) سووتاندنی خاچ و گاڵتە بە مـافە مـەدەنییـەکان کردن و هێرش بردنە سـەر ئەو پیـاو و ژنانەی بەتەمـای هیـچ نەبوون تـەنیـا ئازادیی هەڵـبـژاردن و قـوتابخـانـەی باشـتـر و ژیانی ئاشـتیـانە و سـەربەرزی نـەبێ. ئینجـا ڕووداوەکە بوو. ڕۆزا پارکس کـە لە

قــوتابخــانەی هـایلاندەر فــۆڵک بوو لـە تێنیــسی، ئـەوەی ڕەت کــردەوە لە مۆنتیگەمریی ئەلاباما، لە ئۆتۆبیسدا لەسەر کورسییەکەی هەڵبستێ و گیرا و حــوکــمی ســزای پارەدانی بەســەردا درا. دوای دەســتگیــرکــردنی ڕۆزا پارکس، ئێد نیکسن و ژمارەیەک لە سـەرکـردە ڕەشـەکـان زنجـیـرەیەک کۆبوونەوەیان ئـەنجـام دا. دوای چـەند ڕۆژێک بڕیار درا ناو لـە مـارتن لۆتەر کینگ بنرێ، وەک قەشەی لاوی کەنیسەی (مـەعمـەدانی) لە دێکستر ئەڤینۆ، بۆ ئەوەی هەڵمەتی خۆ لە ئۆتۆبیس دابڕین لە شارەکەدا بگرێتە ئەستۆ. ئەو خۆدابڕینە ٣٨١ ڕۆژی خایاند و لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٦دا کۆتایی هات.

کــینگ بانگەوازێکی ئاڕاســتــەی ڕێکخــراوی MIR کــرد و ئەندامــە هەمیشەییەکانی ئەم بزاوە ئەم ئەرکانەیان پێ سپێررا:

١. ڕێبازی ناتوندوتیژیی گاندی فێری کینگ بکەن، کە نەیدەزانی.

٢. لە چەند کەنیسەیەکی زنجییاندا لە مۆنتیگەمری وانەی ناتوندوتیژی ئەنجام بدەن.

٣. داوای یارمەتی و پشتگیری لە سپییەکان بکەن لە مۆنتیگەمری.

٤. پەرە بە بزاوی هاوکاری بدەن لە هەموو لایەکی وڵاتدا و بە تایبەتیش لە باشووردا.

بە یارمەتیی MIR و هی دیکە، کینگ ناوبانگێکی جیهانیی بەدەست هێنا، بەوەی کــە ســەرکــردەیەکی بزاوی ناتوندوتیــژییــە و نازناوی "گــاندیی ئەمەریکایی"یان دایێ.

MIR هەزاران دانەی لە کتێب و نامیلکە لە باشووردا بڵاو کردەوە، بەزۆری بە خۆڕایی و فیلمێکی بەڵگەییی بەرهەم هێنا بە ناوونیشانی: کۆڕەوی ئازادی، بە هاوکاریی دۆن مۆرای-ی ئەکتەر کە دەوری گێڕەرەوەی وازی کرد، بەڵام بەشدارییە ئەدەبییە چاوەڕوان نەکراوەکە بەدەنگەوە چوون

بوو لەگەڵ ئارەزووی ئەنجامدانی بابەتگەلێکی ڕۆشنبیرکردنەوەی گەلی "بۆ بە جەماوەر گەیشتن". ئەڵفرید هاسلەر، نووسیار لە کۆواری "فێلۆشیپ" پرسیاری لە ئال کاپ کرد: "مەبەستت ئەوەیە کارەکە لە چیرۆکێکی نەخشە بۆ کێشراو دەچێ؟" کە ئال کاپ خەریکی دانانی ژمارەیەکی وێنەدار بوو بۆ ڕێکخراوی MIR لەبارەی مارتن لۆتەر کینگ و- خۆدابڕینەوە لە ئۆتۆبیس- ەوە لە مۆنتیگەمری، بۆ ڕاڤەکردنی چۆنێتیی بەکار هێنانی ناتوندوتیژی. بە پەلە کۆوار بەسەر خەڵکدا دابەش کرا، بەڵام لە قوتابخانە و زانکۆکاندا لەوەش پتر پێشوازیی لێ کرا کە بابەتێکی بنەڕەتیی خوێندنی پێک دەهێنا لە وانەکانی کۆمەڵناسیدا، هەروەها بەپێی ئەوەی مامۆستایەک لە زانکۆی مینوسووتادا گوتی: "ئەو نموونەیەیە کە زۆرترین واتە لە چەندیی کاریگەریی چەکی کۆمەڵایەتی دەدا". هەندێک لە کوشکەکانی ڕۆژنامان دەیانفرۆشتن. پتر لە ٢٠٠ هەزار دانەی لێ بڵاو کرایەوە. دوای کوژرانی کینگ لە بۆنس ئایرس بە ڕێپێدانی MIR بۆ ئیسپانی وەرگێڕرا و بووە ئامرازێکی جێبەجێکاری، دەستەی ئاشتی و داد لە ئەمەریکای لاتیندا Servicio Paz y Justicia بەکاری هێناوە.

سەرکەوتنی شۆڕشگێڕانەی کینگ کردییە قارەمان لە ئەمەریکای لاتیندا، کە دەستپێکی ژمارەیەک لە جموجووڵەکانی ناتوندوتیژیی سەرکەوتوو بووە لە مەکسیک و پەنەما و کۆڵۆمبیا و ڤەنزوێلا و ئۆکواتۆر و ئەرجەنتین و برازیل، بە هاوکاری لەگەڵ ئەوانەی وەک جان و هێلدگار گۆس-مایەر لە MIR و دۆم هیلدەر کامارا، قەشەیەکی ناوچەی باکوری خۆرهەڵات لە برازیل و هیبرتۆ سین لە مەکسیک. جان و هێلدگارد گۆس مایەر و من خواگەلی خوێندنمان لە کۆڵۆمبیا و مەکسیک ئامادە کرد، قەشەگەل و بەئایینان و عەلمانییان ئامادەیان بوون و هەندێک لەمانە لە کارمەندە پلە نزمەکان بوون لە حکوومەتدا.

دوای ئەوە بزاوەکان ئۆقیانووسەکانیان بەزاند و بۆ نموونە ئەندامگەلێکی

هەمیشەیی لە MIRدا گەیشتنە فلیپین، کە ڕیچارد دیتس-ی مامۆستای بابەتی لاهووت لە مانێلا سەرپەرشتیکردنی چوار خولی خوێندنی لە ئەستۆ گرت ماوەی یەک حەفتە دەخایەنێ و بەدەوروبەری ناتوندوتیژیدا دەخولێتەوە، لە ١٩٧٠شدا لە لۆزون و مندیناس و کاڤیت و مانێلا داوام لێ کرا بچمە پاڵی بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بەرنامەیە و دواتریش دیتس و هێلدگارد گۆس-مایەر و کەسانی دیکە بەشدارییان لە پێ بەپێی ئەو کارە ڕۆیشتندا کرد کە شۆڕشی بەبێ خوێنڕشتنی هێنایە دی و ئەمانە پشتگیرییان لە کۆری ئەکینۆ کرد کە بووە سەرۆکی وڵات.

ئەمە سەرەتای کارە، MIR توانیی لە کۆریا و باشووری ئەفریقیا و لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمەریکای ناوەندی و ناوچەگەلی دیکەدا بوونی هەبێ. شەپۆلەکان لە کوێ ڕادەوەستن؟ تەنیا مێژوو بەخۆی دەتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە و ئێمە لە ئومێدەواری بەولاوە هیچمان نییە بەوەی هەمیشە بەرەو دوورتر بچێ.

گلین سمایلی

Fellowship of Reconciliation
Mouvement International dela Reconciliation
FOR, Box 271, Nyak, NY 10960 USA
Blication: Fellowship

International Fellowship of Reconciliation
IFOR, Secretariat International,
Spoorstraat 38, 1815 BK ALKmaar, Hollande
Publication: Reconciliation International

*

## هەڵەکانم

مارتن لۆتەر کینگ

هەڵبژاردە لە دیمانەیەک کۆواری "پلەی بۆی" لە کانوونی دووەمی ١٩٦٥دا بڵاوی کردووەتەوە. ئەم دیمانەیە بە یەکێک لە بایەخدارترین و گشتگیرترینی ئەو دیمانە ڕۆژنامەوانییانە دادەنرێ کینگ ئەنجامیانی داوە.

*١١ی شوباتی ١٩٥٦، لەکاتی خۆ لە ئۆتۆبیس دابڕیندا لە مۆنتیگەمری، تاوانی سەر بە ڕێکخراوێکی قەدەخەکراوی ئاراستە کرا، چونکە ڕێی لە کاری بەرژەوەندیی گولستنەوەی بەبێ هۆیەکی ڕەوا یان قانوونی تەگەرە تێ خستووە و پەکی خستووە... لە ٢٣ی شوبات لە مۆنتیگەمری خرایە بەندیخانە، ئینجا بە کەفالەتی ٣٠٠ دۆلار ئازاد کرا، دوای دادگەییەک کە چوار ڕۆژی خایاند حوکمی پێ بژاردنی ٥٠٠ دۆلاری بۆ دەرچوو لەگەڵ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی تا دەرچوونی بڕیاری دادگەی تێهەڵچوونەوە. بەڵام ئەو پارێزەرانەی بەرگرییان لە گینگ لە ئەستۆ گرتبوو داوایان کرد، بەر لە ماوەی بۆ دانراو دووبارە بە دادگەییەکەدا بچنەوە، لە کۆتاییشدا کینگ سزاکەی بژارد، دوای گفتوگۆیەکی ئاڵۆز کە بووە هۆی ئازادکردنی ژمارەیەک لە بەرپرسانی هەڵمەتی خۆدابڕین. سەرباری کۆمەڵێک لەو سپییانەی لایەنگری جیاوازیی ڕەگەزی بوون.*

"پلەی بۆی": دوای گرتنت لەگەڵ لایەنگرانت بەهۆی بەشداریت لە خۆدابڕین،

هەندێک کەس سەرزەنشتیان کردی چونکە قایل بووی بەکەفالەت لە بەندیخانە دەربچی، کە بە ڕووداوەکەدا دەچییەوە ئایا لەو بڕوایەدای کە هەڵسوکەوتێکی باشت کرد؟


لە ئەڵبانی، ئەو هەڵەیەی کە کردم، لەو نارەزاییە لەسەر جیاوازیی ڕەگەزی بوو لە جیاتی ئەوە ڕووبەڕووبوونە

مارتن لۆتەر کینگ: نا، لەو بڕوایەدام هەڵەیەکی تەکنیکیم کرد کە لە بەندیخانە دەرچووم و ڕازی بووم کەفالەتەکە بدەم دوای ئەوەی حوکمم بۆ دەرچوو لەگەڵ ١٢٥ کەس، زۆربەیان لە شوفێرەکانی ئۆتۆمبێلە جێگرەکان بوون کە سەرپەرشتیمان کرد، ئەوەش بەپێی قانوونێکی کۆن دەستووریبوونی ڕوون نییە، دابڕان قەدەخە دەکا. دەبووایە لە بەندیخانەدا بمامایە، چونکە ئەوە ڕەهەندێکی فرەوانتری لەسەر ئاستی ناودەوڵەتیدا بە دۆزەکە دەدا و پشتگیرییەکی زۆرتری بۆ بزاوەکەمان دابین دەکرد، دووریش نەبوو کە زۆر زووتر ویژدانی ئەمەریکاییی بە ئاگا دەهێنایەوە و دەیوروژاند.

"پلەی بۆی": ئایا هەست بەوە دەکەی دواتر لە هەڵوێستی کەدا بڕیاری خراپت دابێ؟

مارتن لۆتەر کینگ: بەڵێ، لە ئەڵبانی، لە جۆرجیا، ساڵی ١٩٦٢، ئەگەر

ڕابوردوو دەشێ بگۆڕێ، ئاڕاستەکردنێکی جیاوازم بۆ سەرکردەکانی کۆمەڵگەی زنجیم دەگرتە ئەستۆ. هەڵەکەی کە کردم نارەزایی بوو لە جیاوازیی ڕەگەزی بەشێوەیەکی گشتی لە جیاتی ئەوەی لایەنێکی ڕەت بکەمەوە. جموجووڵە داواکارییەکەمان بەرادەیەک ئاڵۆز بوو کە شتێکمان بەدی نەهێنا و خەڵکەکە تووشی نیگەرانی و نائومێدی بوون. باشتر ئەوە بوو سەنگی چالاکیمان بخستایە سەر جیاوازی لە ئۆتۆبیس یان لە چێشتخانەکان. بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی لەم جۆرە بەهایەکی هێمایی بە دەست دەخا و گەرمیی لایەنگیرانیشمان دەورووژێنێ و گیانی گوزارەییان بەرز دەکاتەوە. بەڵام من لەو بڕوایەدا نیم جموجووڵەکەمان لە ئەڵبانی بە نوشوستی کۆتایی هاتبێ. زنجییەکان سەرشۆڕییان ڕەت کردەوە و سەر بۆ ژێردەستەیی شۆڕ ناکەن. ئەو هەزاران زنجییانەش کە پێشتر لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان نەدابوو ناویان لە لیستەکانی هەڵبژاردندا نووسی. لە خولی دواتردا بە هۆی پتر بوونی دەنگدەران لە نێویاندا، کە کارەکە بە هەڵبژاردنی حاکمێکی نوێی جۆرجیاوە بەند دەبێ لە نێو دوو کاندیددا کە یەکیان دەمارگیری لایەنگرتنی جیاوازییە و دووەمیان پتر میانڕەوە، بۆ یەکەم جار ویلایەتەکە حاکمێکی هەڵبژارد بەڵێنی ڕێز لە قانوون گرتن و بەبێ جیاوازی جێبەجێکردنی دا. ئەو وانەیەی لە هەڵەکانمانەوە هەڵمانهێنجا لە ئەڵبانی، یارمەتیی داین کاراتر بین لە هەڵمەتەکانی دواترمان لە شارەیلی دیکەدا. هەرگیز نەگەڕاینەوە سەر پەرتکردنی کۆششەکانمان بە بەرپاکردنی هێرش دژی جیاوازیی ڕەگەزی، بەڵکو ئاڕاستەکردنی خەباتمان بەرەو ئامانجەیلێکی دەستنیشان کراو و بە گوزارە هێماییەکان.

"پلەی بۆی": ئایا دەتوانی هەڵەی دیکەمان بۆ باس بکەی کە لە کاتی بەڕێوەبردنی بزاوەکەتاندا کردووتە؟

مارتن لۆتەر کینگ: ئەو هەڵەیەی ڕەنگدانەوەی دیاری هەبوو ئو بڕوایە بوو کە ئەگەر ویژدانی ئاینیانمان دواند لە پێناوی دۆزێکی ڕەوادا پشتگیریی قەشە سپییەکان لە باشووردا بە دەست دەخەین. بڕوام بەوە کرد پیاوانی ئاین دۆزەکەمان لە ئەستۆ دەگرن و دەیخەنە بەردەمی دەسەڵاتەکان. بێگومان ئومێدم پووچ بووەوە و سزای خۆم وەرگرت، کە بزاوەکەمان پەرەی سەند و ڕاستەوخۆ ڕوومان لە قەشە سپییەکان کرد، زۆربەیان ڕەتیان کردەوە بۆ بەرژەوەندیی ئێمە خۆیانی لێ بدەن و هەندێکیشیان هەڵوێستێکی دژایەتییان لێ وەرگرتین.

## بەرپەرچدانەوەی ناوزڕێنان

"پلەی بۆی": لە ناو کۆمەڵگەی زنجییدا هەن بە ئەنقەست لە تایبەتمەندییەکانت کەم دەکەنەوە، ئەم ناوزڕێنانە بەزۆری ئاماژە بۆ تۆ دەکەن کە تۆ، "بەڕێز" و "بوکەر ت. کینگ" (بە ناوی بوکەر ت. واشنتن-ی پێشەنگی ئازاد کەرەوەی زنجییان کە ڕادیکاڵییەکان ئەوەی لێ دەگرن کە چاکسازێکی نەرم و نیان بوو). کاردانەوەت چی دەبێ کە وەک "مام تۆم" هەڵسوکەوتت لەگەڵدا دەکەن؟ (مام تۆم پاڵەوانی ڕۆمانی "زنجی مام تۆم"ە کە دەورێکی باڵای لە سەرەتاکانی جەنگی جیابوونەوەدا بینی و بووە گاڵتەجاڕی بەرهەڵستکارە ڕەشەکان لە شەستەکاندا و ناوەکەیان بەکار هێنا و وەک سووکایەتی پێکردن بەو زنجییە میانڕەوانەیان دەگوت کە بایەخیان بە هاوکاریی دەسەڵاتی سپییان دەدا)؟

مارتن لۆتەر کینگ: هەندێکم لەم نازناوانە بیستووە، بەڵام من هەرگیز بە هەڵچوونەوەوە بەرپەرچم نەداونەتەوە. من لەو بڕوایەدام ئێمە کە خۆمان لە ئاپۆرای ژیانی گشتیدا دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکەین خەڵک جۆرەها ناو و ناتۆرەمان لێ دەنێن، لینکۆڵن لەم بارەیەوە گوتوویەتی: "ئەگەر وەڵامی هەموو

ئەو ڕەخنانە بدەمەوە ئاڕاستەی من دەکرێن کاتی ئەوەم نابێ هیچ کارێکی دیکە بکەم". بەڵام لەبارەی ئەو دوو نازناوەوە کە ئاماژەت بۆ کرد من بەردەوام هەوڵم داوە ناوی "خەباتگێڕی ناتوندوتیژی"م پێ ببڕێ و بڕوا ناکەم کەسێک هەبێ بە جیددی بەوە تاوانبارم بکا کە بە تەواوی پابەندی جەنگ و ڕووخاندنی جیاوازیی ڕەگەز نەبووم.

## لەبارەی ناتوندوتیژییەوە

"پلەی بۆی": مەبەستت لە "خەباتگێڕی ناتوندوتیژی" چییە؟

مارتن لۆتەر کینگ: مەبەستم ئەوەیە پیاوی بەهێز ئەوەندەی میانڕەو بێ دەبێ تەکاندەر بێ. دەبێ ئەوەندەی ئایدیالی بێ دەبێ ڕاستیبین بێ، خۆ ئەگەر ویستم بگەمە ئاستی ئەو دڵنیاییەی هەندێک لە ڕۆڵەکانی گەلەکەم پێمی دەبەخشن ئەوا من دەبێ هەر ئەو پیاوە بم. بۆیە ناتوندوتیژی لە هەمان کاتدا چەکێکی بەهێزیشە و دادوەریشە. ئەگەر ڕووت کردە پیاوێک دەتچەوسێنێتەوە و لە ماوەیەکی درێژەوە توندیت بەرامبەر دەنوێنێ و پێت گوت: "گەر دەتەوێ سزام بدە، من شایەنی سزادان نیم، بەڵام من قبووڵی دەکەم، ئەوا هەموو دەزانن کە من لەسەر هەقم و تۆ هەڵەی"، ئەوا چەکێکی بەهێز و دادوەریشت بەکار هێناوە. ئەم زۆرداره لەسەر ئاستی ڕەوشتدا یەکسەر دەبەزێ، ئەگەر ویژدانی هەبێ شەرمی بەخۆیدا دێتەوە. هەموو دەم ئەم چەکە بەکاردەهێنرێ بەجۆرێک دەگاتە ویژدانی نیگەرانی کۆمەڵگە یان هی نیشتیمان، ڕای گشتی دەبێتە هاوپەیمانت و بەشداری لە پشتگیریی دۆزەکەت دەکا.

دیسان، لەو هێزە بنەڕەتییانەی دەخرێنە بەرچاوان لە کاتی بەکارهێنانی چەکی ناتوندوتیژی هێزێکە لە چەندیی توانستی ئەو تاکانەی ئەم ڕەوتە لە ئەستۆ دەگرن و خۆیان بە پابەندی ئەرکێک دەبینن بە بواری خۆی جێیان

دەهێـڵێ. بۆ یەکـەم جـار درک بە بایـەخی خـۆیان دەکـەن و بۆ یەکـەم جـار ئازایەتیـی ئەوەیان دەبێ ڕزگار ببن. کـاتێک زنجی دەبینێ ئەو ئازایەتیـیـەی هەیە بۆ ئەوەی ئازاد بێ، بەبێ ترس بەرەنگاری سەگگەلە مەشق پێکراوەکان و تفـەنگ و دۆنکی و هـالاوپڕژێنـەکـان دەبێـتـەوە. ئەو سـپـیـیـانەش کـە پەنا بۆ سـەگگەل و تفەنـگ و دۆنکی و هـالاوپڕژێنەکـان دەبەن درک بەوە دەکەن کـە ئەو زنجییەی ڕاهاتوون بە "کورە" بانگی بکەن بووەتە پیاو.

دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین ئەگەر تیۆریی کـاری ڕاستەوخۆی ناتوندوتیژی بنچـینەیەکی ئـەمـەریکاییی نییـە، نیشـتـیـمـانێکی سـروشـتـیی لـە وڵاتێکدا دۆزیوەتەوە ڕێز لە نەرێتێک دەگرێ هـانمان دەدا شـۆڕش لە دژی سـتـەم بەرپا بکەین. ئەو چەکـە بەهێـزەی بۆ یـەکـەم جـار لـە مـاوەی دەیـەی ڕابوردوودا لە مۆنتیگەمری، لەکاتی لە ئۆتۆبیس دابڕاندا تاقیمان کردەوە گەیشتە ڕادەیەک لە ڕێکوپێکی لە لایە جـیـاکـانی بـاشـووردا، بەڕادەیەک کـە بووە هـۆیـەکی تێکۆشـان لە پێناوی ئازادیدا- کارێکی بە کۆمـەڵی بەبایەختـرە کە ئـەمـەریکا لە جـەنگی سـەربەخـۆییـیـەوە زانیویەتی. کـاریگەریی ئەم چەکە و توانسـتـە تایبـەتمەندەکـەی بۆ ڕاکـێـشـانی سـەرنجی جـیـهـان بۆ تێکۆشـانی گـەلانی چەوسـاوە لە پێناوی بەدیهـێنانی دادوەری، جـەختـیـان لەسـەر دەکا سـاڵی ١٩٦٣ لەنێو بەبایەخترینی دە ڕووداودا بوو ڕۆژنامان باسیان لێیانەوە کرد، جگە لـە ڕووداوی تیـرۆرکـردنـی کـێنێـدیی سـەرۆکی و ئەو لـقـوپۆپانـەی لێی بوونەوە، نـۆ ڕووداو لەو شـەڕەی زنجـیـیـەکان بـەم شـێـوە یان بەو شـێـوەیە خۆیان لێ دا.

بەشی شەشەم

# بیر و بۆ چوونگەلێک لە بارەی پیاوەکە و سەردەمەکەوە

## هێزی وشە

فرانسوا فایان

کینگ وتاربێژێکی زمانپاراو بوو، وەک باوک و باپیر و باپیرە گەورەی... بێ ئەوەی چاوێک بە ژیانی ماندوویدا بگێڕین وەک وتاربێژ، کینگ بەڕاستی ناناسین.

لە ساڵی ۱۹٦۳دا ۳٥۰ وتاری خوێندووە و ماوەی ٤٤۰ هەزار کلم[1] یشی بڕیوە، لە ساڵانی دواتردا ناوەندەکە بووە ٤٥۰ دیمانەی گشتی و ٥۰۰ هەزار کلم[2]. سەرەتا ساڵی ۱۹٥٥ بوو لەگەڵ هەڵمەتی لە ئۆتۆبیس دابڕان لە



مۆنتیگەمری. لە ماوەیەکی کەمدا داواکاری زۆرتر دەبوو کینگ لە ناویاندا بدوێ. کاتی لە دەست نەدەما بۆ خۆی یان بۆ خێزانەکەی چونکە چووە ناو کاری تێکۆشانەوە. ساڵێکی ڕێکی بەسەردا چوو تەنانەت بۆ یەک سەعاتیش نەیدەتوانی بە ئارامی دابنیشێ و کتێبێک بخوێنێتەوە[3]. کینگ خەمناک دیار بوو چونکە، وەک ڕۆشنبیرێک و قوتابییەک فێرە هەڵلووشینی کتێبان بوو. بەرنامەی

کـارەکـەی ڕووداوەکـان دەسـتنیـشـانیـان دەکـرد و ئـەمـەش بـواری بۆ نەدەهێشتەوە بۆ حەسانەوە. جارێکیان دانی پێدا نا گوتی: "جاروبارێک بە جگەرەکێشـان قـایل دەبووم تەنیـا لـە یەخـە پێ گرتنی خـەڵکم بحـەسێمـەوە، چونکە چاک دەزانم ئەگەر ڕەتیان بکەمەوە دووبارە دەگەڕێنەوە و لە مانگی دوای ئەوەدا یەخەم دەگرنەوە"[٤].

## شێوازی وتاربێژی

کـینگ وتاربێـژێکی زمـانپـاراو بـوو وەک بـاوک و باپیـر و باپیـرە گـەورەی، ئەوانیش وەک خـۆی هەمـوویان قـەشـە بوون لە کـەنیـسـەی "مـەعـمـەدانی"دا. مـارتن لۆتەر کـینگ لە ناو بنەمـاڵەیەکی بورجـوازی لە ئەتلانتـا لە دایک بوو، بەڕێککەوتیش نەبوو کە بەشـێکی گرینگی لە خـوێندنی لە باکوردا درێژە پێ دا. وەک مـوژدەبەرێکی چاک و دوای بەدەسـتـهـێنانی بڕوانامـەی دوکتـۆرا لە لاهووت-دا، بۆی هـەبوو بۆ کارکردن لە کـەنیسـەی مەعمـەدانیدا تەرخـان بێ، بەڵام چارەنووس ڕێیەکی جیاوازی بۆ هەڵبژارد.

بۆ ئـەوەی لە توانسـتی بۆ خـەڵک ئاخـاوتنی کـینگ تێ بگەین دەبێ ئەوە لەبیـر نەکـەین کە لەمـاوەی خـوێندنیدا ژمـارەیەک پاداشـتی لە ڕەوانبـێژی و زمانپاراوی وەرگرتووە و خولێکی ڕاهێنانیشی لە بنەواکانی وتاربێژی درێژە پێ داوە، ئەم ڕاهێنانە کاریگەریی تایبەتی بەسەر ئەو قوتابیانەی لاهووتەوە هەیە کە دەیانەوێ بچنە ناو ڕستی "کەهەنووت"ەوە.

کـــینگ زانیـی چۆن لـەگـــەڵ خـــەڵکدا دەدوێ، وەک هـەمـــوو قـــەشــــە مـەعمـەدانییـەکان، بەڵام بە توانسـتـەکـەی لە هـەمـوویان باڵادەسـتتر بوو لەم بوارەدا. فێری پێویستیی نەخشـەدانان بوو بۆ پەندەکانی، بە کردەوەش لە زەینیـدا بیـروێنەیەکی بۆ ئەو شـتـانـە دەکێـشـا کـە دەیەوێ بیـڵێ بەر لەوەی بچـێتـە ناو وتارێک لە وتارەکـانیـەوە. هـەروەها فـێـر بـوو چۆن ڕسـتـە پێک دەهێنێ بـە جـۆرێک بە وشـەگـەلێک کـۆتاییـان بێ، بە تەکاندان و سـرووشی

کاریگەر بخورپێ. هەمیشە هەوڵی داوە پابەندی ئەو شتانە بێ کە فێریان بووە، کە ئەمانەش دەگرێتەوە: پێویستیی بە سەرپێوە وەستان بۆ ئەوەی کردەی هەناسەدان ڕێکوپێک بێ و ببێتە هۆکارێکی یاریدەدەر لە وتاربێژیندا و هەروەها پێویستیی جۆرەوجۆر کردنی دەنگ ئەگەر لە توانستدا بوو بۆ گونجاندنی لەگەڵ هەڵوێستەکەدا و گۆڕینی بەردەوامی سەرەتای پەیوین و پەنا بۆ جەموجوولی بێ شڵەژان بردن بۆ ئەوەی پێ بەپێی دەربڕینی وتاربێژانە بڕوا، کە لەگەڵ "شێوەی لێدووان"یشدا تەبا دەبێ. هەروەها لێرەدا شایەنی ئاماژەیە کە کینگ "تایبەتمەندیی دانەبڕانی لەگەڵ کەسانی دی هەیە لەسەر ئاستی سۆزداریدا... بۆیە (یەک لە ئامادەبووەکان دەڵێ) وتارەکەی دەستی بەسەر هەستی خەڵکی ئاساییدا دەگرت و لە هەمان کاتیشدا هی ئەوانەشیان کە پلەی دوکتۆرای لە فەلسەفەدا بەدەست هێناوە... کینگ تەنیا گوێزەرەوەیەکی بێلایەنی قسە نەبوو سەرنج ڕادەکێشێ، باوەڕی بەوە هەبوو کە وشەی هەقی پڕ لە سۆز و بیر، دەتوانێ بگاتە هەموو مرۆڤێک بۆ ئەوەی هانی بدا پێوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی دیکەدا بگۆڕێ"[٥].

بەر لە هەڵمەتی دابڕانە بەناوبانگەکەی لەگەڵ ئۆتۆبیسدا، قەشەی لاو بەلای کەمەوە پازدە سەعاتی بەسەر بردووە لە ئامادەکردنی هەر وتارەپەندێک لە وتارەکانی[٦]. بیرەکانی خۆی تۆمار دەکرد و داڕشتنەکانی چاک دەکردەوە ئینجا بە لەبەرکردن دەقەکەی لەبەر دەکرد، ئەم ڕاهێنانە بەرەو زۆر چاکی برد. بەڵام کینگ ڕووبەڕووی زەحمەتی هات کە ئەو کاتەی بەدەستەوە نەما بەشی ئەوە بکا هەموو دەقەکانی وتارەکانی بنووسێتەوە، چونکە جاری وا هەبوو ناچار بوو لەڕۆژێکدا دوو جار بۆ خەڵک بدوێ. ساڵی ١٩٦٣ سکاڵای لەوە دەکرد گوتی: "سەرزیندوویی و داهێنانم لەدەست داوە، ماوەی ئەوەم نەماوە بەر لە وەی بە جەماوەر بگەم وتارەکانم بنووسمەوە و هەست بە لێکەوتەییەکی (إحباط) قووڵ دەکەم چونکە جگە لە بیرە کۆنەکانم

هیچم پێ نەماوە پێشکێشی بکەم"[٧]. بەڵام بیرە کۆن بووەکانی پتر لە شلەیی فاسۆلیا دەچوو چەند گەرمی بکەینەوە تامەکەی ئەوەندە خۆشتر و بە چێژتر دەبێ!

بیری تیژی کینگ تایبەتمەندییەکی بەبایەخە بەچاکی بەکاری هێناوە، وتارەکانی بەبیر دەخستنەوە بەڵام تەواوێ وەک خۆیانی نەدەهێشتنەوە، بەڵکو گۆڕانکاریی ئەوتۆی تێیاندا دەکرد بۆ ئەوەی لەگەڵ جەماوەری گوێگردا بگونجێ. لەو دەمانەشدا کە هەستی بەوە دەکرد وتارەکانی دووبارەن، لە ڕاستیدا وای لێ دەکردن جیاواز بن، چونکە لە کاتی گوتنیاندا ڕیزبەندیی بیرۆکەکانی ڕاست دەکردەوە. لەوانە بوو قسەیەکی لە ئینجیلی بخاتە سەر یان لێی لاببا. لەوانەشە ڕەخنەیەکی ئاڕاستە کراوی کەسێکی سپیی ناسراوی بخاتە سەر یان لێی لاببا. لەو کاتانەشدا بەردەوام ئەو نەخشەیەی پەیڕەو دەکرد کە بۆ وتارەکەی دانابوو و هەرگیزیش تەتەڵەی نەدەکرد.

دەمێنێتەوە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە تایبەتمەندیی بنەڕەتیی کینگ لە خۆشەویستیی ئەو خەڵکەدا متە کە دەیانیدوواند، جا ڕەنگی پێستیان هەر چۆنێک بێ. ئەگەر هەندێک لە وتاربێژان دڵی خەڵک دەگوشن ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە بەڕاستی ئەوانەیان خۆش ناوێ کە ڕوویان تێ دەکەن. دەشێ قسەخۆشییەکی نەرجسییانە بێ، خۆشییەک بەرەو پێکەوەبوون ببا، فەڕی پێوەندییەکانی بێ و مرۆڤان... کینگ حەز دەکا لەگەڵ خەڵکدا بدوێ چونکە برا و خوشکەکانی لە مرۆڤایەتیدا خۆش دەوێن. ئەو تەکنیکانەی وتاربێژانە فێر بوو کە قەشە مەعمەدانییەکانی پێ تایبەتمەندن، بەڵام دەیزانی تەکنیکەکان بە تەنیا بەس نین و ئەگەر سۆز و ڕاستگۆییی لەگەڵدا نەبێ لەوانەیە مرۆ بەرەو گاڵتەجاڕی ببا.

لە سەرەتای دۆزی ئۆتۆبیسەوە لە مۆنتیگەمری بزاوی زنجییەکان MIA لە

سەرۆکێک دەگەڕا بۆ خۆی، نەک لە لێبووک، بەم جۆرە کینگی هەڵبژارد ئەم بەرپرسێتییە بگرێتە ئەستۆ. ئەوە لە پێنجی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٥دا بوو، واتە لە ڕۆژی یەکەمی لە هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی دابڕاندا بوو، کە زۆر سەرکەوتوو بوو. زنجییەکان لە مۆنتیگەمریدا ڕێککەوتن سەعات حەوتی سەر لە ئێوارە کۆبوونەوەیەک بکەن، سەعات بووە شەش و هێشتا بڕیاریان نەدابوو کێ وتارێک بۆ خەڵک دەخوێنێتەوە. ئینجا ئەرکەکەیان خستە سەر ئەستۆی کینگ. کینگ گەڕایەوە ماڵی خۆی، بە نیگەرانی لەوەی کاردانەوەی کۆریتا-ی هاوسەری چۆن دەبێ، کە چەند هەفتەیەک بوو منداڵی بوو بوو. پێی ڕاگەیاند بە سەرۆکی بزاوی MIA و هەروەها لەبارەی ئەو دیمانەیەی تێیدا دەدوێ و چاوەڕێی وەڵامی کرد، پێی گوت: "تۆ چاک دەزانی تۆ هەرچییەک بکەی بەردەوام بەلاتەوەم دەبینی"[٨].

سەعات بووە شەش و نیو و کینگ تەنیا بیست خولەکی مابوو بۆ ئامادەکردنی وتاری یەکەمی وەک تێکۆشەرێکی زنجی. بە حاڵ توانی لە مێشکیدا هێڵە بەرینەکانی ئەوەی دەیویست بیڵێ ڕێک بخا و بێ ئەوەی نان بخوا لە ماڵەوە دەرچوو. دوای ئەوەی هەندێک گۆرانی گوتران و گوێ لە گوتارگەلێکی کورتی ئامادەکاری گیرا کینگ چووە سەر سەکۆ. کینگ لەبەردەمی ئاپۆرە وەستا و کامێرا تەلەڤزیۆنییەکان وێنەیان دەگرت و کوتارێکی پێشکێش کرد حەڤدە خولەک درێژەی هەبوو بێ ئەوەی پەنا بۆ هیچ بیرێکی نووسراو ببا. قسەکانی کاریگەرییەکیان هەبوو باس ناکرێ، خەڵکەکە گەرم بوونەوە و هاواریان کرد و گۆرانییان گوت و بە وتەبێژی خۆیانیان هەڵبژارد. بارودۆخەکە بەشداریی لە دۆزینەوەی کینگ کرد لەلایەن بزاوی ناوەخۆیی زنجییانەوە. هەروەها کینگ-یش خۆی دۆزییەوە. کە دانیشت هێشتا دەلەرزی لەبەر ئەو خۆماندووکردنە، یەک لە ئامادەبووان گوتی: "پێشتر وشەگەلی وا جوانم نەبیستووە". یەکێکی دی گوتی: "بەئاگاهاتنەوەیەکی زۆر جوانە، کینگ بە هێزێکی سەرسوڕمێن قسەی

کرد". کینگ گەڕایەوە ماڵی خۆی و دڵنیا بوو کە "مێژوونووس نییە بتوانێ پەسنی ئەوە بکا کە ئەم ئێوارەیە ڕووی دا"[٩]. مارتن لۆتەر کینگ-ی وتاربێژی جەماوەری ئەو ئێوارەیە لەدایک بوو. ماوەی خۆئامادەکردن درێژ بوو و خوێندنەوە و تێڕامانی خوێندکار و خولەکانی ڕاهێنانی ئینجیلی و ڕاهێنانەکانی وتاربێژی و موژدەبەری و دیمانەگەلێکی جۆرەوجۆری تێدا بوو.

وتارەکانی کینگ تایبەتمەندیی ڕوونی فێرکارانەی هەیە کە هێشتا سەرنج ڕادەکێشن. ئەمە "شێوەی کینگ"ە و تایبەتە بە خۆی، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە پێویستە بە شێوەی قەشە ڕەشە مەعمەدانییەکانی بکەین. شێوەیەکی بە ترپەیە، وشەکان یان دەستەواژە گرینگەکانی تێدا دووبارە دەبێتەوە، بۆ نموونە هەر وەک لەم برگەیەدا هاتووە: "من لە دادوەری دەترسم، لەسەر برایان دەترسم. لەسەر ڕاستی دەترسم. ئەوەی لەسەر ئەم کارانە بترسێ هەرگیز بانگهێشت بۆ توندوتیژی ناکا. بە توندوتیژی دەتوانی تاوانبارێک بکوژی، بەڵام ناتوانی تاوان بکوژی. بە توندوتیژی دەتوانی درۆزنێک بکوژی، بەڵام بەوە ناتوانی ڕاستی بچەسپێنی. بە توندوتیژی دەتوانی کەسێک بکوژی کینەی ناخی دەردەخا، بەڵام ناتوانی ڕزگارت ببێ لە کینە. تاریکییەکان تاریکییەکان لەناو نابەن. تەنیا ڕووناکی توانستی ئەوەی هەیە"[١٠].

پەنابردنە بەر دووبارەکردنەوەی وشەیەلی تایبەتی بەمەبەست لە درێژەی قسەکانیدا ئەوە بەهێز دەکا کە دەیەوێ سەرنجی بۆ ڕابکێشێ، کینگ لە هەموو وتارەکانیدا پەنای بۆ دووبارەکردنەوە بردووە، هەروەها لەو وتارەشیدا بەکاری هێنا کە لە ٢٨ی ئابی ١٩٦٣دا لە کۆتایی کۆڕەوەکەدا بۆ واشنتن لەبەردەمی ٢٥٠ هەزار کەسدا خوێندییەوە[١١]، ئەوانە باس دەکەین لەو وتارەدا بوون: "هاتینە ئەم شوێنە پیرۆزە، ئەوەی ئێستا پێویستییەکی زۆری پێ هەیە بەبیری ئەمەریکاییاندا بێنینەوە... ئێستا کاتی بەجێ



دوای ١٩٦٣ کینگ ساڵانە بەشداریی لە ٣٠٠ تا ٤٠٠ دیمانەی گشتی "کۆبوونەوە"دا دەکرد و سەتان هەزار کیلۆمەتری بۆ ئەم مەبەستە دەبڕی

هێنانی بەڵێنەکانی دیموکراتییەت هاتووە. ئێستا کاتی لە تاریکییەکان دەرچوون و لە خەمۆکیی دۆڵی جیاوازیی ڕەگەزی دەرچوون هاتووە، بۆ ئەوەی لەسەر ڕێی ڕووناککەرەوەی دادوەریی نێو ڕەگەزەکاندا ڕێ بکەین (...). ئێستا کاتی ئەوە هات نەتەوەکەمان لە لە بەجووڵەکانی جیاوازیی ڕەگەزی ڕزگار بکەین و لەسەر بەردی چەسپاوی برایەتیی دابنێین". وشەی "ئێستا" کە کینگ جەختی لەسەر کرد پەنجەرەکانی کۆشکی سپیی پێ هاتە لەرزە کە لەو شوێنەوە دوور نەبوو!

هەزاران لەسەر ترپەی ئەم وتارە چەپڵەیان لێ دەدا، پەند، وشە، (داخۆ لەم بوارەدا کام وشە گونجاوترە؟). کینگ لەبەر پەرۆشیی وازی لەو دەقەی لە بەر دەستیدا بوو هێنا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دەستەکانی هەڵبڕی و لەو بەشە بەناوبانگەی وتاری "خەونم هەیە..."دا ڕاما، کە ئەم بەشەی ئامادە کردبوو و لەبەریشی کردبوو، ئینجا چەندان جار ئەم لا و ئەو لای کرد بەر لەوەی بێتە واشنتن.

سالّی ١٩٦٤ مارتن لۆتەر کینگ پاداشتی نۆبڵ-ی ئاشتیی پێ درا. لەو ماوەیەدا کینگ هیچی نەبوو لە یەک کتێب بەو لاوە ئەو ڕووداوانەی تێدا گێڕایەوە کە لە ئۆتۆبیسەکانی دابڕاندا لە مۆنتیگەمری ڕوویان دابوو (١٩٥٥): ناوونیشانەکەی بە فرەنسی Combats pour la Liberte (شەڕ لە پێناوی ئازادیدا)[١٢]. ئەم بەرهەمە سالّی ١٩٥٨ لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بڵاو کرایەوە و کینگ پێویستی بە یارمەتی بوو بۆ ئەوەی لە کتێبەکەی ببێتەوە[١٣]. بڵاوکەرەوەیەکی ئەمەریکایی هەیە سالّی ١٩٦٣ کۆمەڵە وتارێکی پەندئامێزی کینگ-ی لە نێوانی ١٩٥٣-١٩٥٩دا بڵاو کردەوە. لە فرەنسا خانەی بڵاوکردنەوەی کاسترمان وەرگێڕانی کۆمەڵەکەی گرتە ئەستۆ لەژێر ناوونیشانی La force d,aimer هێزی خۆشەویستی)دا[١٤].

خوێندەوارانی زمانی فرەنسی لە کتێبەکەوە ئەو پیاوەیان ناسی کە پاداشتی نۆبڵی ئاشتیی دراوەتێ، یان بەلای کەمەوە وایان زانی، ئەم کتێبە نە ئەو ستراتیجییەی کاری ناتوندوتیژییە باس دەکا کە کینگ لە ئەستۆی گرتووە و نە پابەندبوونی کۆمەلّایەتی و سیاسیی باس دەکا. لە نێو سالّانی ١٩٦٤ و ١٩٨٤دا پتر لە ١٨٠ هەزار دانەی ئەم کتێبە لە فرەنسا فرۆشرا.

کینگ دوودڵیی لە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک لە وتارە پەندئامێزەکانی دەربڕی و گوتی: "دوودڵیم لەو بۆچوونەمەوە هاتووە کە وتاری پەندئامێز وتارێ نییە بخوێنرێتەوە بەڵکو وشەیەکە دەبێ ببیسترێ. هەروەها دەبێ بانگهێشت بێ و ئاراستەی ئامادەبووانێک بێ. کەواتە ئاراستەی گوێی گوێگران دەکرێ پتر لە چاوەکانیان، من دڵنیام ئەم هەوڵە هەرگیز بایی ئەوەی تێدا"[١٥]. ئەم لێدووانە بەڵگەیە بۆ چەندیی ڕاستگۆیی بیرمەندیی کینگ. خۆشی لەوەمان پتر پێ دەڵێ، دەقی وتاربێژ هاوتەریبی وشە بیستراوەکانیەتی.

## کینگ شێوازەکەی چاک دەکاتەوە

بە ڕەتبوونی سالاَن شێوازی کینگ وردە وردە چاک بووەوە، کە قەشەیەکی بەرپرس بوو لە ئەبرەشییە لە مۆنتیگەمری، پابەندیی شێوازی مۆژدەبەریی دەکرد کە زنجییەکان لێی ڕاهاتبوون. چەپڵەی دەست و هاوار و گوتنەوەی وشەی "ئامین"ی پێ باش نەبوو کە بە ترپەیەکی ڕێکوپێک لەگەڵ وتارە پەندئامێزەکاندا دووبارە دەکرانەوە و هەروەها شێوازی گەواهیی لە جۆری "پەروەردگار پێم دەڵێ.."ی پێی خۆش نەبوو کە پەندادانی مۆژدەبەری دەبووە "ڕووداو" و ڕاستەوخۆ دەگوازرایەوە لە جیاتی ئەوەی بە بایەخەوە ئامادە بکرێ. کینگ ئەو ڕووکارە سۆزدارییەی خۆش نەدەویست کە لە کۆمەڵەی زنجیدا هەبوو. مۆژدەبەریی بە شێوازێکی بیرمەندیی ڕۆشنبیر ئەنجام دەدا کە قەشە بوو لە کەنیسەی مەعمەدانیدا لە مۆنتیگەمری، ئینجا لە ئەتلانتا و ئەمەش جێی خۆشحاڵیی کەسانی گوزەران باشی سەر بە کەنیسەکەی بوو.

ئەو ململانێ ناتوندوتیژییانەی لەسەر زەویدا خۆی لێ دان، وای لێ کرد بۆچوونی خۆی وردە وردە بگۆڕێ. لە دەوروبەری ساڵی ١٩٦٠دا درکی بەوە کرد کە دەستەواژەکانی وتارەکانی وەک ئەو دەستەواژانەن کە سپییەکان بەکاریان دەهێنن. بۆیە تاک تاکەی وشەکانی خۆی گۆڕی و پشتی بە زمانی شەپۆلە لە خۆپارێزییەکان "التيارات التقوية" و بنچینەگیری "أصولی" بەست، بێ ئەوەی ببێتە یەک لە خۆپارێزان یان بنچینەگیران، هەروەها پشتی بە زمانی شێوە ئینجیلخوێندنە زنجییەکان بەست.

لە جیاتیی ئەوەی ڕەخنە لە کاریگەریی سۆزداری و لەگەڵ کەوتنی "ترپەدار!" بگرێ، کە کۆمەڵگە زنجییەکانیان پێ دەناسرێ وای لێ هات بتوانێ بەهاکانیان و گوزارە شارستانییەکانیان ببینێ. بنەوای دۆزەکە لێرەدا ماتە. کاتێک کینگ مۆژدەبەریی دەکرد و هەر ئەو زمانەی بەکار دەهێنا کە سپییەکان بەکاریان دەهێنا، بێ ئەوەی پێی بزانێ زمانی

کۆیلەکارە کۆنەکانی بەکار دەهێنا، واتە زمانی ئەو سپییانەی وا ئەو سەردەمە ڕەتیان دەکردەوە دان بە مافە مەدەنییەکانی زنجییاندا بنێن.

کاتێک کینگ شارستانی و نەریتی لاهووتیی زنجییە چەوساوەکانی لە ئەستۆ گرت بەڵگەیەکی گۆڕانی قووڵی خۆی پێشکێش کرد. لە کتێبی "هێزی خۆشەویستی"دا کۆمەڵێک لە پەنددادان دەبینین دەشێ هی هەر مۆژدەبەرێکی سپیی ئەو ماوەیە بێ (دەوروبەری ١٩٥٥). لە نێزیکەی ١٩٦٠ەوە بەڕوونی دیار بوو کە پەنددادانەکانی کینگ ئەگەر بە زمانی مۆژدەبەرێکی زنجییەوە نەبێ کە لەپێناوی ئازادیدا تێ دەکۆشێ ناکرێ بگوترێ، شانازی بەوەوە دەکا سەربە نەریتە شارستانییەکانی ئەو نەوانەی کۆیلە کۆنانەن کە لە کوڕەوە درێژەکەیان هیچ شتێکیان لەبیر نەچووەتەوە[16].

کینگ بەردەوام دووبارەی دەکردەوە کە "بڕوایەکی تەواوی بە ناتوندوتیژی هەیە"[17]. ئەمەش لە تێگەیشتنی قووڵی ئینجیل بەمە گەیشت[18]. هەروەها لە لێکۆڵینەوەوە لە شارستانیی زنجییەوە کە مۆرکی کاری بەرگریی پێوەیە. گاندی بەشێوەیەکی بنەڕەتی تەنیا ڕێبازی کاری بە کۆمەڵی ناتوندوتیژی نەبێ هیچی بۆ نەهێنا، ئەمەش کەم نییە[19]. کینگ لە وتارەکانیدا لەبارودۆخێکی کەمدا نەبێ ناچێتەوە سەر وتەکانی گاندی، هەروەها هەرگیز ئاماژە بە یاسای ناودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ ناکا[20]. ئینجیل و کەلەپووری شارستانی و لاهووتیی زنجییان و دەقە بنیاتنەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەموو ئەمانە بەس بوون بۆ ئەوەی هەڕمێن بۆ ناتوندوتیژی پەیدا بکا.

## وتاربێژێکی هاندەر:

کینگ وتاربێژێکی هاندەرە، دەنگە نەرمەکەی گەلێک جار لە تێزەکانیدا بەشداریی لە تۆمارکردنی ڕاستییەکاندا کرد. بۆ نموونە ئەو بانگهێشتەی باس دەکەین کە ڕادیۆ لە ٣٠ی نیسانی ١٩٦٧دا پەخشی کرد. ئامانجیش لەوە ڕەتکردنەوەی خەونی ئەمەریکایی بوو کە لە ڤێتنامدا بووە مۆتەکە، کە

تێیدا هاتووە: "هەرگیز بوار بە هیچ کەسێک نەدەن بەوەتان قایل بکا کە خودا ئەمەریکای هەڵبژاردووە وەک هێزێکی مەسیحی لەپێناوی ئەوەی ببێتە پۆلیسێک بەسەر هەموو جیهانەوە"[٢١]. دوای هەر ڕستەیەکی پتەو، کینگ هەناسەی هەڵدەکێشایەوە. دەیزانی کە ئەم ساتە کورتە لە بێدەنگی لە ماوەی وتاربێژیدا بەهای ڕستەی پڕ لە ئاماژە قوت دەکاتەوە. بارودۆخی بەرزەفڕیی وتاربێژی لەلای کینگ گیانێکی تێکۆشان ڕەنگ دەداتەوە وێنەی نییە، ئەوەش لەسەر ڕستەگەلی هاوسەنگ و ماوەگەلی بێدەنگیی ڕێکوپێک دەوەستا. کینگ لە ئەزموونەکەیدا درکی بەوە کردووە کە وتاربێژ دەبێ شێوازەکانی خۆی بگۆڕێ ئەگەر ویستی سەرنجی جەماوەر بەدەست بهێنێ. بۆیە گەلێک جار دوای بڕگەیەکی وتاری ویژدانیی درێژ دەبینین دەست بۆ گێڕانەوەیەکی دەگمەن دەبا. بە زۆری ڕالف ئەبرناتیی دۆستی دڵسۆزی ئەم گێڕانەوە دەگمەنانەی بۆ دەگێڕایەوە و کینگ گێڕانەوەکەی بە شێوازی خۆی دووبارە دەکردنەوە. تەنیا ئەوەشی نەدەکرد چونکە جەماوەر جاروبارێک پێویستی بە هەندێک حەسانەوە دەکرد، چونکە گەلی ڕەشیش ڕاهاتبوو چەمکەکانی لە نێو چیرۆکگەلی کورت کورتەوە دەربڕێ کە بە ئاسانی مەبەستە ڕەوشتبەرزانەکەی لێ هەڵدەهێنجرا. ئاسانیی لەبەرکردنی ئەم دەگمەنانە یارمەتیی تێگەیشتن و دووبارەکردنەوەی گێڕانەوەکەی دەدا.

کینگ حەز ناکا پەنا بۆ بەڵگەی سەلماندنی زەحمەت ببا خۆی لە کردارە ژمێرەییە ئاڵۆزەکان بدا بەجۆرێک گوێگر توانستی بەدواداچوون لەدەست بدا، بە دەگمەن لە وتارەکانیدا لە ژمارە دەدوێ، تەنانەت کە باسی بەدگوزەرانیی هەندێک لە ڕەشەکان و سپییەکان دەکا، یان کە پێبەندیی سەربازیی ئەمەریکایی لە ڤێتنام ڕەت دەکاتەوە. کینگ وێنە و بەراوردی لا پەسندترە لە ژمارەکان: "سەربازە ڕەشەکان چەکدار دەکەین بۆ ئەوەی کوشتن لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا لە هەندەران پیادە بکا، بەڵام ئەوەندە پاراستن بۆ خێزانەکانیان لە باشوور دابین ناکەین کە سووک نەکرێن یان نەکوژرێن"[٢٢].

## پیاوێکی هەست ناسک:

ئەگەر لە کەنیسە بێ یان لە دیمانەیەک لە شوێنێکی کراوەدا، کینگ بە بڕوا بە خۆ کردنەوە بۆ خەڵک دەدوا، شێوازە جودا جوداکانی بەکار دەهێنا کە پێی ناسرابوو. هەوڵی دەدا ئەم دڵنیاییە بە گوێگرانی بگەیەنێ. ئۆتس-ی نووسەر لەم چوارچێوەیەدا دەڵێ: "لەگەڵ ئەوەدا کە لە دیمانەکانیدا بە دڵنیاییەکی سەرنجڕاکێشەوە هەڵسوکەوت دەکا و بەبڕوایەکی پتەوەوە لە چاوپێکەوتنەکاندا یان لەسەر مینبەردا، بەزوویی کاری لێ دەکرا و هەڵدەچوو، هەر سەرزەنیشتێکی ڕەق ساردی دەکردەوە، هەست بە نشوستیش بەزۆری دەبووە هۆی دڵتەنگیی دەشێ چەند سەعاتێک بخایەنێ. ڕۆژێکیان کەمێ بەر لە کاتی دەستنیشانکراوی وتارەکەی تووشی دڵتەنگی بوو، ئەوەش بەڵگە بوو بۆ هەست بە نوشوستی کردنی، ئەوەی سەرسوڕمێنیش بوو کاتێک بەسەر سەکۆدا سەرکەوت کۆتایی هات و چارەکە سەعاتێک بە ڕوونی قسەی کرد. کە لە لێدووان بووەوە دووبارە تووشی دڵتەنگی بووەوە"[٢٣].

کینگ هەر شەوە و لە پێنج یان شەش سەعات پتر پێویستیی بە نووستن نەبوو. دوای دیمانەکانیشی لەگەڵ هاوڕێیانی ڕووی دەکردە ئەو چێشتخانەیەی مێزێکیان تێدا بۆ گرتبوو، لە ناو شاردا یان لەم ئوتێلەی لێی دابەزی بوو، دوای ماندووبوون پێویستیی بە حەسانەوە دەبوو لەتەک هاوڕێیانیدا کە بەشداریی خواردن و پێکەنینیان دەکرد. "گۆشت.." و "باڵە مریشک" لە خواردنە پەسندەکانی بوون، وەک هەموو وتاربێژان کە لە کاتی دواندنی جەماوەردا ڕەنجێکی فیزیۆلۆجی دەدەن: دوای سەکۆ باشترین حەسانەوە لەلای، گرد بوونەوەی لە دەوری مێزی خواردنە.

فرانسوا ڤایان*

پەراوێز:

* فرانسوا ڤایان: لێکۆڵەرەوەیەکی لاهووتییە، ئەندامە لە "بزاو لە پێناوی جێگرەوەیەکی ناتوندوتیژی MAN"، سەرنووسیاری کۆواری Alternatives Non-Violentes، دانەری La non-violence, Essai de morale fondamentale پاریس، Cerf، ١٩٩٠، La non- violence dans l,Evangile بلاوکراوەکانی Ed,Ouvrieres، پاریس ١٩٩١.

١. بڕوانە کتێبی س. ب. ئۆتس "مارتن لۆتەر کینگ"، بلاوکراوەکانی Le Centurion، پاریس ١٩٨٥، ل٣١١.

٢. بڕوانە کتێبی س. موللا Les Idees moires de Martin Luther King، بلاوکراوەکانی Labor et Fides، جنێڤ ١٩٩٢، ل١٣ ئەم کتێبە لە فەڕەنسا بلاوکراوەکانی Cerf.

٣. بڕوانە کتێبی س. ب. ئۆتس-ی پێشتر ناوبراو، ل١٥١.

٤. هەمان سەرچاوە، ل١٥١.

٥. هەمان سەرچاوە، ل٣٢٢-٣٢٣.

٦. هەمان سەرچاوە، ل٨٧.

٧. هەمان سەرچاوە، ل ٣١١ و ٣١٢.

٨. هەمان سەرچاوە، ل, ٨٧ ئێمە قەرزاری ئەوەین کە لەم کتێبەدا هاتووە لە ل٨٧ەوە تا ل٩١.

٩. هەمان سەرچاوە، ل٩١.

١٠. بڕوانە کتێبی س. موللا- کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە ل١٧٥.

١١. دەقی بنەڕەتی، بە فەڕەنسی و ئینگلیزی لەم کتێبەدا هەیە:reve, Je fais un avec neuf autres discours celebres de Kingلەبلاوکراوەکانی Centurion Le، پاریس ١٩٨٧، ل ٥٢-٦١.

١٢. م. ل. کینگ: Combats pour la Liberte، لە بلاوکراوەکانی Biblio- Petite theque Payot، پاریس ١٩٦٨.

١٣. " هێرمەن پویەر دەستی بە نووسینەوەی ئەو ڕەشنووسانە کرد کە کینگ بۆی

ناردبوو... ئەو برگـانەی دووبارە کـردنەوەی بێ سـوود بوون تێدا لابرد و هەندێک لە بەشە زۆر درێژەکانی کورت کردەوە...". ئۆتس، سەرچاوەی پێشتر، ل ١٥٤-١٥٥.

١٤. م. ل. کینگ La Force d,aimer، بڵاوکراوەکانی Casterman پاریس ١٩٦٤.

١٥. هەمان سەرچاوە، پێشەکی، ل١٣.

١٦. ئەم لایەنانە بە وردی خوێنرانەوە لە کتێبی شێرج موللا: Les Idees moires de Martin Luther King، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧-١٠٩.

١٧. بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل١٣٥.

١٨. بڕوانە ف. ڤـایان: La non- violence dans l,Evangile، بڵاوکـراوەکـانی -Ouv rieres، پاریس ١٩٩١.

١٩. پێداچوونەوەی س. مـوللا- سـەرچاوەی پێشـتـر باس کـراو، ل٤٦ و ل ١٩٥- ١٩٧.

٢٠. پێـــدا چوونەوەی ف.ڤـــایان: La non- violence. Essaia de mprale -fon damentale، بڵاوکراوەکانی Cerf، پاریس ١٩٩٠، ل ١٩٥-١٩٧.

٢١. لە کتێبی س. موللای پێشتر باس کراودا، ل٦٨.

٢٢. س. موللا، سەرچاوەی پێشتر باس کراو، ل٦١.

٢٣. س. ب. ئۆتس، سەرچاوەی پێشتر باس کراو، ل ٣١٣-٣١٤.

## لە دەی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٤دا مارتن لۆتەر کینگ پاداشتی نۆبڵی ئاشتیی لە ئۆسلۆ "نەرویج" وەرگرتووە

"هەڵبژاردە لە وتارەکەی لەم بۆنەیەدا"

ئەو ڕێیە پێچاوپێچەی بۆ مۆنتیگەمری و ئەلاباما و تەنانەت بۆ ئۆسلۆی بردین، شاهێتیی ئەم ڕاستییەن. ئەو ڕێیەیە وا ملیۆنان ڕەشی بەسەردا دەڕۆن بەدوای هەستێکی نوێ بو سەربڵندییاندا دەگەڕێن. هەر ئەو ڕێیەیە کە بواری بە هەموو ئەمەریکاییەکان داوە بچنە قۆناخێکی نوێی پێشکەوتن و ئومێدەوە، هەروەها بووە هۆی دەرچوونی قانوونێکی نوێ لەبارەی مافە مەدەنییەکان. ئەمە بەرینتر دەبێ و گەورەتر، دا ببێتە جاددەیەکی بەرین بۆ دادوەری لەگەڵ بەردەوامیی سووربوونی ڕەشەکان و سپییەکان بۆ بەیەکگەیشتن و دووچەندان کردنی هەوڵەکان بۆ بەدیهێنانی داواکارییە هاوبەشەکان. من ئەمڕۆ ئەم پاداشتە وەردەگرم لە بڕوایەکی چەسپاوەوە بە ئەمەریکا و بڕوای کەسێک دەستی بە دوارۆژی مرۆڤایەتییەوە دەگرێ. من ئەوە ڕەت دەکەمەوە دان بەوەدا بنێم ئەو کەلێنانەی ئێستا لە سروشتی مرۆڤانەدا وا لە مرۆ بکەن لەلایەن ڕەوشتەوە دەستەوسان بێ لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە نەگۆڕانەی پێویستە بەردەوام بەرەنگاریان ببێتەوە. هەروەها ئەوە ڕەت دەکەمەوە دان بەوەدا بنێم کە مرۆڤایەتی تەنیا داروپەردوویەکە شەپۆلەکانی ئۆقیانووسی ژیان بەملاولادا دەیهاوێ. ڕەتی دەکەمەوە کە مرۆڤایەتی خۆی بەم شێوە کارەساتئامێزە خۆی بۆ شەوگاری ڕەگەزپەرستی و جەنگ بەخشیوە و بەیانیی ڕووناکی ئاشتی و برایەتی هەرگیز هەڵنایێ.

" من ڕەتی دەکەمەوە دان بەم بارودۆخە ڕەشبینەدا بنێم کە هەر نەتەوەیەک لەناو کێبەرکێی سەربازیدا دەخنکێ تا دۆزەخی وێرانیی ئەتۆمی.

لەو بڕوایەدام ڕاستیی ڕووت و خۆشەویستیی ڕاستگۆ وشەی کۆتاییان لە جیهانماندا دەبێ. بۆیە، ئەگەر ئەم قسەیە تا ماوەیەکی کەمخایەن گاڵتە پێکردن بورووژێنێ، ڕاستی لە بەدکاریی بالادەست بەهێزتر دەبێ. لەو بڕوایەدام تەنانەت لە ناوەڕاستی گرمەی تۆپەکان و خرمەی فیشەکیشدا، شوێن بۆ هیوا بە سبەینێیەکی ڕووناک دەبێتەوە. لەو بڕوایەدام دادوەریی زامداری بەبێ جووڵە نووستوو لە شەقامە لە خوێن وەردراوەکانی وڵاتماندا، کە بە گەرد و خەوش داپۆشراوە، هی ئەوەیە سەرلەنوێ وەک دەسەڵاتێکی ڕەها بژێنرێتەوە فەرمانڕەوایەتیی مرۆڤایەتی بکا.

"ئازایەتیی ئەوەم هەیە بڕوا بکەم کە خەڵک لە هەموو شوێنێکدا دەتوانن ڕۆژی سێ جەم بەدەست بهێنن بۆ دەرخواردانی لەشەکانیان، زانست و ڕۆشنبیرییش بەدەست بخەن بۆ دەرخواردانی بیرەکانیان، سەربەرزی و یەکسانی و ئازادی بەدەست بخەن بۆ دەرخواردانی گیانیان، لەو بڕوایەدام بە سرووشی خۆشەویستیی هی دی پۆلێ لە خەڵک دەتوانن ئەوە بنیات بنێنەوە کە ئەوانەی بەدوای خۆویستیدا دەچن ڕووخاندوویانە. هەر لەسەر ئەو بڕوایەدا دەمێنمەوە ڕۆژێک دێ مرۆڤایەتی لەبەردەمی قوربانیگە "مزبح"ی خودادا دەنوشتێنەوە بۆ وەرگرتنی ئەفسەری سەرکەوتن بەسەر جەنگ و خوێنڕشتندا، بۆ ئەوەی ئەو چاکەخوازییەی لە چوارچێوەی ناتوندوتیژیی ڕزگارکەرەوەدا دەگەشێتەوە، قانوونەکانی سەرزەوی دادەڕێژێ. شێر لەگەڵ مەڕدا دەژی و هەموو مرۆڤێک لە بن دارمێوەکەی یان دارهەنجیرەکەی خۆیدا بەبێ ترس دادەنیشێ.

"لەسەر ئەو بڕوایەدا دەمێنمەوە کە ئێمە سەردەکەوین. ئازایی لە بڕوا وەردەگرین بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵئەنگووتنەکانی دوارۆژ. ئەو هێزێکی تازە بە پێیە ماندووەکانمان دەدا بۆ ئەوەی درێژە بە ڕێکردنی بەرەو شاری ئازادی بدەین. ڕۆژگارمان کە دەکەوێتە ژێر باری هەورە ڕەش و نزمەکان بەری ڕووناکیی لێ دەگرێ، کە تاریکیی ئاسمان تیر دەبێ و لە تاریکیی

هـەزار شـــەو پـتـــر دەبێ، درک بـەوە دەکـــەین لـە گـــەرداوی داهێنـەری شارستانییەکی ڕەسەندا وەستاوین ململانێ دەکا تا لەدایک بێ.

"ئەمـڕۆ خـۆم لە ئۆسلـۆدا دەبینم وەک ئەرکـێکم خـرابێـتـە ئەسـتـۆ پڕ لە پێزانـیی تازەبووەوەی مرۆڤـایەتی. من بەناوی هەموو ئەوانەوە کە بڕوایان بە ئاشتی و برایەتی هەیە ئەم پاداشتە قبووڵ دەکەم".

# کینگ و لاهووتی زنجییان

سێرج موللا

کینگ کە بەرگریی ناتوندوتیژیی هەڵبژارد، بە درێژاییی ژیانی لەگەڵیدا بوو، بەڵام ئەوە بڕیارێکی ڕاستەوخۆ نەبوو. بەڵکو لە "هۆیەکی بەهێز و گشتگیری کۆمەڵایەتی دەگەڕا، لەگەڵ ڕەوشتی مەسیحیدا بگونجێ کە بانگەشە بۆ خۆشەویستی دەکا لە سەرووی پێوەندییە تاکەکان".

بەلای کینگەوە بەدرێژاییی ڕۆژگار ناتوندوتیژی بووە بڕوایەکی ڕاستەقینە، تەنانەت بەر لە مردنی بەماوەیەکی کەم گوتوویەتی: "من تەواوێک باوەڕم بە ناتوندوتیژی هەیە. ڕوو لە کوشتنی مرۆیەک ناکەم، لێرە بێ یان لە ڤێتنام و ئاگریش لە هیچ بنیاتێک بەر نادەم... بڕیارم داوە دەست بە ناتوندوتیژییەوە بگرم، چونکە فەلسەفەیەکە فەرمانڕەواییی ژیان و پابەندبوونی تێکۆشانم دەکا لە پێناوی دادوەریی ڕەگەزی، هەروەها فەرمانڕەواییی پێوەندیم دەکا بە خەڵکەوە و پێوەندیم بە خۆمەوە، هەمیشە هەر دڵسۆزی ناتوندوتیژی دەبم"[١].



من تەواوێک باوەڕم بە ناتوندوتیژییە..

## بیرێک لە پێکهاتندا

کینگ لە ماوەی خوێندنی لاهووتیدا ناتوندوتیژیی دۆزییەوە، لە ساڵی ١٩٥٠شەوە دەستی بە بایەخ پێدانی کرد، کە لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا بوو. لاوەکە بە شێوەیەکی تایبەت بایەخی بە گاندی دا، دوای سیمینارەکانی أ. ج. ماست-ی سکرتێری جێبەجێکاری MIR و موردکای جۆنسن- سەرۆکی زانکۆی هاوەردی زنجییان/ کە تازە لە گەشتێکی هیندستان گەڕابووەوە. کینگ بە تەماشاکردنی کارەکانی مەهاتما (گاندی)یەوە خەریک بوو، هێشتا باوەڕیشی بە شیانی جێبەجێکردنی فەلسەفەیەکی هاوشێوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا نەهێنابوو. بەڵام سەرکەوتنی هەڵمەتی لە ئۆتۆبیسەکان دابڕان کە ساڵی ١٩٥٥ کینگ لە مۆنتیگەمری سەرکردایەتیی کردبوو پێچەوانەی ئەوەی بۆ سەلماند و لە هەمان کاتدا بەرەو قووڵکردنی بیری ڕەوشتباشیی برد.

کینگ یەکەم زنجیی ئەمەریکایی نەبوو بایەخی بە کتێبەکانی گاندی و شێوازەکانی دەدا. هەندێک لەمانە کە هووارد تۆرمەن-یشیان تێدایە، ڕوویان لە هیندستان کرد بۆ دیتنی. کەسانی دی لە خوێندنی بیری گاندی قووڵ بوونەوە، وەک بایارد ڕاستن و جیم لۆسن و برنارد لافایێت و جێیمز فارمەر، ئەوانەی ناویان بە بزاوی تێکۆشان لە پێناوی مافە مەدەنییەکانەوە پێوەست بوو.

کەواتە تەنیا کینگ نەبوو گاندی سەرنجی ڕاکێشابوو، بەڵام دەشێ یەکەم کەس بێ بنەوای پێکەوەژیانی هاوکاری یەکدی کردنی بە کردەوە لە نێو ئەم فەلسەفەیە و کەلەپووری (زنجی)یدا، ئەم شێوە گونجاندنەوەیە هۆی لەئەستۆ گرتنی هەزاران پیاو و ژنی ئەم ڕێبازی بەرگرییە ناتوندوتیژییەی کە "هەستیان پێوە کرد" کە لەگەڵ یەکدا تەواوێک گونجان لەگەڵ باوەڕە مەسیحییەکانیان. لە کۆتایی ١٩٥٥ و لە مانگەکانی دواتر گەلێک جار

هەردوو ناوی کینگ و گاندی پێکەوە دەبرا لەبەر لێکچوونی شێوازەکانیان، بەڵام جیاوازییەکانی نێوانیان بەڕەت بوونەوەی ساڵان قووڵ بووەوە. وردە وردە کینگ نموونە بەگاندی هێنانەوەی کەم کردەوە و بانگهێشتی بۆ بەرگریی ناتوندوتیژی پتر و پتر دەبەست بە "بەڵێنی ڕزگاری بەخودا" و بە کەلەپووری دەوڵەمەندی کەنیسەی زنجیدا گرێ دا، ئەم ڕووتێکردنە کاریگەریی گەورەتری لە کەسایەتیی مەهاتما هەیە بە جووڵاندنی کۆمەڵگەی زنجی. ئەم گۆڕانە ئەو ئەزموونە گیانییە لێکی دەداتەوە کە لە کۆتاییەکانی کانوونی دووەمی ١٩٥٦دا کینگ تێیدا ژیا.

## شەوێکی یەکلاکەرەوە

دوای چەند حەفتەیەک لە سەرەتای هەڵمەتی لە ئۆتۆبیس دابڕان لە مونتیگەمری، کینگ لە درەنگە شەوێکدا لە نەناسێکەوە پێوەندییەکی تەلەفۆنیی پێوە کرا هەڕەشەی ئەوەی لێ کرد ئەگەر لە ماوەی سێ ڕۆژی داهاتوودا شارەکە جێ نەهێڵێ وەک ئەوە دەبێ کە حوکمی بە مردن بەسەر خۆی و ئەندامانی خێزانەکەیدا دابێ. کینگ شێوا و ئارەزووی خەوی لەلا نەما، لەسەر چارپایەکەیەوە هەڵسا، فنجانێک قاوە بۆ خۆی بهێنێ، هەوڵی دا لێکدانەوەیەکی ئەقڵانی بۆ ڕووداوەکانی دوایی ببینێتەوە، بەڵام نەهاتەوە سەر خۆی. ڕووی کردە "ئەو قەوارەیە" ئەو کەسەی گوێی لە دایک و باوکی بوو چەند جارێک باسیان دەکرد: "ئەو شەوە بە دەنگی بەرز نوێژم کرد، گوتم: "خودایە، ئەوەتام هەوڵ دەدەم ئەوە بکەم کە لەسەرمە. پێم وایە من لەڕێ لام نەداوە. پێم وایە ئەو دۆزەی کە دەنوێنرێ دۆزێکی ڕەوایە. بەڵام دانت بۆ پێدا دەنێم ئەی خودایە، من ئەمڕۆ دەستم بە بێهێزی کرد و هێندەی نەماوە بڕووخێم و ئازایەتیم لەدەست بدەم. لەگەڵ ئەوەشدا من ناتوانم لێ گەڕێم خەڵک بەم شێوەیە بمبینن، چونکە، کە بەبێهێزم دەبینن ورە بەرداو، ئەوانیش بێهێز دەبن. خودایە بە هانامەوە بێ، ئەو هێزە پێویستەم

بدەرێ سبەی بەیانی بە زەردەخەنەیەک پێشوازی لە ئەندامانی لیژنەی جێبەجێکردن بکەم". لەو ساتەدا گوێم لە دەنگێکی ناوەوەم بوو پێم دەڵێ: "مارتن لۆتەر کینگ، ڕاوەستە! ڕاوەستە لە پێناوی حەقدا، ڕاوەستە لە پێناوی دادوەریدا، ڕاوەستە لە پێناوی ڕاستیدا! منیش لەگەڵتدا دەبم تا کۆتاییی جیهان". بەڵێ، ڕووناکیم بینی، گوێم لە شریخەی هەورەتریشقە بوو. هێزی شەڕم بیست بەسەرمدا دەکەوێ هەوڵی داگیرکردنی گیانم دەدا. بەڵام دەنگی یەسووعم بیست پاڵم پێوە دەنێ لە جەنگدا بەردەوام بووم. بەڵێنی دامێ هەرگیز دەستبەردارم نەبێ و قەت بە تەنیام جێ نەهێڵێ. منیش ئێستا درێژە بە ڕێکردن دەدەم، بڕوام پێیەتی"[٢].

ئەم شاهێتییە تایبەتمەندە کینگ دوای یازدە ساڵ لە ٢٧ی ئابی ١٩٦٧ دای، واتە لە بارێکی نیگەرانی و هەڵچووندا کە لەگەڵ ڕێکخراوەکەیدا بەسەری بردووە پاش ڕاگەیاندنی هەڵوێستگەلێکی ڕەتکەرەوەی دەستدرێژیی سەربازیی ئەمەریکایی لە ڤێتنام، کە ئەو ئەزموونەی گێڕایەوە لە کاتی پێشکێشکردنی وتارەپەندێکی مژدەبەرانەدا لە شیکاگۆ، کینگ جەختی لەسەر گەنگیی دەوری کرد و ئەو هۆکارانەی لێکدایەوە پاڵی پێوە ناوە بگەڕێتەوە سەر باوەڕی باپیرانی. ئەوساکە کینگ درکی بە هێزی مت کرد لەوەدا کە وای بۆ چوو تەنیا دەربڕینێکی سۆزدارانەی سادەیە لە بارەی باوەڕەوە، هەستی ئەوە دایگرت کە لێکدانەوەیەکی کەی دۆزیوەتەوە بۆ خودا، ئەمەش لە شێوەی ئاخاوتنیدا ڕەنگی دایەوە لە پێشکێشکردنی گەواهییەکەی، کە شێوازی کۆیلانی بەبیر هێنایەوە لە پەسنی وەرگەڕانیان بۆ سەر ئاینی مەسیحی. داننانەکەی تەنیا بیرمەندانە نەبوو و بەس، بەڵکو هەموو بوونیشی گرتەوە و بواری گەڕانەوە بۆ ڕیشەکانی بۆ ڕەخساند. بەم جۆرە کینگ بەردەوام بوو لە پێکهێنانی نێو ئارەزووی بەدیهێنانی دادوەری و بڕوای بە مەسیحییەتدا، بووە هاوڕێیەکی بەکردەوە بۆ ئەو خودایەی پەیمانی دایێ و کە هەر خۆی بە تەنیا "دەتوانێ کەلێنێک بکاتەوە کە هیچ کەلێنێک

نیـیـه". ئـەم دان پێدانـانـه بێگومـان لەسـەر ئـاسـتـی بـاوەڕدا تێ دەگـەین و بە بەڵگەنەویست دانانرێ، بەڵام جـێـپـەنجـەی قـووڵی خـۆی بەسـەر ئـاراسـتـە ڕەوشـتـانـەکـەدا هێشـتـەوە لای قـەشـەی لاودا، کـە لە کـتـێبـەکـەیدا لە بارەی ناتوندوتیـژییـەوە گـوتوویەتی: "مـەسـیـح واتە و ئـامـانجـەکـەی و گـاندی-ش هۆیەکەی داوەتێ"[٣].

***لە سەر لووتکەی چیادا بووم***

*ئەو ئێـوارەیەی تیـرۆر کـرا، مـارتن لۆتەر کـینگ لـە مـەمـفـیس "تێـبـیـسـی" بوو بۆ پشـتـگیـریی کـرێکـارە مـانگرتووەکـانی خاوێنکردنەوە.*

*"کارەیلی توندوتیژی لە شاردا بەرپا بوون و هەندێک لە کۆگاکان تاڵان کران، پۆلیسیش پیاوێکی لاوی کوشت و لە نێزیکەی ٦٠ کەسیشیان تێڵاکوت کرد و پتر لە ٣٠٠ کەسیشیان گرت. لەم کەشانەدا مارتن لۆتەر کینگ گوتارێک لە پەرستگەی ماسۆنیدا دەخوێنێتەوە، ساڵانێکە پیاوان باس لە جەنگ و ئاشتی دەکەن، بەڵام ئیـدی لەمـەودوا ناتوانن بە قـسـەکـردن بوەستن، کـە هەڵبژاردنەکە ئیدی لە نێو توندوتیژی و ناتوندوتیژیدا نییە، ئێمە لەبەردەمی دوو هەڵبـژاردنداین سـێـیـەمـیـان بۆ نـیـیـە، یان ناتوندوتیژی یانیش نەبوون (...).*

*ئەم بەیانییە کە ئەتلانتامان جێهێشت و لە کاتی هەڵسانەوەی فـڕۆکـەدا فـڕۆکـەوانـەکـە ڕووی لە سـەرنشـینان کـرد و لە مایکرۆفۆنەوە گوتی: "نیگەرانین بۆ دواکەوتن کە دوکتۆر کینگ-مـان لەگـەڵدایە لە فـڕۆکـەدا، ئـەمـەش ناچاری کـردین بە وردی جـەخت لەسـەر ئەوە بکەین هەمـوو شـتـێک وەک پێـویسـتـە و فڕۆکەکە بە درێژایی شەو پاسێکی توندی بەسەرەوە بوو". کە*

*گەیشتینە مەمفیس مقۆمقۆ لەبارەی هەڕەشەگەلێکەوە بڵاو بووەوە و بەوەی کە لەوانەیە تووشم ببێ بە هۆی هەندێک لە برا "نەخۆشەکانمان"ەوە. نازانم ئێستا ئەگەر شتێک ڕوو دەدا و دەزانم ڕۆژانی داهاتوو بێگومان زەحمەت دەبن، بەڵام من کەم وا بووە بایەخم بە هەموو ئەم شتانە دابێ، کە من لەسەر چیادا بووم.*

*چیی دی بۆ شتێک نێگەران نەدەبووم. وەک هەموو خەڵک حەز دەکەم زۆر بژیم، کە درێژیی ژیان بەهایەکە هەڵناسەنگێنرێ. بەڵام من ئێستا بە جۆرێکی کە بیر دەکەمەوە. هەموو ئەوەی دەمەوێ ئەوەیە خواستی خودا بەجێ بهێنم. ڕێ پێ دام بگەمە ترۆپک، لەوێوە سەیری دوورم کرد و خاکی بەڵێن پێ دراوم بینی، دوور نییە لەگەڵتان نەیگەمێ، بەڵام ئەم ئێوارەیە من دەمەوێ بزانن کە گەلەکەمان دەگەنە خاکی بەڵێن پێ دراو" .*

## بەرگریی ناتوندوتیژی

کینگ بە هەڵبژاردنێکی هەڵبژاردەیی دانانێ، بەڵکو "تاکە هەڵبژاردنێکی لە توانستدایە"، کە هاوسەنگییەک لە نێو مەبەست و هۆدا دروست دەکا. چونکە ئامانجە وێنەکێشراوەکە، لە کۆششی بەدیهێنانی ئاشتی و ئاشتەواییی نێو مرۆڤان، لە هەموو کارێکدا خۆی دەنوێنێ، بۆیە دەبێ لەو ڕەنگدانەوانەی سەر شێوازەکانی دانەبڕین کە بە خۆیەوەیان دەگرێ. دەستپێک لەو پرسیارەوە لەبارەی ئەوەی خزمەتی پێشکەوتنی مرۆ دەکا دەتوانین جیاوازی لە نێوان قانوونێکی دادوەر- دەبێ پشتگیریی بکەین- و قانوونێکی ستەمکار کە دەبێ لە ڕوویدا بوەستین، لەگەڵ ڕێتێچوونی بژاردنی بەهای ئەو لە ڕووداوەستانە (کینگ لەم چوارچێوەیەدا لەگەڵ بیری هێنری دێڤید "تۆرۆ!!"دا ڕێکە کە لە وتارێکیدا لەبارەی یاخیبوونی

مـەدەنیـیـەوە نووسـیـویەتی ئەمـەی تێـدا دەربڕیوە: Essai sur la desobeissance civile). بۆیە گریمانەی ئەوە لە بەرگریکاری ناتوندوتیـژ دەبێ خۆی بۆ گرفتی ئەو ئازارە ئامـادە بکا کـە دەشێ خـۆی بە ناچاری بەرەنگاربوونەوەی ببینـێ. چۆن بە دڵسۆزی پابەندبوونی دەمێنێتەوە سەرەڕای ئەم ئازارچێژییە؟ کینگ بەخـۆی وەڵامی ئـەم پرسـیـارەی دایەوە بەو بڕوا ئـاینییـانەی و لێکدانەوەیەوە بۆ خـۆشـەویسـتـیـی یەسـووع. بەڵام ئەم چارەسـەرەی بەسـەر کـەسـێکدا نەسەپاند، بەڵکو لەسەر پێویستیی دۆزینەوەی هـەناسەدانێک بۆ ئازارچێژیی چاوەڕوان کراودا سوور بوو، لە ترسی دەستبەردان لە هـەموو شتێک. دەشێ ئەو هـەناسـەدانە بەلای هـەندێ کەسەوە لـە بڕوادا بەرجەستـە بێ و بۆ ئەوانی دی لە باوەڕە مرۆڤایەتییـەکاندا.. مەرجـەکە گەلێک بەبایەخـە: "ناتوندوتیـژی یان نەبوون"[٤].

ئـەم بـاوەڕە لـە ١٩٦٦ەوە هێـنـایـە سـەر ڕووبـەڕووبـوونـەوەی لایـەنـگرانـی "دەسـەڵاتی ڕەش BlackPower"، ئەو لاوە دڵسۆزانە بۆ پێلی ماڵکۆڵم ئێکس کە تەنیـا لە دەسـتـپـێـکێکی تـاکـتـیـکیـیـەوە ناتوندوتیـژییـان بینیـوە، سـەرباریش گریمانەی ئەوەیان کرد کە بە شێوەیەکی ڕیشەیی چاو بەو ڕێژیمەدا ناگێڕن کە ڕێ بە بەردەوامیی ڕەگەزپەرستی و جیاوازیی ڕەگەزی دەدا. ئەمە ئەوە دەگـەیـەنێ کـینگ ئامـانج و هۆیـەکـان و مـۆرکـی ڕزگـارکـەرەوەی گـۆڕی نە سـتۆکلی کارمـایکڵ-ی خەباتگێڕ لە پارتیی (دەسـەڵاتی ڕەش)دای باوەڕ پێ هـاورد و نە زنجییـەکانی گەڕەکەکانی گیتۆ لە شـارەکانی باکوردا، ئەوانەی کـەمـتـر پێـوەندییـان بە کـەنیـسـەوە هـەبوو لە برا و خـوشکانیـان لە باشـوور. کـینگ کـە ڕەخنەکـانیـانی بینی ناچار بوو چاو بە شـیکردنەوەکـەی خـۆیدا بگێڕێ تەنانەت درکی بە پێویستیی ئەنجامدانی گۆڕانکاریی قووڵی تێدا بکا.

## گۆڕان:

بێگومان له ماوەی فرەوان بوونی بواری بزاوە خەباتگێڕییەکاندا دەرکەوت، هەروەها لەسەر ئاستی زمانەوانیش، وردە وردە کەمتر گەشبینیی پێوە دیار بوو و مەترسیی هاتنی "ڕۆژە زەحمەتەکان"ی هەبوو، هەروەها بەکارهێنانی خوازەی "خەون"ی لە بەرژەوەندیی بەنموونەهێنانەوە بە ئینجیل و بەدەنگخوێندنەوە زنجییەکاندا پاشەکشێی کرد. لەوساکەوە ڕاڤەی باوەڕی کەنیسەی سەرلەنوێ کردەوە و بیرکردنەوەی لە دۆزی حوکم گەڕاندەوە لە دەستپێکی ئازارەکانی یەسووعی مەسیح، بەوەش لەو ڕێنوێنیانە دوور کەوتەوە کە لە ماوەی خوێندنیدا خۆیانی لێ دابوون. ڕوانینی بۆ کەنیسە و کۆمەڵگەش گۆڕانیان بەسەردا هات. دەوری کەنیسە لەلای لە سنووری چوارچێوەی ویژداندا نەمایەوە، بەڵکو دەبێ دەور لە وشیارکردنەوە و ڕەخنەگرتندا ببینێ. دەبێ یارمەتیی تیشک خستنە سەر ڕاستیی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتی بدا یان پابەندبوونی دەوڵەت لە دۆزێکی دەستنیشانکراودا. بەم جۆرە کینگ گەیشتە ئەوەی هەڵوێست لە دەستوەردانی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڤێتنام وەربگرێ و بڕیاری دا هەڵمەتێکی فرەوان بۆ یارمەتیی هەژاران دەست پێبکا، ئەم دوو هەڵوێستە هیچ ئاماژەواتەیەکی کۆمۆنیستییان تێدا نەبوو، بەڵکو لە باوەڕگەلی ئاینیی کینگەوە دەستیان پێ دەکرد.

ئەم گۆڕانەی لە ١٩٦٥ەوە دەستی پێ کردووە -لەو ڕۆژانەی دوای هەڵمەتی سێلمادا بوون کە لووتکەی جموجووڵی لە پێناوی مافە مەدەنییەکان بوو- کینگی بەرەو سەرکەوتنگەلێکی نوێ نەبرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە، توندیی لە ڕوودا وەستان پتر بوو: تێکۆشەرە لاوە ڕەشەکان، لایەنگرانی بەرگری لەخۆکردن، پێگەیەکی پەراوێزئامێزیان دایێ، ئینجا ڕەشە پتر میانڕەوەکان و لیبڕالییە سپییەکان بەیەکسانی هەڵسوکەوتیان

لەگــەڵدا کــرد، هـاوپەیمانـانیــان، ئەوانـەی خـۆپارێزییــان لە هـەڵوێســتــە ئاشـتـیـیـانەکـانی کـرد. بەلای کـۆمـەڵەی یەکـەمـەوە، کـینـگ وەک پێـویست ڕادیکاڵی نەبوو، بەلای کۆمـەڵەی دووەمیـشەوە ئەو پتر لە پێویست ڕادیکاڵی بوو و گـریمانەی ئـەوەی لێ دەکـرێ دەست لە سـیـاسـەتـی بیـانـی وەرنەدا، چونکە بەوە بزاوەکەی لەناو دەبا.

## کینگ و لاهووتی زنجییان

لەم چوارچێوەیەدا لە گرژی هـەندێک لە قـەشـە ڕەشـە ناسـراوەکـان، لە ٣١ی تەممووزی ١٩٦٦دا بەیانێکیـان بڵاو کـردەوە لەبارەی "دەسـەڵاتی ڕەش" و ئەو ڕوانگە لاهووتییـەی دەشـێ هـەیبێ. بەیانەکە واژۆی کینگ–ی پێوە نەبوو کـە ویســتـی بە بـەیانێکـی خـۆی ڕای خـۆی لەبارەی ئـەو بەیانـەوە دەربـبـڕێ کــە لەدایکبوونی لاهووتی زنجییـەکانی ڕاگەیاند، بەڵام ئیشـوکاری زۆری ڕێی لە پەرەپێدانی نووسینەکەی بدا لـەبارەی ئەم بابەتە. ڕووداوی تیـرۆرکردنەکەی لە مـەمفیس لە نیسـانـی ١٩٦٨دا توندیی دابڕانی نێوان بیرمـەندانی ڕەش و لیبرالییە سپییەکاندا پتر کرد. ئەمەش بێگومان بەشدارییی لە سەرەتاکە کرد بەپاڵنانی ئەم شـەپۆلە بەرەو فـەلسـەفـەی مـاڵکۆڵم ئێکس–ی دووبەرەکیخـواز، پتـر لەوەی بەرەو ڕووکاری کینگی پێکهێنانەوە ببا. هـەر لەوسـاشـەوە، لەگەڵ دەستوەردانی لاهووتی و فەیلەسـووف و مێژوونووسـانی وەک جێیمز هــ. کۆن و ویلیـەم جـۆنـز و گـەیرود ویلـمـۆر و ڤـینسنت هـاردینگ، لەم چوارچێـوەیەدا ئاسـتی تێڕامـان بەرینتر بوو و ئەو پرسـیـارانەی هـاتنە کـایە، بەو شـەڕانەوە پێـوەسـت کـران کـە بەر لەوە بە سـاڵانێک خـۆی لێ درابوو، هـەروەک بـڵـێـی ڕاگەیاندن بوو بۆ گوازرانەوەی شەڕەکەکان لە شەقامەکانەوە بۆ زانکۆ.

دەرکــەوتنی ئـەم جــۆرە تێــزانە بـەری ئـاوێتــەبوونـی ئەو بیــرانە بوو کــە "بزووتنەوە" بـەرهـەمی هێنان کـە تێکـڕایان تا ڕادەیەکی زۆر بەشـدارییـان لە پەیدابوونی لاهووتی زنجییان و خوێندنەوە زنجییەکان و بزاوەکانی ئافرەتان

دەکرد. لاهووتی زنجییان بێگومان لە لاهووتی ڕزگاری لە ئەمەریکای لاتینی دەچوو، بەڵام ڕەگەکانی بۆ کەنیسە و نەریتە زنجییەکان درێژ دەبنەوە. بۆیە هەر لە سەرەتای پەیدابوونیەوە لە کۆتایی شەستەکاندا وێڕای جەخت لەسەر ئەوە بکا کە زمانی "ڕەشایەتی" چاکترین زمانی هێمایییە کە لە باکوری ئەمەریکادا هەیە لەبارەی خوداوە، لەم سەرەتایەشەوە ئەو دۆزانەی کینگ و بزاوەکەی ڕووبەڕووی هاتن دووبارە کردەوە، بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دانراو. بەم جۆرە بۆ نموونە دۆزی ناسنامە و "ڕەشایەتی" هاتنە گۆڕێ، ئەمەش دوای سیمینارگەلێک لەبارەی ئاوێتە بوون و "دەسەڵاتی ڕەش" و دۆزی ڕەنگی خودا کە پەردەی لەسەر نەبوونی ڕوانین لەلای زۆربەی زۆری کەنیسە سپییەکان لەبارەی ڕەگەزپەرستییەوە و دۆزی توندوتیژی و ئازارچێژیش هێنانەگۆڕێی بابەتێک کە لە بەدەنگەوە خوێندنەوە ئاینییەکانی دووبارە کردەوە. لێکۆڵینەوە لەبارەی دۆزە لاهووتییە گرینگەکان لەو کاتەدا دووبارە کرایەوە کە خوێندنەوەی مێژووشی تێدا دووبارە کرایەوە لەپێناوی ڕوونکردنەوەی سیما دیارەکانی هێز لە کەلەپووری دەوڵەمەندی زنجیی لە هەمان کاتدا نەناسراو.

هەموو ئەمانە ئەمڕۆ هەلی چاوپێدا گێڕانەوە دەرەخسێنێ بە هەردوو کەسایەتیی مارتن لۆتەر کینگ و مالکۆلم ئیکسدا بەجۆرێکی تایبەتی و پێکەوە خوێندنەوەیان بۆ تێگەیستنی بیری هاوچەرخی زنجی و بەجێهێشتنی هەوڵەکانی لەئامێز گرتن لەلایەن دەسەڵاتی سپییەوە. بۆچوونە تازەکانی ڕەشەکان لەم دوو قارەمانانەدا گرینگییەکی تایبەتی هەیە. بۆ نموونە بەلای کینگ-ەوە دەگاتە دیدێکی نوێی ئەو پیاوەی کرایە شەهید و پیرۆز، هان دەدا بایەخ بەو پرسیارگەلە کراوانە بدرێ لەبارەی بەهای بەرگریی ناتوندوتیژییەوە. ئەو ڕەخنانەی هەبوون و ئێستاش لەلای بەشێکی کۆمەڵگەی زنجیدا بیرکردنەوە لەو پێوەندییەی لە نێو ئەم شێوازەدا و نێوانی ئەو گیانپەروەرییە "ڕووحانییەتە"ی پشتگیریی دەکا. کەواتە هێشتا

ڕێبــازەکــەی کــینگ گــرینگی پێــدان دەورووژێنێ و هـان دەدا بـۆ تێـڕامــان. دۆزەکـــە بە دووبـارەکـــردنەوەی ئـەم نموونـەیە نـەمـــاوە ئەوەنـدەی کـــار بـۆ شـیکردنەوەی دەگـەیـەنێ لە چوارچێـوەی ئەو کـاریگـەرییـە ڕاسـتـەقینانەی شـەڕەکانی لەپێناوی ئازادی جێی هێشتوون.

سێرج مۆللا*

پەراوێز:

* سێرج مۆللا: قەشـەیەکی سویسرایییە (CH-1557 Dompierre) تێزێکی لەبارەی لاهووتەوە نـووسـی سـاڵی ١٩٩٢ بە ناوونیـشـانی: LesIdees Noires de Martin Luther King، لە بڵاوکراوەکانی Labor et Fides، جنێڤ، بڵاوکراوەکانی Cerf لە فڕەنسا بڵاوی کردووەتەوە.

١. م. ل. کـینگ Showdown for Non-Violence، ٤/١٦/٦٨، فی مـجـمـوعـە ج. م. واشـنـگـن: "A testament of Hope.The Essential Writings of M.L.K."، بڵاوکراوەکانی Row & Harper، نیویۆرک ١٩٨٦، ل / ٦٩.

٢. م. ل. کینگ (Toi, Insense8/ 67) وەرگێڕانی تەواوی ئەم وتارەپەندە لە: Bulletin du centre protestant, d,etudes Geneve، ئەیلوولی ١٩٨٨، ل ٣-, ٣١.دا هەیە.

٣. م. ل. کـــینـگ Combats pour la Liberte، بڵاوکـــراوەکـــانی پایۆ ١٩٦٨، ل٨٧. ئامـاژەکە دەبینین ئەم بۆچوونە تەواوێک هـی کـینگ نیـیـە، ئەوەی لە پەراوێزی کتێبـەکەشیدا داناوە لـە بارەی خۆ دابڕین، لە مۆنتیگەمری جۆرج کێلسی-ی مامۆستای بوو.

٤. ئەو بۆچوونەی کـینـگ چەندان جـار دووبـارەی دەکـردەوە لە کـتـێـبی Combats دابوو، ل٢٤٢.

## کینگ، ئەمەریکاییەکی جودابووەوە

جان–ماری مۆلەر

سـالّی ١٩٥٥، کـە نـاوی مـارتن لۆتـەر کـینگ لە نـاوەنـدە ناودەوڵـەتیـیـەکـانـدا دووبارە بووەوە لـەگـەڵ بەدەسـتـەوە گـرتـنی سـەرکـردایەتیی ڕەشـەکـان لە ویلایەتە یەکگرتووەکـاندا کـینگ لە خـوار بـیـست و حـەوت سـالّیی تەمـەنیـدا بـوو، سـالّی ١٩٦٤ کـە پاداشـتی نۆبلّی بۆ ئـاشـتی بـەدەست هێنا لە خـوار سی و پێنج ساڵییەوە بوو، لە ١٩٦٨یشدا کە تیرۆر کرا لە خوار چل ساڵییەوە بوو. دەبێ ئەمـە بزانین بۆ ئـەوەی قـۆناخـەکـانی ژیانی کـینگ تێ بگەین لە هـەڵمـەتی خـۆدابڕین لە ئـۆتـۆبیسـەوە لە مـۆنتـیگەمری کە یەکـەم جـمـوجـووڵی بوو و تا مـانگرتنی کـرێکارانی پاککردنەوە لە مەمفیس–ی دوا جموجووڵێک کە بەشداریی تێدا کردووە.

لە یەکی کـانوونی یەکـەمی سـالّی ١٩٥٥دا، ڕۆزا پارکس ڕەتی کـردەوە گوێڕایەڵی ئەو فەرمانە بێ کە ئاڕاستەی کرا کورسییەکەی لە ئۆتۆبیسدا بۆ پیاوێکی سپی جێ بهێڵێ، ڕۆزا سـواری ئۆتۆبیس بوو بوو دەچووە مالّەوە دوای ڕۆژێکی کـاری دوورودرێژ، پێـشـتـر بیـریشی لێ نەکـردبووەوە بە کـەللەڕەقی سـەرپێـچـیی ڕێنوێنیـیـەکـانی ئەنجـومـەنی شـارەوانی بکا بە پابەندبوون بـە جیـاوازی لە ئۆتۆبیـسدا. گوتی ڕەتی کردەوە کە جـێیـەکەی بەجێ بهێڵێ چونکە بە سادەیی ماندوو بوو و لە پێیەکانیدا هەستی بە ئازار دەکـرد، بەڵام ئەم هـەڵسـوکـەوتەی خـاڵێکی یەکـلاکـەرەوە بـوو پاڵی بەهـەمـوو

کۆمەڵگەی زنجییەوە نا لە مۆنتیگەمری ڕەتی بکاتەوە بەخۆی هاوبەش بێ لەو چەوساندنەوەیەی ڕەگەزپەرستیی سپی بەسەریدا دەیسەپێنێ.

## ناتوندوتیژی خۆی کینگ-ی هەڵبژارد

زنجییەکان لە مۆنتیگەمری کە بڕیاریان دا، بە ئامادەنەبوونی کینگ، قەشەی لاو دەتوانێ ئەرکەکانی سەرۆکایەتیی ڕێکخراوەکە ڕاپەڕێنێ کە دەست بە دامەزراندنی کرا بۆ بەرگری کردن لە مافەکانیان، بێگومان هیچ بیرۆکەیەکیان نەبوو لەبارەی بایەخی ئەم هەڵبژاردنە. لەهەمان کاتدا کینگ نەیدەتوانی ئەوە بهێنێتە پێش چاو کە قبووڵکردنی ئەو پۆستە چیی بەدوادا دێ. بەم جۆرە وا دیارە مارتن لۆتەر کینگ بە تەواوی ئارەزووی خۆی ئەوەی هەڵنەبژاردووە ببێتە ئەوەی کە بوو. لیرۆن بینیت-ی نووسەری ژینامەکەی لەم بوارەوە دەڵێ: "کار کە پێش پیاوەکە و بیرۆکەکە کەوت، ئەوە کارێکی ئێجگار بە دەربڕە، کینگ چاوی لەوە نەبوو پۆستی سەرکردە لە مۆنتیگەمری وەربگرێ، خەڵکەکە هێنایان. هەروەها خۆشی بڕیاری نەدابوو ناتوندوتیژی هەڵبژێرێ، ناتوندوتیژی خۆی ئەوی هەڵبژارد، خۆی بەسەریدا سەپاند وەک پێویستییەک کە لە سروشتی هەڵوێستەکەوە هەڵقوڵا بوو"[١].

لویس لوماکس لە La Revolution Noire (شۆڕشی زنجییان)دا جەخت لەسەر ئەوە دەکا مارتن لۆتەر کینگ خۆی بە "بابەتێک لە ناو ڕەوتەکەدا" بینییەوە تەنانەت بەر لەوەی تەواوێک درک بەوەش بکا کە چیی بەسەر دێ. کە بۆی لوا بەهێمنی بیر لە دواڕۆژی خۆی بکاتەوە کات بەسەر چوو بوو. ناوبانگی لەسەر ئاستی ناودەوڵەتیدا بڵاو بووبووەوە و بووە جێی پێشوازی لێ کردن و ڕێز لێنانی خەڵک و هەژدە ملیۆن لە زنجییان ناویان بە "ڕزگارکەرەوە" دەبرد و ڕەوشتپارێزانیش لە لایە جوداکانی جیهاندا لەگەڵ گاندی بەراوردیان کرد[٢]. بەڵام قەشەی لاو کە بووە وتەبێژی فەرمی بەناوی زنجییانەوە لە مونتیگەمری، بنەوا و هۆیە ستراتیجییەکانی کاری

ناتوندوتیژیی نەدەزانی، خوێندنی لاهووتی لە زانکۆی بۆستن ئامادەی کرد بۆ مژدەبەری لە کەنیسەکاندا و نەک بۆ ڕێکخستنی جموجووڵە ناڕەزایی دەربڕەکان لە سەر گۆڕەپانە گشتییەکان.

## هێزی فشار و کارا:

لەسەرەتای هەڵمەتی لە ئۆتۆبیس دابڕاندا لە مۆنتیگەمری، کینگ لەو بڕوایەدا بوو زنجییەکان دەتوانن بەزوویی سپییەکان قایل بکەن بە ڕەوابوونی دۆزەکەیان. لەم چوارچێوەیەدا لیرۆن بینیت دەڵێ: "بەپێچەوانەی ئاسایی بیری لێ دەکەینەوە، کینگ وای نەڕوانییە ئەو تێکۆشانەی لە مۆنتیگەمری دەستی پێ کرد کە شەڕە"[٣]. لە گردبوونەوەکاندا، وەک مژدەبەرێک نەک وەک نەخشەکێشێکی ستراتیجی قسەی لەگەڵ زنجییاندا دەکرد. وشە پڕ لە سووربوون و ئازایی ڕەشەکانی قایل دەکرد بەڵام پێی نەکرا سپییەکان قایل بکا. کینگ لەو بارەیەوە نووسیویەتی دەڵێ: "گریمانەی ئەوەم کرد کە خاوەن تایبەتمەندییەکان "أصحاب الامتیازات" تەنیا بە داوا لێکردیان واز لە تایبەتمەندییەکانی خۆیان دەهێنن! ئەم ئەزموونە دەبێ وانەیەک بێ بۆ من، درکم بەوەش کرد هۆی بوونی جیاوازیی ڕەگەزی تەنیا لە پەراوێز خستنی برێک لە خەڵکە، بەڵکو لەسەرووی هەموو شتێکەوە چەوساندنەوە و بەرخۆرییانە"[٤].

بەم جۆرە، دوای نوشوستیی ئەو گفتوگۆ سەرەتاییانەی بەرپرسانی کۆمپانیای ئۆتۆبیس تێیدا جەختیان لەسەر کردەوە و هەر جۆرە دەستبەردارییەکیان ڕەت کردەوە، کینگ خۆی بە ناچار زانی دان بە هەڵەبوونی خۆیدا بنێ "بە گریمانەی گەشبینیی بێ پاساو" و "کە نوقمی خەیاڵ بووبوو"[٥]. کینگ لەم بارەیەوە قسەی لەگەڵ لیرۆن نینیت کرد و پێی گوت: "لەو بڕوایەدا بوو کە ڕاستی خەڵکی ڕزگار دەکا (...) و دواتر بۆی دەرکەوت کە هەڵە بووە و دۆزەکە دۆزی لۆجیک نییە بەڵکو دۆزی هێزە"[٦].

بەم جۆرە و بە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوەی کە هەیە، ئایدیاییی ئەم قەشە لاوە پاشەکشێی کرد، کە بڕوای بەوە هێنابوو تەنیا "هێزی خۆشەویستی" پێی دەکرێ دادوەری و برایی لە نێو مرۆڤاندا بەدی بهێنێ، لەبەردەمی واقیعبینیی ئەو پیاوە پابەندەی بۆی دەرکەوت تەنیا هێزی فشار ڕێ بە چارەسەری کێشەکان و تەرخانکردنی ڕاستی و ماف دەدا. دوای جموجووڵ لە مۆنتیگەمری بە چەند ساڵێک کینگ جەخت دەکاتەوە و دەڵێ: "ئەگەر مێژوو شتێکی فێر کردبین ئەوەیە کە بەدکاری بەسروشت دڵڕەق و کەللەڕەقە و هەرگیز بە خۆویست پاشەکشە ناکا بەر لە پەیداکردنی بەرگرییەک بەلای دەمارگیریدا دەشکێنێ. هەمیشە دەبێ بەرەنگاری ببیتەوە و هەموو ڕۆژێک بە داری دادوەری لێی بدەی (...)، خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین ئەگەر وا بزانین تەنیا دەست بە ڕەوشتەوە گرتن و پێ سەلماندن دەتوانێ دادوەری بچەسپێنێ. لێرەدا مەبەست دواندنی ڕەوشت سوودی نییە، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێ پاڵپشتێک لە هێزێکی بەکردەوە فشارخەر بەدەست بهێنرێ"[٧].

## *لەپێناوی بەرگرییەکی ناتوندوتیژدا*

*"لەم مانگانەی دواییدا بڕوام بە پێویستیی بەکارهێنانی بەرنامەیەکی ناتوندوتیژی لە پێوەندییە ناودەوڵەتییەکاندا چەسپا. لە ساڵانی خوێندندا بڕوام بە ناتوندوتیژی هەبوو لە سەر ئاستی کێشەکانی ناو کۆمەڵەکاندا لەچوارچێوەی یەک نیشتیماندا. بەڵام هێشتا بڕوام بە سوودی ناتوندوتیژی لە پێوەندییە ناودەوڵەتییەکاندا نەبوو. وام دەزانی جەنگ، هەرچەند هەرگیز نەبووەتە مایەی چاکەگەلێکی ئەرێنی و ڕەها، دەشێ ببێتە مایەی چاکەگەلێکی نەرێنی بە ڕێگرتنی لە پەرەسەندنی هێزێکی بەد و بڵاوبوونەوەی. وام دەزانی جەنگ سەرباری دزێویی دەشێ باشتر بێ لە ژێردەستیی ڕژێمێکی گشتگیر.*

بەڵام وردە وردە درکم بەوە کـرد کـە هێـزی چەکـە نوێیـە لەناوبەرەکـان ئەوەی تەواوێ دوورخـسـتـەوە کـە بشێ و نەرێنییەکانی جەنگ هیچ چاکییەکیان ببێ. ئەگەر دانمان بە مافی مرۆڤایەتی لە ژیاندا نا، دەبێ بریکارێک بۆ جەنگ و تێکدان بدۆزینەوە. کەس ناتوانێ جەنگ بباتەوە لە سەردەمێکدا کە مانگە دەستکردە ئاسمانییەکان و ڕۆکێتە لە دوورەوە ڕێ پێ کـراوەکـان ڕێگەکـانی مـردن لە دوای خـۆیدا جێ دەهێـڵێ. هەڵبژاردنی ئەمڕۆ لە ناو توندوتیژی و ناتوندوتیژیدا نییە، بەڵکو لە نێوانی ناتوندوتیژی و نەبوون-دایە".

کینگ (هەڵبژاردە لە La force d,aimer،
بڵاوکراوەکانی Casterman، پاریس، ١٩٦٤).

"نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵێکە لە ئاستێکی جیهانیدا بۆ پیادەکردنی ناتوندوتیژی. بەلای کەمەوە لە جیاتیی چەک، بە قسە هەوڵی چارەسەری کێشەکان دراوە. بەڵام ناتوندوتیژیی ڕاستەقینە ئەو قۆناخە ڕەت دەکا: کە تەنیا نەمانی توندوتیژی نییە. ئەوەیە کە هەوڵ بدەین بەهەمـوو ئەو هۆیانەی لەبەردەستماندان بەرپەرچی دەستدرێژییەکانی سەر کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی بدەینەوە بەهێزێکی ئاشتیخوازانە. کاتێکیش کە نەتەوە یەکگرتووەکان هەست بە دەورە مەزنەکەی دەکا، هیوادارم بە جیددی لە تواناکانی کاری ڕاستەوخۆی ناتوندوتیژی بکۆڵێتەوە".

کینگ (هەڵبژاردە لە Ou allons-nous?،
بڵاوکراوەکانی Payot، پاریس، ١٩٦٨).

## له چاکسازییەکانەوە بۆ شۆڕش

له سـەرەتادا مـارتن لۆتەر کـینگ هەمـوو هـەوڵێکی دەدا بۆ بەدیهـێنانی ئاوێتـەبوونی ڕەشـەکـان لـە کـۆمـەڵگەی ئەمـەریکایی، لەپێناوی ئەوەشـدا بەشێوەیەکی تایبـەتی گرەوی لەسـەر دواندنی ویژدانـی سپییەکان دەکرد. داوای ئەنجامدانی چاکسازیی دەکرد لە ناو کۆمەڵگەی سپییەکاندا پتر لەوەی داوای شـۆڕش بکا لە دژیدا. بەڵام دواتر درکی بەوە کـرد ئەو چاکسازییانە بەس نین و دادی ڕەشەکانیش نادا. کەواتە گۆڕانکارییەکی دیار لە بەرنامەی بیرکردنەوە و کارکردندا لەلای کینگ هاتە کایە و پتر بوونی ڕوونیی ڕووکـاری ڕادیکاڵیی پێـوە دیاربوو، بە درێژاییی کـۆڕەوە درێژەکەی لە مۆنتیگەمرییەوە تا مەمفیس.

ئەو بەرنامەیەی کینگ گرتبوویە ئەستۆ دوای ڕووداوەکانی ئەڵبانی، بە ڕوونی ئەوە دەگەیەنن کە لە سەرەتادا نەخشەی بۆ جموجووڵ دەکێشا لە چوارچێوەی گرەو لەسەر ئەو توانستە گریمانکراوەی ڕیژیمی ئەمەریکایی کە ڕێی دەدا خۆی چاکسازی لە خۆیدا بکا. لە تشرینی دووەمی ١٩٦١دا کۆمەڵگەی زنجی لە ئەڵبانی و جۆرجیا، لە دەستپێکی ئەو جموجووڵە سەرکەوتووانەیەی لە مۆنتیگەمریدا زنجییەکان خۆیان لێ دا، تەوقی سیاسەتی جیاوازیی ڕەگەزیی شکاند، سەرکردە ناوەخۆییەکان داوایان لە کینگ کرد لە شاردا ئامادەبێ و بچێتە پاڵیان بۆ ئەوەی بەشداری لە بەهێزکردنی هەنگاوەکەیان بکا. کینگ لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٦١دا گەیشتە ئەڵبانی و بۆ ڕۆژی دوایی دەستگیر کرا کە سەرکردایەتیی خۆپیشاندانێکی نارەزاییی دەکرد. دوای ئەوەش دوو جاری دیکەش گیرا. خەبات درێژەی کێشا و هەڵوێستی سپییەکان توندتر بوو. لە ئابی ١٩٦٢دا کینگ بڕیاری ڕێکخستنی خۆپیشاندانێکی جەماوەریی گەورەی دا وەک مەیدانخوازی لە دەسەڵاتی ناوەخۆیی. بەڵام ئەو دەسەڵاتە توانیی فەرمانێکی

فیـدراڵی بەدەست بهـێنێ بۆ قـەدەخـەكـردنی كۆڕەوەكـە. ئەم ڕووداوە بەلای كینگەوە تازە بوو كە تا ئەوساكە سەرپێچیی دژی قانوونە ناوەخۆییەكان دەكرد لە پێناوی ڕەخسـاندنـی ڕێز لە قانوونی فـیدراڵی گرتن كـە بەڕوونی یەكسـانیی نێـو هـەمـوو هاوولاتییـە ئەمـەریكاییـەكـانی تۆمـار كردبوو. ئەوە یەكـەم جـار بوو كـینگ دركی بەوە كـرد كە قـانوونی فیـدرالی بەخـۆی جـێی پرسـیــارە. پاش مــاوەیەک لە ســەرســامی و دوودڵـی، كــینگ بڕیاری ئەنجامنەدانی كۆڕەوەكە و بەپەلە بەجێهێشتنی ئەڵبانیی دا. لیرۆن بینیت لەبارەی ئـەم كـارەوە دەڵێ: "ئەزمـوونی ئەڵبـانی نووچێكی سـەرسـوڕێن بوو بەلای كینگ و بزاوی خەبات لە پێناوی ئازادی-یەوە"[٨]. گومانیشی تێدا نییە گەلێ كەس خودی كینگیان بە بەرپرسی ئەم نوشستییی، بڕیاری پاشەكشەی بەردەمی قـەدەخـەی فـیـدراڵیـیـە دانا. لە ڕاسـتـیـدا كـینگ زەحـمـەتیی لە جموجووڵی دژی حكوومەتی فیدرالی بینی چونكە بەردەوام لەو كاروبارانەدا كە دەستدرێژی لە دەستوور دەكرا پشتگیریی دەكردین"[٩]. بەڵام كینگ دواتر دركی بەوە كرد لە بڕیارەكەیدا بە هەڵەدا چووبوو. لەبارەی ئەوەشەوە كۆریتا كینگ دەڵێ: "هەست بە پەشیمانی دایگرت چونكە بڕیارەكەی گەرموگوڕیی بزاوەكـەی لـە ئەڵبـانـی ئیـفلیج كـرد"[١٠]. كـە لـە پێـرمـەنگهـام بوون، كـینگ وانەكانی ئەزموونی ئەڵبانیی بەبیردا هاتەوە.

## شەڕی "مافە كۆمەڵایەتییەكان"

سەرباری ئەوە كینگ وردە وردە دركی بەوە كرد كە دۆزی زنجییان نابێ تەنیا لـە چوارچێـــوەی ڕەگـــەزیدا باس بكرێ، بەڵكو دەبێ لـە چوارچێـــوەی چینایەتیشدا باس بكرێ. كینگ سەركەوتنێكی گەورەی بەدەست هێنا، چونكە لە شـەڕی "مـافە مـەدەنییەكان"دا هەلی سـەركـەوتنی بۆ ڕەشـەكان ڕەخسـاند. بەڵام داننان بەم مـافانەی كە یەكسانییەكی قـانوونی بە ڕەشەكان دەدا لەگەڵ سپییەكاندا، لەڕاستیدا بەس دیار نەبوو بۆ ڕەخساندنی یەكسانیی بە كردەوە

لەسەر هەردوو ئاستی ئابووری و سیاسیدا. کەواتە هەر دەبوو خۆی لە شەڕێکی دیکە بدا: شەڕی "مافە کۆمەڵایەتییەکان Social Rights".

بەڵام نابێ هەر بەو هۆیە ناتوندوتیژییانەی سەرکەوتنیان هێنا لە مافە مەدەنییەکاندا خۆی لەم شەڕە بدا. هەموو ئەو هۆیانەی ڕەشەکان بۆ ناچارکردنی سپییەکان بەکاریان هێنا بۆ دان نان بە ناسنامەکەیان، لە کۆبوونەوەکان و کۆڕەوەکان و مانگرتنەکان، چیی دی لەگەڵ بارودۆخی خەباتدا نین لە ئاستی ئابووریدا. بێگومان ئەو سەرکەوتنانەی بزاوی خەبات لەپێناوی ئازادیدا بەدەستی هێنا ئاواتەکانی لە دڵی ڕەشەکاندا گەشاندەوە، بەڵام ئەو ئاواتانە زۆری نەبرد بەهۆی بەردەوامیی گرفتە ئابوورییەکان بێئومێد بوون. دەرئەنجام لەوە هەستی گشتی بوو بە نوشوستی، بەشداری لە بەرپابوونی ئاژاوەگەلێکی جارجار توندوتیژ لە گەڕەکەکانی گیتۆ لە ساڵی ١٩٦٥ەوە. ساڵی ١٩٦٧ کینگ لەبارەی ئەمەوە نووسیویەتی و دەڵێ: "هەمووان بەهەڵەدا چوون لە کەمکردنەوەی قەرساندنی وزەی ئەو توندوتیژی و تووڕەییەی ڕەشەکان لە دڵیان گرتبوو و چەندیی ئەو ناپاکییەی زۆربەی سپییەکان دەیانشاردەوە. ئەمڕۆ ئاژاوەکان شانۆی ڕووداوەکانیان گرتووە و وەک بنکەیەک بەکار دێن هەڵوێستە جیاکانی سپییەکان و ڕەشەکانی لێوە دەست پێ دەکا"[١٢].

## ستراتیجییەتێکی نوێ

ساڵی ١٩٦٦ مارتن لۆتەر کینگ بڕیاری دا لەگەڵ خێزانەکەیدا لە گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی زنجییاندا لە شیکاگۆ بژی بۆ ئەوەی بەشداریی بارودۆخی دژواری ژیانی دانیشتووانی گیتۆ-کان لە شارەکانی باکوردا بکا. هەروەها درکی بەوەش کرد گریمانەی لێ دەکرێ ستراتیجییەتێکی تازە بکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرفتە ئابوورییەکان و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەریان بدا. کینگ هەندێک ئامادەکاریی کۆمەڵایەتیی پێویستی دەستنیشان کرد و

داوای هەڵنانی هەنگاوگەلێکی پێویست بەکردەوە کرد بۆ جێبەجێ کردنیان بۆ ئەوەی ئەرکی قورسی ژیانی ڕۆژانە لەسەر زنجییان سووک بکاتەوە. هەروەها بە جەختەوە گوتی: "گریمانەی ئەوە ناکرێ تەنیا بەرنامەیەکی کار دابنرێ بەڵکو دەبێ نەخشەگەلێکی تازەش بەبەرچاوەوە بگیرێ بەسەر نیازی پاکی حکوومەتدا کەڵەکە نەبێ و دەتوانێ بە پێچەوانەی ئەوەوە فشارێک پێک بهێنێ بۆ سەر دەسەڵاتەکان تا گوێرایەڵ بێ بۆ پێویستیی تەرخانکردنی دادوەری. ئێمە داوای دانانی بەرنامەیەکی فریاکەوتن دەکەین بۆ دابینکردنی هەلی کار بۆ هەموو ئەوانەی بۆ کار دەگەڕێن، ئەگەر ئەوەش هەر نەکرێ دەبێ داهاتی ساڵانەی بێکارەکان دەستنیشان بکرێ ڕادەی شیاو لە ژیانی سەربەرزی دابین بکا. ئەمڕۆ گومان لەوەدا نەماوە کە سامانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و داهاتی بەشی ئەوە دەکەن هەژاریی تێدا نەهێڵن. قۆناخی دووەمیش لە بەرنامەماندا پێویستیی ڕووخاندنی زنجەکان و بنیاتنانی بنیاتگەلی نوێی لە جیاتی بۆ دانیشتووانی"[١٣].

بەڵام ئەمە ئەرکێکی زێدەڕۆیە لە خواستەکانی و لەلای کینگ هۆگەلێکی پاڵپشتی دەزگەییانەی نەبوو کە دوور نەبوو بەشداری لە بەدیهێنانیدا بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کینگ هەست بە نوشوستی داینەگرت، بەڵکو بە خستنە کاری هەموو توانستەکانی کاری ناتوندوتیژی لە خەباتیدا بەردەوام بوو. لەم دەستپێکەوە شایەنی ئاماژەبێ ئەوەیە، کینگ بەهۆی بزاوتی لەپێناوی مافە مەدەنییەکانی زنجییان نەکوژرا، بەڵکو بەهۆی بزاوتەوە لە پێناوی مافە کۆمەڵایەتییەکانی هەژارانەوە کوژرا. لە ڕاستیدا بۆ پشتگیریی مانگرتنی کرێکارانی خاوێنکردنەوە ڕووی لە مەمفیس کرد، کە داوای داننان بە سەندیکاکەیان و زیادکردنی مووچەیان دەکرد (کە دوای چەند ڕۆژێک لە کوژرانی کینگ داواکارییەکانیان جێبەجێ کرا). کینگ ڕایسپارد پەنا بۆ کارگەلێکی ناتوندوتیژانە ببرێ کاریگەرتر دەبێ لەپێناوی ڕووخاندنی ئەو ناوبڕە کۆمەڵایەتییانەی چینەکان و ڕەگەزەکان لێک جودا

دەکەنەوە و لە ناو خۆیاندا دەیانخەنە یەکدی لەناوبردن. چەند مانگێک بەر لە مردنی گوتی: "نارەزاییی ناتوندوتیژانە پێویستە پەرە بستێنێ و پێ بگا تا بگاتە ئاستێک کە لە کاریگەرییدا دەگونجێ لەگەڵ تیربوونی پەرۆشیی زنجییان و نەمانی دان بەخۆدا گرتنیان، پێ بە پێی پتربوونی ڕەقییش لەلایەن سپییەکانەوە، قۆناخی دووەمیش قۆناخی یاخیبوونی مەدەنییانەی جەماوەرییە. ئێمە پێویستیمان لەوە پترە کە لە تەنیا جەخت لەسەر هەڵوێستمان بێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگەدا، پێویستمان بە هێزێکە ئەم کۆمەڵگەیە ئیفلیج بکات و کار لە هەندێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی کارگێڕییەکانیدا ڕابگرێ"[١٤].

## دژی جەنگ لە ڤێتنام

شەرمەزارکردنی جەنگ لە ڤێتنامدا دیارترین دابڕانێکی نێوان مارتن لۆتەر کینگ و کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بوو. لە چواری نیسانی ساڵی ١٩٦٧ دا – ڕێک بەر لە مردنی بە یەک ساڵ– کینگ وتارێکی خوێندەوە لەبارەی جەنگ لە ڤێتنام–دا. لە ڕاستیدا گەلێک لە سەرکردە ڕەشەکان بەلایانەوە باشتر بوو کینگ خۆی لەم بەرە تازەیە نەدا، لە بزاوی زنجییان دەویست چالاکیی خۆی تەنیا بۆ چارەسەری بارودۆخی زنجییان تەرخان بکا لە ئەمەریکا. سەرباری ئەوەش لەوە دەترسان کە هەڵوێستی دژ بە جەنگ لە ڤێتنام دەسەڵاتی سپی پاڵ پێوە بنێ بەتەواوەتی دوور بکەوێتەوە. بێگومان کینگ درکی بە ڕەهەندەکانی ئەوە دەکرد، بەڵام ئەو لەتوانستیدا نەمابوو دەست بەوەوە بگرێ کە بە بیانوویەکی دەزانی بۆ ئەوەی ببێتە پاساوی بێدەنگی بەرامبەر جەنگێکی دڕندە کە وڵاتەکەی دژی گەلی ڤێتنام خۆی لێ داوە.

هەروەها کینگ لەوەدا پێویستییەکی گونجاوی دەبینی لەگەڵ هەڵبژاردنی ناتوندوتیژیدا. لە توانستیدا نەمابوو لەلایەکەوە داوا لە ڕەشەکان بکا، لە خەباتیاندا دژی چەوساندنەوەی سپییەکان پابەندی ناتوندوتیژی بن،

لەلایەکی کەوە لەو توندوتیژییە بێدەنگ بێ کە حکوومەتی ئەمەریکایی بۆ لەناوبردنی شۆڕشی ڤێتنام بەکاری دەهێنێ. کینگ لە ئەزموونی ناو زنجییەکانی گەڕەکەکانی گیتۆ لە باکوری خۆیەوە بەڕێ کەوت و گوتی: "من کە لە ناو ئەم گەنجە تووڕە و نائومێد و وەلانراوانەدا ڕێم دەکرد، پێیانم دەگوت بۆمبا مۆلۆتۆف-ەکان و تفەنگەکان گرفتەکانیان چارەسەر ناکەن (...) بەڵام لێیان دەپرسی، لەوەشدا هەقیان بوو: ئەی هەڵوێستت لە جەنگی ڤێتنامەوە چییە؟ (...) ئەوساکە درکم بەوە کرد کە ئیتر بواری ئەوەم نییە دەنگ لە دژی توندوتیژیی بێبەشاندا لە گیتۆ هەڵبڕم، بەر لەوەی بەڕوونی بەرەنگاری مەترسیدارترین بەڵێندەری توندوتیژی بین لە جیهانی ئەمڕۆدا، کە مەبەستم حکوومەتی ولاتەکەمە"[١٥]. تاوانبارکردنی جەنگ گشتگیر بوو، خۆشی جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە دەڵێ: "ئەو شێوازانەی پشت بە سووتاندنی مرۆڤان بە ناپاڵم دەبەستێ و ئافرەتان بێوەژن دەخا و مندالان هەتیو دەکا لە ولاتماندا و ئاوەزی لاوان بە هەستەکانی ڕق و کینە ژاراوی دەکا. ئەو سەربازانە بگەڕێننەوە بۆ ماڵەکانیان کە خۆیان لە شەڕگەلی خوێناوی دەدەن، دوایی بە تەن و گیان لاوازیان دەکەن. ئەم شێوازانە ناکرێ لەگەڵ ژیری و دادوەری و خۆشەویستیدا تەبا بن"[١٦]. کینگ هەروەها دەڵێ: "جەنگ لە ڤێتنامدا لە دیاردەی نەخۆشییەکی ڕەگداکوتاو لە قووڵاییی ئاوەزی ئەمەریکاییدا نەبێ هیچی کە نییە"[١٧].

لە دەستپێکی ئەم جەنگەوە هەڵوێستی کینگ ڕوون بووەوە لە تاوانبارکردنی کۆمەڵگەی ئەمەریکاییدا، خەباتی لە پێناوی مافەکانی مرۆڤ -مافەکانی هەموو خەڵک- وای لێ کرد کە جودابێتەوە و بردیە گۆڕەپانێک لەوپەڕی مەترسیدا. وەک بڵێ کە ئەمەی گرتە ئەستۆ حوکمی مردنی بەسەر خۆیدا دا، بە کردەوەش چواری نیسانی ١٩٦٨ی وەک کاتی جێبەجێکردنی حوکمەکە بۆ دانرا.

جان ماری موللەر*

پەراوێز:

* جان ماری موللەر چالاکێکی بزووتنەوە لە پێناوی جێگرەوەیەکی ناتوندوتیژی MAN و ژمارەیەک نووسینی لە بارەی ناتوندوتیژییەوە هەیە دیارترینیان ئەمەیە: Strategie de I action non-violente، بڵاوکراوەکانی Le Seuil لە Col- lection Points Politique، ساڵی ١٩٨١، و کتێبی: Simone Weil,L,exigence de non-violence بڵاوکراوەکانی Temoignage Chretien، ١٩٩٢.

١. لیرۆن بینیت: L Homme d Atlanta Martin Luther King، بڵاوکراوەی Caster- man، پاریس ١٩٦٤، ل٨٢.

٢. لویس لوماکس: La revolte noire، بڵاوکراوەکانی Le Seuil

٣. لیرۆن بینیت، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤.

٤. مارتن لۆتەر کینگ Combats Pour la Liberte، بڵاوکراوەکانی Payot، پاریس ١٩٦٨، ل١١٨.

٥. هەر ئەو سەرچاوەیە.

٦. لیرۆن بینیت، سەرچاوەی پێشوو، ل, ٨٩

٧. م. ل. کینگ ?Ou allons-nous، بڵاوکراوەکانی Payot، پاریس ١٩٦٨، ل ١٥٢– ١٥٣.

٨. لیرۆن بینیت، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢.

٩. کۆریتا کینگ Mavie avec Martin Luther King، بڵاوکراوەکانی Stock، پاریس ١٩٧٠، ل, ٢١٧

١٠. هەر ئەو سەرچاوەیە.

١١. بڕوانە وتاری ڤینسنت ڕۆشێل، ل٣٥ی ئەم دۆسێیە.

١٢. م. ل. کینگ La seule revolution، بڵاوکراوەکانی Casterman، پاریس ١٩٦٨.

(١٣) (١٤) (١٥) (١٦) (١٧) هەر ئەو سەرچاوەیە.

## ياخیبوونی کۆیلەکان

جۆرج باگێ

خـوێندنەوەیەکی دۆزی ڕەشـەکـان و ڕەگـەزپەرسـتی لە ویلایەتە یەککگرتووەکاندا لـە دەستپێکی گێژەنەی سـاڵانی شەست، ئەوەش لەسـەرباسـی سێ خاڵەوە:

١) دۆزی ڕەشـەکان و زۆر خراپیی بارودۆخی ئەمەریکایی.

٢) ئەوەی لە دۆزی کۆیلایەتیدا قەدەخەیە.

٣) دۆزی ناو..

١

لە کتێبخـانەی گشـتـیی بەرین و دڵگیری واشنتندا، کە ناوی مـارتن لۆتەر کینگ-ە، وێنەیەکی زۆر گەورەی ڕەنگاوڕەنگی سـەردیواری لێیـە، درێژاییی دیواری چوونە ژوورەوەی گـرتووە. ئەم وێنەیە -لەسـەر شـێـوەی کـۆوارە وێنەدارەکـان- بەبایەخـتـرینی ئەو ڕووداوانە بـەبیـردەخـاتەوە کـە قـەشـەی ئەتلانتـایان تێدا ژیاوە و بە زۆرییش بەو قۆناخە یەکلاکەرەوانەوە پێوەسـتـە کە بزاوی خەبات لەپێناوی مـافە مـەدەنییـەکان پێیاندا تێپەڕیون. تەنیا یەک ڕووداو نەبێ کـە لە وێنەکـەدا دەرناکـەوێ: مـردنـی. پاش نیـوەڕۆی چواری نیسـانی ١٩٦٨ ئەم قەشە تێکۆشەرە کوژرا کە بۆ پشـتگیریی مـانگرتنێکی سـەندیکایی لە مـەمـفـیس بوو. مردنـە خـوێناوییـەکەی سـەرکردەکـەی کردە شەهید. مردنە شەهیدانەکەی ڕووناکییەکی تراجیدیی گەورەی خستە سەر ژیانی و شـتێکی سـەیرە کە ئەم مردنـە شەهیدانەیە لەم وێنە دیواربەندییـەدا

ئامادە نەکراوە کە لافی ڕێز لێنانی کینگ و نەمرکردنی لێ دەدا.

ئەمە سەیرە؟ تەواوێک نا، چونکە ئەمەریکا هەر لە دامەزرانیەوە هەموو شتێکی تراجیدی ڕەت دەکاتەوە بەوەی کە سەر بە ئەوروپای کۆنە، کە بە کردەوە چۆنێتیی لەگەڵ ڕۆیشتن فێر بووین لە "ئێشیل"ەوە تا "نیتشە". تراجیدیی ئەوروپا سەر بەو چیرۆکگەلە تاکەکەسییەکان و بە کۆمەڵەکان، لەکاتێکدا جیهانی نوێ وای دادەنێ کە دوای خۆی لەگەڵ شەیتانەکاندا لە کیشوەرە کۆنەکەدا جێی هێشتووە. ئا لەم دەستپێکەوە و دوای ئەوەی خوێنی مارتن لۆتەر کینگ دەشۆررێ و توندوتیژیی شەهیدبوونی لەسەر لادەبرێ، دەبێتە قارەمانێکی ئەمەریکایی وەک ئەفسانەکە دەیبینێ.

هێشتا هەر وایە کە ئەو ڕۆژەی بۆ یادەوەریی (نیشتیمانی)ی دانراوە و نەک ڕۆژی مردنی، وەک ئەوەی لای ئێمە وایە بۆ شەهیدە مەسیحییەکان و عیلمانییەکان. ئا بەم جۆرە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک کۆمەڵگەیەکی بە ئاین سەرەتای پێ باشترە لە کۆتایی، لەکاتێکدا سەرەتا بارێکی چاوەڕوانیی واتە نەبێ چیی کە نییە، لەکاتێکدا کۆتایی کۆڕەوی ژیان ڕووناک دەکاتەوە. نەبینینی مردن یان ڕەتکردنەوەی هەڵوێستێکی ئەمەریکاییە لەگەڵ ڕەتکردنەوەی تراجیدیادا گونجاوە. هەر لەم دەستپێکەشەوە گەشبینیی گومان لێنەکراوی ئەمەریکاییی بەرجەستە، لە دەستەواژەی "هەمیشە ڕوو بە زەردەخەنە بە smiling Keep و کۆتاییی شادمان Happy end دەرەخسێ.

بەڵام سەرەڕای ئەوەی تراجیدیا لە ئاوەزی ئەمەریکایی دەرکراوە، تراجیدی ژیان و مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی سەرەوژێر کردووە. داخۆ کەنیسەکانی ڕەشەکان دانیان بە مارتن لۆتەر کینگ-دا دەنا وەک قددیسێک، یان بە پێشەنگێک دادەنرا ویلایەتە یەکگرتووەکان ببەزێنێ "ناوبانگی دەگەیشتە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان؟" ئەگەر شەهید

نەبووایە؟ بەلای زۆرییەوە، نەخێر... بەدەستخستنی پاداشتی نۆبڵی ئاشتی مافی بە پیرۆزبوون (قەداسە) نادا، تەنانەت مافی بەنموونەبوونیش نادا. ئەم قددیسە ڕەشە، بەبێ هیچ گومانێک کەسایەتییەکی تراجیدی بوو، تەنانەت ئەگەر ئەمەریکا بەم شێوەیەشیدا نەبینێ. کارەکە وا پێ دەچێ نەوەکانی کۆیلەکان هێشتا وەکو بڵێی قانوونە فەرمییەکانی ئەمەریکا ڕەت دەکەنەوە. کەچی ڕەشەکان خۆیان بەلای کەمەوە دوو جار بوونەتە هۆی تراجیدیا لە مێژووی ئەمەریکاییدا. ئەوە بەسەر ڕەشەکانەوە ڕووی داوە و لە دەستپێکی ناوچەکانیان، واتە لە قووڵاییی ئەو باشوورەی موڵکی ئەوان نەبوو بەڵام هەر زۆر لە چێـر کـاریگەریی ئەواندا بووە. جـاری یەکـەمـیـان لە جـەنگی جودابوونەوەدا کـە دۆزی کۆیلەیەتی یەکەمی جەنگە نوێیەکانی تەقاندەوە، واتە ئامـادەکـردنی گـشـتـیی دوو کـۆمـەڵگەی دژ بە یـەکـدی هەر یەکـەیان هەڵدەکـوتێـتـە سـەر ئەوی دی لـە ملمـلانێـیـەکی بێ بەزەییـانە لە پێناوی مانەوەدا. تا ئێستاش ئەمەریکاییەکان کە بە کەمتر بایەخ بە مێژوو دانیان ناسـراون، تا ئیـمـرۆش بە سـۆزدارییـەکی توندەوە سـەر لە گـۆڕەپانەکـانی جـەنگ دەدەن لە جـۆرجـیـا (لە ئەتلانتـا) و تێنیـسی (لە شـاتانۆگـا) و لە ڤیرجینیا. کتێب و لێکۆڵینەوەکان کە ئێستاش لەبارەی ئەم جەنگەوە بڵاو دەکرێنەوە لە پەرۆشی خاڵی نین، گیانی جەنگی برایان تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە، گەلی ئەمەریکاییش لەسەر بیرەوەریی یەکەم کارەساتی دەژی.

دوای تێپەڕبوونی سەت ساڵیش، سەرلەنوێ باشوور بەناو خۆیدا چووەوە لە شەستەکانی مێژووی ئەمەریکاییدا و ڕەهەندی تراجیدیی سەرلەنوێ لێ هێنایە گـۆڕێ. ڕەشـەکـان یان ڕاسـتـتـر دۆزی ڕەشـەکـان، جـارێکی کـە دەرکەوتەوە تا وڵات دابەش و شەت و پەت بکا، نەک بەهۆی کـۆیلەیەتییـەوە بەڵکو بەهۆی درێژبوونەوەی ڕاسـتـەوخـۆیەوە بە نێـو "جـێم کـرووز" یان ئەو جیاوازییە ڕەگەزییەی لە کۆمەڵە قانوونێکەوە دەرچوو بوو ڕێی ئاوێتەبوونی کـۆمـەڵایەتیی لە زنجـیـیـان دەگـرت. بەم جـۆرە نـاوچەکـانی دراوسـێی

گۆڕەپانەکانی جەنگی سەدەی ڕابوردوو چەندان خۆپیشاندان و کۆڕەو و پێکدادانی بە خۆوە دیوە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی "جیم کرووز" و جیاوازیی ڕەگەزی و هەر ئەو ململانێیە لە پێناوی ڕزگاربوون لەسەر خاکی کۆیلەیەتیدا دووبارە بووەوە. ئەمڕۆ ئەمەریکا دان بە شەهیدانی بزاوی خەبات لەپێناوی مافە مەدەنییەکاندا دەنێ، ڕێی بەوەش داوە کەلێنێک لە ناو گەشبینییە ڕەگ داکوتاوەکەیاندا ببێ. ئەوەی سوودبەخشیشە لێرە ئەوەیە کە بڵێین ئەو ویلایەتە یەکگرتووانەی بە دەگمەن مۆنۆمێنت بۆ مردووەکان بکا -بە پێچەوانەی وڵاتە ئەوروپییەکان- لە مۆنتیگەمری لە ئەلاباما مۆنۆمێنتێک بۆ چل ئەمەریکایی دروست کرا ژیانیان لە کێشە لە پێناوی مافە مەدەنییەکاندا بەخشیوە[1].

٢

لە شەستەکاندا دروشمی "ڕەشە جوانەکە" بەرز کرایەوە. دروشمەکە لە ئابی ١٩٦٧دا لەسەر بەرگی Crusaderی ڕۆژنامەی ڕەشەکان لە ئەتلانتای شاری مارتن لۆتەر کینگ دەرچوو، پۆستەر و دروشمەکە بە زوویی لە گەڕەکەکانی ڕەشەکانی هەموو شارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بڵاو بووەوە. دیوارەکانی دەزگە گشتییەکان و قوتابخانە و ناوەندەکان و دوکانەکان و کەنیسەکان پێکەوە دووبارەیان دەکردەوە "ڕەشە جوانەکە"، گەڕەکەکانی گیتۆ لە شارە جیاجیاکانی ئەمەریکا "ڕەشە جوانەکە"یان ڕاگەیاند. بەڵام کە ڕەشەکان لەو ناوچانەوە کە لێیانن ئەوەیان ڕاگەیاند ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە ڕۆڵە و نەوەکانی کۆیلەکان گومان لە خۆیان دەکەن. ئەگەر هەستیان بە پێویستیی زۆریان بە ڕاگەیاندنی جوانییان کرد ئەوا دەشێ لە ناخی خۆیاندا گومان لەم جوانییە بکەن، داخۆ خۆیان ناشرین دەبینن؟

بە ڕاستی لە چاوی کۆمەڵگەیەکدا ناشرین بوون کە دان بە لە یەک نموونە پتردا نانێ کە: سپییە. تەنانەت تا شەستەکانیش ئەم ناشرینییەیان هەر

لەگەڵدا بوو، لێشیان جیا نابێتەوە کە ئەو نموونەیە هەڵدەمژن کە کۆمەڵگەکە دەیسەپێنێ. لەگەڵ بزاوی خەبات لە پێناوی مافە مەدەنییەکاندا کارێکی بەکۆمەڵی درێژخایەن دەستی پێ کرد بۆ ڕەتکردنی نموونە باوەکە. خەباتی لە پێناوی مافە مەدەنییەکان کە هەموارکردنی قانوونەکان و سیستمەکان-ی بە ئامانج گرتووە، بەلای ڕەشەکانەوە بوارێکیشە بۆ سەلماندنی پێناسەی کۆمەڵەکە لەپلەی یەکەمدا و ئینجا جارجارەش بۆ تاکەکان.

وشەی "نا" کە ڕۆزا پارکس گوتییەوە سەنگی تایبەتی خۆی هەبوو، ڕۆزا بە پیاوە سپییەکەی گوت کە داوای لێ کرد لە جێی خۆی هەڵبستێت لە ناو پاسەکەدا: "نا، جێم ناگۆڕم". "نا"، وشەیەکی تایبەتییە چونکە ئاساییەکەی بەزاند، کە ڕاگەیاندنی یەکسانییە لە نێوانی ڕەگەزەکاندا و مەیدانخوازییە لە کۆمەڵگەی ڕەگەزپەرستیدا. ئەم "نا"یە یان تەنانەت ئیعدام کردنیشە. بەلای کەمەوە شایەنی بەندیخانەیە، لێرەدا یاخیبوونی کۆیلەیەتی دەردەکەوێ، ئەو کارە دووبارە بووەوەی لە پێوەندیی نێو ڕەشەکان و سپییەکان، خەونی ڕزگاربوون بۆ ڕەشەکان چونکە ڕێژیمی ئێستا سەرەوژێر دەکا و هەڕەشەیەکە سپییەکان ڕاو دەنێ. فریدریک دۆگلاس کۆیلەیەکی یاخییە، دوای ڕزگاربوونی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا The Northern Starی یەکەم ڕۆژنامەی ڕەشەکانی بڵاو کردەوە، یاخیبوونی کوتوپڕی کۆیلەکانی بەرجەستە دەکرد، ئەو یاخیبوونەی یەکسەر قانوونەکانی کۆمەڵگەی ئاغایانی دەڕووخاند[٣].

دوای ئەوە بە سەد ساڵ، ئەنجێلا دێڤیس لە سیمینارێکیدا لە بابەتی فەلسەفەدا لە لۆس ئەنجیلۆس شیکردنەوەیەکی مارکسییانەی بۆ ئەم یاخیبوونە پێشکێش کردووە. یاخیبوونی کۆیلە لە ڕەت کردنەوەی ڕۆزا پارکس-دا دەرکەوت، ژنێک لە ٤٢ ساڵیدا، ساڵی ١٩٥٥ لە مۆنتیگەمری. بەڵام یاخیبوونەکەی بە تاکەکەسی مایەوە وەک یاخیبوونەکەی فریدریک دۆگلاس. چاکەش بۆ مارتن لۆتەر کینگ بوو لەبەرئەوەی قەوارەیەکی

کۆمەڵایەتیی بەو ڕەتکردنەوە تاکەکەسییە دا . ئەوەی پێیشی دەگوترێ لە ئۆتۆبیس دابڕان لە مۆنتیگەمری، چوارچێوەی مانگرتنی ئاسایی و کۆمەڵە وەک ئەزموونی یاخیبوونێکی گشتی تێیدا ژیا .

خەبات لە پێناوی مافە مەدەنییەکان و یاخیبوونی کۆیلەکان، دوو جۆرن لە جموجووڵ، شان بەشان لەگەڵ جۆری یەکەمدا دەڕۆیشتن و پشتیان بەیەکەوە دەبەست. جۆری یەکەم مۆرکێکی دادگەیی تێدایە و بایەخ بە پایەی ڕەشەکان دەدا لە کۆمەڵگەی ئەمەریکاییدا ، جۆری دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی دەروونیی ڕەشەکان لە کۆمەڵگەی سپیدا . هەموو



نووزەی زنجییەک شتێکی سەرسوڕمێنی تێدا نییە، لە بە دەنگەوە خوێندنە ئاینییەکانیدا دەنگ دەداتەوە، جارجار هەست دەکەم منداڵێکم دایکی لەدەست داوە.

مافێک وەردەگیرێ یان ڕاستتر وەردەگیرێ، جەختکردنی خۆیی تێدا دەبێ، جەختکردنی بوونی خۆش و کۆمەڵە هەمیشە هەنگاوێکی ڕزگارییە.

لە ١٩٦٠کاندا، ڕزگار بوون بەلای ڕەشەکانەوە لە قسەی لەبارەی کۆیلەیی و پەسنیدا دەردەکەوت. دوای ئەوەی باوەڕیان بۆ خۆیان چەسپا، ڕەشە ئەمەریکاییەکان وێرایان خۆیان وەک خۆیان ببینن. نەوەکانی کۆیلەکان. تا ئەوسا کۆیلەیەتی نەنگی بوو و لە شوێنێکی نەستدا نێژرابوو. ئەو قەدەخەیە بوو کە لە سێبەری ستەمی کۆمەڵگەی سپیدا ئاماژەی بۆ نەدەکرا و کاتی هات قەدەخەکە دەربخرێ و بێدەنگی بشکێنرێ. لە هەموو شارەکاندا بڵاو بووەوە، لە شەقامەکاندا، لە قوتابخانەکاندا، لە شوێنە گشتییەکاندا پێشانگە ڕێک دەخران چیرۆکی کۆیلەیەتی و کۆمەڵگەی کۆیلەکانی دەگێڕایەوە. ئەوەش لە گەڕەکەکانی ڕەشەکاندا و لە پێناویاندا و بە ئاشکراییەکی تەواوەوە. بەم جۆرەش پرۆسەی "ئەو هەناسە هەڵکێشانی" پاککارییە ئەنجام درا کە لە کۆتاییدا ڕێ بە کۆمەڵەیەکی مرۆیی دەدا لە قەدەخە بەسەریدا سەپێنراوەکە ڕزگار ببێ کە پەراوێزی دەخست. ئەم پرۆسەیە دواتر مۆرکێکی تایبەتی لە کتێبی "ڕیشەکان"ی "ئێلیکس هاڵی"دا وەرگرت کە ساڵی ١٩٧٧ بڵاو کرایەوە. هەر لەو کاتەشدا هەموو ئەمەریکا خەریک بوو لە ڕەهەندەکانی دۆزی کۆیلەیەتی ئاگەدار دەبووەوە لە تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و کۆوارەکاندا. بەوەش قەدەخەکراوە پڕ لە گرێی هەست بە تاوانەکە بەلای سپییەکانیشەوە ڕووخا.

وای لێ هات دەکرا پێوەندیی تازە لە نێو هەردوو ڕەگەزدا دابمەزرێ، بە کردەوەش لە شەستەکاندا ڕەشەکان بە چوونە ژوورەوەیەکی بروسک ئاسا چوونە ناو کۆمەڵگەی ئەمەریکاییەوە. لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا هەموو ئەو مەیدانانەیان بۆ کرایەوە کە پێشتر لێیان قەدەخە بوو. تەنانەت نووسینی مێژووش دووبارە کرایەوە و کتێبگەلێکی نوێی قوتابخانەکان لەم چوارچێوەیەدا دەرچوو، ڕەشەکان لە کتێبە کۆنەکانەوە لابران، بەڵام لە

کتێبە تازەکاندا ئەو پایەیان ڕوون کرایەوە کە لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەیانە.

ئێمە دەزانین دواتر چی بەسەر ئەم بزاوە فرەوانەدا هات، کە کۆمەڵگەی ئەمەریکایی لە قووڵاییەوە گۆڕی. دەزانین چۆن کۆمەڵگە وردە وردە ئەوانەی وەرگرتەوە کە پێشتر لە ژێر فشاری بەهێزی نائاساییدا نەبووایە پەسند نەدەکرد و چۆن بەربەستگەلێکی لە بەربەستە پێشووەکان ئاشکراییی کەمتر بۆ جیاوازیی ڕەگەزی دروست کرد، بەڵام بەربەستگەلی کارا دروست کرا بۆ سەپاندنی میانەیەک ڕەشەکان لە سپییەکان جیا دەکاتەوە. دواتریش چۆن ڕەگەزپەرستییەکی تازەی مەکرباز و سووک بەڵام لەتوندیدا لەکۆنەکە کەمتر نەبوو، جێی ڕەگەزپەرستییە کۆنەکەی گرتەوە. دوای تێپەڕبوونی بیست و پێنج ساڵ بەسەر شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان هێشتا ڕەگەزپەرستە. سەرەڕای تێکەڵبوون لە قوتابخانەکان بەگشتی، هەروەها سەرکەوتنی بەرچاوی بەدی هێنانی دەیان بەڵکوو سەدان هەزار لە ڕەشەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیدا و هەروەها بەسەرباز گیراوانی سوپا و دەستکەوتە بەبایەخەکان و بە ڕێ تێچوونی ئەوەی پیاوێکی ڕەش ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانێ بگاتە پۆستی جێگری سەرۆکی یەکگرتنەکە، سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەمەریکا هێشتا وڵاتێکی ڕەگەزپەرستە.

کۆمەڵی ڕەشەکان لە تەک کۆمەڵی هیندییەکان لە خوارەوەی پلەی کۆمەڵایەتیدا ماونەتەوە، بۆ نموونە هەرچەند کۆمەڵە کۆچبەری نوێ لە چین یان لە یابان یان لە کۆریای باکورەوە دەگات. فشار هەر بەسەر ڕەشەکاندا پتر دەبێ بۆ ئەوەی پتر و پتر بەرەو خوارەوە پاڵیان پێوە بنێن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ڕەشەکان هێشتا لەناو چوارچێوەی وێنەی یەکەمدایە کە بە شێوەیەکی نادیار لە لەخاچ دانی تەونی کۆمەڵایەتیدا هەڵکەنراوە. بەلای زۆرینەی ڕەشەکان، مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە: خۆیان ئەمەریکایان

هەڵنەبژاردووە و بۆ ئەوە نەهاتوون توانستی خۆیان دەربخەن یان سامان کۆ بکەنەوە یان بۆ ژیانێکی باشتر. تەنیا خۆیان لە تەک هیندییەکان، سەر بە پێودانگی ئەمەریکایی نین و ناتوانن لافی خەونی ئەمەریکایی لێ بدەن. کۆچەرە تازەکانیش ئەوە دەزانن. مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە و ئەزموونەکە دووبارە دەبێتەوە، ئەمڕۆ هەر وەک دوێنێ، هەر کوڕێکی ڕەش زنجیێتیی خۆی لە تەمەنی نێوان سێ و شەشساڵیدا ئاشکرا دەکا، لەم تەمەنەدا کەسێکی کە بۆی ئاشکرا دەکا، کەسێک کە ڕەش نییە، ڕەنگی پێستەکەی و دەمامکێکی پێ لەبەر دەکا و لە کۆمەڵگەدا جێیەکی بۆ دەستنیشان دەکا.

٣

لە کۆتایی ١٩٦٠کان لە گەڕەکەکانی گیتۆدا دیواربەندەکان دەرکەوتن و هەر ئەو بابەتانەیان تێدا دووبارە بووەوە: سەربەرزیی پیاوی ڕەش و شانازیی بەخۆی و جوانیی، ئەوەش نەک لە چوارچێوەیەکی گشتی بەڵکو لە کۆمەڵە کەسایەتییەکی دیارەوە کە دەوری خۆیان لە مێژووی ڕەشە ئەمەریکاییەکاندا بینیوە، هەروەها قارەمانەیلێک ناوبانگیان بووە وەک: "نات تورنەر" (ئەوەی ساڵی ١٨٣١ سەرکردایەتیی یاخیبوونێکی لە ڤیرجینیا کرد) و "فریدریک دۆگلاس" و "ماڵکۆلم ئێکس" و "مارتن لۆتەر کینگ" و "ئەنجێلا دێڤیس". ناوەکان لەم ڕەوتەدا بایەخێکی تایبەتییان هەیە، لەسەردەمی کۆیلەیەتیدا ڕەش ناوێکی تایبەت بە خۆی نەبوو، ناوەکەی لە خاوەنەکەیەوە دەهات نەک لە کەسوکارییەوە. کۆیلە ئامرازی کار بوو نەک کەسێک تا ناوی هەبێ. بارەکە بەم جۆرە درێژەی هەبوو تا یاخیبوونە گەورەکە لەپێناوی مافە مەدەنییەکان. ڕەشەکان پایەیەکی دەستنیشان کراویان هەبوو، قانوونەکانی جیاکردنەوەی ڕەگەزی دوورەپەرێزییانی چەسپاند و لە پشت پەردەدا ژیان و بەبێ ناو. ساڵی ١٩٥٣ لە نیویۆرکدا

لێکۆڵینەوەیەک لە نێزیکەی سەد لاپەڕەدا بە ناونیشانی "کەس ناوی من نازانێ" دەرچوو، هی نووسەرێک بوو لە ناوچەی هارلم ئەوەندە نەدەناسرا، بەڵام ناوەکەی و لێکۆڵینەوەکەی ناوبانگیان پەیدا کرد. لەو کاتەوە و تا مرد جێیمس باڵدوین بە یەکێک لە بەبایەخترین و چاکترینی وتەبێژانی بەناوی ڕەشە ئەمەریکاییەکان بوو. هەر لەو ماوەیەشدا ڕۆمانی "پیاوە نادیارەکە" سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێنا، کە چارەسەری هەر ئەو بابەتەی دەکرد، بابەتی ئەو ڕەشە نادیارەی ناوی نییە، "ڕالف ئەلیسون" نووسیویەتی و ئەویش هەر خەڵکی هارلم-ە.

کەواتە دۆزی ناوەکان دۆزێکی بنەڕەتییە لە پێوەندیی نێو ڕەشەکان و سپییەکاندا. کە بەر ناوی کەس دەکەوێ هەروەک بەر ناوی کۆمەڵەش دەکەوێ. ڕەشەکان ئەو تاکە کۆمەڵە ڕەگەزە پێک دەهێنن کە ماوەیەکی درێژ بەبێ پێناسە ژیاوە. هەموو کۆمەڵە ڕەگەزییەکان ناوی نیشتیمانی یەکەمیان لێ نراوە و پەسنی ئەمەریکاییان پێوە نراوە (وەک ئێرلاندییە ئەمەریکاییەکان، ئیتاڵیاییە ئەمەریکاییەکان، پۆڵۆنییە ئەمەریکاییەکان)، ڕەشەکانیش ناوی زنجییانیان لێ نرا، ئەم ناولێنانە لە پایەیان کەم ناکاتەوە بەڵام ناوی ئەفریقیا یان ئەمەریکای لەگەڵدا نەبوو. ڕەشەکان ناوی "ڕەشەکان"یان لە خۆیان نا. وەک تاکی ئەمەریکاییش دانیان پێدا نەنرا تا چەند ساڵێک لەمەوبەر. ئەم دەستەواژەیە لە یەک کاتدا دان بە ڕەسەنیشیان و نیشتیمانێتییاندا دەنێ.

نووسینی ناوی پیاوێکی ڕەش لە ڕۆژنامەی جەژنە ئەمەریکاییەکاندا دان پێدانانێکی دیکەی پێک هێنا بە بوونی ناوێک بۆ ڕەشەکان. دەستنیشانکردنی ڕۆژێکی جەژن ناوی پیاوی ڕەشی پێوە بێ، ڕۆژێکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی تێدا لە کار دەوەستێ، ئەمە هەر بەخۆی تۆڵەکردنەوەیەکی گەورە پێک دەهێنێ بۆ گەلێک مافی ناوی نەبوو. بەڵام ئیدی ناوی مارتن لۆتەر کینگ تەنیا ناوێکی ڕووتی ئەمەریکاییەکی

بەناوبانگ نەبوو، ئەو، بەلای ئەمەریکای بەئاین و خاوێنویستیدا بە پیرۆزی تیشک دەداتەوە، پیرۆزییەک کە بەپلەیەک لە پایەی بەرز دەکاتەوە وای لێ هات زەحمەت بێ چینی ڕەشە بێبەشەکان بیگەنێ. پیرۆزییەک یان ئەفسانەیەک ئەگەر ئەفسانەمان بە وەرگێڕانێکی عیلمانییانەی پیرۆزی دابنێین. لەوانەیە ژیانی کینگ بەجۆرێک ببینین بەوەی کە ڕەنگدانەوەی خەونەکەی بێ (خەونم هەیە). خەونی بە کۆمەڵگەیەکی برایانەی نموونەیییەوە دەبینی، کۆمەڵگەیەک بێگومان ڕاستیی ڕۆژانە بە درۆی دەخاتەوە. ئەم خەونە لە ڕاستیدا، بەر لەوەی خەونی قەشەیەکی ڕەش بێ، خەونی ئەو باوکانە بوو کە ئەمەریکایان دامەزراند، خاکی بەڵێن دراوی نوێ. بەم جۆرەش وێنەی کینگ لە شوێنی ئاساییی خریدا دەبینین لە "پانتیۆن"ی ئەمەریکاییدا.

ئای چ سەرکەوتنێکە بەلای نەوەی کۆیلەیەکەوە! بەڵام ئەم سەرکەوتنە ڕوویەکی دیکەی هەیە، کۆمەڵگەی ئەمەریکایی کە لە کینگەوە ئەفسانەیەک یان قیددیسێک دادەڕێژێ و کە ناوی لە ڕۆژنامەکەیدا تۆمار دەکا هەموو وزەیەکی ئۆپۆزسیۆنی لێ دادەماڵێ.

جۆرج باگێ*

پەراوێز:

* جۆرج باگێ ڕۆژنامەوان و نووسیارە. یەک لە نووسینەکانی:Ken- Louis Ville, tucky، بڵاوکراوەکانی Belfond، ١٩٩٠.

١. " "Civil Rights Memorialی مایا لین–ی هونەرمەندی لاوی چینی–ئەمەریکایی و هونەرمەند هەروەها مۆنومێنتی یادگاریی ئەو سەربازە ئەمەریکاییانەی لە ڤێتنام کوژران و ئەم مۆنومێنتە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە ڕۆژنامەکان و ڕای گشتیدا هەبوو.

٢. لە کتێبی: Memoires d,un esclave americain–ی فردریک دۆگلاس.

دیمانە لەگەڵ هارڵم دزایەر

## "کینگ وای دەردەخا کە ناتوندوتیژی جۆرێکە لە ڕادیکاڵی"

کە مارتن لۆتەر کینگ مرد، هارڵم دزایەر لە تەمەنی هەشت ساڵیدا بووە، بەر لەوەی ببێتە پێشەنگێک لەکارە سیاسییەکەیدا، کینگ وێنەیەکی ئەفسانەییی لە منداڵییدا پێک هێنا.

هارڵم دزایەر، لە سەرەتای سالانی هەشتاوە، یەک لە چالاکە بنەڕەتییەکانە لە بزاوی خەبات لە دژی ڕەگەزپەرستی لە فرەنسا، وای دەبینێ کە کینگ هێشتا کاریگەریی خۆی لەدەست نەداوە.

کاروباری ناتوندوتیژی: بەلای تۆوە مارتن لۆتەر کینگ چی دەگەیەنێ؟

هارڵم دزایەر: کە منداڵ بووم مارتن لۆتەر کینگ تا ڕادەیەک وێنەیەکی ئەفسانەییی هەبوو، دووریش بوو. لە ماڵەوە باسی لێوە دەکرا، باوکیشم، وەک لە ناومەوە دیارە، سەرسامی بزاوی ڕەشەکان بوو لە ئەمەریکا. لەو بڕوایەدام ئێمە ڕێزمان لێ دەگرت بەتایبەتی بۆ ئەو خۆبەختکردنەی هەندێک لە مەسیحی نێزیک کردەوە. دواتر حەز بە زانینم پاڵی پێوە نام، بەیارمەتیی کریستیان دولۆرم[1]، بۆ ناسینی تێکۆشەری گەورە و مرۆ، لە چیرۆکی ئەو ژیانەیەوە کە ئۆتس نووسیی[2]. کینگ ڕوویەکی مێژوویی ململانێیەک دەردەبڕێ پێ دەچێ تەواو بووبێ چونکە کۆتایی بە سەرکەوتن هات. کێشەیەکە لە پێناوی یەکسانیی دادوەری لە نێوان ڕەشەکان و سپییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا. لە کاتێکدا کەسایەتییە ڕاستەقینەکەی، بە شێوە مرۆڤانە کەمتر بەناوبانگەکەی، کەسایەتییەکی دڵکێش و زۆر زۆر لەو وێنەیە

ئاڵۆزتره كه له دووره‌وه ڕه‌نگ ده‌داته‌وه. ده‌موچاوی تێكۆشه‌ریش دیسان زۆر ده‌وڵه‌مه‌نده.

ناتوندوتیژه و له هه‌مان كاتدا هانده‌ریشه. سه‌ركرده‌یه‌كه دڵی جه‌ماوه‌ر ڕاده‌كێشێ به‌ڵام ستراتیجیشه. ئه‌و بێگومان یه‌كه‌م كه‌سه ڕاگه‌یاندنی به چاكی به‌كار هێناوه له پێناوی دۆزێكی كۆمه‌ڵایه‌تیدا. هه‌روه‌ها بێگومان پێشه‌نگی یه‌كه‌مه بۆ جۆره جموجووڵێك وه‌ك ئه‌وه‌ی له فه‌ڕه‌نسا له هه‌شتاكاندا دیمان، یه‌كه‌م چونكه كه‌سانێكی وه‌ك كریستیان دولۆرم دڵسۆزانه درێژه‌یان به ڕه‌وته‌كه‌ی دا، دووه‌م چونكه ئه‌م كێشه‌یه وای لێ هات له كۆمه‌ڵگه تازه‌كاندا خۆ لێ لادانی بۆ نییه: "ململانێیه‌ك سیاسه‌ت ڕه‌ت ده‌كا و ڕوو له ژێریی ڕه‌وشت و كاری ڕاگه‌یاندن ده‌كا".

كاروباری ناتوندوتیژی: كینگ چۆن له سه‌ره‌تاكانی ساڵانی هه‌شتا كاری له بزاوی له‌پێناوی یه‌كسانی له فه‌ڕه‌نسادا كرد؟

هارلم دزایه‌ر: كینگ پێشه‌وایه‌كی مت بوو و ڕوون نه‌بوو تا لایه‌كی بایه‌خ پێدراوه‌كانی ڕۆژانه‌كانی زانكۆ هاوینه‌ییه‌كانی سه‌ر به S.O. S. Racisme (داد له‌ده‌س ڕه‌گه‌زپه‌رستیكردن) و ئه‌و خول و ڕۆشنبیرییانه‌ی ئاماده‌ی ده‌كردن پێك بهێنێ. كینگ وه‌ك پێشه‌وا له یه‌ك به‌شی كه‌سایه‌تییدا دووباره ده‌بووه‌وه، ڕووه ڕوشتبه‌رزییه مه‌زنه‌كه‌ی. به‌ڵام من له‌و بڕوایه‌دام ڕێبازی كینگ كاریگه‌ریی خۆی له ده‌ست نه‌داوه. كینگ ده‌یسه‌لمێنێ كه ناتوندوتیژی ڕووكارێكی ڕادیكالیی به كرده‌وه و یه‌كلاكه‌ره‌وه و به سووده، له‌م ده‌سپێكه‌شه‌وه بایه‌خ پێدانمی ڕاكێشا چونكه من به سروشتی خۆم ڕقم له توندوتیژییه وه‌ك ئامرازێك بۆ كاری سیاسی، چونكه داخۆ به‌كارهێنانی توندوتیژی بۆ كێ ڕه‌وایه؟ و دژی كێ؟ هه‌روه‌ها كینگ شیانی گۆڕانی ناتوندوتیژی بۆ هێزێك ژماره‌ی ئێجگار زۆر بچنه پاڵیه‌وه و ده‌توانێ ده‌وڵه‌ت و سیاسه‌تی چه‌وسانه‌وه ده‌ستبه‌سه‌ر بكا. هه‌روه‌ها ڕێبازه‌كه‌ی كینگم زۆر

بەدڵ بوو لە هاندانی ڕای گشتی و ڕاگەیاندن و دامودەزگەکان، کە بەلای منەوە وەڵامێک پێک دەهێنێ بۆ ئەو گرفتەی دەڵێ ئەوانەی لەگەڵ ڕەگەزپەرستیدا دەجەنگن هەر ئەوان ڕەگەزپەرستییان دروست کردووە. کینگ فێرمان دەکا کاتێک ڕەگەزپەرستی لە پشت بیانووگەلێکی تەماویدا خۆی دەشارێتەوە دەبێ تیشک بخرێتە سەر ستەم یان سەر جیاوازیی ڕەگەزی. لەوانەیە زێدەڕۆیی لەمەدا ببینین. ڕەخنەگەلێک ئاڕاستەی جەنگاوەرانی دژی ڕەگەزپەرستی دەکرێ لەبارەی ئەو کارەیانەوە کە نیگەرانیی لەلای بەشێکی کۆمەڵگەکەدا وروژاندووە و ئەوان چڕکردنەوەی کاریان بۆ سەر ڕەگەزپەرستی لە تێزەکانیاندا کاردانەوەیەکی ڕەگەزپەرستانەیان لەلای خەڵکدا دروست کردووە. بەڵام جەنگاوەرانی دژی ڕەگەزپەرستی بەردەوام هاندەر بوونە، تەنانەت ئەوانەی دواتر ڕێزیشیان بەدەست هێناوە چونکە پەنایان بۆ هۆیە ئاشتییانەکان بردووە. ئەوان لە ڕاستیدا دەزانن کەی بارودۆخێکی نیگەران دروست دەکەن و کەی برین دەکەنەوە و بۆ بەئاگا هێنانەوەی هەست و بۆ دۆزینەوەی ڕێبازێکی هەناسەدانێکی گونجاو.

کاروباری ناتوندوتیژی: چۆن حوکم بەسەر ئەنجامەکانی کاری Ra- S.O.S. cisme دەدەی لە ساڵی ١٩٨٤ەوە؟

هارلم دزایەر: بزاوی S.O.S. دوای ڕێپێوانی Beurs دەرکەوت و دوای "دیمانەی ٨٤، Convergence 84"پێم وایە توانیمان لەگەڵ کەسانی دیکە، گفتوگۆ لەبارەی کۆمەڵگەوە پەرەپێ بدەین. پێش ئەوە دەستپێک لە هاوینی Minguettesی گەرمی ساڵی ١٩٨١دا بوو، ئینجا ڕێپێوانی Beurs هات. کۆمەڵمان وا لێ کرد درک بەوە بکەن ئێمە لە کێشەی کۆچکردنەوە چووینە سەر کێشەی تێکەڵبوونی ئەو کوڕ و کەسانەی چیی دیکە بە کۆچەری نەماونەتەوە، بەڵکو بوونە بەشێکی نوێ لە کۆمەڵگەی فڕەنسی. بەوەش ئەو

پەراوێزخستنەی دەیانچێشت ڕاستەوخۆ یان قانوونی مافەکانی مرۆڤ پێوەست دەبێ بە دۆزی ڕەگەزپەرستییەوە.

ئەوەش بەس نییە دەستووری فرەنسی ئەوە تۆمار بکا کە هەر مرۆڤێک دەتوانێ ڕەنگی، یان ڕەگەزی، یان ئاینی هەر چۆنێک بێ ببێتە فرەنسی بۆ ئەوەی ئەوە لە نەستی کۆمەڵایەتییەوە بزر بێ کە فرەنسیی ڕاستەقینە دەبێ سپی بێ و مەسیحی بێ. یان کۆمەڵ دەبێ بتوانێ کوڕی خێزانێکی عەرەب قبووڵ بکا کە وەک ئەوانی دیکە فرەنسییە و بتوانێ بەڕاستی هەڵوێستێکی دیار لەم بارەیەوە لە ئەستۆ بگرێ، یان توانستی نییە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئێمە بەرەو ئەوە دەخلیسکێین لە فرەنسا مۆرکێکی ڕەگەزپەرستانە بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بدەین.

دۆزەکەمان پەرە پێ دا چونکە کەسانێکی زۆرمان وا لێ کرد کەسانێکی زۆر وا لێ بکەین هەڵوێستێکی دیار وەربگرن، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی هەڵبژاردەدا (ڕۆشنبیر و هونەرمەند و هێزە ڕەوشتانەکان...)، دەستپێک لە چەمکی ڕەوشتانە جەختمان لەیەر گرینگیی لایەنە کۆمەڵایەتییەکان کرد بۆ ئاوێتەبوون. بە شێوەیەکی گشتی توانیمان ڕوونی بکەینەوە کە دۆزی ئاوێتەبوونی کۆچکردووان دەوری دەرخەرەوە دەبینێ بۆ بەپەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا. لەم دەستپێکەوە پێویست بوو لەسەرمان چارەسەری پەراوێزخستن لە شارەکاندا (لە دەوروبەرەکاندا) و پەراوێزخستنی لاوان لە بازاڕی کاردا بەتایبەتی لە دەزگە سەرەکییەکانی وەک پۆلیس و دادگە... لە نێوانی ٨٦ و ٨٨دا ناچار بووین بەرەنگاری ڕاستڕەوان بین و پشتگیریی چەپمان کرد. ئەم هەڵوێستە بەرەو بارودۆخێکی ئاڵۆزی بردین. چونکە پشتگیریی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی میتران پاساوی ئەوە نادا تەنیا لە باری هاتنە پێشەوەی چەپ بۆ دانانی سیاسەتێک بۆ جێبەجێکردن گونجاو بێ بۆ گەیشتن بە یەکسانییەکی تەواو لەبارەی کۆچکردووان و منداڵانیان. بەڵام ئەم سیاسەتە

بەڕاستی لە ١٩٨٨ەوە بەڵێنی خۆی بەجێ نەگەیاند.

ئێمە ئەمڕۆ لە خۆمان دەپرسین، چۆن کاری سوودبەخش درێژە پێ بدەین. ناتوانین نێوانی کەسانێک ڕێک بخەین کە لەسەر زەویدا خەبات لە دژی پەراوێزخستن دەکەن و لە نێوانی شەپۆلەیلێکی سیاسیی داخراو بەسەر هەموو شتێکدا کە لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدا و بڕیارەکانی لەسەر بنەوای بەرژەوەندییەکانی ئەو دەزگەیانە دەدا کە لێوەی پەیدا بووە -کە دەزگەگەلێکی سیاسین بەرنامەیان نییە و ناتوانن لەوە تێ بگەن کە لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدا- یانیش لەسەر بنەواگەلێکی تەکنۆکراتدا کار دەکەن. ئێمە لەبەردەم بارودۆخێکی داخرانی سیاسیی ڕاستەقینەداین. لە S.O.S. Ra-cisme دا ئێستاکە باسی هەمان ئەو پرسیارەیلە دەکەین کە بزاوی ژیگەییان لە سەرەتاکانی هەشتاکاندا دەیانکرد.



هاڕلم دزایەر

کاروباری ناتوندوتیژی: هەشتاکان پەرەسەندنی ڕاستڕەوی پەرگیری و جەخت لەسەر هەستە ڕەگەزپەرستەکانی لەلای برە کۆمەڵایەتییەکی گرینگدا بە خۆوە بینی، چۆن ئەم دیاردەیە شی دەکەیتەوە؟

هارڵم دزایەر: چەند هۆکارێک هەیە، هەندێکیان تایبەت نین تەنیا بە فرەنساوە. ڕەگەزپەرستیی سیاسی لە شوێنگەلێکی دیکە لە ئەورووپا دەستکەوتەیل بەدەست دەهێنن. فرەنسی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بە پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی چی بکا؟ "لوپن" هەڵدەبژێرێ. پەراوێز خستنی کۆمەڵایەتی پڕۆژەی کۆمەڵکاری کۆماری دەڕووخێنێ کە وڵات لە دوو سەدەوە

لەسەری ژیاوە، کە گریمان دەکرێ کۆمەڵگە دەتوانێ هەمووان لە هەمان ئاستدا دابنێ و یەکسانی بەدی بهێنێ. کە ئەم ڕیژیمە تێک دەچێ بارودۆخێک لە تۆقین و ونبوون دێتە کایە.

"لوپن" بۆ من، بە ڕوونی کۆمەڵگەی پەراوێزخستن ڕەنگ دەداتەوە و وێنەی لە شێوەی ئەهریمەن دروست کردنی بەس نییە. بێگومان ئەمە دیاردەیەکی نەخۆشییە و لەسەرمانە دووریەرێزی بکەین و شوورەیەکی تەندروستیی بەدەوردا بنیات بنێین، بەڵام پێویستە لەسەرمان بەتایبەتی لە ڕیشەیەوە بەرەنگاری نەخۆشییەکە بەڵام دۆزینەوەی مەرجە پێویستەکانیش پێویستن، ببین. دەبێ هەمیشە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەگەزپەرستی بکەین بەوەی کە گرفتێکی پەروەردەییە. هەموو کۆمەڵگەیەک بەردەوام دەبێ خۆی فێر بکا هەندێک هەڵسوکەوت ڕەت بکاتەوە، وەک توندوتیژی و جیاوازیی نێوانی دوو ڕەگەز، تاد و... ئەمەش کارێکە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی کە دەمێنێتەوە. پەنددادان پێویستە، بەڵام پەیداکردنی مەرجەیلی پێویست بۆ جێبەجێکردنیش پێویستن.

بەرەنگارنەبوونەوەی گرفتە قووڵەکان لە کۆمەڵگەی پەراوێزخستندا واتە قومار لەسەر کەسانێکی زۆرتر کردن لەوانەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەشێوەیەکی گێلانە دەنگ دەدەن بۆ ئەوەی ئەو چارەسەرانە دەستەبەر بکەن کە لەو بڕوایەدان دەیانپارێزن. هەروەها گومان لە ڕێتێچوونی سەرکەوتنی بەکردەوەی ئاوێتەبوونیش دەگەیەنێ. ئەمڕۆ گەڕانەوەی گوتاری لەسەر بیرۆکەی ئاسایش بنیاتنراو دەبینین، ئەوەش تەنانەت لە گوتاری چەپڕەویشدا دەبینین. من نکوولی لەوە ناکەم کاتێک هەندێکان هەموو شتێک دەسووتێنن، پێویستە لەسەرمان خەڵکەکە و شمەکەکانیان بپارێزین. بەڵام کە دەسەڵات گوتاری خۆی ئاڕاستەی تەنیا ئەم لایەنە دەکا، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ جەنگی گرفتەکان لە قووڵاییییەوە ڕەت دەکاتەوە. سیاسەتی ئاسایش و بەردەوامیی بێکاریی بنیاتگەری، دوور نییە بەرەو بارێکی

بەناوەخۆدا کشانەوە لەلای منداڵە کۆچەرەکان دروست بکا، لە فڕەنسا یان لەلای ڕەشەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا. هێشتاکە ئەمە بارودۆخی کەمینەیە، بەڵام هەندێک لە کۆمەڵەکانی مۆسیقای "ڕاپ" گوتارێک بەکار دەهێنن بە ڕوونی ئاماژە بۆ دۆزی پێناسە دەکەن. هەروەها دەرکەوتنی کۆمەڵە ئیسلامییە توندڕەوەکان دەبینین، لەگەڵ ئەوەشدا کە هێشتا لە سنوورێکی دەستنیشان کراودایە، بەڵام بە دیاردەیەکی تازە دادەنرێ.

من باوەڕم بەو گوتارە نییە کە دەڵێ ئاوێتەبوون بەلای کۆچکردووە نائەوروپاییەکانەوە زەحمەتترە و ئەو ماوە ڕۆشنبیرییەی لە کۆمەڵگەیان جودا دەکاتەوە دوورترە لەوەی ئیتاڵییەکان یان پورتوگاڵییەکان لە کۆمەڵگە جودا دەکاتەوە. من بە ڕوونی دەبینم منداڵانی کۆچکردووە مەغریبییەکان کە لە مەرجگەلی ئابووری و کۆمەڵایەتیی قبووڵکراودا دەژین ئەمڕۆ هەر بەو ئاسانییە ئاوێتە دەبن هەر بەو ئاسانییە وەک منداڵە ئیتاڵی یان پورتوگاڵی یلا پۆڵۆنی لە ڕابوردوودا. نە زیاد و نە کەم. بەڵام پرۆسەی ئاوێتەبوون لە ڕابوردوودا بە کۆمەڵگەی پەراوێزخستندا بەیەکدا نادەن. ئەمڕۆ کۆمەڵگەکەمان لەو کۆمەڵگەیە جوداوازە کە لە بیست یان پەنجا ساڵەوە هەبوو...

یەک لە چارەسەرییەکانی ئەو تەنگژە سیاسییەی ئێستا لە دووبارەکردنەوەی لێکۆڵینەوە لە گرفتی "ململانێی مەدەنی"دا ماتە. ئێمە هەوڵ دەدەین بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی یەکگرتووی دەوروبەری شاردا (L Organisation des Banlieues Unies OBU) ڕێکخستنێک لە نێو لاوانی دەوروبەردا بدۆزینەوە ڕێ بە جێهێشتنی یاخیبوون و تووڕەیی بۆ چەسپاندنی "ئاشتەواییەکی مەدەنی" بەهاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتە گشتییەکاندا، ئەوەش لە ڕێی پێشکێشکردنی چارەسەر و بەشداری لە گفتوگۆدا.

کاروباری ناتوندوتیژی: بەرەنگاربوونەوەی کینگ لەگەڵ جەنگ لە ڤێتنامدا

چۆن شـی دەکـەیتــەوە و داخـۆ هاوواتەییــەکی بۆ لە بـەرەنگار بـوونەوەی ڕێکخراوی S.O.S. بۆ جەنگی کەنداو دەبینییەوە؟

هـارڵم دزایـەر: کـینـگ نـاڕەزایی بەرامــبـەر جــەنـگ دەربڕی لـە ڤـێـتنامــدا لە دەسـتپـێکی هـەڵوێسـتێکی دژایەتیـی ئیسـتیـعمـار، ئەم هـەڵوێستـەی بە دوو پاســاو ڕوون کـردەوە، یەکــەمــیــان تێـچـووی جـەنـگ و دووەمــیــان بـوونی ژمـارەیەکی زۆر لەو سـەربازە ڕەشـانـەی خۆ لە جـەنگێک دەدەن پێوەندییـەکی بە بەرژەوەندییـانەوە نییـە. بەکارهـێنانی ڕەشـەکـان وەک مـاددەیەکی جـەنگێن کارێکی قێزەون بوو کـە لە هـەمان کاتدا لە مافی یەکسـانییان بێ بەش دەکا. لە ڕاسـتیشـدا کـینگ هـەندێک لەلایەنگرانی خـۆی لەدەست دا کە هـەڵوێسـتی دژ بە جـەنگ لە ڤـێتنامـدا ڕاگـەیاند. بەم جـۆرە کـە هـەڵوێسـتـمـان لە جـەنگی کەنداو ڕاگەیاند دەمانزانی ئەزموونێکی پێشـەکیی لەچوو هـەیە. پێیان گوتین ئێـمـە گرەو لەسـەر پشـتگیریی بنکەکـانمان دەکەین، بەڵام ئێـمـە سـەرەڕای ڕێتــێــچــوونـی لەدەســتــدانـی هـەندێک لە لایەنـگرانمان لـەو بڕوایەدا بـووین بەرەنگاربوونەوەی جـەنگی کـەنداومـان تەواوێک لەگەڵ پـابەند بوونماندا ڕێکە لە بـەرەنـگـاربـوونـەوەی ڕەگـــەزپەرســـتـــیـــدا. ئـەم جـــەنگە بەبۆچوونـی مـن سنووردارکـردنی جـۆری ئەو پێـوەندییـانەی دەبێ لـە نێـو باکـور و باشـووردا باڵادەست بێ، ئەوەی کـە لە ڕووخـانی دیواری بەرلـینەوە دەسـتی بە پێکهـاتن کـردووە و... سـەرەڕای جـیـاوازی لە نێـو ئـەو جـەنگە و ڕەتکردنەوەی دانی مـافی نیشـتـەجـێ بوون بە عـەرەبێک یان کـوشـتنی عـەرەبێک لە شـارێک لە شـاراندا بـەڵام ئێـمـە پێـوەندیـیـەکـمـان لە نێـو هـەردوو کـارەکـەدا دەبـینی. جەنگەکە جـۆرە هێرشێکی تیرۆری جیـهانییانە بوو. ئەوساکە کینگم بەبیردا هـاتەوە*.

کریستیان لۆمۆ و ڤینسان ڕۆشیل دیمانەکەیان ئەنجام داوە.

ئەم دیمانەیە لە ٢٧ی ئایاری ١٩٩٢، بەر لەوەی هارلم دزایەر پێکهێنانی ڕێکخراوی "بزووتنەوە" ڕابگەیەنێ، ئەنجام دراوە.

پەراوێز:

١. کریستیان دولۆرم کە ژمارەیەک وتاری لە دۆسێیەکدا نووسیوە، لەو چالاکانە بووە کە بەشدارییان لە چەندان چالاکی و ڕێپێواندا لە سەرەتای هەشتاکاندا لە پێناوی یەکسانیدا کردووە.

٢. مارتن لۆتەر کینگ-ی "ستیڤان ب.ئۆتس"، بڵاوکراوەکانی Centurion، ١٩٨٥.

* بە بۆچوونی من، دیارە نووسەر لە هەڵوێستێکی پێشوەختەوە، بێ ئەوەی لە وردەکاریی ئەو جەنگە بکۆڵێتەوە ئەو حوکمەی داوە، کە لە وردەکارییەکانیدا لەگەڵیدا نیم "وەرگێڕی کوردی".

## چەند سەرچاوەیەک لەبارەی مارتن لۆتەر کینگ-ەوە

- ليرون بنيت L’homme d’Atlanta: Martin Luther King، منشورات Casterman، باريس ١٩٦٦.
- ج. س. بوفارد «James baldwin se souvient de Martin Luther King»، مجلة Esprit، عدد كانون الثاني ١٩٧١.
- ف. بونفي Frantz Fanon ou Martin Luther King!، مجلة Preuves، عدد أيار ١٩٦٨.
- مجلة Cahiers de la Réconciliation، عدد خاص حول مارتن لوثر كينغ صدر في نيسان ١٩٦٩.
- مقالة لكازامايور بعنوان Martin Luther King في Esprit، العدد ٥، ١٩٦٨.
- مقالة لجان ميشال شارلييه وبيار دوماريه بعنوان: La mort de Martin Luther King في Histoire pour tous عدد شباط ١٩٧٧.
- برونو شينو: Dieu est noir - Histoire, religion et théologie des Noirs américains، منشورات Centurion، باريس ١٩٧٧.
- في Christianisme social مقالة بعنوان: Martin Luther King à Paris، عدد كانون الثاني - شباط ١٩٦٦.
- دراسة لبيار - رجينال كرين بعنوان: Mohandas K. Ghandi et Martin Luther King، في Concilium، عدد ٦٩، ١٩٧١.
- جيرار غودرولت: «L’engagement de l’Eglise dans la révolution, d’après Martin Luther King»، منشورات Cerf، ١٩٧١.
- هوبير جيربو: Martin Luther King، منشورات Universitaire، ١٩٦٨.
- كوريتا سكوت كينغ Ma Vie avec Martin Luther King، منشورات Stock.
- توماس ميرتون La révolte noire، منشورات Casterman.
- هانز - جورج نواك: L’insurrection Pacifique de Martin Luther King، منشورات Alsatia، باريس ١٩٦٧.
- مقالة في Dossier Planète-Action بعنوان Martin Luther King، العدد ١٨، تشرين الأول ١٩٧٠.
- في Cahiers Libres، بحث بعنوان En marge, Les minorités aux Etats-Unis، ص ١٨٩ - ١٩٠ - ١٩١، Maspero.
- أنجيلا دايفيس: Angela Davis parle، منشورات sociales، ١٩٧٢.
- كلود ماي: Angela Davis, Jean-Daniel Simon، منشورات Editeurs francais réunis، ١٩٦٧.
- في Alternatives non-Violentes، بحث بعنوان: Non-Violence aux Etats Unis، عدد ٢٦، كانون الأول ١٩٧٧.
- س. و د. ميلّيت/ب. مارشون، مجلة مصورة عنوانها Martin Luther King، منشورات Le Centurion/Astrapi، باريس ١٩٨٥.
- ستيفن ب. أوتس Martin Luther King، منشورات Le Centurion، ١٩٨٥.
- سيرج مولّا Les Idées noires de Martin Luther King، منشورات Labor et Fides، جنيف ١٩٩٢.

## لەبارەی مارتن لۆتەر کینگەوە

ود ماي: Angela Davis, Jean-Daniel Simon، منشورات Editeurs francais r
ي Alternatives non-Violentes، بحث بعنوان: Non-Violence aux Etats، عدد ٢٦، كانون الأول ١٩٧٧.
. و د. ميلّيت/ب. مارشون، مجلة مصورة عنوانها Martin Luther، منشورات Le Centurion/Astrapi
ں ١٩٨٥.
نيفن ب. أوتس Martin Luther King، منشورات Le Centi، ١٩٨٥.
يرج مولّا Les Idées noires de Martin Luther King، رات Labor et Fides، جنيف ١٩٩٢.

- Où allons-nous?، منشورات Payot، ١٩٦٨.
- La seule révolution، منشورات Casterman، ١٩٦٨.
- Combats pour la Liberté، منشورات Petite Bibliothèque Payot، باريس ١٩٦٨.
- مقالة بعنوان Mon itinéraire vers la non-violence، منشورة في Les Cahiers de la Réconciliation، عدد ١١، تشرين الثاني ١٩٦٧.
- Je fais un rêve، منشورات Centurion، باريس ١٩٨٧. Textes choisis.

پێڕست

زانکۆی "ئۆنور" ........ 5
ناتوندوتیـژی بە زوانی کوردی ........ 8
مارتن لۆتەر کینگ.. لە خەونەوە بۆ ڕاستی ........ 19

بەشی یەکەم: خستنە بەرچاوێکی مێژوویی ........ 22
چەند وێستگەیەک لە ڕیزبەندیی کاتدا ........ 23
خەباتی ناتوندوتیژیی مارتن لۆتەر کینگ. کریستیان دولۆرم ........ 27

بەشی دووەم: سالانی کینگ ١٩٥٥ – ١٩٦٨ ........ 53
مۆنتیگەمری ١٩٥٥ . گی بۆبۆلت ........ 55
پێرمەنگهام ١٩٦٣ . ڤنسنت ڕۆشل ........ 67
واشنتۆن ٢٨ی ئابی ١٩٦٣ . مارتن لۆتەر کینگ ........ 78
سێلما ١٩٦٥ . فینسنت ڕۆشل ........ 86
دوای جەنگی ڤێتنام ١٩٦٧ . گی بۆبۆڵت ........ 100
وتاری مارتن لۆتەر کینگ دژی جەنگی ڤێتنام ........ 106
واتەی شەڕێک. مارتن لۆتەر کینگ ........ 116

بەشی سێیەم : ئەمەریکاییە ڕەشەکان لە کۆیلەیەتییەوە بۆ شۆڕش ........ 119
بنەمای ڕەگەزپەرستی. پاتریس کۆلۆن ........ 122
لە مۆسیقای بلووز-ەوە تا (نزا). برنادێت بایادا ........ 138
ئەمەریکاییە ڕەشەکان لە کۆوارە وێنەدارەکاندا. دۆمینیک گۆرناک ........ 152

بەشی چوارەم: لەپاش کینگ ........ 157

ساڵە کورتەکانی "دەسەڵاتی ڕەش". کرستیان دولۆرم ........ 160
ڕێکخراوە ئەفرۆ- ئەمەریکاییەکان. فیلیپ تێربی ........ 175
لە ماڵکۆڵم ئێکس-ەوە بۆ جەنەڕاڵ بوویل. نیکول بێرنهایم ........ 184
چارلز ئێڵڤین، پۆلیسێکی ناتوندوتیژی. مارگریت ب. فیلیپس ........ 194

بەشی پێنجەم: چالاکوانان و شایەدحاڵەکان-کاری ناتوندوتیژی ڕاستەوخۆ ... 207
چواردەی شوباتی ١٩٥٦ . گلین سمایلی ........ 209
واشنتن ١٩٦٣ . جۆن بایز ........ 217
تێکۆشەرێک لەسەر ئاستی گەل. دیمانە لەگەڵ کلاینفلتەر ........ 223
کاری ناتوندوتیژیی ڕاستەوخۆ. گی بۆبۆڵت ........ 230
بزاوی ناودەوڵەتیی ئاشتەوایی.. بەردێک لە گۆماودا ........ 235
هەڵەکانم. مارتن لۆتەر کینگ ........ 241

بەشی شەشەم: بیر و بۆ چوونگەلێک لە بارەی پیاوەکە و سەردەمەکەوە ........ 249
هێزی وشە. فرانسوا فایان ........ 251
مارتن لۆتەر کینگ پاداشتی نۆبڵی ئاشتیی لە ئۆسلۆ "نەرویج" وەرگرتووە.
هەڵبژاردە لە وتارەکەی لەم بۆنەیەدا ........ 265
کینگ و لاهووتی زنجییان. سێرج موللا ........ 268
کینگ، ئەمەریکاییەکی جودابووەوە. جان-ماری مۆلەر ........ 279
یاخیبوونی کۆیلەکان. جۆرج باگێ ........ 291
دیمانە لەگەڵ هارلم دزایەر ........ 302
چەند سەرچاوەیەک لەبارەی مارتن لۆتەر کینگ-ەوە ........ 311